حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلیجی زمان

# ئایکۆنی بەرەنگاری لە هەردوو گۆڤاری (نووسەری کورد) و (نووسەری کوردستان)دا

نامەیەکە
**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

پێشکەشی بەشی کوردی کۆلیجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت:
**پ. د. دڵشاد عەلی محەمەد**

(٢٧٢٢)ی کوردی (٢٠٢٢)ی زایینی

ئەم تێـزە بە ناونیشـانی **"ئـایكۆنی بەرەنگـاری لە هەردوو گۆڤـاری (نووسـەری کـورد) و (نووسەری كوردستان)دا"** لەلایەن خوێندكار (**نەوزاد عەلی ئەحمەد**)ەوە بە سەرپەرشـتی مـن لە زانکۆی سلێمانی ئامادەكراوە و بەشێكە لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی پـلەی دكتـۆرا لە ئەدەبی كوردیدا.

**ناو: پ. د. دڵشاد عەلی محەمەد**

**رۆژ: / / ٢٠٢٢**

هەواڵنامەی کتێب

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشكەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەكەم.

**ناو: پ. ی. د. محەمەد عومەر**

**سەرۆكی بەشی كوردی**

**رۆژ: / / ٢٠٢٢**

# پێشکەشە؛

* ئەم کارەم دەکەم بە گوڵاڵە سوورە بۆ سەر گۆڕی ئەم دوو نەخوێندەوارە (عەلی ئەحمەد کەندێ)ی باوک و (سەکینە کێخوا حەسەن مێرخوزاری)ی دایکم، کە ئاواتیان ئەوەبوو منداڵەکانیان خوێندن تەواو بکەن.

* بە (نازە)ی هاوسەر و هاوڕێ، کە هەمیشە هاندەر و هاوکارم بووە، لە ژیانی نووسین بە گشتی و تەواوکردنی ئەم تێزە بە تایبەتی.

* بە هەردوو کوڕەکەم (شانوو) و (شامەم)، هیوادارم ئەو ئازارانەی باوک و دایکیان لە ژیاندا بینیان ئەوان نەیبینن.

نەوزاد

# سوپاسنامە

- سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێزم، پرۆفیسۆر: د. دڵشاد عەلی محەمەد سەرپەرشتیاریی ئەم تێزە، کە هەر لە رۆژانی دەستپێکدا بە خستنەبەردەستی کۆمەڵێک سەرچاوە، پاشان بە بەدواداچوونی بەردەوامی جێ دەستی دیارە.

- سوپاس بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و کۆلێجی زمان، بە تایبەتیش بەشی کوردی، هەمیشە دەرگایان لەبەردەم خوێندکاران کراوە بووە.

- سوپاس بۆ بەڕێز: د. لوقمان رەئوف بە خستنەڕووی کۆمەڵێک بۆچوون و پێشنیار ئەم تێزەی دەوڵەمەند کرد.

- سوپاس بۆ بەڕێز: د. کارزان محەمەد وەک خەمخۆرێکی ئەم تێزە لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی ئێران، بە تایبەتیش زانکۆی تاران، چەندان سەرچاوەی بۆ ناردم.

- سوپاس بۆ بەڕێز: د. نەجات عەبدوڵڵا بۆ سەرچاوە فەڕەنسییەکان یارمەتی داوم.

- سوپاس بۆ مامۆستای نووسەر و وەرگێڕ بەڕێز: عەلی عوسمان یاقوب هەمیشە بۆ سەرچاوە ئینگلیزییەکان پرس و ڕام پێکردووە، چەند دەقێکیشی بۆ وەرگێڕاوم.

- سوپاس بۆ نووسەر و وەرگێڕ بەڕێز: رزگار شێخانی بۆ دەقە کلاسیکییە سویدییەکان ماندووم کردووە.

- سوپاس بۆ بەڕێز پرۆفیسۆر: د. محەمەد تاتانی سەرەڕای ئەوەی چەند سەرچاوەیەکی گرنگی بۆ ناردم، هەروەها لە باری تەکنیکدا یارمەتیدەرم بووە.

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەکی و دەروازە**<br>**- پێشەکی** | ١ |
| – **دەروازە** | ٤ |
| **بەشی یەکەم: چەمک و پێناسەکان و مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کورد و یەکێتیی نووسەرانی کوردستان**<br>– **پاری یەکەم: چەمک و پێناسەکان** | ١٣ |
| – ئایکۆن | ١٤ |
| – نیشانەناسی | ١٧ |
| – هێما و نیشانە | ١٨ |
| – ئایکۆن و ئەدەب | ١٩ |
| – ئەدەبی بەرەنگاری | ٢١ |
| – شیعر و پەخشان | ٢٦ |
| – ئەدەب و سیاسەت | ٣١ |
| – **پاری دووەم: مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کورد و یەکێتیی نووسەرانی کوردستان** | ٣٥ |
| – یەکەم: یەکێتی نووسەرانی کورد | ٣٥ |
| – یەکێتی نووسەرانی کورد لە سێ قۆناغدا | ٣٨ |
| – کۆنگرەکان و لقەکان | ٣٩ |


هەواڵنامەی کتێب

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| - ناساندن و ناوەڕۆکی گۆڤاری نووسەری کورد<br>- گۆڤاری نووسەری کورد- خولی یەکەم | ٤١ |
| - گۆڤاری نووسەری کورد لە شاخ | ٤٣ |
| - گۆڤاری نووسەری کورد- خولی دووەم | ٤٤ |
| - هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد | ٤٧ |
| - دووەم: یەکێتیی نووسەرانی کوردستان<br>- دامەزراندن | ٤٨ |
| - چالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان | ٥١ |
| - گۆڤارەکان | ٥١ |
| - کتێب | ٥٣ |
| - چاپ و چاپخانە | ٥٤ |
| - کۆڕ و کۆبوونەوە | ٥٥ |
| - بەیاننامە | ٥٥ |
| - ئێستگەی رادیۆ | ٥٦ |
| - ناساندن و ناوەڕۆکی گۆڤاری نووسەری کوردستان | ٥٦ |
| - ئامانج | ٥٧ |
| - ناوەڕۆک | ٥٨ |
| - نووسەر و ئەدیبان | ٥٩ |


هەواڵنامەی کتێب

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **بەشی دووەم: ئایکۆنی بەرەنگاریی لە گۆڤاری نووسەری کورددا ١٩٧١ـ ١٩٨٣** | ٦٢ |
| – **پاری یەکەم: ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعردا** | ٦٢ |
| – ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعرە کوردییەکاندا | ٦٢ |
| – ئایکۆنی وێنەی چواندن | ٦٢ |
| – ئایکۆنی هێمایی | ٦٨ |
| – ئایکۆنی نیشانەیی | ٨٣ |
| – ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعرە بیانییەکاندا | ٩٣ |
| – **پاری دووەم: ئایکۆنی بەرەنگاری لە پەخشاندا** | ٩٧ |
| – ئایکۆنی بەرەنگاری لە چیرۆکە کوردییەکاندا | ٩٧ |
| – ئایکۆنی بەرەنگاری لە چیرۆکە بیانییەکاندا | ١٠٩ |
| – ئایکۆنی بەرەنگاری لە ئۆپەرێتە کوردییەکاندا | ١١٠ |
| **بەشی سێیەم: ئایکۆنی بەرەنگاری لە گۆڤاری نووسەری کوردستاندا ١٩٨١ـ١٩٩١** | ١١٥ |
| – **پاری یەکەم: ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعردا** | ١١٦ |
| – ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعرە کوردییەکاندا | ١١٦ |
| – ئایکۆنی پێشمەرگە و شەهید | ١١٦ |
| – ئایکۆنی دایک و نیشتمان | ١٢٣ |
| – ئایکۆنی شار و زیندان | ١٢٤ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| - ئایکۆنی هەڵەبجە و کۆمەڵکوژی | ١٢٩ |
| - ئایکۆنی حزب و ئایدیۆلۆجیا | ١٣٢ |
| - ئایکۆنی هەرەس و شۆڕشی نوێ | ١٣٦ |
| - ئایکۆنی داگیرکەر و وێرانکردن | ١٣٧ |
| - ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعرە بیانییەکاندا | ١٤٠ |
| - **پاری دووەم: ئایکۆنی بەرەنگاری لە پەخشاندا** | ١٤٧ |
| - ئایکۆنی بەرەنگاری لە چیرۆکە کوردییەکاندا | ١٤٨ |
| - ئایکۆنی بەرەنگاری لە چیرۆکە بیانییەکاندا | ١٨٨ |
| - ئایکۆنی بەرەنگاری لە شانۆگەرییە بیانییەکاندا | ١٩٣ |
| - **ئەنجام** | ١٩٦ |
| - **سەرچاوەکان** | ١٩٨ |
| **الخلاصة** | ٢١٢ |
| **Summary** | ٢١٣ |

# پێشەکی و دەروازە

## پێشەکی

**دەستپێک:** ئایکۆن هەر تەنیا وەک هێمایەکی ئایینی و مەزهەبی نەماوەتەوە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر هونەرەکانی دیکەش داناوە، لەپێناوی گۆڕانکاریی و پێشکەوتنی زیاتریدا سوودی لە جۆرەکانی نیشانە بینیووە.

کارکردن لە هونەرێک، یاخود تێزێک، کە مێژووی ئەدەبی نەتەوە لە سنوورێکی فراوان کاری لەسەر نەکردووە، دەبن بە خاڵی رۆشن بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بە تایبەتیش لە بواری خوێندنی باڵادا.

وەک دوایی ئاماژەی پێ دەدەین، تا ئێستا چەند کارێکی ئەکادیمی لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان سەبارەت بە سیمیۆلۆژیا پێشکەشکراون، زۆربەیان وەک نموونە کاریان لەسەر شیعر کردووە، ئەم کارەی ئێمە لەسەر ئایکۆنی بەرەنگاری وەستاوە نموونەی شیعر و پەخشان وەرگرتووە و هەڵوەستەی لەبەردەم دوو گۆڤاردا کردووە، کە یەکێکیان تا ئێستا کاری لەسەر نەکراوە، بەڵکو ژمارەکانیشی بەردەست نین.

**سنووری توێژینەوەکە:** کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لە گۆڤارەکانی (نووسەری کورد) و (نووسەری کوردستان)، لە بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (نووسەری کورد) لە ساڵی (١٩٧١) دەست پێدەکات بە دەرچوونی دوا ژمارەی گۆڤاری (نووسەری کوردستان) (١٩٩١) کۆتایی دێت، کە یەکەمینیان مەڵبەندی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ماوەی دوو خولدا (٢٣) ژمارەی لە شاری بەغدا لێدەرکردووە، تەنیا ژمارە (١٢)ی خولی یەکەم نەبێت ساڵی(١٩٧٥) لە شاخ لە ناوچەی باڵەکایەتی لە هەولێر دەرچووە. دووەم گۆڤاریش (نووسەری کوردستان)ە، یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە شاخ دەریکردووە و (١٨) ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، واتە سنوری لێکۆڵینەوەکە دەقەکانی ناو هەردوو گۆڤارەکەیە.

نموونەمان تەنیا لەو دوو گۆڤارە وەرگرتووە، نەک ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانەی بەناوی نووسەران، یاخود لقەکانی ئەو دوو ڕێکخراوە دەریکردوون، بۆ نموونە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد، گۆڤارێکی دیکە بەناوی (نووسەری کورد) (الكاتب الكردي) دەرچووە، ئەو گۆڤارە پەیوەندی بە یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە نییە، بەڵکو گۆڤاری لقی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق بووە، لە ژمارە(١)، لاپەڕە(١)دا بەمجۆرە گۆڤارەکەیان ناساندووە (نووسەری کورد: گۆڤاری یەکێتی گشتی ئەدیب و نووسەرانی عیراق نووسینگەی ڕۆشنبیریی کوردییە) و ئەم ژمارەیە مانگی ئاداری ١٩٨٥ دەرچووە، واتە پاش دوو ساڵ دوای وەستاندنی گۆڤاری (نووسەری کورد)ی خولی دووەم، ئێستاش یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق بەناوی نووسینگەی کوردی ئەو ڕێکخراوە گۆڤارێک بە هەمان ناو دەردەکات، ئەو دوو گۆڤارە لەبەرئەوەی موڵکی یەکێتیی نووسەرانی کورد نین، لەم تێزەدا باسنەکراون و نموونەیان لێ وەرنەگیراوە.

پێویستە ئاماژەش بەوە بدەم ساڵی (١٩٩٠) لە وڵاتی سوید گۆڤارێک بەناوی (نووسەر) لە لایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد لە وڵاتی سوید دەرچووە، کە تەنیا یەک ژمارەیە، ئەو ڕێکخراوەش هیچ پەیوەندی بە یەکێتیی نووسەرانی کورد لە شار و شاخ نەبووە، تەنیا ناوی ڕێکخراوەکە بەو شێوەیە بووە.

دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)یش، یەکێتیی نووسەرانی کورد، وەک خولی ڕاپەڕین دەستی بەدەرکردنەوەی گۆڤاری (نووسەری کورد) کرد، ئەو گۆڤارەش ناچێتە ناو چوارچێوەی ئەم باسە، چونکە دوای (١٩٩١) دەرچووە و باسەکەی ئێمەش لە (١٩٧١) دەسپێدەکات تا ساڵی (١٩٩١)، کە دوا ژمارەی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)ی تێدا دەرچووە.

گرێدانی مێژووی ئەم دوو گۆڤارە، پەیوەندی بە خودی مێژووی هەردوو ڕێکخراوەکەوە هەیە، دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد، نووسەرانی شاخ لە بەیاننامەیەکدا خۆیان بە درێژەپێدەری ئامانجەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد زانیوە و تا دەگاتە حاڵەتێک ناوی گۆڤارەکەیان لە (پێروو) بۆ (نووسەری کوردستان) دەگۆڕن، وەک نزیکییەک لە ناوی گۆڤاری (نووسەری کورد). لەو ڕووەوە دەکرێت سەیری ژمارە (١)ی گۆڤاری (نووسەری کوردستان) بکرێت، کە ساڵی ١٩٨١ لە خڕی نێوزەنگ دەرچووە. خڕی نێوزەنگ لەسەر سنووری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانە، بە دیوی باشووردا، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی پشدەر.

**سەرنجێک:** ئەو دوو گۆڤارە، گۆڤاری ئەدەبین و سەرچاوەن بۆ ئەم باسە، واتە گۆڤارەکانی (نووسەری کورد) و (نووسەری کوردستان) بابەتەکان دەقاودەق نووسراونەتەوە، بەبێ دەستکاریکردنی رێنووس و زاراوە و رستە و وشەکان، تەنیا بۆ بابەتەکانی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)، کە لە شاخ دەرچووە و ئەو تایپەی بابەتەکانی پێ تایپکراوە زۆر سەرەتایی و سادە بووە، لە چەندان شوێندا جیاوازی ناکرێت لە نێوان (بوو) و (بۆ)دا، کە هەردوو وشەکەیان بەم شێوەیە نووسیوە (بو)، ئەمە و سەرەڕای دانەنانی سەر و ژێر بۆ کۆمەڵێک وشە، حاڵەتی لەوجۆرە بە گوێرەی پێویست لە پێناوی جیاکردنەوە لە واتادا دەستکاریکراون، ئەگەرنا تەواوی دەقە وەرگیراوەکان وەک خۆیان گوازراونەتەوە، هەروەها لە سەرچاوە کوردییەکانیشدا هەر دەقێک وەرگیرابێت دەستکاری رێنوس و خاڵبەندی نەکراوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بۆ دۆزینەوەی لێکچوون و جیاوازیی نێوان بنیاتەکانی نیشانە و کارکردن لە دەقی ئەدەبیدا، دەبێت پەنا بۆ زانستی نیشانەناسی ببەین واتە سیمیۆلۆژیا، ئێمە وەک پێکهاتەیەکی زانستی کار لەسەر ئایکۆن دەکەین، ئایکۆنیش لقێکە لە نیشانە، کەواتە بۆ دۆزینەوەی ئایکۆنی بەرەنگاری ناکرێت زانستی نیشانە، واتە سیمیۆلۆژیا فەرامۆش بکرێت، لە رەخنەی نوێدا سوود وەرگرتن لە چەند تیۆرێکی جیاواز، یاخود لەیەک نزیک، ئەنجامێکی سەرکەوتووی لێدەکەوێتەوە. لەم نامەیەدا کار لەسەر کۆمەڵێک دەق کراوە، کە بەشێکن لە رووداوە مێژووییەکان، بۆیە میتۆدەکانی مێژوویی/ سیمیۆلۆژیی پێڕەو کراوە.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:** ١- کێشەی سەرەکی ئاڵۆزیی لە پێناسە و زاراوەکانی بواری نیشانەیە، تا هەندێکجار هەست بە تێکەڵاوی لە واتا و چەمکدا دەکرێت.

٢- ئایکۆن بە گشتی و ئایکۆنی بەرەنگاری بەتایبەتی و پراکتیزەکردنی لەسەر ئەدەبدا، ساغکردنەوەیان دیسان گرفتە، ئەوە لە حاڵێکدا ئەگەر (ئایکۆنی بەرەنگاری) وەک یەک زاراوە وەربگیرێت.

٣- پۆلێنکاری نموونەکان لە دوو ژینگەی جیاوازدا (شار و شاخ)دا گرفتێکی ترە.

**نەخشەی توێژینەوەکە:** سەرەڕای پێشەکی و دەروازە، لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە سێ بەش: بەشی یەکەم بەسەر دوو پار دابەشکراوە، لە پاری یەکەمدا بە پشت بەستن بە چەندان سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی لە زمانە جیاوازەکاندا کۆمەڵێک زاراوە و چەمک باسکراون، کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە باسەکەوە هەیە، لەو رووەوە پشت بە کۆمەڵێک فەرهەنگی

بەناوبانگ بەستراوە. لە پاری دووەمیشدا باسی مێژووی یەکێتیی نوسەرانی کورد و یەکێتیی نوسەرانی کوردستان کراوە، وردەکارییە مێژووییەکان و کار و چالاکیان خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم و بەشی سێیەم پراکتیکین، کۆمەڵێک دەق کاریان لەسەر کراوە، کە لە گۆڤارەکانی (نووسەری کورد) و (نووسەری کوردستان) بڵاوکراونەتەوە. بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ گۆڤاری (نووسەری کورد) بە هەردوو خولەکەیەوە، کە لە شار دەرچووە، ئەم بەشە دابەشی دوو پار کراوە، لە پاری یەکەمدا نموونەی شیعریی چەند شاعیرێک وەرگیراوە، لە پاری دووەمدا پەخشان بە رەگەزە سەرەکییەکانییەوە وەرگیراوە و نموونە لە چیرۆک و شانۆ و ئۆپەرێت هێنراوەتەوە، سەرەڕای دەقی بیانی، کە بۆسەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە.

بەشی سێیەمیش بۆ گۆڤاری (نووسەری کوردستان) تەرخانکراوە، ئەم بەشەش، وەک بەشی دووەم بەسەر دوو پار دابەشکراوە، لە پاری یەکەمدا نموونەی شیعریی و لە پاری دووەمیشدا نموونەی پەخشان هێنراوەتەوە. بۆ هەردوو بەشەکە لە کاتی وەرگرتنی دەقەکان سوود لە دابەشکاریی هونەرەکانی ئەدەب وەرگیراوە، واتە هونەری شیعر و هونەری پەخشان، هەروەها دەقی وەرگیڕدراویش فەرامۆش نەکراوە.

لە کۆتایدا وەک هەر باسێکی زانستی ئەنجام خراوەتەڕوو، پاشان کورتەیەک بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە، ئینجا لیستێک بۆ سەرچاوەکان ئامادەکراوە.

## دەروازە

دۆخی کوردستان و جۆری ئەو رژێمانەی حکومی کوردستانییان کردووە، رێگایان نەداوە نووسین و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئەدەبی بەرەنگاری بکرێت، تەنیا چەند بابەت و باسێک، کە دەچنە خانەی ئەدەبی سیاسی و نیشتمانییەوە دێنەبەرچاو، بەڵام دوای ساڵی (١٩٧٥) و لە رۆژنامەگەریی نهێنییدا، بە تایبەتیش لە گۆڤارەکانی (پێروو) و (نووسەری کوردستان) و (گزنگ)دا چەند بابەتێک بڵاوکراونەتەوە، هەروەها هەر لەو ماوەیەدا لە گۆڤار و بڵاوکراوە حزبییەکانیشدا، چەندان وتار بڵاوکراونەتەوە، کە دەچنە چوارچێوەی کاریگەرییەکانی ئەدەبی بەرەنگاری لەسەر هەستی نیشتمانی و نەتەوەییدا. ئەمە و بەم دواییە لەسەر ئاستی خوێندنی باڵادا لا بە لای زانستی نیشانە (سیمیلۆژیا) کراوەتەوە و چەند باسێک پێشکەشکراون. لە

پێناوی فەرامۆشنەکردنی کارەکان لە بواری ئەدەبی بەرەنگاری و سیمیۆلۆژیادا ئاماژە بە چەند سەرچاوەیەک دەدەین:

**ئەلف: کتێب**

ئەم کارە، کارێکی بیبلیۆگرافیایی نیە، تەنیا ئاماژە بە چەند نامەیەکی ماجستێر و تێزی دکتۆرا و کتێبی ئاسایی دەدەین:

**(شیعر و بەرهەڵستی و راچەنین لە کوردستانی ئێران دا)**. مەحموود زامدار ئامادەی کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە و رێکیخستووە، ساڵی (١٩٨٩) چاپکراوە، سەرەڕای پێشەکی و کورتە مێژوویێکی رۆژهەڵاتی کوردستان، لاپەڕەکانی دیکەی کتێبەکە بۆ چەندان دەقی شیعری تەرخانکراون، کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەویَ رۆژێ بڵاوکراونەتەوە، ئەوەی بۆ ئەم بابەتەی ئێمە گرنگە، گەڕان و پشکنین و ساغکردنەوەیە بۆ سەرەتاکانی شیعری بەرەنگاری لە رۆژهەڵاتی کوردستان. ئامادەکاری کتێبەکە بۆ ئەدەبی بەرەنگاری، زاراوەی بەرهەڵستکاری داناوە و لە لاپەڕە (٧)دا دەنووسێت: ((ئەدەبی بەرهەڵستکار- بە مانا فراوانەکەی- لە کوردستانی ئێراندا، بەشێکە لە کەلەپووری شۆڕشگێڕانەی گەلە جەزرەبەدراوەکەی ئەو کوردستانە و هەناسەیەکی پڕ لە ئاخ و درێژی ئەو گەلە قارەمانەی ئەو کوردستانەیە لە دژی گشت جۆرە زوڵم و زۆر و دەستدرێژی و تۆقاندن و تواندنەوەیەک..! هەر بۆیەشە ئەم جۆرە شیعرە و ئەو چەشنە شاعیرانە، دەورێکی یەجگار گرینگیان لە ژیانی گەلی کوردستانی ئێرانا بینیوە))، ئەو دەقانەی لەو کتێبەدا کۆکراونەتەوە، دەکرێت بۆ توێژینەوەی زانستی لە بوارەکانی سروود، شیعری بەرەنگاری، شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی سوودیان لێوەربگیرێت.

**(راگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شیعری کوردی)**. نووسینی: ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، نامەی ماجستێرە. ساڵی (١٩٩٩) لە زانکۆی سلێمانی بەرگری لێکراوە و ساڵی (٢٠٠١) وەک کتێب چاپ و بڵاوکراوەتەوە. نامەکە بریتییە لە سێ فەسڵ، فەسڵەکان بەسەر چەند ناونیشانێکی وەک: پێوەندی و جیاوازی ئەدەب و راگەیاندن، کورتەیەک لە مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی، یەکەمین رۆژنامەی شۆڕش لە کوردستانی عێراقدا، دەزگاکانی راگەیاندنی شۆڕشی نوێی کوردستانی عێراق، دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان و گەشتێک بەناو دیوانی نووسەری کوردستان، تەئسیری ئەو ماوەیە لەسەر ئێستا، هەروەها لەم نامەیەدا قسەوباس سەبارەت بە کێ یەکەمین دەقی شیعریی دوای هەرەسی (١٩٧٥) نووسیوە، کراوە؟ ئەگەرچی

لەو ماوەیەدا چەندان شیعر لە چامەنییەکانی شۆڕشی نوێ بڵاوکراونەتەوە، بەڵام توێژەر زیاتر تیشکی خستۆتە سەر شیعرەکانی شەهید مەلا عەلی و شێرکۆ بێکەس.

**(شیعری بەرەنگاریی کوردی)** نووسینی: ئەبوبەکر خۆشناو، نامەی ماجستێرە. ساڵی(٢٠٠١) لە زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە، ساڵی (٢٠٠٢) وەک کتێب بڵاوکراوەتەوە. سنووری کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١)ە، هەر تەنیا شیعری وەرگرتووە، توێژەر لە بەشی یەکەمدا واتا و پێناسە و مێژووی شیعری بەرەنگاری باسکردووە، بەشی دووەمی بۆ ڕەگی بەرەنگاری لە شیعری کوردی تەرخانکردووە، دەستپێکی ئەو ئەدەبەی بە بەرهەمەکانی بابەتاهیری هەمەدانی بەستۆتەوە، ئینجا ئاماژە بە بەرهەمەکانی مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، سالم کردووە. لە بەشی سێیەمی نامەکەدا باس لە شیعریی بەرەنگاری کوردی دەکات، لەم نامەیەشدا گفتوگۆ سەبارەت بەم بابەتە کراوە، ئایا کێ یەکەمین شیعری کوردیی دوای هەرەسی ساڵی (١٩٧٥)ی نووسیوە؟ لە ڕێگای گفتوگۆ لەگەڵ چەند شاعیرێکدا زۆربەیان خۆیان بە خاوەنی یەکەمین دەقی شیعری دوای هەرەس دەزانن. پێوەری یەکەمین و یەکەمینجار، تەنیا و تەنیا سەرچاوەیە! سەرچاوەش بەڵگەی بڵاوکراوەیە، بە تایبەتیش لەم سەردەمەدا، نەک دەقێک لە فلان مێژوو نووسراوە و پاشان بڵاوکراوەتەوە! شێواز و پێگە و کاریگەریی شیعری بەرەنگاریی کوردی دوا بەشی نامەکەیە، کە لە ڕێگای زمان و فەرهەنگەوە وەک خاسیەت ئەو جۆرە شیعرە لە شیعری دیکە جیادەکاتەوە.

توێژەر لە لاپەڕە پەنجا و هەشتدا لە ناوەڕۆک و خاسیەتی شیعری فەڵەستینی دواوە. نووسینەکەی بەم چەند دێڕە دەستپێکردووە: ((شیعری بەرەنگاریی فەڵەستینی هاوکات لەگەڵ کازیوەی شۆڕشی فەڵەستینیدا وادەرکەوتووە لەنێوان بەرەنگاریی نیشتمانی چەکدارانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکردن و بزاڤی ڕەسەنی شیعردا- بزاڤێ کە دەربڕی کارەسات و قۆناغەکانی تێکۆشانی ڕێگای گێڕانەوەی مافە زەوت کراوەکانە)) (خۆشناو، ٢٠٠٢، ٥٨)، وەک ئاماژەی پێداوە، ئەم بابەتەی لە بابەتێکی وەرگێڕدراوی خۆی وەرگرتووە (داناز، ١٩٩٠، ١٧)، دەبوایە توێژەر ناوی سەرچاوە ئەسڵییەکە بنووسێت، کە ئەو بابەتەی لێوەرگرتووە، سەرچاوەکەش بە زمانی عەرەبییە!

**(هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا ١٩٣٩-١٩٧٠)**. نووسینی: عەبدوڵڵا یاسین عەلی ئامێدی، تێزی دکتۆرایە و ساڵی (٢٠٠٢) لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، ساڵی (٢٠٠٥) وەک کتێب چاپکراوە، ئەم کتێبە چوار بەشە و (٣٢٠) لاپەڕەیە. بەشی یەکەمی بە پێشەکییەوە (١٠٤) لاپەڕەی بۆ لێکدانەوە و گەڕان بە دوای

واتای زاراوەی بەرگری لە چەند فەرهەنگێک و هۆنراوەی بەرەنگاری لە لای نەتەوە و وڵاتانی جیهاندا تەرخانکردووە. بەشی دووەمیش زیاتر گێڕانەوەیەکی مێژووییە، بۆ نموونە: مێژووی کوردستانی سەروو، سیاسی و جەنگ، ئینجا هاتۆتە سەر بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری و رۆشنبیری، هەر لەو بەشەدا باس لە ئەدەبی بەرەنگاری لە فۆلکلۆری کوردی دەکات، هەروەها نموونەشی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی هێناوەتەوە. بەشی سێیەمی تێزەکەی تەرخانکردووە بۆ شیعری بەرەنگاری لە ئەدەبی تازە و هەڵوەستەی لەسەر شاعیران ئەحمەد نامی، ئەحمەد ناڵبەند، ئەنوەر مایی، قەدری جان، کامیران بەدرخان، ساڵح یوسفی و جگەرخوێن کردووە، لە بەشی چوارەمدا هاتۆتەسەر ناوەڕۆک و رووخساری ئەدەبی بەرەنگاری کوردی.

ئەم تێزەش وەک چەند ماجستێر و دکتۆرایەکی دیکە، ئەدەبیاتی پێشمەرگە و شاخی فەرامۆشکردووە، هەرتەنیا دوو نموونەی لە رۆژنامەگەریی رۆژگاریی پێشمەرگایەتی لە شاخ هێناوەتەوە، وەک دەزانرێت ئەو سەردەمە چەندان گۆڤار و رۆژنامە لە شاخ بە نهێنی دەردەچوون و گرنگیان بە بڵاوکردنەوەی شیعر داوە و شیعری شاعیرانی کرمانجی سەرووشیان بڵاوکردۆتەوە.

**(هۆزانا بەرگری ل سەردەمێ شۆڕشا گولانێ ١٩٧٥- ١٩٩١)**. نووسینی: بەیان ئەحمەد حسێن، نامەی ماجستێرە، ساڵی (٢٠٠٣) لە زانکۆی دهۆک وەرگیراوە و ساڵی (٢٠٠٧) وەک کتێب چاپکراوە. نامەکە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی سێیەم و چوارەمی بۆ هۆزانی بەرەنگاری لە شاخ، شار و تاراوگە تەرخان کردووە. ئەو سەرچاوانەی سوودی لێ بینیوون هەست بە هەژاری و دەستکورتی دەکرێت، توێژەر ئەگەرچی سەردەمی (١٩٧٥ تا ١٩٩١)ی وەرگرتووە، بەڵام بۆ ئەدەبیاتی شاخ زیاتر پشتی بە چاوپێکەوتن بەستووە، بۆ ئەو سەرچاوانەش، کە پشتی پێبەستوون، هی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق-ن، بە تایبەتیش دوای ساڵی (١٩٨٥). لە بادینان دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، حزبی شیوعی عیراقی-هەرێمی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، خاوەنی چەندان بڵاوکراوە و گۆڤارن، کە بابەتی ئەدەبیان بڵاوکردۆتەوە، هەروەها گۆڤارەکانی (نووسەری کوردستان)، (گزنگ)، (نووسەری نوێ)، (بانگ)، بەرهەمی نووسەر و ئەدیبانی بادینانیان بڵاوکردۆتەوە، ئەگەر هەر تەنیا ئەو ئەدەبە بێت، کە بە کرمانجی سەروو نووسراون، کەچی ئاماژەی پێنەداون!

یەکێک لە کارە چاکەکانی ئەم نامەیە ئەوەیە دەبێتە مێژوویێکی گرێدراو بۆ ئەدەبی بەرەنگاری لە بادیناندا لەگەڵ نامەکەی عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند

شاعیرێکی کرمانجی سەروودا (١٩٣٩-١٩٧٠)، ئەم نامەیەش لە (١٩٧٥-١٩٩١)یە. ئەم توێژینەوەیە تەنیا ئەو هۆزانڤانانەی لە خۆگرتووە، کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق-ن، یاخود لە چاپکراوی ئەواندا بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە! ئەگەرنا ناونیشانی بابەتەکە زۆر فراوانە، ناونیشان و پلان و ناوەڕۆکی ئەم نامەیە سەرنجی دیکەش هەڵدەگرێت، بەڵام لێرەدا ناکرێت زیاتری لەسەر بوەستین!

**(سروود و گۆرانی نیشتمانی و بەرەنگاریی کوردی)**. نووسینی: عەبدولواحید ئیدریس شەریف، نامەی ماجستێرە، ساڵی (٢٠١١) وەک کتێب چاپکراوە. توێژەر لە لاپەڕە (٢٦)دا بۆ گرێدانی بابەتی سروود و گۆرانی نیشتمانیی نووسیویەتی: ((دەبێت پشت بەو سەرچاوانە ببەستین، کە لە هۆنراوەی بەرگریی و نیشتمانیی و سیاسی دەدوێن، چونکە پێکهاتەی سەرەکی سروود و گۆرانیی هۆنراوەیە دواتر ئاواز، شیعری بەرەنگاریی، کە هەوێن و مەکۆی جۆشدانی خەڵک و بەشدارییەکی کاریگەرە لە بزووتنەوە و راپەرینەکانی ستەملێکراوان))، هەر پەیوەند بە ئەدەبی بەرەنگاری لە لاپەڕە (٧٩)دا جیاوازی و لێک نزیکی لە نێوان سروود و گۆرانی و شیعری بەرەنگاریی خستۆتەڕوو، کە دەکرا توێژەر وردتر لەسەر جیاوازییەکان لە باری وشە و کەرەستە شیعرییەکان بوەستێت، بە تایبەتیش ئەو حەماسەتەی لە سروود و شیعری بەرەنگاریدا هەیە، مەرج نییە بە هەمان ئاست لە گۆرانیدا هەبێت. لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە زیاتر تەرخانکراوە بۆ سروود و گۆرانیی نیشتمانیی، باشتر دەبوو، ئەگەر ناونیشانیی نامەی ماجستێرەکە بەم شێوەیە بێت: سروود و گۆرانی نیشتمانیی کوردی لە کرمانجی خوارووودا.

**(چەند بابەت و لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سروودی کوردی)**. ساڵی (٢٠١٢) یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی، سێیەمین فێستیڤاڵی کامەران موکری تەرخان کرد بۆ سروودی کوردی، کە چەندان لێکۆڵینەوە و وتاری تێدا پێشکەشکرا، پاشان بابەتەکانیان لە کتێبێکدا کۆکردۆتەوە و لە پێشەکیدا نووسیویانە: ((سرووده نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، وێڕای ئەوەی، کە بەشێکی دیاری خەبات و تێکۆشان و دیۆکۆمێنتکردنی گیانی خۆڕاگری و ورە بەرزیی گەلەکەمانە، لە هەمانکاتدا بەشێکی پڕشنگداری مێژووی ئەدەبی کوردیشە))، ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی بەسوودە بۆ ئەوانەی سەبارەت بە سروودی کوردی دەنووسن.

**(بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی لە شیعرەکانی کامەران موکری دا)**. نووسینی: سەرحەد حسێن مستەفا، نامەی ماجستێرە، ساڵی (٢٠١٥) لە زانکۆی سلێمانی گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، بریتییە لە سێ بەش، زۆرترین لاپەڕەی بۆ نەتەوە و نەتەوایەتی تەرخانکردووە، لەو بەشەی، کە هاتۆتە سەر شیعری بەرەنگاری، هەست بە تێکەڵاوبوونێک لەنێوان زاراوەکانی بەرەنگاری،

بەرهەڵستی، بەرگری کراوە، بۆ نموونە بەرهەڵستی لە دابونەریتێک ناچێتە ناو چوارچێوەی شیعری بەرەنگارییەوە. توێژەر هەوڵدەدات لە دووتوێی نامەکەیدا پشکنین بۆ ئەو پێناسە و دەقانە بکات، کە بیری نەتەوەیی و شیعری نەتەوەیی تا چەند دەبن بە سۆنگەیەک بۆ پایەکانی شیعری بەرەنگاریی.

**(زانستی سیمانتیک)** نووسینی: د. عەبدولواحید مشیر دزەیی، ساڵی (٢٠١٥) چاپکراوە. بابەتێکی ورد و زانستییە سەبارەت بە سیمانتیک، کتێبەکە لە دە بەش پێکاتووە، وەک؛ هێما و واتا، واتا و واتای پەیوەندی، واتا وەک ئاماژە، چەمکی واتا، واتا وەک چەمک، کێشەکانی واتا، پێوانەی واتای لاوەکی، واتا و وێنە، نزیکایەتی واتاکان، جیاوازی واتاکان. بۆ ئایکۆن پشتی بەو رایەی پێرس بەستووە، کە باس لە بنەمای پەیوەندی نێوان نیشانە و بابەت دەکات، سەبارەت بە زاراوەکە، تەنیا لە لاپەڕە (٣٠)دا ئاماژەی پێداوە و نووسیویەتی: (نیشانەی ئایکۆنی "وێنەیی" پەیوەندی نێوان نیشانە و بابەت پەیوەندییەکی لێکچووە، جا زیندوو بێت، یان نازیندوو یان رێکەوتنێک بێت وەک: وێنەی فۆتۆگرافی و نیشانەکانی بیرکاری و تەرازوو و شێر..)).

**(دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە ١٩٥٠-١٩٧٥ کرمانجی خواروو)**. نووسینی: لوقمان رەئوف. تێزی دکتۆرایە و ساڵی (٢٠١٦) وەک کتێب چاپکراوە، بە لای ئێمەوە کارێکی ورد و ئەکادیمییە. ئەوەندەی پەیوەندی بەم تێزەی ئێمەوە هەبێت، لاپەڕە (١٦٢) تا لاپەڕە (١٦٧)یە، کە کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە ئایکۆن و پەیوەندی بە نیشانە تێدایە و بیرورای چەند نووسەرێک لەو رووەوە خراوەتەڕوو، پاشان باس لە بۆچوونی (پێرس) دەکات، بە تایبەتیش بۆ جۆرەکانی وێنە، وێنەی بەیانی، خواستن و لێکچواندن، ئینجا توێژەر نموونەی شیعریی کوردی وەرگرتووە.

**(ئەدەبیاتی بەرەنگاری لە شەڕی خۆکوژیدا)**. نووسینی: فوئاد محەمەد ئەمین سەراج. ساڵی (٢٠١٨) چاپکراوە، ئەم کتێبە بەسەر تەوەری شیعر و پەخشان دابەشکراوە، نموونەی لێوەرگرتوون و سەرنجی خۆی بۆ دەقەکان نووسیوە، پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەو ئەدەبەی دژی شەڕی ناوخۆ (خۆکوژی) نووسراوە، دەچێتە خانەی ئەدەبیاتی بەرەنگارییەوە؟! ئەگەر ناونیشانی کتێبەکە بەمجۆرە بوایە: ئەدەبیاتی دژە شەڕی خۆکوژی، ئەوسا دەکرا قسە و باسی تری لەبارەوە بکرێت!

**(سیاسەت لە شیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێودا)**. نووسینی: محەمەد عومەر، نامەی ماجستێرە لە زانکۆی بینگۆڵۆ لە باکووری کوردستان وەرگیراوە و ساڵی (٢٠١٩)، وەک کتێب چاپکراوە. لەم نامەیەدا ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە، لە بەشی سێیەمدا ئەم چەند ناونیشانەیە:

شیعری بەرگری لە لای پەشێو، شیعری بەرگری لە ئەدەبیاتی گەلاندا، شیعری بەرگری لە ئەدەبیاتی کورددیدا، پەشێو و بەرگری. ئەو چەند ناونیشانە لە (٢٥) لاپەڕەدا کۆکراونەتەوە، کە زیاتر سوود لە نامەی ماجستێرەکەی ئەبوبەکر خۆشناو و تێزی دکتۆرایەکەی عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی وەرگیراوە، هەروەها بۆ ئەدەبی بەرەنگاری پشت بە پێناسە و بۆچوونی چەند نووسەرێکی بێگانەش بەستراوە، بەڵام بۆ سەرچاوە ئەسڵییەکان نەگەڕاوەتەوە، بەڵکو زانیارییەکانی لە دوو سەرچاوە ناوبراوەکەی پێشوو وەرگرتووە، کە پێشتر ئاماژەم پێداون، بە هەمان شێوە شیعرێکی برێخت-ی وەرگرتووە، لە کتێبەکەی ئامێدی دەریهێناوە! بەبێ ئەوەی بۆ ئەو سەرچاوەیە بگەڕێتەوە، کە ناوبراو لێی وەرگرتووە!

**(سیمۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی نەوزاد رەفعەت دا).** نووسینی: سەرباز مەجید خۆشناو، نامەی ماجستێرە، ساڵی ٢٠١٦ لە زانکۆی سۆران گفتوگۆ کراوە، ساڵی (٢٠١٩) وەک کتێب چاپکراوە. لاپەرە ٨٩ تا ٩٤ی بۆ چەمکی ئایکۆن و پەیوەندی بە نیشانە تەرخانکراوە. بابەتێکی وردە سەبارەت بە ناونیشان وەک نیشانە بۆ بەرگی کتێبەکان و نیشانی شیعرەکانی شاعیری ناوبراو. هەروەها نزار سەلمان تاهیر لە تێزی دکتۆرایەکەیدا لایەنێکی دیکەی سیمیۆلۆژیای وەرگرتووە، کە بریتییە لە سیمیۆلۆژیای وێنێ دیتنێ د هۆزانا هەڤچەرخا کوردیدا.

**بێ: وتار**

ئەمانەش ناونیشانی چەند بابەتێکن، کە وەک کتێبی سەربەخۆ چاپنەکراون:

- رۆژنامەگەریی کوردی لە شار و لە شاخدا، کۆمەڵێک بابەتی تایبەت بە ئەدەبی بەرەنگاری بڵاوکردۆتەوە، کە لە باسێکی لەم شێوەیەدا ناکرێت بەدواداچوون و خوێندنەوە بۆ زۆربەیان بکرێت، چونکە وەک پێشتر گوتمان باسەکەمان کارێکی بیبلیۆگرافیایی نییە و ناچێتە ئەو خانەیەش، تەنیا وەک نموونە ناونیشانی چەند بابەتێک دەخەینەڕوو: ((جەمیل رەنجبەر، ئەدەب و شۆڕش، هەفتەنامەی هاوکاری، ژمارە (١٢٦)، ساڵی (١٩٧٢). خالد حسێن، شەڕ و جەنگ د هۆزانا کوردیدا، رۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژمارە (١٠٣ و ١٠٤)، ساڵی (١٩٨٤). كمال مصطفى معروف، رواد المقاومة في الشعر الكردي، مجلة الثقافة الجديدة، عدد (٢٣٧)، (١٩٩١). حەسەن نوری، جەنگ، نڤیسەر و هەڵوێست، پەیڤ(گۆڤار)، ژمارە (٣)، دهۆک (١٩٩٦). فەرشید شەریفی، ئەدەبیاتی خۆڕاگری، سروە (گۆڤار)، ساڵی (١٧)، ژمارە (١٨٠). ئازادی حەمەدەمین (وەرگێڕان)، سەرهەڵدانی ئەدەبی بەرگری لە چەند وڵاتێکی ئەورووپیدا، رۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژ٩٣، حوزەیرانی(١٩٨٢)، ئەم بابەتە لەم ژمارەیەی گۆڤاری الثقافة الاجنبية- بەغدا وەرگێڕدراوە ژمارە (٤)، ساڵی(١٩٨١)، گۆڕینی بۆ زمانی عەرەبی: د. ضياء نافع)) هەروەها لە

شاخ دوو کۆمەڵە شیعر چاپ و بڵاوکراونەتەوە، کە وشەی بەرگری و بەرەنگاری بوونەتە ناونیشانی کتێبەکان: عوسمان شەیدا، گۆرانی بەرەنگاری، کۆمەڵە شیعر، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ (١٩٨٤). ئەبوبەکر خۆشناو، سروودی بەرەنگاری، کۆمەڵە شیعر، ١٩٨٦.

هەر پەیوەند بەم باسە، دوای دروستبوونی دەستە و ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستاندا، هەست بە کاریگەری ئەدەب کراوە بۆ هاندان و سازدان و ڕێکخستنی جەماوەر، بڵاوکراوە حزبییەکان، لە دوای ساڵی (١٩٦٢)، بە تایبەتیش دوای دەرچوونی گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە) و چەند گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی دیکە، چەندان لاپەڕەیان بۆ دەقی ئەدەبی بەرەنگاری تەرخان کردووە.

لە شۆڕشی نوێشدا زۆر بە فراوانی گرنگی بە ئەدەب و ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەندی ئەدەبی دراوە، بۆ یەکەمجار گۆڤاری ئەدەبی لەناو سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا چاپ و بڵاودەکرێتەوە، هەروەها ڕۆژنامەی (رزگاری)، کە یەکێتیی شۆرشگێڕانی کوردستان دەریکردووە، ستوونی تیایە لەژێر ناونیشانی (ئەدەبی بەرەنگاری) و هەر لە ژمارە (١)وە گرنگی بە پەیوەندی ئەدەب و شۆڕش داوە. لە ژمارە (١٢)دا بەم شێوەیە لە ئەدەب و جولانەوە کۆمەڵایەتییەکان دواوە: ((ئەدەب، سەرچاوە سەرەکیە گرنگەکەی خۆی لە هەناوی جولانەوەیەکی کۆمەڵایەتیەوە هەڵدەگرێ، کە لەناو ریزەکانی میللەتدا لە ئارادایە، ئەم جولانەوەیە بەو هەموو قورسی و بەرفراوانی و هەمە لایەنیەی خۆیەوە نەک هەر تەرایی و گەشی.. بگرە زیندوویەتیەکی مێژوویی بە ئەدەبەکە دەبەخشێ و وای لێ دەکات بەوپەڕی داهێنانەوە بەشداری دروست کردنی شارستانێتی و ژیان ئازادی میللەتەکەی خۆی و مرۆڤایەتی بکات. هەر ئەدەبێک.. یان هەر بەشە ئەدەبێک خۆی لەم جولانەوە کۆمەڵایەتیەی ناو ریزەکانی میللەت دابڕێ و پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناوەڕۆکی جولانەوەکە بپچڕێنێ.. نەک هەر لە سەرێکەوە دووچاری شکست و تەنگەبەری دێت و لەسەرێکی دیکەشەوە زەرەر لە گیانی میللەت و کۆمەڵەکەی خۆی دەدات))، هەروەها لە ئێسگە رادیۆییەکانی پێشمەرگەشدا گرنگی بە ئەدەبی بەرەنگاری دراوە و بەرنامەی تایبەتی هەفتانەی بۆ تەرخانکراوە، بە تایبەتیش لە رادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان)دا.

– پرنسیپی ئایکۆن: نووسینی: د. زاهیر لەتیف کەریم، ئەم توێژینەوەیە لە هەفتەنامەی چاودێر، پاشکۆی رەخنەی چاودێر، ژمارە (٣١٨)، رۆژی دووشەممە (٢٠١٢/٦/١٨) بڵاوکراوەتەوە. بابەتێکی زانستییە، بە تایبەتیش بۆ ناسین و پێناسەکردنی ئایکۆن بە زمانی کوردی.

- هێماگەری و ڕەنگدانەوەی لە شیعری چەند شاعیرێکی ناو گۆڤاری نووسەری کورددا: نووسینی: د. عەباس ساڵح عەبدوڵڵا، ساڵی (٢٠١٥) لە ژمارە (٤٦)ی گۆڤاری ئەکادیمی زانکۆی سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، ئەگەرچی لە پۆلێنکردنی خولەکانی گۆڤاری نووسەری کورددا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام لە هێنانەوەی نموونە شیعرییەکاندا سەرکەوتووە.

ئەمە و یەکێتیی نووسەرانی کورد لە چەند ساڵی ڕابردوودا، لە سێ شاری باشووری کوردستان و لە سێ کاتی جیاوازدا، سێ ڤیستیڤاڵی بۆ ئەدەبیاتی بەرەنگاری کوردی بەڕێوەبردووە، کە ژمارەیەکی دیار لە نووسەر و توێژەران بەشداربوون.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## چەمک و پێناسەکان و
## مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کورد و
## یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

هەوڵنامەی کتێب

# پاری یەکەم: چەمک و پێناسەکان

## ئایکۆن ICON

وەک زۆربەی زاراوە ئەدەبی و فەلسەفی و فیکرەکانی دیکە، زاراوەی ئایکۆن ICON ڕەگوریشەی بۆ ڕۆژگاری گریکەکان دەگەڕێتەوە (Moberg, 1999, 49)، لە لای گریکەکان بە واتای وێنە "EIKWV" و لێکچوو، یاخود نموونە دێت. لە کۆندا ئایکۆن زیاتر، وەک هێما و نیگارێکی ئایینی خۆی دەنواند و لە پەرستگاکان دەبینرا، بەڵام هەر تەنیا لە نیگار و وێنەدا سنووردار نەکرا، بەڵکو زاراوەی نووسینی ئایکۆنیش پەیدا بوو، وەک جێگرەوەیەک بۆ وێنە و نیگاری ئایکۆنی، بۆ نموونە لە ڕۆژگاری قەدیس یوحەننا مەکسموۆڤیچ، ئایکۆن لە نێوان هێما و نیگار و وشەدا ئاوێتە کراوە. iconography ، کە لە دوو بەش پێکهاتووە ICON بە واتای نیگار و graphy بە واتای دەنووسین دێت (https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/iconography). فلادیمیر لوسکی پێیوایە ئایکۆن ((یەکەمین پلەیە لە پلەکانی مەلەکوت)) (https://monoskop.org/Vladimir_Lossky)، نیگار و نیگاکردن و لێکدانەوە و شیتەڵکاریی و خاوەنداریێتی بۆ ئایکۆن بە گوێرەی کاروانی مێژوو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

لە فەرهەنگی Oxford ئایکۆن بەم واتایە هاتووە: ((١- لە بواری کۆمپیوتەردا: سیمبولێکی بچووکە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەردا، گوزارشت لە پرۆگرامێک یان فایلێک دەکات. ٢- کەسێک، یان شتێکی بەنێوبانگ، کە خەڵک پێیەوە سەرسام بن و وەکو هێمایەک سەیری بکەن، کە گوزارشت لە بیرۆکەیەکی دیاریکراو، شێوازێکی ژیان.. تاد بکات. ٣- وێنە، یان پەیکەری کەسێک، کە بە پیرۆز دابندرێت)) (Oxford, 2000, 642 )، بەڵام لەم فەرهەنگە فەرەنسییەدا (Dictionnirs culturel) بەمجۆرە پێناسەی کراوە ((١- لە زمانی فەرەنسی ikona – ە، ئەویش لە

زمانی یۆنانی بێنەزنتین eikon و ikona واتە نیشانە، وێنەیە. لە فەرەنسی کۆن icoine واتە نیشانە، وێنە. لە کلێسەی رۆژهەڵات ئەو وێنە و نیشانە ئایینیانەن لەسەر تەختەدارێک دروست دەکرێن، ٢- ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩٠ لە زمانی ئینگلیزی لە وشەی icon وەرگیراوە، واتە بابەتێکی گرافیکین، بە شێوەی هێما، یان وێنەی ئاگادارکردنەوە لەسەر شاشە پێناسی پرۆگرامێک، یان بەرچاوخستنێک، یاخود داوایەک نمایش دەکات)) (Reg, 2005, 1780 ).

ئایکۆن پەیکەرێکی بچووکە بۆ کەسایەتییێکی ئایینی مەبەستی پیرۆز راگرتنە، لە فەرهەنگی (المنجد) ((بە واتای وێنە و پەیکەر)) دێت (معلوف، ١٩٥١، ٢٠)، عەرەبەکان بە ئایکۆن دەڵێن ایقونة. وشەی ئایکۆن لە بنچینەدا گریکییە و لە eikenai ەوە هاتووە، کە بە مانای (هاوشێوەیی) یان (وەکو) دێت. لە هەندێ ئاییندا پێگەی کەسایەتییە ئایینییەکان بە ئایکۆنێک گوزارشتی لێوە دەکرێ. دەشێ ئایکۆن وەسف بێ بۆ کەسێک، کە پەیوەندیی بە بیرۆکەیەکەوە هەیە، بۆ نموونە مەهاتما غاندی وەکو ئایکۆنی ئاشتی و مرۆڤایەتی رێز و شکۆی پێ دەدرێ، لە کاتێکا ئەدۆڵف هیتلەر وەکو ئایکۆنی توندوتیژی و رق و کینە سووک دەکرێ)) (Merriam Webster, https://www.vocabulary.com/dictionary/icon).

ئەمە و لە فەرهەنگێکی سویدیدا، کە ئەکادیمیای سویدی دایناوە و بۆسەر زمانی کوردیش وەرگێردراوە، بەمجۆرە باس لە ئایکۆن دەکات ((وێنەی شالیارانی کریستیانی لە ئایینی ئۆتۆدۆکسی یۆناندا. نیشانۆکە، هێما، سیمبول. چرکە لە ئایکۆنی ئینتەرنێت بکە تا وێبخوێنەرەوەکە بکەیتەوە، تێرمی ئایکۆن ئێستا زۆر بەربڵاوە. بەڵام تێرمی (سیمبول)یش هەر بەکاردەبرێت)) (Lexikon, 2007, 408)، هەر لە سوید شاعیرێکی بەناوبانگی وەک گونار ئێکێلۆف ١٩٠٧- ١٩٦٨ Gunnar Ekelof نزیکەی حەفتا ساڵ لەمەوبەر ئایکۆن لە لای پیرۆز بووە ((ئێکێلۆف شارەزایی زۆر وردی لەبارەی هەڵسوکەوتکردن بەرانبەر بە ئیکۆن هەبوو. لە حزووریاندا، مرۆڤ سەر دادەنوێنێت و بە دەست هێمای خاچ دەکات. دەستیان لێ دەدات و ماچیان دەکات، بخوور و مۆمیان بۆ دادەگیرسێنێت و گۆرانیان بۆ دەڵێت، یان بێدەنگ و بێ جووڵە بەرانبەریان دەوەستێت)) (ئێکێلۆف ٢٠١٠، ٣٧١). سویدییەکان بە ئایکۆن دەڵێن ئیکۆن.

لە رۆژهەڵاتیش، میسر دەبێت بە مەڵبەندێکی دەوڵەمەندی ئایکۆن ((کلێسەی قبتی گرنگی بە ئایکۆن داوە. ئایکۆن هونەرێکی قبتییە، لە رێگای مەسیحییەکانەوە لە سەدەی یەکەمی زاینی قبتییەکان بەرهەمیان هێناوە، تا ساڵی (٦٤١ )، کە عەرەب چوونەتە میسر، تا ئێستاش ئایکۆن لە کلێسەکاندا هەیە. بۆ بینەر کۆمەڵێک واتای جوان دەدات بۆ سەرنجراکێشانی عەقڵی مرۆڤ، کە سەردانی کلێسە دەکەن. قبتییەکان شەهید وەک قارەمان، یان سوارچاکێک پیشان دەدەن، کە

سواری ئەسپێک بووە و شمشێرێکی بەدەستە، یاخود قەڵغانێک بۆ ململانێ لە دژی دوژمندا. ئایکۆن بەرهەمی داهێنانی رۆشنبیریی مرۆڤە)) (الملاخ، ٢٠٢٠، ١٨٠ ـ ١٨٢)، ئەمە و هەمان توێژەر رای وایە ((ئایکۆن دەقاودەق بریتییە لە وێکچوون و نوێنەرایەتیکردن)) (الملاخ، ٢٠٢٠، ١٨٣)، کە ئەمەیان بۆ بواری پراکتیکی لە ئەدەبدا گرنگە، ئایکۆن ((وێنەگرتنێکی زهنییە، گوزارشتکردنە بە وێکچوون لە وێنە بنەڕەتییەکە، لە کەلەپووری ئەرسەدۆکسیدا بە گشتی راهیبەکان وێنەی ئایکۆنەکانیان کێشاوە)) (خوري، ٢٠٠٠، ١٠).

وەک دەردەکەوێت کلێسە لە کوێ بووە ئایکۆن لەوێ بووە، چونکە ئایکۆن هونەری کلێسە بووە ((شاری رەها (رەحا) (ئورفا)، کە دەکەوێتە نێوان هەردوو رووبارەکە هەر زوو خەڵکەکەی بوونەتە مەسیحی، تا سەدەی حەڤدەمین پایتەختی ئەدەبی سریانی مەسیحی بووە)) (خوري، ٢٠٠٠، ١٥٩)، لە کلێسەکانی ئەوێدا جۆرەها ئایکۆن دەبینرێن، کەواتە لە کوردستانیش کلێسە دەبێت بە سەرچاوەی پەیدابوونی ئایکۆن، بە تایبەتیش لە باکووری کوردستاندا.

بە خوێندنەوەی بابەتی (چەردەیەک لە مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستان) بەرچاومان روون دەبێت بۆ بزاڤی شێوەکاری و هێڵکاری لە کوردستان، کە لە چەندان سەدە بەر لە ئەمڕۆ ئەو هونەرە گرنگی پێدراوە (یوسف، ٢٠٠٥، ١٧-٢٤)، ئەگەر لەو بارەدا کلێسە و مزگەوت بەراورد بکرێن، مزگەوت لە نەخش و نیگار و بە پیرۆز راگرتنی کەس و شتەکان وەک کلێسە مامەڵەی لەگەڵ ئایکۆن، یاخود بە واتایەکی دیکە گرنگی بە نەخش و نیگار نەداوە، چونکە بیرکردنەوەی هەردوو ئایینەکە بۆ وێنە جیاوازە. ئەمە و بۆ پەیوەندی ئەدەب و ئایکۆن شەست ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، ئایکۆن ((لە ئەدەبدا بریتییە لە وەسفکردنی کەسێک، یان شتێک لە رێگای زمانی مەجازەوە)) (https://www.britannica.com/art/icon-literature).

ئایکۆن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆجیادا، واتا و هێمای نوێی بەبەردا کراوە، لە جیهانی کۆمپیوتەردا، وێنەیەکی بچووک، یاخود هێمایەکی بچووکە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەردا، کە ئاماژەیە بۆ کلیککردن تا زانیاری بە بەرامبەر بدات، هێمای دیکەش هەیە، کە شوێنی دیسک، فایل، یان زانیاری دەبەخشێت. لەبەرئەوەی سیمیۆتیکا زانستێکی گشتییە و سنووری زاری بڕیوە دەکرێت لە بواری ئەدەبیشدا سوود لەو زانستە وەربگیرێت، چونکە پیرێس ئالۆزییەکانی سوسێر–ی نەهێشت و کاری شرۆڤەکارانی لەبەردەم چەندان ئەگەردا والآکرد.

دوای خوێندنەوە و پشکنین و سەیرکردنی کۆمەڵێک فەرهەنگی کوردی، لە هیچێکیان زاراوەی ئایکۆن دانەندراوە و باس نەکراوە، لەو حاڵەتەدا باشترین کار گەڕانەوەیە بۆ ئەدەبیاتی لاتینی، یان ئینگلیزی بەتایبەتیش لە بوارە فەرهەنگییەکەدا، ئێمە تا ئەمڕۆ بەکارهێنانی زاراوەی

(ئایکۆن) بە گونجاو دەزانین، چونکە لە فەرهەنگەکانی ئێمەدا بەرامبەر بەم زاراوەیە هیچ زاراوەیەکی کوردی رەسەن، یاخود داتاشراو دانەندراوە.

## نیشانەناسی

نیشانەناسی زانستێکە باس لە ئاماژە و بەڵگە و هێما دەکات، واتە Semiology، لە زمانی عەرەبی بە (علم الدلالة، علم العلامات و علم الاشارة) ناوی هاتووە ((ئەو زانستەیە لە دەقی ئەدەبی و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئاماژە و نیشانەکان دیاری دەکات)) (ئەسوەد، ٢٠١١، ٨٥). (سوسێر) و (پێرس) دوو زانا و پسپۆری بواری زمان و لۆژیکن، بە وردی لەم زانستەیان کۆڵیوەتەوە و زۆرترین قسەوباسیان لەمەڕ ئاماژە و نیشانە و ئایکۆن کردووە، بە تایبەتیش پێرس. سوسیر زاراوەی Semiology و پێرس Semioticsی بەکارهێناوە، ئەوەی یەکەم لە ئاماژە زمانەوانییەکان و ئەویتر لە لۆژیک و هێمای کۆڵیوەتەوە.

بۆ وردبوونەوە و جیاوازی لەنێوان ئیندێکس، هێما و ئایکۆندا بۆچوونەکان جیاوازن، تێزی دکتۆرای (لوقمان رەئوف) بە وردی لە چەشنەکانی نیشانە لە ئەدەبدا، بە تایبەتیش لە شیعردا دواوە. ئەو دوای ئەوەی بۆچوونەکانی هەر یەک لە (پێرس، سۆسێر، ئۆگدن، ریچاردز و مۆریس) دەهێنێتەوە، بە پشتبەستن بە تێزەکانی (پێرس)، نیشانە بۆ ئەم سێ لێکەوتەیە دابەش دەکات (ئایکۆن، ئیندێکس، هێما)، ئەوەی پەیوەستە بە ئایکۆن، توێژەر پێی وایە ئایکۆن لە پلەی یەکەمدا ئەو جۆرەیە، کە نوێنەرایەتی بابەت دەکات لە رێگەی لێکچوندا لەو رووەوە ئەم رایەی (پێرس) دەهێنێتەوە: ((دەکرێت شتێک ببێتە ئایکۆن بۆ شتێکی دی، ئیدی ئەو شتە سیفەت، یان کائینێکی تاک، یان یاسایەک بێت)) (رەئوف، ٢٠١٦، ١٦٤)، لەو چەند وشەیەدا خاڵێکی گرنگ هەڵدەهێنجرێت، کە بریتیین لە وێنا و وێنە و خواستن و نیگار و هێلکاریی.

رای (فیردیناند دی سوسێر) وەک زانایەکی بواری زمان و دامەزرێنەری قوتابخانەی بنیاتگەری زمانەوانی وەردەگرین، ئەو بەم شێوەیە لە دال و مەدلول دەدوێت: ((دال: بریتییە لە دەنگ، یاخود پیتی نووسراو. مەدلول: بریتییە لە وێنەی زیهنی، یاخود فکرەیەکە سەبارەت بە شتێک)) (www.syr-res.com/article/7169.html)، ئەم بۆچوونەش ئایکۆن ورتر دەکاتەوە ((ئایکۆن وەک بەشێک لە سیستمی سیمیۆلۆژیا، پشت بە ئاماژەکان، یان نیشانەکان دەبەستێت، جۆری ئاماژە و نیشانەکان بەربڵاون و ناکرێت بخرێنە نێو چوارچێوەی سنوورێکی زەمەنی، یان جێگەیی دیاریکراو، بەڵکو پەیوەستە بە جوگرافیای مرۆڤ و ئەفسانە و ئایین و سیاسەت و مێژوو و بارە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان، تەنانەت ئامراز و کەرەستەکانی سروشتیش بۆخۆی رادەکێشێت و کارنامەیان دەداتێ، بەمەش جیاوازییەکان لەنێوان ئایکۆن و سیمبوڵدا

بەدەردەکەوێت، ئەویش بەوەی توانای سمبوڵ، لەرووی دەسنیشانکردن و کارەوە، دیاریکراوە و چەندین خوێندنەوە هەڵناگرێت بۆ نموونە سیمبوڵەکانی هاتوچۆ، کە هێما و نیشانەکانیشی پێدەوترێت، لە رێگەی رێگا و یاساوە ئامانجەکانی بۆ دەسنیشان کراوە، یان لە کاتێکدا ئەو هێمایانە دەبنە سەرچاوەیەک یان گواستراوەیەک- احالة- ئەوا سیاقە زەمەنی و مێژووییەکان توانیویانە ماناکانی دەستنیشان بکەن)) (کەریم، ٢٠١٢/٦/١٨، ٤)، کەواتە نیشانە دەبێت بە چەقی دۆزینەوەی ئایکۆن و لێکەوتەکانی، ئەمەش لەلای پێرس پەیوەندیدارە بە پرەنسیپی لەیەکچوون، هەروەها یەکێکە لە شێوەکانی ئاماژە، ئەو سیمیوتیکا بە دەروازەیەکی پێویست بۆ لۆژیک دادەنێت، کە لقێکە بۆ زانستی گشتی لە دەلالەتە هێماییەکان ((بەلای پێرس لۆژیک هاوواتای سیمیوتیکایە، کە لەسەر ئەگەر و ئەنجام دادەمەزرێت)) (فاطمة الزهراء، ٢٠١٧، ٦). گەردوون لە لێکدانەوەکانی (پیرس)دا لە نیشانەدا بێسنورە و ((هەموو شتێک وەک نیشانە کار دەکات)) (بنگراد، ٢٠١٢، ٩١).

بۆ پەیوەندی، یاخود جیاوازی لەنێوان هێما و نیشانە (ئیرنست کاسیر) دەڵێت: ((نیشانە تەنیا بۆ یەک شتی جێگیر بەکاردێت، بەڵام هێما لە شتێک زیاترە، جێگیر نیە و دەگوازرێتەوە و هەمەجۆرە)) (حمدان، ١٩٨١، ٢٥ و ٢٦)، جگە لەمەش (جاحظ) پێی وایە نیشانە ((خێرا و کورتە، ناڕاستەوخۆیە، شاراوەیە)) (الجاحظ ، ١٩٤٨، ٧٠). جاحظ هێما و نیشانەی بە هاوواتا داناوە، بەڵام پێرس پەیوەندی هێما و نیشانە بە سیستمی سیمیۆلۆژی دەبەستێتەوە. گۆڕانکاری و جیاوازییەکانی هێما و نیشانە لەگەڵ گۆڕانکارییە مەعریفییەکان دەگۆڕێن و لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە بەهەمان شێوە ئەرکیان دەگۆڕێت

## هێما و نیشانە

(سوسێر) هەر زوو هەستی بە نزیکایەتی نێوان نیشانە و هێما کردووە، بەڵام وەنەبێت جیاوازییەکانی بەلانابێت، کە دەکرێت لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە، (نصر، ١٩٧٨، ٢٣):

١- نیشانە ئاماژەیەکە، لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا، بەڵام هێما پەیوەستە بە ئێستا و تایبەتمەندیی، لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ.

٢- نیشانە ئاماژەیەکی هەستییە بۆ واقیع، یاخود بابەتێکی مادی، بەڵام هێما گوزارشتکردنە بۆ واتایەکی گشتی و پەیوەندیدارە بە رووداو.

٣- نیشانە بەشێکە لە جیهانێکی مادی رووت، بە پلەی یەکەم هەڵگری بەهایەکی پراگماتیکییە، بەڵام هێما لە باری واتادا کارێکی مرۆڤانەی تایبەتە، بەهایەکەی ئەرکە.

٤- پێویستە نیشانە گوزارشت لە ناوەڕۆک بکات، بەڵام هێما پێویستی بەو حاڵەتە نیە.

٥- نیشانە سروشتێکی کۆمەڵایەتیی هەیە نەک ئیرادەیی ، بەڵام هێما داهێنانی مرۆڤە.
٦- نیشانە پەیوەندی لەنێوان ئاییینیەکان درووست دەکات، بەڵام هێما ڕێکەوتنیان لە نێوان درووست دەکات.

دوو شێوە لە نیشانە هەیە ((نیشانەی سروشتی و نیشانەی دەستکرد)) (جیرو، ٢٠١٧، ١٥)، ئەمانەش بۆ بابەت و گوزارشتکردن وردتر دەکرێنەوە ((ئایکۆن نیشانەیەکە ئاماژە بە بابەتێک دەدات، کە گوزارشت تەنیا لە سروشتی نیشانە دەکات، زیندوێتی ئایکۆن لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هۆکارێکی گەیاندنە لەنێوان نەتەوە و گەلی جیاوازدا، وەک کارە بەربڵاو و زۆرەکانی دیزاینی شارەکان و نەخشەی جوگرافیایی و شتی دیکە، ئەمەش بەو واتایە نییە، کە نیشانە ئایکۆنییەکان پێویستیان بە لێکدانەوە نەبێت)) (زیادة ، ١٩٨٦، ٧٥٣).

ناکرێت هێما لە ئایکۆن داببڕین، چونکە ئایکۆن وەک جۆرێکی سەرەکی لە نیشانە، گوزارشتکردن، نوێنەرایەتی، چواندن و بەرامبەریی لە کۆڵەگە سەرەکییەکانیەتی، ئەمانەش لە شیتەڵکاریی بەرهەمی ئەدەبیدا دەبن بە تەوەری سەرەکی لێکدانەوە و وەسفکردن، هەروەها لەو نێوەندەدا ڕۆڵی ڕەوانبێژیش فەرامۆش ناکرێت، بەڵام نەک هەموو ڕەگەزەکانی ئەو هونەرە.

## ئایکۆن و ئەدەب

ئەرسەدۆکسییەکان پێیانوایە ئایکۆن نیگار و وێنەیە واتە هونەرە ((بەڵام بە گوێرەی بابەت و مەبەست و ڕێگای وێنەکێشانەکەی جیاوازە لە وێنەی دیکە. لە کۆندا بابەتی ئایکۆن نوێنەرایەتی لایەنە ڕوحیەکەی لاهوتییەکانی دەکرد و بۆ خەڵکی باوەڕدار دەگوازرایەوە. ئایکۆن شوێنی بەیەکگەیشتنی خوا و مرۆڤە، شوێنێکە بۆ بەرجەستەکردنی ئەوەی مرۆڤە لەگەڵ ئەوەی خواوەندە، خوا لە ڕێگای ئایکۆنەکان موخاتەبەی باوەڕدارەکان دەکات. کەواتە جیاوازییێکی زۆر لە نێوان تابلۆیەکی هونەری و ئایکۆندا هەیە. تابلۆی هونەری وێنەی دیمەنێک، کەسێک، بابەتێک دەکێشێت، بیرەکە بۆ ئەویتر دەگوازرێتەوە و چێژی لێ دەبینێت، سروشی بابەتی تابلۆ لە ژیانی مرۆڤ و بیری مرۆڤایەتی وەردەگیرێت، بەڵام ئایکۆن وێنەی شتێک دەکێشێت، کە بە پێوەری مرۆڤایەتی ئاسایی نیە، چونکە بابەتێک پێشکەش بە باوەڕداران دەکات، مرۆڤ بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە، کەواتە ئایکۆن تابلۆیەکی ئاییینییە، پێویستە هونەرمەندەکە باوەڕی بە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی کلێسە هەبێت، ڕۆژوو بگرێت و نوێژ بکات، لایەنگر بێت، بەڵام وێنەکێشی تابلۆی هونەری مرۆڤێکی ئاساییە، دەکرێ سەرخۆش، کەسێکی سەیر، داهێنەر، خوانەناس بێت... تاد، ئەمانە هیچیان کاریگەرییان لەسەر کارە هونەرییەکەی نابێت. وێنەکێشی

ئایکۆن وێنەی کەسەکان دەکێشێت، وەک چۆن کلێسە دەیبینێت و تێیدەگات و باوەڕی پێیەتی. بەهای ئایکۆنەکان لەوەدا نییە، کە لە وێنە فۆتۆگرافییەکە بچێت، بەڵکو لە ئاوێتەبوونی روحە. تابلۆی شێوەکاری کارێکی هونەرییە و بە دیوارێک هەڵدەواسرێت و جوانی دەبەخشێت، بەڵام ئایکۆن تابلۆیەکی هونەری ئایینییە، بۆ نوێژ و پەرستن و تێرامان و موناجات)) ( localprayers.com/GR/Athen).

کەواتە ئەو هێزە روحییە لە دەقێکی ئەدەبیدا چ پیرۆزیی و چەشەیەکی گەرمی لە لای خوێنەردا هەیە؟ چەشە و دەق دوانەی تەواوکەری یەکترن، ئەگەر چەشە و کاریگەریی نەبێت، خوێنەر بارگاوی نابێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دەقێک، بۆ ئایکۆنی ئەدەبیش ئەو کاریگەرییە زیاتر دەبێت، چونکە خاڵێک هەیە، گەرمایی بە وەرگر دەدات بە تایبەتیش لە ئایکۆنی بەرەنگاریدا، کە پەیوەستە بە روح و پیرۆزیی بەرەنگاری و مانەوە و بەردەوام بوون لەسەر تێکۆشان و قوربانیدان، هەر پەیوەند بە ئایکۆنی بەرەنگاری، بە واتای ئەوە نایەت، خوێنەر بۆ دروشم و دروشمسازی پەلکێش بکرێت، راستە دروشم بریتییە لە حەماسەت، یاخود نیشانە و پەیامێکی ئاراستەکراوە بۆ جەماوەر، بەڵام پێویستە سەرەڕای لایەنە هونەرییەکە، سۆز و سەرنجدانی ئارەزوو هانبدات، چەشە و هونەرێکی جوان و باڵا بە خوێنەر بدات، نەک بەتاڵ بێت لە بەهای هونەر و چەشە و ئارەزوو.

زمان و نیشانە بەیەکەوە گرێدران و لەو حاڵەتەدا زمان دەبێت بە سیستمێکی نیشانەیی، هەر بۆیە ئەوانەی لە زمان دەکۆڵنەوە، واتە پسپۆرانی زانستی زمان ناتوانن نیشانە فەرامۆش بکەن، چونکە پەیوەندی نێوانیان جمکانەیە. ئیتر دال و مەدلول کاریگەرییان دەردەکەوێت، دال وێنەی دەنگەکان نمایش دەکات، واتە وێنە هەست پێکراوەکان، لە رێگای وێنەکانی هەست و بینین و بیستن بە مەدلول دەگەین و بیر بەرهەم دێت، ئەوەی زیاتر لە کارە شیکارییەکان خۆی دەنوێنێ، دۆزینەوەی نیشانەکانە لەنێو بنیادی زماندا، چوارچێوەی رستە و جێشوێنی وشە وێنایەکن بۆ نیشانەکان.

بۆئەوەی ئایکۆنەکان ببینین، یاخود هەست پێ بکەین، پێویستە ناسینی نیشانەکان ببن بە دەستپێک، بە تایبەتیش لە حاڵەتی کارکردن لەناو ئەدەبدا ((بۆ لێکۆڵینەوە لە نیشانە، پسپۆرانی بواری هونەرەکانی ئەدەب، لەگەڵ چەند زانستی دیکەی وەک زانستی زمان و رەوانبێژی و شێوازی شیعردا سوودیان لەو میتۆدە وەرگرتووە)) (فیدح، ١٩٩٣، ٧)، ئایکۆن ئاماژەیەکە خاوەنداریێتی لە تایبەتمەندییەکانی شتێک دەکات بە نوێنەرایەتیکردن، واتە نوێنەرایەتی شتێک دەکات و زیاتر لەسەر پرەنسیپی هێما و چواندن دەوەستێت. (Jean Martenet) پێیوایە ((ئایکۆن بەرهەمی دەستی مرۆڤە، نوێنەرایەتی وێنە راستەقینەکە دەکات)) (Martenet. 1975 ,62)، هەر

لەسەر ئەو بنەمایە لە کاتی هەڵسەنگاندنی دەقێکی ئەدەبیدا بە تایبەتیش شیعر، ناکرێت لێکچوون و خوازە و خواستن لە بیر بکرێن، لە کاتی کارکردن لە دەقێکی ئەدەبیدا دیسان بۆ ئەم بۆچوونەی (پێرس) دەگەڕێینەوە، نیشانەی هەستی و ناهەستی بۆ دال و مەدلول دابەش دەکات و بنیاتی دەلالی نیشانەکان لە چوار رەگەز کۆدەکاتەوە: ((١- نیشانە نوێنەرایەتی شتێک دەکات، یاخود جێی دەگرێتەوە. ٢- مادەی ئاماژە پێکراو، یاخود بابەت. ٣- شرۆڤەکار (المحلل)، واتە ئەو کەسەی هەست دەکات و ئاگایی هەیە. ٤- رێگایەکی دیاریکراو، کە پرۆسێسی کاری ئاماژە تەواو دەکات)) (محمد، الملتقى الوطني الرابع، السيمياء و النص الادبي، ٢)، سیڤان ئولمان S Ullman دەڵێت: ((گۆکردن سیغەی دەرەوەی وشەیە، لە کاتێکدا مەدلول بیرەکەیە)) (اولمان، ١٩٦٩، ٦٤) ئەو پێیوایە پەیوەندیی ئاڵوێری لە نێوان مەدلول و گۆکردندا هەیە.

ئەدەب، هونەرە و شێوەیەکە لە شێوەکانی هوشیاریی و ئاگایی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا، بە جۆرەها شێوەی هونەری جیاواز وێنەی مرۆڤ و ژیان دەکێشێت، کە زمان لەو وێنەکێشانەدا باڵادەستە، ئەمەش لە وێنەی ئەو شێوەکار و نیگارکێشە نزیکمان دەکاتەوە، کە لە رێگای رەنگ و فلچەوە، ژیانی مرۆڤ و رووداوەکانی رۆژ دەکێشێت، ئەمانەش بەدەر نین لە نیشانە و هێما و بیر، کەواتە زمان و وەسف و هوشیاریی دەبن بە خاڵی لێک نزیکبوونەوە لەنێوان هونەری ئەدەب و هونەری ئایکۆندا.

## ئەدەبی بەرەنگاری Literature of resistance

لە دەستپێکدا لەسەر زاراوەی (بەرگری) یاخود (بەرەنگاری) دەوەستین، کە لە دوو نامەدا، یەکێکیان زاراوەی بەرگری و ئەویتریان زاراوەی بەرەنگاری بەکارهێناوە. (عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی) لە تێزی دکتۆرایەکەیدا تەنیا گفتوگۆی لەسەر زاراوەی بەرگری کردووە، چەند فەرهەنگێکی کوردی و عەرەبی سەیر کردووە و ئاماژەی پێداون، بەڵام لە هێنانەوەی نموونەدا زاراوەکانی (مقاومة و دفاع)ی تێکەڵاو کردووە. (ئەبوبەکر خۆشناو) لە نامەی ماجستێرەکەیدا زاراوەی بەرەنگاری بەکاردەهێنێت، کە پشتی بە قاموسەکەی عەبدولرەحمان زەبیحی بەستووە، پێش ئەم بابەتەش ناوبراو ساڵی (١٩٨١) لە گۆڤاری (پێروو)، هەروەها ساڵی (١٩٩٠) لە گۆڤاری (بانگ)دا، دوو بابەتی سەبارەت بە شیعر و ئەدەبی بەرەنگاری نووسیوە، لە هەردوو بابەتەکەدا زاراوەی بەرەنگاری بەکارهێناوە (خۆشناو، ١٩٨١، ٧) و (خۆشناو، ١٩٩٠، ٥).

ئەمە و ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە جیاوازی کردنە لەنێوان هەردوو زاراوەی (بەرگری) و (بەرەنگاری)، وەک لە دامودەزگا حکومییەکانی باشووری کوردستاندا رۆیشتووە بەرگری بەرامبەر بە (دفاع) داندراوە، ئێمەش پێمانوایە بەرگری بۆ دیفاع گونجاوە، بۆ (مقاومة)ش

زاراوەی بەرەنگاری لێی نزیکە و گونجاوە، بەڵام نووسەران و ئەدیبانی ئێمە بەرامبەر بە زاراوەی مقاومة خۆیان ساغ نەکردۆتەوە، بۆ نموونە لە نووسینی چەند نووسەرێکدا، کە لە رۆژنامەی (بەرەی کوردستانی)دا بابەتیان بڵاوکردۆتەوە، زاراوەکانی بەرەنگاری و بەرگرییان تێکەڵاو کردووە، ئەو رۆژنامەیە دوای راگەیاندنی بەرەی کوردستانی لە شاخ دەرچووە. لە شاریش بەهەمان شێوە ئەو ئاڵۆزییە هەیە، جیاوازی لەنێوان (دفاع و مقاومة) نەکراوە. بۆ نموونە زیاتر لە پەنجا ساڵ لەمەوبەر لە گۆڤاری (زانیاری)، لە ژمارە سێدا وتارێک بەم ناونیشانە بڵاوبۆتەوە (بەرگریی ئەلەکتریک ELECTRIC RESISTANCE)، کە بەرامبەر بە زاراوەی مقاومة (بەرگری)یان داناوە (قەرەداغی، ١٩٧١، ١٧)، بەڵام لەبابەتێکدا سەبارەت بە دڵداری شاعیر زاراوەی بەرەنگاری بۆ شیعرەکانی بەکارهێنراوە، ناونیشانی بابەتەکە بەمجۆرەیە: ((دڵدار شاعیری بەرەنگاری و شۆڕش)) (بیمار، ٢٠١٧، ١٤٢).

لە پێناوی باشتر وردبوونەوە و تێگەیشتن لە واتای بەرەنگاری، سەیری چەند فەرهەنگێکی جیاواز بە چەند زمانێکی جیاواز دەکەین ((مقاومت: استادگی کردن، باکسی در امری برابری کردن، ضدیت کردن)) (عمید، ١٣٧٧، ١١٤٦)، لەم فەرهەنگەشدا بەمجۆرە لێکدراوەتەوە ((پایداری: باشار، بەرقەراری، بەرگە، پایەداری، پشوودرێژی، تابشت، تابوشت، تاقەت، تامل، توانا، تەحەمول، خودداری، خۆڕاگرتن، خۆڕاگری، دامەزراوی، دەوام، راوەستاوی، سبات، سەبر، سەقام، لەسەرەخۆیی، ملەجیڕۆکی، نەمری، وەرگە)) (ئیبراهیمی، ٢٠١٢، ٣٦٠)، هەر لە هەمان فەرهەنگ و لە شوێنێکی دیکەدا نووسراوە ((مقاومت: بەرگری، بەرگەگری، خۆڕاگری، دەوام، راوەستاوی، مقاومت،١- باشار، باشارکردن، پشوودرێژی، پێ داگرتن، تاب، تابشت، تابوشت، تابهێنان، تاقەت، تامل، توانا، تەحەمول، خۆڕاگرتن، دەوام هێنان، دەربردن، رەختەیی، سووربوون، سووربیەی، سەبر، لەسەرەخۆیی، ملەجیڕۆکێ، وەرگە، ٢- بەربەرەکانی، بەرەنگاری، ٣- پتەوی، گوریی، قایمی)) (ئیبراهیمی، ٢٠١٢، ١٦٧٧).

ئەمانەش چەند فەرهەنگێکی دیکەن ((بەرگری: بەرگرتن. فارسی: دفاع)) (هەژار، ١٣٦٨، ٧٦)، و ((بەرەنگاری: بەرانبەری کردن، دەگژراچون. (فارسی: گلاویزشدن)) (هەژار، ١٣٦٨، ٧٨)، هەروەها لە فەرهەنگی (زێوەر)دا هاتووە: ((الدفاع: بە بۆر و گیراوی. لافاوی گەورە)) (زیوەر، ٢٠٠٤، ٢٢٢). لێرەشدا نووسراوە ((بەرگریی: بەرەنگاری بوونەوە)) (موکریانی، ١٩٦١، ٧٦)، ((بەرەنگاریی: خەباتکردن)) (موکریانی، ١٩٦١، ٧١)، هەروەها مقاومەتکردن واتە ((پایداری کردن در برابر، زندە ماندن، محکم گرفتن)) (کاویان، ٢٠٠٠، ٣٠٩)، ((بەرەنگاربوون: گەیشتنی دوو گیاندار بەیەک لووت و بزووت)) (خاڵ، ٢٠٠٥، ٤٨)، زەبیحی نووسیویەتی: ((بەرگریی: (١- بەر/ ٢- گر (گرتن)+ئی). پێش لە پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەیار و دوژمنان برینەوە، بەرامبەر دوژمن وەستان و خۆڕاگرتن

(بە عەرەبی: دیفاع، مقاومە): وەزیری بەرگری. ئیستعمار و کۆنەپەرستان بەرگری نەتەوایەتی ئازادیخوازانەیان پێ ناکرێ)) (زەبیحی، ١٣٤٧، ٤١٣)، لەم فەرهەنگەشدا هاتووە ((بەرگری: resistance)) (قەزاز، ٢٠٠٠، ٩٣)، هەروەها لە لاپەڕە (٩٠)ی هەمان فەرهەنگدا نووسراوە: ((بەرەنگاری: meet/ encounter face- to- face)).

فەڕەنسییەکان بەمجۆرە لە ئەدەبی بەرەنگاری دواون ((لە دوای ئاگربەستی حوزەیرانی (١٩٤٠) و لەگەڵ بانگەوازی بەرخۆدانی جەنەڕاڵ (دیگۆل) بۆ رزگاری فەڕەنسا بە نهێنی دژ بە داگیرکاری ئەڵمانیا، ئەدەبی بەرەنگاری بریتی بوو لە کۆی ئەو ئەدەبیاتەی، کە بەشداربووە لە خەبات دژ بە داگیرکاری ئەڵمانیا بۆ فەرەنسا. یەکەمین کردەی ئەدەبی بەرەنگاری لە فەرەنسا و بەلجیکا و وڵاتانی دیکەی فرانکفۆنی لەگەڵ گۆڤاری بەرەنگاری Resistemce و گۆڤاری ئەدەبی فەرەنسی (١٩٤١) و دامەزراندنی کۆمیتەی نیشتمانیی نووسەران C.N.E لە ناوچە داگیرکراوەکان دەستپێکرد. (ئاراگۆن) لە ناوچەکانی خواروو، کە داگیرنەکرابوو رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە جۆشدانی خەبات و ئەدەبی بەرەنگاری. ساڵی (١٩٤٢) بە نهێنی یەکەمین بەرگی (بێدەنگی زەریا)ی (ڤێرکۆرس) بڵاوکرایەوە. بەشێک لە نووسەران بە قەڵەم و هەندێکیشیان بە چەک و قەڵەم بەشداریان کرد)) (Aron, 2002, 509). عەرەبەکان ئەم فەرهەنگە فەڕەنسییەیان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە، بەڵام زانیارییەکانیان کورت کردۆتەوە، هەمان پێناسە و لێکدانەوەیان بەم شێوەیە داناوە ((وشەی بەرەنگاری لەگەڵ ئاگربڕی حوزەیرانی ساڵی (١٩٤٠) دەستی پێکردووە، کە جەنەڕاڵ (دیگۆل) لە بانگەوازەکەیدا داوای رووبەڕووبوونەوەی نهێنی دژی داگیرکاریی ئەڵمانیای کرد، واتا لە رێگای ئەدەبدا، چەند ئەدیبێک بە بەرهەمەکانیان دژی داگیرکاری وەستانەوە، هەروەها بە واتای پەلوپۆ هاویشتنی دەلالاتی بیری بەرەنگاری بۆ شێوە جیاوازەکانی بەرخۆدان)) (ارون، جاک، ڤیالا، ٢٠١٢، ١٠٩٠).

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەر ململانێ بنیاتنراوە، روانین و بیرکردنەوە لە نێوان ژینگە و مرۆڤ، واتە خەلقکردنی ژینگەیەک بۆ ژیان، بنەمایەکە بۆ ئەو حاڵەتە، لەو رووەوە میسیۆلۆژیا و دەقە کۆنەکان بەڵگەن بۆ ئەو جۆرە ژیان و پێکهاتەیە، کە مرۆڤایەتی خەباتی لە پێناودا کردووە، هەروەها دەقە ئەدەبییەکان بە تایبەتیش داستانەکانیان، هەر لە سەردەمی گریکەکانەوە پڕە لە ململانێ لە پێناوی خۆپاراستن و مانەوە و دەرباز بوون لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی دیکە لە ژیان ((لە مێژووی مرۆڤدا لە کۆن و تازەدا، هیچ کارێکی ئەدەبی بەدەر نیە لە خاسیەتی بەرەنگاری)) (شوکري، ١٩٧٠، ٧)، کەواتە ناکرێت کەلەپووری نەتەوەیی فەرامۆش بکرێت، کە پڕە لە نموونەی پاڵەوانێتی و ململانێ و بەرەنگاربوونەوە، هەر ئەدەبێک بچێتە خانەی بەرەنگارییەوە سێ رەهەندی هەیە ((مرۆڤایەتی موتلەق، نەتەوەیی سنووردار،

کۆمەڵایەتی سیغەی میللیی هەبێت)) (شوكري، ١٩٧٠، ١٦)، هەر ئەم نووسەرە کتێبەکەی بەسەر ئەم بەشانەدا دابەشکردووە، کە تا ئێستاش لەو رووەوە سەرچاوەیەکی بەسوودە: ((هێمای پاڵەوانێتی لە چیرۆکی بەرەنگاریدا. پاڵەوانێتیی بەرەنگاری لە کەلەپووری میللیدا. پاڵەوانی بەرگریکار لە رۆمانی میسریدا. پاڵەوانی بەرگریکار لە رۆمانی فەڵەستینیدا. پاڵەوانی بەرگریکار لە رۆمانی جەزائیریدا. تەنگژەی پاڵەوان لە شانۆی بەرەنگاریدا. پاڵەوانەکانی بەرەنگاریی لە شانۆی میسریدا. پاڵەوانی میللی لە شانۆی عەرەبیدا. وێنەی پاڵەوان لە شیعری بەرەنگاریدا. روانینی پاڵەوانێتی لە شیعری بەرەنگاری میسریدا. شیعری ئەمریکی))، ئەم ناونیشانانە لە ئەدەبی بەرەنگاری زۆربەی نەتەوەکانی جیهاندا بەدی دەکرێن، بۆ ئەدەبی کوردیش بە هەمان شێوە بە پلەی یەکەم لە شیعر و چیرۆکدا، پاشان لە هونەرەکانی دیکەی پەخشاندا.

لەم سەرچاوەیەدا (شعر مقاومت و پایداری) شیعری بەرەنگاری دابەشی سێ تەوەر کراوە ((دەربرینی ئامانج و بیروبۆچوونە باڵاکان. ستایشی ئازایەتی و پیرۆزکردنی سەرکەوتنەکان. لاوانەوە و پرسە بۆ رێزلێنان لە قارەمانەکان)) (ارانی)(roshdnet.ir)

تا ئێستا ئەوەی باسکراوە ئەو ئەدەبەیە لەناو جەرگەی جەنگ و شەڕدا سەریهەڵداوە و پێشکەوتووە شەڕی ناوخۆیی و جەنگی دەرەکی، لە هەر کوێی دونیادا ڕوویدات، بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە مایەی دروستبوونی وەرچەرخان، یەکێک لەم وەرچەرخانانە بریتییە لە گۆڕانی هزر و بیر. گرنگترین زەمینەی ئەم وەرچەرخانەش ((گۆڕانکارییە لە هونەر و شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەهۆی جەنگەوە. ئەدەبیات و ئەدەبیاتی چیرۆک، وەک لقێکی هونەر، لەم مەسەلەیە بەدەر نییە و بەهۆی زەمینەی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە، بە قورسی دەکەوێتە ژێر کاریگەری مەسەلەی جەنگەوە. لە هەندێ لە قۆناغەکانی زمان و هەندێ زماندا، ئەدەبیاتی جەنگ لەدایک دەبێ، بەشێکیش لەم ئەدەبیاتی جەنگە، ئەدەبیاتی بەرەنگارییە)) (ششتمدی ، ١٣٩١، ١٥).

نووسەر و ئەدیبان لەناو جەرگەی رووداوەکانی جەنگ و شەڕدا بەرهەمەکانیان لە دایک دەبن، یاخود دوای تەواوبوونی جەنگەکان، بەڵام خوێندنەوەی مێژوو و خەیاڵیش بەدەرنین لەو بوارەدا ((هەردوو نوسەری بەناوبانگی فەرەنسی و ئەمریکی (ئەندرێ مالرۆ) و (جۆن شتاینبیگ) یەکێکیان داستانێک دەربارەی چارەنووسی مرۆڤ سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی قارەمانانەی خەڵکی چین لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەمدا دەنووسێت، ئەویتریان بە خەیاڵ لە بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی نەرویج بەرامبەر بە داگیرکەری نازی لە گەرماوگەرمی جەنگی جیهانی دووەمدا دەدوێت)) (باقرى، ١٣٩٧، ١١٣).

خەباتی گەلان لە پێناوی رزگاری و رەنگدانەوەی ئەو خەباتە لە ئەدەبدا، ئەگەرچی خاسیەتی خاک و نەتەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بە تایبەتیش مامەڵەکردنیان لەگەڵ کولتور و زماندا،

هەموویان لە ناوەڕۆکدا یەک ئامانجیان هەبووە، بەڵام ناکرێت هەر تەنیا لە چوارچێوەی کلیشەبەندی شێوە و ناوەڕۆکدا قەتیس بکرێن، چونکە ((مادام شێوە و ناوەڕۆک هەیە، واتە دوو شتن، نەک یەک شت)) (عبود، ١٩٨٠، ٥)، کەواتە لەکاتی ئیشکردن لە دەقدا هەست بە جیاوازی، یاخود ئاوێتەبوونی هەردووکیان دەکرێت، ئەدەبی بەرەنگاری ئەدەبێکە لە دۆخێکی ناشروشتی دەنووسرێت، یان ((جۆرێکە لە دژە هێرشی کولتووری بەرامبەر بە کولتووری داگیرکردن)) (ادونيس، ١٩٧٨، ١٠٦)، گەلێکجار پێناسەکان تێکەڵاو بە ئینتمای حزبی و ئایدیۆلۆژی کراون، ئەوجۆرە ناسین و پێناسانە تەمەنیان کورت بووە، یاخود چوارچێوەیان سنووردار بووە، ئەمە بەو واتایە نییە، ئەدەبی حزبی، ئەدەبێکی نەمریش نییە!

سەبارەت بە سەرەتاکانی شیعری بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا، لەم سەرچاوەیەدا نووسراوە: ((شیعری تێکۆشان، یاخود بەرگری ئەوکاتە لەناو ئەدەبی کوردیدا دەرکەوت، لە کوردستان و ئەو ناوچە کوردییانەی، کە رووبەرووی شاڵاوی داگیرکردنی هەمیشەیی ئیمپراتۆریەتی فارسی و عوسمانی دەبوونەوە. رەگی ئەم جۆرە شیعرە بۆ مێژوویەکی کۆن دەگەڕێتەوە، دەتوانرێ هەندێ لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی بکرێنە بنەما و بناغەی شیعری بەرگری)) (معروف، ٢٠٠٣، ٤١)، بەڵام رەگی لەمە قوڵترە، دەکرێت ئەدەبی میللی بە تایبەتیش لاوک و حەیران بە سەرەتای ئەو ئەدەبە دابندرێت.

پیرەمێرد لەسەر بەرگی کتێبی چیرۆکی دوانزدە سوارەی مەریوان ئەم رستەیەی نووسیوە ((ئەم داستانە نەعرەی ئەو شێرانەیە، کە لە بێشەی فەرامۆشیدا خامۆش بووبوون، (پیر)ی جوانی کردنەوە و هێنایە مەیدان)) (حلمی، ١٩٨٨، ٨٤). بۆ پشت راستکردنەوەی ئەو بۆچوونە تێزێکی دکتۆرا نزیکەی شەست ساڵ لەمەوبەر نووسیویەتی ((داستانی پاڵەوانێتی وێنەی گۆڕەپانێک لە گۆڕەپانەکانی خەباتی گەلی کورد دەکێشێت .. داستانە گەورەکان خەباتی خوێناوی گەل دژی داگیرکەران لە سەدەکانی رابردوو دەگێڕێتەوە، یەکێک لەو داستانانەش دوازدەی سوارەی مەریوان-ە، هەروەها داستانی قەڵای دمدم بە هەمان شێوە)) (رسول، ١٩٦٦، ٤١ و ٤٢)، لە سەرەتای سەدەی رابردوودا ((نەتەوەی کورد دووچاری دوو دەردی مێژوویی بوو بوو، یەکەمیان وەکو زۆربەی نەتەوەکانی رۆژهەڵات لەژێر باری کۆمەڵی چینایەتی دەتلایەوە، دووەمیان لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بێ بەش کرابوو، ئەمەبوو بەهۆی دواکەوتنی لە هەموو بارێکی ژیاندا. شاعیرانی کورد تا رادەیێک وەزعی کورد و ئامانجی نەتەوەکەیان لە شیعرا دەربڕیبوو، بەمە کارێکی گەورەیان کردبووە سەر مشتوماڵ کردنی بیروباوەڕی کوردایەتی و رێگای ئازادی و سەربەستی و ژینی بەختیارییان بە گەل پیشان دابوو)) (خەزنەدار، ١٩٨٤، ١٢٩).

ئەدەبی بەرەنگاری، ئەدەبی هوشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی و سەنگەر پتەوکردن بووە بەرامبەر بە سیاسەتی داگیرکاری و چەوساندنەوە و جینۆسایدکردنی نەتەوە. ئەدەبی شەڕ و جەنگێکی رەوایە، ئەگەر ژینگەی خەبات و تێکۆشانی ئەو ئەدەبە جیاوازیش بێت، بەڵام لە چەندان خاسیەت و تایبەتمەندیدا لە یەک نزیکن، لە کاتی دەقە پراکتیزەکراوەکاندا درک بەو خەباتی هاوبەشە دەکرێت.

بۆ ئەدەبی بەرەنگاری لە شار و شاخیشدا ناکرێت بە یەک پێوەر بپێورێن، بەڵام یەک پەیام و ئامانجیان هەیە. ئەمە و ئەو دەقانەی لە شار، یاخود لە شاخ بۆ هوشیاری نەتەوەیی و سەنگەر پتەوکردن بەرانبەر بە سیاسەتی داگیرکاری دەنووسرێن، گەر بە یەک ئاڕاستە خزمەتی گیانی بەرەنگاری و مانەوە بکەن و پەیامی خۆیان بە روونی بگەیەنن، هیچ لەو راستیە کەم ناکاتەوە، کە ژینگەکە کار لە ناوەڕۆک ناکات، چونکە هەردووکیان دەچنە ناو خانەی ئەدەبی بەرەنگارییەوە، تاکە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنیان تایبەتمەندی و سیمای بەرهەمەکە ئەوە بێ، کە لە رووی داهێنانەوە لە چ ئاستێکدایە.

## شیعر و پەخشان

ئەدەب بە یەکێک لە پێنج هونەرەجوانەکان ئەژمار دەکرێت (محەمەد حەسەنین هەیکەل) دەڵێت: ((ئەدەب هونەرێکی جوانە)) (هیكل ، ١٩٨٦، ٢٥). لەوەتەی رەخنەی ئەدەبی بە شێوەیەکی زانستی دەقی ئەدەبی خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هونەری ئەدەبی بۆ پەخشان و شیعر دابەش کردووە ((ئەدەب لە هەموو زمانەکانی جیهان لە کۆن و نوێیدا، بۆ دوو هونەری گەورە دابەش دەکرێت، پەخشان و شیعر، ئەم دوو هونەرە پێش داهێنانی نووسین و نووسینەوە دێن، ئەدەب لە یادەوەری هەڵگیراوە، بەڵام وەک دەزانرێت شیعر لە پەخشان ئاسانترە بۆ لەبەرکردن)) (مندور، بێ، ١٢ و ١٣).

ئەوەی لە بواری ئەدەبدا، سەدەی ناوەڕاستی پێ دەناسرێتەوە، بریتییە لە سەدەی خوێندنەوەیەکی دیکەی زانستی بۆ ئەدەب و ژانر و میتۆدەکان، بە تایبەتیش لە بواری هونەرەکانی ئەدەب و گرفت و کێشەکان، کە تیشکیان خستۆتەسەر سێ بابەتی سەرەکی، ((یەکەم: ناوەڕۆک، دووەم: ئەو دەستوور و نەریتانەی لێیانەوە پەیدا بوون، یان دەچوونە نێو چوارچێوەکەیانەوە، بە تایبەتی ژینگەی ئەو قوتابخانەیەی ئاڕاستەی دەکردن، بابەتی سێیەمیش: سوود وەرگرتن لە رێنماییەکانی نووسەرانی سەدەکانی ناوەڕاست. لەم ڕووەوە، زۆربەی ئەو بەرهەمانە بەرخورد لەگەڵ بیرۆکەی ژانرە مێژووییەکان دەکەن، کە زنجیرەیەک سەرچاوە،

وەکوو نموونە دەستنیشان دەکەن، بەڵام بە دەگمەن، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لەو لێکۆڵینەوانە نزیک دەبوونەوە، وەکو ژانر)) (KELLY, 1991, 24 )، لە هونەری پەخشان و شیعردا زیاتر کار لەسەر ئەم تەوەرانە دەکرا ((دەستوور و نەریتەکان. بەکارهێنان و کاریگەرییەکانیان. زمانی تایبەت بە هونەری شیعر)) (KELLY, 1991, 25). جیاوازی و بەراوردکاری لەنێوان پەخشان و شیعردا ((لە هەڵبەستدا کێش و ترپە هەیە، بەڵام لە پەخشاندا هەر ترپە هەیە. زمان لە پەخشاندا زمانی شیکردنەوەیە، بەڵام لە هەڵبەستدا تێک بەستییە (ترکیبی)یە)) (بیمار، ۱۹۹۸، ۹).

ئەدەب وەک هونەرێکی چالاکی نێو کۆمەڵگە، هەمیشە بەشێکی زیندوو بووە لە مێژووی گۆڕانکارییەکان و بۆیە دەبێت ((بە بەشێک لە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان)) (سمایرز، ۲۰۰۵، ٤٥)، ئەو ململانێیە لە ئەدەبی بەرەنگاریدا ڕەگەکانی قووڵ و وردن. لە لێکۆڵینەوە و بوارەکانی ڕەخنەدا ڕەگەزەکانی ژینگەی سروشتی فەرامۆش ناکرێت و دەبن بە بنەما بۆ ئەدەبی نەتەوە و نیشتمان، کەواتە لێکۆڵینەوە لە ((ژینگەی ئەدیب کارێکی بەسوود و پێویستیشە)) (مندور، بلا، ۱٥۳)، بەڵام هەر تەنیا ژینگە دەق دروست ناکات، بەڵکو جوانکاریی ڕوحی دەقە بە مەرجێک وەستایانە کار لەسەر مەجاز و وێنە و وێناکردن بکرێت، لەو حاڵەتەدا ئەدیب ڕۆڵی تەکنیکار دەبینێت، کە ((هەر لە دێرزەمانەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات، ئەمانە بابەتی بنچینەیین لە ڕێزمان و هونەری ڕەوانبێژیدا)) ( KELLY, 1991, 44)، بۆ نموونە وێنەی شیعریی ((بە زنجیرەیەک ئاوێنە دەچێت، کە لە چەندان گۆشەی جیاوازدا داندراون)) (لویس، ۱۹۸۲، ۹۰)، ئەم وەسفە بۆ پەخشانیش گونجاوە، چونکە ((ئەو پرانسیپەی وێنە ڕێکدەخات بریتییە لە سازانی نێوان بابەت و وێنە)) (لویس، ۱۹۸۲، ۱۰۰)، هەر هەموویان بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ڕەگەزەکانی نیشانە، دەبن بە هۆکارێکی پتەو بۆ وەستان لەبەردەم وێنە ئایکۆنییەکان، نەخوازەڵڵا ناسینەوەی ئایکۆنەکانی بەرەنگاریی.

ململانێی و ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی داگیرکردنی خاک و سڕینەوەی ناسنامە و خۆسازدان بۆ هوشیاریی نەتەوەیی، هاواری شیعری بەرەنگاری بڵنتر دەکات، بەڵام لەبەر نەبوونی ئازادی، نووسەر و ئەدیبان بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان هانایان بۆ هێما (ڕەمز) بردووە ((ڕەمز لە شیعری بەرگری کوردیدا بەدوو ئاقار، یان بە دوو مەبەست بەکارهێنراوە، مەبەستێکیان دەمامک بەستنێکی خۆپارێزانەی مەشروعە... مەبەستەکەی تریش لەبەکارهێنانی ڕەمزدا، بەخشینی قوڵاییەکی مێژووییە بە وێنە شیعرییەکە)) (ڕێبازی نوێ، ۱۹۸۹، ۲۲)، ئەمەو مەرج نییە ((لە کاتێک چەک قسە دەکات، خواوەندەکانی هونەر بێدەنگ بن)) (الخمیسي، ۱۹۸٥، ٥)، مەرج نیە ئەمە بۆ هەموو ڕۆژگارێک ڕاست بێت! شۆڕشی ئۆکتۆبەری (۱۹۱۷) کاروانی داهێنانی شیعری نەوەستاند، بەڵکو سەرلەنوێ پەرەیپێداوە. یەسەنین دەڵێت: ((هەست کردن بە نیشتمان

کۆڵەگەی بەرهەمەکانمە. داستانی دوانزدەی بلۆک، کە ساڵی (١٩١٨) بڵاوکراوەتەوە، گۆرانییە بۆ سوپای سوور، هەروەها لە کاتی جەنگی گەورەی نیشتمانیی گەلی سۆڤیەتدا دژی هیتلەرییەکان شیعر رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە و زۆر لە شاعیرەکان جلی سەربازیان لەبەرکردووە و چوونەتە بەرەکانی جەنگ و لە بواری رۆژنامەگەریی جەنگیی کاریان کردووە)) (الخميسي، ١٩٨٥، ٥ – ٧).

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ بەرەنگاری سەختییەکانی ژیان لە پێناوی مانەوە و خۆپاراستن بۆتەوە. ئەگەر جارێکی دیکە کەلەپووری گەلان بخوێنینەوە، ئەفسانەی سیزیف و بەردەکەی وێنەی بەرەنگاری و کۆڵنەدان لە زاکیرەمان دەنەخشێنێ، لە سەردەمی کۆن و دواتریش لەنێو جۆرەکانی ئەدەبدا، هونەری شیعر زۆرترین گوێگری بۆ خۆی بردووە، وەک کرداری ململانێش شیعری بەرەنگاری، چونکە حاڵەتی بەرگریکردنە لە ناسنامەی نەتەوە و نیشتمان، کە داگیرکەران هەوڵدەدەن خاک و زمان و کولتورەکەی داگیربکەن و بیسڕنەوە.

هونەری شیعر و پەخشان جیاوازن ((شیعر کەرەستەیەکی ناوازەیە بۆ گواستنەوەی وشە بۆ هونەر)), (https://poetry and Prose, the free) dictionary)، بۆ هەردوو هونەرەکە ژینگەی کار و داهێنان و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن هۆکاری زیندوون بۆ گەیاندنی پەیامی دەق بە وەرگر. ئەمە و بۆ پرسیاری شاعیر کێیە؟ ۆردزۆرس نووسیویەتی: ((کەسێکە خەڵک دەدوێنێ، حەماسەت و سۆز بە خەڵک دەدا)) (JEFFRIES, 1993, 6 )، ئەگەر رۆژگاری ئەو شاعیرە و داگیرکردنی پاریس جیاواز بێت، بەڵام شیعری فەرەنسی لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، شوێنێکی تایبەتی هەیە بۆ تۆمارکردنی رووداوەکانی جەنگ و هوشیاریی کۆمەڵگە دژی نازییەکان، لەوکاتەدا ((لویس ئەراگۆن شاعیری بەرەنگاری زۆر باش لەگەڵ دۆخەکە تێکەڵاو ببوو، لەگەڵ یەکەم هاواری خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگی رزگاری، هەتا رزگارکردنی پاریس خەڵک لەگەڵ شیعرەکانی ئاوێزان ببوون)) (شكري، ١٩٧٠، ٣١٨)، ئەو مێژوویێکی دیکە خستەسەر مێژووی ئەدەبیاتی فەرەنسی، بە تایبەتیش لە شیعر و وتاری بەرەنگاریدا، ئەو حەماسەتی نیشتمانیی تێکەڵاو بە کۆمەڵگە کرد، نەک ئایدیۆلۆجیای حزبی، چونکە ((ئەدەب کۆپیکراوی مێژوو و ئایدیۆلۆجیا نیە)) (Wolosky, 2010, x ).

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەمیشە ئەدیبان بە وشە و هەڵوێست رووبەڕووی تەنگژە جیاوازەکان دەبنەوە، کە ((هەڕەشەن بۆ سەر ژیان و بوون و ئینتما و ناسنامە و رۆشنبیری نەتەوە و کەلەپوورەکەی)) (جمعة، ٢٠٠٩، ٢٨)، بێگومان شیعر بەهێزترین شێوەکانی ئەدەبە، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو شیعرە لە ((رۆژگاری کارەسات و بەرەنگاریدا لە دایک بووبێت)) (باقری، ١٣٩٧، ١٢٠)، چونکە ئەو ((ئەدەبە بەشێکە لە ئەدەبی نیشتمانیی و نەتەوەیی)) (جمعة، ٢٠٠٩، ٣٨).

هێزی شیعری بەرەنگاری بریتییە لە گواستنەوەی زمانی شیعر بۆ گوێ و دڵ و دەماودەم کردندا. لەم سەرچاوەیەدا نووسراوە ((کۆنترین شیعری میللی بەرەنگاری لە خاکی ئێستای ئەفغانستان نووسراوە، پاشان لە ناوچەکە بڵاوبۆتەوە، خەڵکی (بەڵخ) شیعرەکەیان نووسیوە و گاڵتە بە (میر ئەسەد بن عەبدوڵڵا) دەکەن کە لە جەنگێکدا شکاوە)) (چهرقانی، ١٣٩٥، ١٦٧).

کەلەپووری میللی گەلان پڕە لە ئەدەبێک، کە ڕەگی لەسەر بەرەنگاری و پارێزگاری لە خاک و میر و دەسەڵات بنیاتنراوە ((ئەوجۆرە دەقانە لە رابردوو و ئێستادا شیعری یاخیبوون و شۆڕشن)) (KENDALL, 2007, 20 ). وەکو لە پێشەوە گوتمان ئەدەبی کوردیش بەوجۆرە دەقانە دەوڵەمەندە بە تایبەتیش لاوک.

لە سەردەمی یۆنانەوە هەست بە جیاوازییەکانی نێوان هونەرەکانی شیعر و پەخشان کراوە، لەو سەردەمەدا ((ئەوانەی ئەو پەخشانانەیان نووسیوە، پێیان دەگوتن مامۆستا، یاخود خوێندکار)) (WHITTON, 2019, xii )، ئەوکاتە هونەرەکانی پەخشان بریتی بوون؛ لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، گوتاردان، حکایەت و ئەفسانە، نامە و نامیلکە، کتێبدانان، لە سەرەتادا گفتوگۆ دەربارەی پەخشانی هونەری ئایا زانستە، یان هونەرە؟ گەرم بوو، بەڵام دوایی توێژەران لەسەر چەند بنەمایەک ئەو کێشەیان ساغکردەوە، کە ((ئەو گومانەی لە سەدەکانی ناوەڕاست دەربارەی ئاخۆ هونەرەکانی شیعر و پەخشان، بە ڕاستی، سەر بە زانست، یان هونەرن دەرکەوت، مەودای ڕێکار و ژانرەکان پیشاندەدا، ئەو ژانرانە، فەلسەفەی سروشتی، یا ئەخلاقی بن، ڕێزمان، لۆژیک، ڕەوانبێژی، یا مۆسیقا بن)) (KELLY, 1991, 124).

ژیان پەخشانێکی بەردەوامە، بەڵام ئەوەی لێرەدا قسە و باسی لەبارەوە دەکەین هونەرکارییە لە ژیاندا، چونکە ((مەرج و بنەماکانی پەخشانی ڕەوان بریتییە لە یەکەم: ژیرییەکی پێگەیشتوو، دووەم: خەیاڵ و بۆچوونێکی فراوان، سێیەم: بەکارهێنانی بیر بۆ وەدەست خستنی چاکترین شێواز و وتە و مانا)) (بیمار، ١٩٩٨، ١٥)، بە گوێرەی گۆڕانکاری لە ڕەوتی ژیان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا لە بواری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، گۆڕانکاری لە شێوازەکانی نووسین و پۆلێنبەندی لە هونەرەکانی ئەدەبیشدا کراوە.

جۆرەکانی پەخشان وەک سەدەکانی پێش ڕێنیسانسی ئەوروپا و سەدەکانی دواتر نین، بەڵکو هونەری پەخشان بریتین لە: چیرۆک بە چەشنەکانییەوە، ڕۆمان، دەقی شانۆیی، سیناریۆ، ئۆپەرێت، وتار بە چەشنە جیاوازەکانییەوە، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. ئەمە و لەناوەندە ئەکادیمییەکانی جیهاندا گفتوگۆ و پێکدادانی بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە هونەرەکانی ئەدەب تەواو نەبووە و تەواو نابێت ((توێژینەوەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک و لە ڕۆژگارێکەوە بۆ ڕۆژگارێکی دیکە دەگوازرێنەوە، تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە

کاریگەرێتیان، هەروەها لە گۆڕانکارییەکان و گونجاندنیان یارمەتی هەڵسەنگاندن بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕاڤەی بەرهەم دەدا)) (KELLY, 1991, 124)

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا مەولودنامەکان سەرەتان بۆ پەخشانی کوردی، بەڵام تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە، ئایا پێش مەولودنامەکان پەخشانیترمان هەبووە! دواکەوتنی سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە، درەنگ دەرکەوتنی چاپ و چاپەمەنی، نەخوێندەواری، ناسەقامگیری و ستەمی داگیرکەران بەرامبەر بە خاک و نەتەوەی کوردستان، بەڵام نەبوونی دەوڵەت، هۆکارە سەرەکییەکەیە، چونکە زۆرێک لەو خاڵانەی پێشەوە، بە بوونی وڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری چارەسەر دەکرێن.

پێشکەوتنی تەکنیکەکانی نووسین بە تایبەتیش لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا پێگەی هونەری پەخشانی بەرامبەر بە هونەری شیعر بەهێزتر کردووە، بۆ نموونە لە ئەمریکا، بەم شێوەیە لە کورتە چیرۆک دواون ((کورتە چیرۆک شێوەیەکە لە شێوەکانی هونەری نەتەوەیی)) ( O’Connor, 2004, 39). هەر لە دێر زەمانەوە، ئەدەب لە قالب نەدراوە، بەڵکو گفتوگۆی زانستی، پەرەی بەو هونەرە داوە بۆیە ((دەکرێت لەگەڵ فۆرمی تازە و بیرۆکەی تازەی داهێناندا بگونجێت)) ( KELLY, 1991, 124).

بناغەی چیرۆک لەسەر ململانێی مرۆڤ لە پێناوی ژیان و مانەوەدا بنیاتنراوە، بە تایبەتیش لە قۆناغی کشتوکاڵدا، کە بە دەقی شوانکارەیی پێناسەکراوە، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ڕەگی ململانێیە، کە بەشێکە لە بەرگری و بەرەنگاری مرۆڤ لە پێناوی مانەوە و ئاوەدانی و ژیاندا، ئەو ڕەگەزەش، ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ناسینەوەی ئەدەبی بەرەنگاریدا. لە چیرۆکدا مەبەستمان چیرۆکی هونەرییە، ئەم هونەرە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بناغەکەی بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، کە بە گوێرەی دەرفەت و هوشیاریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنە ئابووری و تەکنۆلۆجییەکان گۆڕانکاریی تێداکراوە ئەمەش ((بەندە بە دەرکەوتنی چاپ و چاپەمەنی و ڕۆژنامە)) (رەسول، ١٩٨٧، ٤١)، ڕۆژنامەگەریی کوردی سەرچاوەیەکی گرنگە تائێستا ئەوەی ساغ بۆتەوە، یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردی لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) ساڵی (١٩١٣) بڵاوبۆتەوە. چیرۆکەکە ناوی (شویش)، (فوئاد تەمۆ) نووسیویەتی، لە ژمارە (١ و ٢)دا بڵاوبۆتەوە، "لە ژمارە (٣ )دا لەسەر هەمان شێواز و ناوەڕۆکدا دەقێکی دیکەی تێدایە، کە لە دەقەکەی فوئاد تەمۆ نزیکە" (ئەحمەد، ١٩٩٨، ١٢). بۆ لێکۆڵینەوە لە دەسپێک و سەرەتاکانی چیرۆکی هونەری کوردی کۆمەڵێک توێژینەوە و کتێب پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کراون. هەر تەنیا وەک نموونە ئاماژە بەم کتێبانە دەدەین: (حسێن عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ١٩٢٥– ١٩٦٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحرية للطباعة، بەغدا ١٩٧٧). (عومەر مارف بەرزنجی، لێکۆڵینەوە و

بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٩، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨). (سابیر رەشید، چیرۆکی کوردی رەخنە و لێکۆڵینەوە، هەولێر ٢٠١٧)، بەڵام ئەو سەرەتایە پێویستی بە سۆراغ و ساغکردنەوەی زیاترە! ناوەڕۆکی چیرۆکی کوردی بەشێکە لە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکی کوردستان، کە بەسەر چەند ئاستێکی زمانی، تیۆری، رێبازی جیاواز، قۆناغی مێژوویی و گۆڕانکارییەکان دابەش و پۆلێن دەکرێن، بەڵام هەمیشە لە رووی ناوەڕۆکەوە بە پلەی یەکەم ((چیرۆکنووسان کێشەی سەربەستی و ئازادی و ئاستەنگەکانی ژیانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ، بە شێوەی راستەوخۆ، یا بە شێوەی بەکارهێنانی رەمز وە بەرچاویان دەرخست و بەرجەستەیان)) (مەنسوور، ١٩٩٩، ١٧١) کردووە.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، رۆژنامەگەریی کوردی گرنگی بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی هونەری کوردی داوە ((یەکەمین چیرۆکی درێژی کوردیش لە باشووری کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٢٥ بڵاوکراوەتەوە)) (عارف، ١٩٨٧، ١٥)، ئەو هونەرە، لەگەڵ مێژووی رۆژنامەگەریماندا لە هەڵکشان دابووە.

## ئەدەب و سیاسەت

بۆ پۆلێن و کارکردن لە کایەی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، پێویستە جیاوازی لە نێوان ئەدەبی بەرگری و ئەدەبی بەرەنگاریدا بکرێت، ئەو ئەدەبەی لە قۆناغی سەرەتایی و دەرەبەگایەتی و دواتردا، ململانێی لەگەڵ داب و نەریت و ئاییندا کردووە، دەکرێت ناوبنرێت ئەدەبی بەرگری، ئەو جۆرە ئەدەبەش، کە دژی چەوسانەوە، ستەم، داگیرکاری بووە و لەگەڵ بزاڤی کوردایەتی و خەباتی قۆناغی رزگاری نیشتمانیدا ژیاوە و بۆتە بەشێک لەو مێژووە، زاراوەی ئەدەبی بەرەنگاری بە راست دەزانم.

ئەو ئەدەبیاتەی لە شار و لەژێر دەسەڵاتێکی دادپەروەر و دیموکراتی لە دایک دەبێت و بڵاودەبێتەوە، زۆر لەو بەرهەمانە جیاوازترە، کە لە ژێر دەسەڵاتێکی ستەمکار و دیکتاتۆردا لە دایک دەبێت و بڵاودەکرێنەوە. بە تایبەتیش لە دۆخی شەڕ و جەنگدا، چونکە ((شەڕی ناوخۆ، یاخود جەنگی دەرەوە، لە هەر شوێنێکی جیهاندا روویدات، گۆڕانکاریی لێدەکەوێتەوە، یەکێک لەو گۆڕانکارییانەش گۆڕانی خەیاڵ و بیرکردنەوەیە)) (شتمدی، ١٣٩١، ١٥)، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نیە، گۆڕانگارییەکان لە شێوە و کردار و ئەنجامدا وەک یەک بن ((ئەزموونی ژیانی مرۆڤ لە جیهاندا، هەمەڕەنگە و ئەو هەمەڕەنگییەش جیاوازی رۆشنبیریی لێدەکەوێتەوە)) (Musolff, 2021, 2)، بەمەش رووکار و دیوی ناوەوەی ئەدەب گۆڕانکاریی وەردەگرن، پەیدابوون

و دامەزراندنی قوتابخانە و ڕێباز و تەوژمە زۆرەکانی ئەدەب بەڵگەی زانستین بۆ ئەو گۆڕانکارییانە، فەرهەنگی زمانی نووسینیش لەو گۆڕانکارییانە دانابڕێت.

بە زمانە جیاوازەکانی جیهان بابەتێکی زۆر دەربارەی پێوەندی ئەدەبیات و هونەر، بە جەنگ و سیاسەتەوە، یاخود پەیوەندی ئەدەبیات و هونەر بە شۆڕشەوە، یان پەیوەندی ئەدەب و هونەر نووسراون، ئەم پەیوەندییەش یەکێکە لەو خاڵانەی لە قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، راوبۆچوونی جیاوازیان لەسەرە ((سەرجەم قوتابخانە ئەدەبی و هونەری و ڕێبازەکانی رەخنە لە هەلومەرج و بار و زروفی گشتی تا رادەییک هەموار، لە زەمینەی رۆشنبیریی سازگار و دوور لە گشت فەرزکردنێک، تا رادەیێک دوور لە پراکتیکی سیاسیانەی راستەوخۆ، سەریان هەڵداوە، هەر بۆیە چارەسەری ئەم قوتابخانە و ڕێبازانە بۆ ئەو پەیوەندییە لە چوارچێوەی پسپۆرانی ئەدەب و هونەردا ماوەتەوە و ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکان نەیاتوانیوە شتی بەسەردا بسەپێنن، شۆڕش و پێشمەرگایەتی و خەبات لە پێناوی مافی چارەنووس، خەڵکانێکی زۆریان گرتۆتەخۆ، کەچی بەداخەوە بۆچوونی زاڵ لەم بارەیشەوە ئەوەندە سەتحییە، بە کورتی: پەیوەندی ئەدەب و هونەر بە سیاسەتەوە لەوەدا دەبینن کە ئەدەبیات و هونەر دەبێ دەوری خزمەتکار ببینێ و بکرێ بە هۆیەک بۆ وەدیهاتنی ئامانجی سیاسی)) (کەلتور، ١٩٨٨، ٧ و ٨)، مەسەلەی ئەدەب و خزمەتکار پەیوەستە بە ئاستی نزمی هوشیاریی کۆمەڵگە بەرامبەر بە هونەرەکانی ئەدەب.

لە سەدەی بیستەمەوە جیهان بە خێرایی کاروانی گرتووە، لەگەڵ باڵکێشانی تەکنۆلۆجیادا ئەرکی ئەدەبیش قورستر بووە، لەسەرووی هەموو رەگەزەکان گوتاری ئەدەبی بەرەنگاری، ئەرک و کەرەستەکانی جیاوازتر دەبن ((ژیان بۆتە ئاماژەی هەمەجۆر، جیهان لەگەڵ هەمەجۆری ئاماژەدا دەژیت واتە multi– modality)) (عبداللطیف، ٢٠١٣-٢٠١٤، ٥١٠ )، ئەو هەمە رەنگییەش بە خێرایی بڵاوبۆتەوە و جێوریێ خۆی گرتووە و کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر عەقڵ و خەیاڵ و سۆزدا هەیە.

ئەدەبیاتی بەرەنگاری کوردی، لە هەموو پارچەکانی کوردستان و قۆناغەکانی خەباتی حزبی و چەکداریدا، خاسیەتی جیاوازیان نیە، ستەم هەمان ستەمە و عەقڵی داگیرکاری نەتەوە و وڵاتانی سەردەستەش هەمان عەقڵ و بیرکردنەوەیە، بەڵام دەرفەت و هەڵکەوتەی ئەو خەباتە لە هەموو پارچەکاندا وەک یەک نین، بۆ نموونە لە شۆڕشی نوێی باشووری کوردستاندا رۆژنامەگەریی ئەدەبی، مێژوویێکی زێڕینی هەیە، لە هیچ قۆناغ و پارچەیەکی خەباتی پێشمەرگایەتی

هەواڵنامەی کتێب

کوردستاندا، ژمارەی گۆڤارە ئەدەبییەکان بە قەد ژمارە و جۆریتی ئەو گۆڤارانە نەبووە ، کە لەوکاتە لە سەنگەری پێشمەرگەدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

دەسەڵات لە مەیدانی پێشمەرگایەتیدا، بە تایبەتی سەرکردەکان و ڕێژەیەکی دیار لە پێشمەرگە ڕەخنەی قبوڵ نەبووە، زیندووترین بەڵگە چیرۆکەکەی (ڕەئوف بێگەرد)ە، کە لە بەشی یەکەمی ئەم تێزەدا باسمان کردووە، لەگەڵ نۆڤلێتی (سەگوەر)ی (محەمەد موکری)، هەروەها وتارە ڕەخنەییەکانی ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی)، چەند کەسێکی ڕووبەڕووی سزا و ڕەخنە کردەوە، (ئەرسەلان بایز ئیسماعیل) یەکێک بوو لە سزادراوەکان، زۆربەی سەرکردەکان تەنیا ئەدەبی ستایش و پیاهەڵدانیان قبوڵ بووە!

ئەدەبی بەرەنگاری هەر تەنیا پەیوەست نیە بە تاوان و ستەمەکانی داگیرکەر و دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر! ئەمە بۆ هەموو نەتەوە و وڵاتێک ئاسایی نییە، چونکە لە خەباتی درێژی چەکداریدا، سەرکردەکان ناتوانن تاسەر جڵەوگیری هەموو جومگەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی بکەن! لێرەوە ئەرکی هونەرەکانی ئەدەب سەختتر دەبێت، کە بە چ کەرەستەیەک خەوش و کەموکوڕییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی بخاتە چوارچێوەی دەقەوە، ئەو ڕستانەی (شێرکۆ بێکەس) ڕاستە، کە مەرج و مەرجکاری لەبەردەم نووسینەکانیان دانەندراوە، بەڵام ئەو وەک ئایکۆنێکی ئەدەبی بەرەنگاری لە ئەدەبیاتی شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا بە دێرێکیش ڕەخنەی لە ئیدارەدانی شۆڕش نەگرتووە! بەڵام دوایی لەو هەڵوێستەی پەشیمان دەبێتەوە ((ئەشێ لە هەندێ هەڵوێستدا ترسنۆک بووبم و نەچووبێتمەوە بە گژ مەسئولی بەرامبەردا، یان لە کات و ساتی خۆیدا لەسەر دیاردە خراپەکانم نەنوسیبێ)) (بێکەس، ٢٠٠٦/٣/٢٦، ٢٠، دەستنووس)، بەڵام حەوت ساڵ پێشتر ئەمەشی باس کردووە، کە لە شاخ و لە ڕۆژگاری شۆڕشی نوێدا پێشمەرگە بووە ((ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکێک نەبووە مەرج و مەرجکاری بۆ بوونی ئێمەی لەوێ هەبووبێ، یان هیچ جۆرە سانسۆرێکمان لەبەردەمدا دانرابێ و تەنانەت داوای یەک دێر نووسینمان لێکرابێ ئەگەر خۆمان نەمانووسیبێ. ئەمە جگە لەوەی لە دابینکردنی ژیانی ڕۆژانە و یارمەتی دانی خێزان و کەس و کارماندا ئەوەندەی بەوان کرابێ هەرگیز درێغیان نەکردووە)) (بێکەس، کوردستانی نوێ، ١٩٩٩/٥/٢٧).

بە پیرۆزکردنی حزب و ئایدیۆلۆژیا، داخران بەرهەم دێنێت، کەواتە ئایدیۆلۆژیاش وەک ئایین دەبێت بە عەقیدە و ناکرێت ڕەخنەی لێ بگیرێت، کاتی خۆی (مارسیل خەلیفە) لەسەر گۆرانی (باوکە، من یوسفم) لە دادگاکانی لوبنان دادگایی کرا. مارسیل خەلیفە هونەرمەندێکی بەناوبانگە و لە ڕیزی هونەرمەندانی بەرەنگاری ئەژمار دەکرێت.

ئەدەب و سیاسەت لە رەگەزەکانی بەرهەمهێنان و گەیاندنی پەیامدا جیاوازن، دەکرێت هەردووکیان بەشداربن لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەدەب وەک ئایدیۆلۆژیای حزبی ناتوانێت کۆمەڵگا رێکبخات، ئەمەو ناشکرێت ئەو هەقیقەتە بشاردرێتەوە، کە فەزای شۆڕشی نوێ بۆ هونەرمەند و ئەدیبان کراوەتر و زۆر جیاوازتر بوو لەو فەزایەی، کە لە شۆڕشی ئەیلولدا هەبوو. لەم شۆڕشەدا ستایش و پیاهەڵدانی ئەدەب تەنیا بۆ پێشمەرگە و سەنگەر بوو، بەڵام لە شۆڕشی ئەیلولدا لە تەک گرنگیدان بە ئەدەبی سەنگەر بە پیرۆزکردنی سەرکردەش شوێنێکی دیاری بۆ خۆی بردووە، بە تایبەتی لە شیعردا.

هەواڵنامەی کتێب

## پاری دووەم

# مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کورد و یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

لەم پارەدا باس لە یەکێتیی نووسەرانی کورد لە دامەزراندنییەوە تا داخستنی لە لایەن دەسەڵاتدارێتی بەعسەوە دەکرێت، لەگەڵ ئاماژەدان بە چالاکیی و بەرهەمەکانیان. ئینجا دێینە سەر مێژووی پێکهێنانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، بەرهەمەکانیان و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکە، چونکە لە بەشی دووەم و سێیەمی ئەم تێزەدا کار لەسەر دوو بەرهەمی ئەو دوو ڕێکخراوە کراوە، هەروەها تا ئێستا بەشێکی زۆر لە مێژووی ئەم دوو ڕێکخراوە بە وردی ساغ نەکراوە، هەوڵدەدەین بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک بەڵگە ڕۆشنتر لەو مێژووە بدوێین.

## یەکەم: یەکێتیی نووسەرانی کورد

### دامەزراندن:

حزب و کاری حزبایەتی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، واتە کۆنترۆڵکردنی تەواوی جومگەکانی ژیان، لە کوردەواریشدا حزب لەسەر هەمان بیرکردنەوە سیاسەتی کردووە، هەمیشە لایەنە درەوشاوەکەی مێژووی کۆمەڵگەی بۆ خۆی بردووە، کە دەسەڵاتی هەبووە دەبێت بە حزبی سەردەستە و ئەوانیتر ناخوێنێتەوە! کاری حزبایەتی لە تەواوی پارچەکانی کوردستاندا تەمەنی ناگات بە دوو سەد ساڵ. لە باشووری کوردستاندا، لە سەرەتای سەدەی رابردوو، واتە ((سەدەی بیست، کورد ئاشنا دەبێت بە دامەزراندنی کۆمەڵە و دەستە و حزبی کوردی)) (شریف، ١٩٨٩، ٨٧ – ٢٠٨)، ئەو حزب و کۆمەڵە سیاسییانە، وەک کارێکی ڕێکخراوەیی هەوڵیانداوە، بۆ چین و توێژەکان ڕێکخراویی پیشەیی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بە مەرجێک لەژێر سێبەری حزبدا کاریی ڕێکخراوەیی بکەن.

سەبارەت بە ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئەدیب و نووسەرانی کورد و ساغکردنەوەی هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی لەو شێوەیە، تا ئێستا تەنیا چەند کورتە زانیارییێک باسکراون. لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد هەوڵیانداوە دەستە، یانە، ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، ڕۆژی١٩٢٠/٥/٢٠ لە بەغدا (یانەی سەرکەوتنی کوردان) دامەزراوە، پاشان بزاڤی ڕۆژنامەگەریی و کتێب چاپکردن دەبن بە سەرەکیترین کەرەستەی هوشیاری و پردێک بۆ گفتوگۆ لەنێوان نووسەراندا. ئەگەرچی پێشتر ئەو جولەیە لە بەغدا دەستی پێکرد، پاشان سلێمانی و هەولێر دەبن بە کوانووی جولانەوەکە.

وەک دەستپێک بۆ بیرکردنەوە لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئەدیب و نووسەرانی کورد، دیلان-ی شاعیر دەنووسێت: ((بابەتی کۆبوونەوەی نووسەر و شاعیرانی کورد بۆ باسکردن لە پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی گشتی بۆ خۆیان، بابەتێکی هەنووکەییە لە کاروباری فکریماندا. ئەو فکرەیە هی ئەمڕۆ نیە، بەڵکو ڕەگی هەیە. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٤ کە ئەو فکرەیەم لەبەردەم کۆمەڵێک لە نووسەر و شاعیرانی کورد لە شاری سلێمانی خستەڕوو بە حەماسەتەوە وەرگیرا و وەک هەنگاوی یەکەم لە قەڵەمدرا و چەند بڕیارێکی لێکەوتەوە)) (دیلان، ١٩٥٨، ١)، دیلان لە وتارەکەیدا لەسەر سوود و گرنگییەکانی ئەو کۆمەڵی ئەدەبییە وەستاوە و بە چەند ڕستەیەک ڕوونی کردۆتەوە.

دوای گۆڕانکارییەکانی (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨)، ڕۆژی (١٩٥٨/١٠/١٨) دەستەیەک لە نووسەر و ئەدیبانی سلێمانی وەک دەستەی دامەزرێنەر داخوازینامەیەکیان لە ڕێگای موتەسەریفی سلێمانی ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆی عیراق کردووە، بەمەبەستی دامەزراندنی (("پەیوەستی نووسەر و وێژەرانی کورد" واتە رابطة کتاب و ادباء الاکراد، بەڵام ڕێگا نەدرا ئەو پەیوەستە دابمەزرێت)) (عومەر، ١٩٨٨، ٧)، هەوڵێکی دیکە دراوە، بەڵام سوودیان لە بەرنامە و پێڕەوی ئەو کۆمەڵەیە وەرگرتووە ((دانەیەک لە پرۆژەی ئەو پرۆگرام و پەیڕەوەم پەیدا کرد، کە ساڵی (١٩٦٠) بەناوی کۆمەڵی نووسەر و وێژەوانی کورد-ەوە درابوو بە وەزارەتی ناوخۆ. مامۆستا (نوری عەلی ئەمین)یش پرۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوی کۆمەڵی زانیاری کورد بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی دامیٚ. لە هەردووکیان بە گەلیٚ دەستکاری کردنەوە، یەک پرۆژەم ئامادەکرد)) (بۆتانی، ١٩٧٤/١/١١، ٢)، هەوڵەکەی پێشوو ساڵی(١٩٥٨)یە، نەک (١٩٦٠).

ڕۆژنامەی (ئازادی) کورتە پانۆرامەیەکی هەوڵەکان دەخاتەڕوو: ((ماوەیەکە باس لە دامەزراندنی یەکیتی یەک بۆ ئەدیبە کوردەکان کەوتوەتەوە ناو ڕۆژنامەی (پێشکەوتن). لەم باسەوە چەند جارێک نووسی. گۆڤاری (ڕۆژی نویٚ)یش پرسیارێکی بەرەو ڕووی تاقمێک لە

ئەدەبیە کوردەکان کردووە، وە وەرامی هەندێکیشیانی بڵاوکردەوە کە لایەنی دامەزراندنی یان گرتبوو. وەک لە پێش شۆڕشی تەمووزی پیرۆزیشا کاک (حەمە سالح دیلان) وتارێکی سەبارەت بەم باسە بڵاوکردەوە لە بەشی عەرەبی گۆڤاری (شەفەق)دا)) (ئازادی، ١٩٦٠/٥/٢٠، ٣). دوای چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ بوارێک رەخسا، کە نووسەر و ئەدیبانی عیراق رێکخراوی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، هەر لە یەکەم کۆنگرەیاندا چەند نووسەرێکی کورد ئەندامی کۆنگرە بوون ((دوای کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئەدیبانی عێراق هەروەکو خولی یەکەم ئەمجارەش لیژنەی ئەدەبی کوردی سەرلەنوێ هەڵبژێردرا، کە لەم ئەدیبانە پێک هاتبوو (محەمەدی مەلا کەریم)، (محەمەد رەسول هاوار)، (عەبدولسەمەد خانەقا) و (عەبدولرەزاق بیمار)) (کەریم، ٢٠١٢، ١٥)، بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئەدیبانی عیراق رێکخراوی تایبەت بە خۆیان نەبوو، چونکە ((دوای کوودەتا خوێناوی یەکەی بەعس لە ١٩٦٣/٢/٨، یەکێتیی ئەدیبانی عێراق بە بڕیاری حاکمی عەسکەری گشتی داخرا)) (کەریم، ٢٠١٢، ١٦).

لە نامیلکەی (وێستگە سەرەکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد) زانیاریتر خراوەتەڕوو: ((لە ساڵی(١٩٦٨)یش دوو تەقەلای تر بۆ کۆکردنەوەی ئەدیبانی کوردی دانیشتووی بەغدا سەری نەگرت. لە کۆتاییەکانی بەهاری (١٩٦٩)دا کاکەمەم بۆتانی بەهاوکاری هەندێک ئەدیب، گەلاڵەی پرۆگرام و پێڕەوێکی ناوخۆی (کۆمەڵەی ئەدیبانی کورد)ی ئامادەکرا و خستییە بەردەم ئەدیبانی بەغدا بۆ دەستکاریکردنی پرۆگرام و هەڵبژاردنی دەستەی دامەزرێنەر بە دەنگدانی (٢٨) رووناکبیری کوردی شارەکە ئەم زاتانە بوونە دەستەی دامەزرێنەر: د. مارف خەزنەدار، د. ئیحسان فوئاد، د. نەسرین فەخری، د. عیزەدین مستەفا رەسول، د. کامیل بەسیر و بەڕێزان: جەمال عەبدولقادر بابان، حەمەی مەلا کەریم، حسێن عارف، نووری عەلی ئەمین، خالید دلێر، کاکەم مەم بۆتانی، پاش مانگێک دکتۆر کامیل کشایەوە و دکتۆر کاوس قەفتان (یەدەگی یەکەم) چووە شوێنی)) (یەکێتیی نووسەرانی کورد، ٢٠١١، ٣)، لە پەرەگرافێکیتری هەمان سەرچاوەدا نووسراوە: ((بە پێی رێککەوتنی نێوان (حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان) لە (١٩٦٩/١٠/٩) بڕیاری (مافی رووناکبیریی کورد) لە حوکوومەتی عیراق دەرچوو. رێگەی بە رووناکبیرانی کورددا، یەکێتیی نووسەران و ئەدیبان دابمەزرێنن، بە مەرجێک ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق (کە دامەزرا). بە پێی هەلومەرجی تازە، دەستکاری پرۆگرام و پێڕەو کرایەوە و ناوی (یەکێتی نووسەرانی کورد)ی لێنرا. لە ١٩٦٩/١١/١٨ کاکەمەم بۆتانی داوایەکی پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کرد (پرۆگرام و پێڕەو و – سی ڤی ی هەر یانزە ئەدیب و واژۆیان)ی لەگەڵ هاوپێچ کرد، پێش ئەوەی مانگێک بەسەر داواکەدا تێپەڕێت. وەزارەت بە نووسراوێکی فەرمی داوای لێکردن دەستکاری هەندێک ماددە و

بەندی پێڕەوەکە بکەن. پاش جێبەجێکردنیان لە ١٩٦٩/١/١٠ داواکە درایەوە وەزارەت. لە ١٩٦٩/٢/٩ بە بڕیارێکی فەرمی کاکەمەم بۆتانی و هاوەڵەکانی ئاگادار کرانەوە کە لە ١٩٦٩/٢/١٠ وە یەکێتیی نووسەرانی کورد مافی کارکردنی ئاشکرایان هەیە)) (یەکێتیی نووسەرانی کورد، ٢٠١١، ٤).

گفتوگۆکانی نێوان دەسەڵاتی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق باڵی بارزانی بەیاننامەی (١١)ی ئازاری ١٩٧٠ی لێکەوتەوە، بەڵام هەر لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا لە رێگای گفتوگۆوە، کۆمەڵێک دەستکەوت جێگیرکراون و ناکرێت نادیدە بگیرێن لە ١٠-١٠-١٩٦٩ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا: ((پێویستە لە هەموو خوێندگاکانی ئامادەیی، پەیمانگاکان، زانکۆکان، خانەکانی مامۆستایان و کۆلێجەکانی سوپا و پۆلیس، خوێندن بە زمانی کوردی بێت، هەروەها کتێبە زانستی و ئەدەبی و سیاسییەکان بە زمانی کوردی بن، کە گوزارشت لە داخوازییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد بکەن، ئەدیب و شاعیر و نووسەرانی کورد دەتوانن یەکێتیی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن)) (وزارة الاعلام، ١٩٧٢، ٢٧)، لەم سەرچاوەیەشدا ئەم زانیارییە دەگوازمەوە ((بێ گومان لای زۆر کەس ئاشکرایە، کە یەکێتی نووسەرانی کورد لە عێراق- مەڵبەندی گشتی- لە ١٠-٢-١٩٧٠ دامەزراوە، دوا بەدوای ئەو لقەکانیشی لە شارەکانی کوردستان کرایەوە، بۆ نموونە بە پێی رەزامەندی پارێزگای هەولێر و بە فەرمانی ژمارە ٢١٤٦٧ لە رۆژی ١٩٧٠/١٢/٣ لقەکەی ئەم پارێزگایەش کەوتە کارەوە)) (فەیزی، ١٩٨١، ٥). نووسەر مەبەستی لە لقی هەولێرە، بۆ لقەکانی دیکەش بە هەمان شێوە.

یەکێتیی نووسەرانی کورد، پێش بەیاننامەی (١١)ی ئازار مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە و ((دەقی ئەو بڕیارە بە ژمارە (٤٠٥) و رۆژی (١٩٧٠/٢/٩) بە ئیمزای سالح مەهدی عەماش وەزیری ناوخۆیە)) (بەڵگەنامەی فەرمانەکە لە ئەرشیفی توێژەر پارێزراوە)، بەڵام، کە بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق (باڵی بارزانی) رێکدەکەون و بەیاننامەی ئازار رادەگەیێنرێت، دوای ماوەیەک گۆڕانکاریی لە دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەراندا دەکرێت، لەژێر فشاری ((نوێنەرانی شۆڕشی ئەیلول، خالید دلێر و کاکەمەم بۆتانی وەلاوەنران، جەمال بابان-یش ئامادەنەبوو لە تەک ئەوانی تردا کاربکات و وازی هێنا، هەژار و ناکام و فەرەیدوون عەلی ئەمین چوونە شوێنیان و درێژەیان بەکاری دەستەی دامەزرێنەردا)) (یەکێتیی نووسەرانی کورد، ٢٠١١، ٦).

## یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سێ قۆناغدا

مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کورد، دابەشی ئەم قۆناغانە دەکرێت:

- قۆناغی یەکەم: دەسپێک ١٩٧٠-١٩٧٤

ئەمە قۆناغی زێڕینی یەکێتییەکەیە، لەو ماوەیەدا چەندان چالاکی نواندووە، وەک دەرچواندنی (١١) ژمارە لە گۆڤاری نووسەری کورد، کۆڕ و کۆبوونەوە و بەرنامە لە تەلەفزیۆن و رادیۆدا، هەروەها لقەکانیش خاوەنی چەندان چالاکی ئەدەبی و رۆشنبیرین.

- قۆناغی دووەم: خەباتی شاخ ١٩٧٤-١٩٧٥

دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان دەسەڵاتدارێتی حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و پەیوەندیکردنی دەیان نووسەر و ئەدیب بە شاخ و چالاکی نواندن لە تەک هێزی پێشمەرگەدا، چەندان ئەلقە لە بەرنامەی ئێستگەی رادیۆییان پێشکەش کردووە، هەروەها لە دامودەزگا رۆشنبیری و راگەیاندنەکانی پێشمەرگەدا کاریان کردووە، لەگەڵ دەرکردنی ژمارە (١٢)ی گۆڤاری نووسەری کورد. ئەو ماوەیە سێ ژمارە لە بڵاوکراوەی (هنا صوت كوردستان) دەرچووە، باس لە چالاکییەکانی ئەوکاتەی ئەدیب و نووسەران دەکات، ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کورد رۆڵی سەرەکییان هەبوو لە دەرکردنی ئەو بڵاوکراوەیەشدا، هەروەها لە بڵاوکراوەکانی دیکەشدا.

- قۆناغی سێیەم: هەڵسانەوە و کپکردن ١٩٧٨- ١٩٨٣

تا ساڵی (١٩٧٧) یەکێتیی نووسەرانی کورد چالاکی نابێت، ساڵی (١٩٧٨) کۆنگرەی پێنجەم دەگیرێت و چالاکییەکان دەست پێدەکەنەوە. ساڵی (١٩٧٩) کۆنگرەی شەشەم بەڕێوەدەچێت و گۆڤارەکەش وەک خولی دووەم دەست بە دەرچوون دەکاتەوە، بەڵام ساڵی (١٩٨٠) بەعس بڕیار دەدات، یەکێتیی نووسەرانی کورد تێکەڵاو بە یەکێتی نووسەر و ئەدیبانی عیراق بکرێت و تەواوی کەلوپەلەکانیان دەستی بەسەردا بگیرێت، ئەوان تا ساڵی (١٩٨٣) درێژەیان بە خەبات داوە. لەم قۆناغەدا گۆڤاری نووسەری کورد، وەک خولی دووەم (١٢) ژمارەی لێدەرچووە، هەروەها هەر سێ لقی یەکێتیی نووسەران لە سلێمانی، هەولێر و دهۆک دەیان چالاکی ئەدەبیان پێشکەش کردووە. بەم شێوەیە یەکێتیی ناوبراو هەڵدەوەشێنرێتەوە.

## کۆنگرەکان و لقەکان

یەکێتیی نووسەرانی کورد لە دامەزراندنییەوە تا هەڵوەشاندنەوەی شەش کۆنگرەی بەستووە بەم شێوەیە: کۆنگرەی یەکەم رۆژی (١٩٧٠/٦/٢٢) بەغدا. کۆنگرەی دووەم رۆژی (١٩٧١/٧/١٤)

هەولێر. کۆنگرەی سێیەم رۆژی (١٩٧٢/١١/١٧) بەغدا. کۆنگرەی چوارەم رۆژی (١٩٧٤/١/١٠) بەغدا. کۆنگرەی پێنجەم رۆژی (١٩٧٨/٩/١٠) هەولێر. کۆنگرەی شەشەم رۆژی (١٩٧٩/١٠/٥) بەغدا. کۆنگرەی راپەڕین، کە بریتی بوو لە ژیاندنەوەی یەکێتیی نووسەران رۆژانی (١٥-١٩٩١/١٠/١٧) لە شەقڵاوە گرێدراوە، لەم کۆنگرەیەدا مشتومڕێکی گەرم لەنێوان ئەندامان درووست بوو، ئایا ناوی یەکێتییەکە، وەک ئەوەی شاخ بێت، واتە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، یاخود بگەڕێنەوە بۆ ناوە کۆنەکە، واتە یەکێتیی نووسەرانی کورد، ئەمەش دوای ئەوە هات، توێژەری ئەم تێزە لە کۆنگرەکەدا نامیلکەیەکی بە ناوی خواستراوی (گردوان) لەژێر ئەم ناونیشانە نووسی بوو و لە کۆنگرە دابەشی کرد (یەکێتی نووسەرانی کورد، یاخود یەکێتیی نووسەرانی کوردستان) ئەو پێیوابوو، لە کوردستان چەند نەتەوەیەکی دیکە دەژین، ئاووهەوای ئازادی دوای راپەڕینی (١٩٩١)یش ئەوە دەخوازێت، ئەو یەکێتییە کوردستانی بێت، نەک هەر تەنیا بۆ نەتەوەی کورد.

یەکێتیی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی لە بەغدا بوو، بە گوێرەی پەیڕەو، لقی لەم چوار پارێزگایە کردەوە: کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، دهۆک. هەر لە سەرەتاوە هەر یەکێک لەم لقانە دەستیان بە چالاکی لە شێوەی کۆڕ و سیمیناردا کرد، لقی هەولێر بە ناوی لقەکەیان بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان دەرکرد، کە ناوی (نووسەری نوێ) بوو، تا هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکێتییە پێنج ژمارەیان لێدەرکرد، لقی دهۆک یەک ژمارە لە (پەیڤ)ی دەرکرد، ئاساییە بڵێن ئەی ئەوە نییە لقی کەرکوک لە ساڵی (١٩٧٢) گۆڤارێکیان بە ناوی (گزنگ) دەرکردووە؟!. دەمەوێت ئەو هەڵەیە راست بکەمەوە، چەندان نووسەر و پسپۆری بواری رۆژنامەگەریی بەسەریان تێپەڕیوە، ئەو (گزنگ)ە لێی نەنووسراوە گۆڤار، یاخود بڵاوکراوە، ناوی لقی کەرکوک و (یەکێتیی نووسەرانی کورد)ی بەسەرەوە نییە، لەسەر بەرگەکەی نووسراوە: گزنگ کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمەڕەنگەی نووسەرانی کەرکووکە و لە سەرەوەی رووبەرگی پێشەوەی ژمارە (١) داندراوە، ئەم کۆمەڵە بەرهەمە (رەزا شوان) ئامادەی کردووە، ئەمە و هیچ زانیارییەکیشم دەست نەکەوتووە، کە حکومەتی ئەوسا بواری نەدابێت لقی کەرکوک، گۆڤار، یاخود بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆی هەبێت. بۆ چالاکی لقەکان ((ئەگەر یەکێتییەکە خۆی مێژوویەکی هەبێت، ئەوا هەر لقەش لە مەیدانی گشتی و تایبەتیی ئەو مێژووەدا بەشی خۆی هەیە. لقی هەولێرمان دەمێک بوو کردبووی بە پیشە، کە کۆمەڵە بەرهەمی ئەدەبی کۆبکاتەوە و لە چەند زنجیرەدا ناوی (نووسەری نوێ)ی لێ بنێ و بڵاوبکاتەوە و لە چەند زنجیرەدا بڵاویبکاتەوە. لقی دهۆکیش هەر لەسەر ئەم پێڕەوە بەشی یەکەمی (پەیڤ)ی دەرکرد، هەرچی لقی سلێمانی- یشە، ئەوا ئەو چەشنە چالاکییەی خۆی خستە ناو تەوژمی چالاکی یەکێتییەوە))

(سەرنووسەر، ١٩٨١، ٥). هەر ئەمە نا بەڵکو کۆڕ و سیمیناری ئەدەبی یەکێکە لە مێژووە رۆشنەکەی لقەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، هەروەها بەرنامەیان لە ئێستگەی رادیۆی کوردی لە بەغدا و تەلەفزیۆنی موسڵدا هەبووە (ئەحمەد، ٢٠١٧، ١١٧).

## ناساندن و ناوەڕۆکی گۆڤاری نووسەری کورد

### ١- گۆڤاری نووسەری کورد- خولی یەکەم

**ناساندن؛** زۆر بە کورتی چەند زانیارییێک لە باری فۆرم و ناوەڕۆکدا سەبارەت بەم خولەی گۆڤارەکە دەخەینەڕوو:

گۆڤاری (الادیب العراقي) لە مانگی تەمووزی (١٩٦٩) پاشکۆیەکی بە زمانی کوردی دەرکردووە، ئەو گۆڤارە، یەکێتیی ئەدیبانی عیراقی دەریکردووە. ئەگەر وەک رۆژنامەگەریی تایبەتمەند پۆلێن بکرێت، دەبێت بە یەکەمین گۆڤاری ئەدەبی، کە بە زمانی کوردی دەرچووە. ئەگەرچی (یادگاری لاوان)، پاشان (دیاری لاوان)، یەکەمین گۆڤاری ئەدەبین، کە ساڵانی (١٩٣٣) و (١٩٣٤) چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەو لایەنەی گۆڤارەکەی دەرکردووە، وەک رێکخراوێکی نووسەر و ئەدیبان خۆی نەناساندووە. لە گۆڤاری (دیاری لاوان) بە ئیمزای لاوان و لەژێر ناونیشانی ( پێشکەوت) نووسراوە ((ئەوا پشت بە گەورەیی خوا و یارمەتی هەندێ مەزنان وە خاوەن بیرەوە ئەمساڵیش توانیمان بەناوی (دیاری لاوان)ەوە دیارێک پێشکەش بکەین، هیوامان وایە کە ئەم تەرحە نوسینانە کەڵکیان هەبێ بۆ گەلەکەمان، چونکە، بێجگە لەوە کە گەلێ پەند، ئامۆژگاری، شعر، چیرۆک و قسەی بە فەرریان تیایە بۆ پێشکەوتنی زمانەکەمان وە بە تایەبەتی بۆ رێک خستن و جوان کردنی چەشنی نوسیاری کوردی هەنگاویکە بۆ پیشەوە)) (لاوان، ١٩٣٤، پشت بەرگی پێشەوە)، ئەمە دەریدەخات، یەکەم: گۆڤاری رێکخراوێکی تایبەت بە ئەدیب و نووسەران نییە، دووەم: ژمارە کوردییەکەی گۆڤاری (الادیب العراقي) یەکەمین گۆڤاری ئەدەبی کوردییە. پاشان کۆمەڵێک گۆڤار و رۆژنامە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بە پلەی یەکەم گرنگیان بە ئەدەب داوە، وەک: (پەیژە، گەلاوێژ، ژین، هیوا، شەفەق"بەیان"، گزنگ، بلێسە، رۆژی نوێ، روناهی، ژیان، دەفتەری کوردەواری، چیا، نۆبەرە... تاد).

بە گوێرەی ماددەی (٢) لە بەندی پێنجەمی پرۆگرامی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بڕیار لەسەر دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە یەکێتییەکە دراوە. لەم خولەدا (١٢) ژمارە دەرچووە، ژمارە (١)، مارتی (١٩٧١) و ژمارە (١١)، کانوونی یەکەمی (١٩٧٣) دەرچووە، بەڵام ژمارە (١٢)

لە شاخ دەرچووە، لەم تێزەدا لە ژێر ناونیشانێکی تایبەتدا ناوەڕۆکی ئەو ژمارەیە دەخەینەڕوو. بۆ ژمارەکان و ناوی بابەت و ئەو نووسەر و ئەدیبانەی بابەتیان لەم خولەی گۆڤاری نووسەری کورد بڵاوکردۆتەوە، سەیری ئەم سەرچاوەیە بکرێت: (ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستان، ١٩٩٨).

لە ژمارە (١)ی گۆڤارەکەدا نووسراوە: ((ئامانجەکانی قۆناخی ئێستامان بریتییە لە برەوپێدان و بەرزکردنەوەی پایەی ئەدەبی کوردی بە هەموو لقەکانییەوە وەکو شیعر و ووتار و پەخشان و چیرۆک و بابەتە تازەکانی تری ئەدەب، تۆمارکردنی دەسنوس و سامانی نەتەوایەتی و بڵاونەکراوەی کوردی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کلاسیکیمان، راستکردنەوەی ئەو هەڵە مێژوییانەی لەسەر کورد کراون بە ماڵ، کۆڵینەوە لە فۆلکلۆر و ئەنترۆپۆلۆجی و ئەنتۆگرافیی کورد، بایەخ دان بە مێژووی زمان و زمانەوانی و دەستووری زمان و فەرهەنگی کوردی، شیکردنەوەی هونەری کوردی بە مۆسیقا و گۆرانیی و شانۆوە و تەرخانکردنی جێگاییێکی شیاو بۆ تەرجەمە، بە تایبەتی شاکارە کلاسیکییەکانی جیهان)) (دەستەی نووسەران، ١، ١٩٧١، ٢). بنیاتی ئەو ئامانجانە، بەشێکن لە خەباتی قەڵەمی ئەدیبی کورد لەو رۆژگارەدا.

تایپی بابەتەکان بە پیتچنینی دەستی، واتە رێکخستنی پیتەکان و راکێشانەکەشی بە لاینۆپرێس کراوە، لەباری نەخشەسازیدا، گۆڤارێکی پێشکەوتووە، ئەوە ئەگەر بە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی عیراق و ناوچەکە بەراورد بکرێت.

لە ژمارە (١) دەستەی نووسین بەم شێوەیەیە: ((سەرنووسەر: دوکتۆر مارف خەزنەدار. سکرتێر: دوکتۆر نەسرین فەخری. دەستەی نووسەران: ئەحمەد غەفوور، حوسێن عارف، سەعید ناکام، عەبدولرەزاق بیمار، محەمەد ئەمین عوسمان)). لە ژمارە (٢)دا ناوەکانی (سەعید ناکام و محەمەد ئەمین عوسمان) نەماون، ناوی (حافز مستەفا قازی) زیادکراوە. لە ژمارە (٣)دا ناوی (حافز مستەفا قازی) نەماوە.

ئەم گۆڤارە لەم خولەیدا زیاتر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی داوە، بەڵام وەنەبێت بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆک و وەرگێڕانی فەرامۆش کردبێت. زمانی نووسین و وەرگێڕان لە گۆڤاری نووسەری کورددا، زمانێکی کوردی خاوێن و بێ گرێگۆڵ و تۆکمەیە، تا ئاستێک رێنوسێکی یەکگرتووی پێڕەو کردووە، لەو رێنووسە ناچێت، کە ئەوکاتە کۆڕی زانیاری کورد دایڕشتبوو. سەرەڕای دەقی خۆماڵی لە شیعر و پەخشاندا، گرنگی بە بواری وەرگێڕانیش داوە، کە بابەتەکان زیاتر لە زمانی عەرەبی، فارسی، تورکی وەرگێڕدراون.

# گۆڤاری نووسەری کورد لە شاخ

ساڵی (١٩٧٤) شەڕ لەنێوان حکومەتی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق دەستپێکردەوە، ئەمجارە ژمارەیێکی زۆر لە ئەدیب و نووسەران بە تایبەتیش ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کورد روویان لە شاخ کرد، سەرەتا لە ڕێگای ئێستگەی رادیۆ و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی پارتیدا بەرهەم و نووسینەکانی خۆیان بڵاودەکردەوە، هیچ یەکێک لە لقەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لەو ساڵەی دەستپێکردنەوەی شەڕدا خاوەنی چالاکی رۆژنامەگەریی نین، تەنیا مەڵبەندی گشتی نەبێت مانگێک پێش هەرەس، توانیان ژمارە (١٢) لە گۆڤارەکەیان، گۆڤاری (نووسەری کورد) دەربکەن، کە پێشتر (١١) ژمارەی لە بەغدا چاپ و بڵاوکرابووەوە. ئەم ژمارەیە (٨٨) لاپەڕەیە، لە رووخسار و ناوەڕۆکدا هیچ جیاوازی لەگەڵ (١١) ژمارەکەی دیکەیدا نییە، تەنیا زمانی نووسینی چەند بابەتێک خۆیان لە هێمای تەمومژاوی داماڵیوە.

لە پەرەگرافی یەکەمینی (وتەی ژمارە)دا نووسراوە: ((لە کاتێکدا کە ئەم ژمارە نوێیەی گۆڤارە خۆشەویستەکەمان دەخەینە بەردەستی هاوڵاتیان و خوێنەرانی بەڕێز کە لەژێر باڵی شۆڕشی سەرکەوتووی (دفاعی)ماندا دەردەچێ، دەزانین کە دەبێ بەر لە هەموو شت داوای لێ بوردن لە هەموان بکەین سەبارەت بە دواکەوتنی دەرچوونی ئەم ژمارەیە، ئەنجامی چەند هۆیەکی ئەوتۆ کە دەستەڵاتمان بەسەریاندا نەبوو، بە تایبەتی زۆریی ئەدەبیاتی دەسگاکانی شۆڕش و حیزب و کەمی وزە و توانای چاپخانەکانمان کە بە فریای لە چاپدانی ئەو لێشاوی ئەدەبیاتە نەدەکەوتن، ئەگینا دەستەی نووسەران لە دەمێکەوە نووسینەکانی ئامادەکردوون و بە چاپخانەی سپاردوون)). لەبەرئەوەی تا ئێستاش زۆربەی نووسەر و ئەدیب و شارەزا و توێژەران ئەم ژمارەیەی گۆڤاری (نووسەری کورد)یان نەبینیوە، ناونیشانی بابەتەکان دەنووسمەوە:

- وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران.

- ئەرکی نووسەرانی کورد لەم قۆناغەدا، وتار، ساڵح یوسفی.

- چۆن ئەگەینە سەرەتاییکی باوەڕپێکراو بۆ ئەدەبی کوردی، لێکۆڵینەوە، د. کەمال فوئاد.

- چەند نامەیەک بۆ تارنتا بابۆی حەبەشەیی لە سەردەمی مۆسۆلینیدا، شیعر، نازم حیکمەت، وەرگێڕانی: سامی شۆڕش.

- رقی پیویست و پیرۆز، وتار، ناوی نووسەر نەنووسراوە (دوای سۆراغکردن دەرکەوت سەعید ناکام) نووسیویەتی.

- شانۆیەکی بێ سنوور و ئارەزوی برینێکی گەش، چیرۆک، حەمەکەریم هەورامی.

- هەوارە، شیعر، ساڵح یوسفی.

- یارمەتی، چیرۆک، عەزیز نەسین، وەرگێڕانی: سمکۆ.

- ئەڵێن دەریا بێ سنوورە، شیعر، ئەنوەر جاف.

- هەنگاوێک لە ڕێگای دوورا، چیرۆک، ڕەئوف بێگەرد.

- ئەحمەدی ناڵبەند، لێکۆڵینەوە، ڕەشید فەندی.

- بۆ هاوڕێیەکی بێ ناوونیشان، شیعر، محەمەد موکری.

- هەواڵەکانی ئەدەب و یەکێتی.

دوو بابەت لە دوو توێی ئەم ژمارەیەدا لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی قبوڵکراو نەبوون، وتاری (رقی پێویست و پیرۆز) نووسینی: (سەعید ناکام)، ئەویتر چیرۆکی: (هەنگاوێک لە ڕێگای دوورا) لە نووسینی: (ڕەئوف بێگەرد). ((چیرۆکنووس لە لایەن (دەزگای پاراستن) لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت)) (عارف، ١٩٩٩، ٢٤٦)، ڕەئوف بێگەرد گوتی: ((دوای بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەم لە لایەن پاراستن دەستگیرکرام و ئەو دەزگایە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردم و بڕیاریاندا نووسینم بۆ بڵاونەکەنەوە، ساڵح یوسفی فریام کەوت و ئازادیان کردم)) (بێگەرد، چاوپێکەوتن، ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٧).

## ٢- گۆڤاری نووسەری کورد- خولی دووەم

لەم خولەشدا دوانزدە ژمارە لە گۆڤارەکە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەو (١٢) ژمارەیە لە ماوەی چوار ساڵدا بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (١)، ئایاری (١٩٧٩) و ژمارە (١٢)، ئابی (١٩٨٣) دەرچووە، بۆ ناوەڕک وبابەتەکان و ناوی نووسەر و ئەدیبە بەشداربووەکانی ئەو خولە، دەکرێت سەیری ئەم سەرچاوەیە بکرێت. (ئەحمەد، ١٩٩٨، بەشی دووەمی کتێبەکە). لەم ژمارانەدا لە ژانرە ئەدەبییەکاندا زۆرترین ڕووبەر بۆ شیعر و چیرۆک، پاشان بۆ وتار و لێکۆڵینەوە تەرخانکراوە.

سەرۆکی نووسینی هەر (١٢) ژمارەکە (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) و سکرتێری نووسینی ژمارە (١) و (٢) (موحەمەدی مەلا کەریم)ە، بەڵام لە ژمارە (٣) تا کۆتایی (مومتاز حەیدەری) دەبێت بە سکرتێری نووسین.

لەسەر دواروویەڕی بەرگی دواوەی ژمارە حەوتدا ئەم سەرنجە نووسراوە ((خوێندەوارانی ئازیز! ڕەنگە تیاتاندا هەبێ بڵێ: سەیرە! قاقەزی ئەم جارەی گۆڤارەکە قاقەزی ڕۆژنامەیە و لەگەڵ ئەوەشدا نرخەکەی گرانە بە نیو دینار.. ڕەنگە تیایشتاندا هەبێ، لەمەیش زیاتر، ئەوەیشمان بۆ حسێب نەکا، کە گۆڤارەکەمان ئەمجارە چواردە فۆرمەیە لە هەموو ژمارە پێشووەکان گەورەترە.. ئێمە لە وەڵامی هەموو ئەم ڕەخنانەدا ئەڵێین باوەڕ بکەن لە ئێوە زیاتر حەز ئەکەین گۆڤارەکەمان مانگ بە مانگ لەسەر قاقەزی سپی لە چاپ بدەین و بە صەد فلسیشی بفرۆشین، بەڵام ڕووی نەبوونی ڕەش بێ و، گلەیی لای یەکێتی یەکەشمان، لە هەر کەس بکرێ، لە ئێمە ناکرێ.. ئێمە هەر ئەوەندە ئەڵێین بەم حاڵەیش ئەگەر هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکەیشمان بۆ بفرۆشرێ هێشتا دەیەکێکی مەسرەفەکەیمان بە زەرەر بۆ ئەمێنێتەوە.. هەر بەم حاڵەیشەوە، پشت بە هیممەتی ئێوە بە تەماین ژمارەی تریشی بە دوادابێ)) (نووسەری کورد، ١٩٨١، بەرگی دواوە)، ئەم چەند دێڕەی پێشەوە پێمان دەڵێت: باری دارایی گۆڤارەکە خراپ بووە. بۆ چاپکردن زیاتر پشتی بە پشتیوانی لقەکانی یەکێتییەکەی بەستووە، لە چەند ژمارەییێکدا نووسیویانە، ئەم ژمارەیە بە یارمەتی فلان لق چاپکراوە: لە ژمارە (٣)دا نووسراوە ((ئەم ژمارەیە لە لایەن لقەکانی یەکێتی یەوە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بڵاوکراوەتەوە)). لە ژمارە (٤) دا هاتووە: ((لقی یەکێتی لە سلێمانی بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی ئامادە کردوە و ئەرکی لە چاپدانی گرتۆتە ئەستۆ)). لە ژمارە (٦)دا نووسراوە ((بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بە هاوکاری لەگەڵ لقی یەکێتی لە سلێمانی ئامادەکراوە و، مەڵبەندی گشتی و لقی سلێمانی پێکەوە ئەرکی لە چاپدانیان لە ئەستۆ گرتووە)). لە ژمارە (٩)دا هاتووە ((لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر ئەرکی لە چاپدانی ئەم ژمارەیەی لە ئەستۆ گرتووە)). لە ژمارە (١٠)شدا نووسیویانە ((لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سلێمانی ئەرکی لە چاپدانی ئەم ژمارەیەی لە ئەستۆ گرتووە)). لە زۆربەی ژمارەکاندا داوا لە خوێنەران دەکرێت، ژمارەکانی نووسەری کورد بکڕن، تا گۆڤارەکە بەردەوام بێت ((ئەگەر هەموو دانەکانی هەر ژمارەیەکی (نووسەری کورد)یش بفرۆشرێن، هێشتا نیوەی ئەرکەکەی دەرناهێنێتەوە. ئێمە تا ئێستا بۆ توانای بەردەوام بوون لەسەر دەرکردنی گۆڤارەکەمان، ئەو ئەندازە قازانجەمان خەرج کردەوە کە لە (دیوانی گۆران) دەسگیرمان بوو. ئەوەش وا خەریکە وشکاوی دێ)) (نووسەری کورد، ١٩٨١، بەرگی دواوە).

دەستەی نووسەران بۆ ژمارە (١) وتارێکی بەم ناونیشانە نووسیوە: (سەرلەنوێ نووسەری کورد)، دەستەی بەڕێوەبەری تازە کە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پێنجەمن لە هەولێر ١٠-١٤ی ئەیلوولی (١٩٧٨) یەکێک لە ئەرکە تازەکەیان دەرکردنەوەی گۆڤاری نووسەری کورد بووە، ئامانج لە دەرکردنی گۆڤارەکەیان لە چەند ڕستەیەکدا پوخت کردۆتەوە ((قۆناغی ئێستامان

بریتی یە لە برەوپێدان و بەرزکردنەوەی پایەی ئەدەبی کوردی و بە هەموو لقەکانیەوە وەکو شیعر و وتار و پەخشان و چیرۆک و بابەتە تازەکانی تری ئەدەب، تۆمارکردنی دەستنووس و سامانی بڵاونەکراوەی نەتەوەیی کورد، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کلاسیکیمان، راست کردنەوەی ئەو هەڵە مێژوویی یانەی لەسەر کورد کراون بە ماڵ، کۆڵینەوە لە فۆلکلۆر و ئەنترۆپۆلۆژی و ئەنتۆگرافیی کورد، بایەخدان بە مێژووی زمان و زمانەوانی و دەستووری زمان و فەرهەنگی کوردی، شی کردنەوەی هونەری کوردی بە مۆسیقا و گۆرانی و شانۆوە و تەرخان کردنی جێگاییێکی شیاو بۆ تەرجەمە، بە تایبەتی شاکارە کلاسیکی یەکانی جیهان)) (دەستەی نووسەران، ١، ١٩٧٩، ٥). ئەم پەرەگرافە، هەمان پەرەگرافی کۆپیکراوی ژمارە (١)ی خولی یەکەمینی گۆڤارەکەیە، واتە ئەو ژمارەیەی ساڵی ١٩٧١ دەرچووە، تۆ بڵێیت، دوای هەشت ساڵ پەیام و ئامانجی یەکێتیی نووسەران و نووسەر و ئەدیبانی کورد گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبێت! بە تایبەتیش ئەوان وەک دەستەی نووسەران نووسیویانە ئامانجی ئێستامان!

یەکێتیی نووسەرانی کورد لەو خولەدا ئەم دوو کتێبەی چاپکردووە: (دیوانی گۆران) و (داغستانی من). هەردووکیان دەنگ و سەدایەکی بێ وێنەی لە نێو نووسەر و ئەدیب و خوێنەران بەدوای خۆیاندا هێنا.

لە ژمارە (٨)دا، لە وتاری ژمارەدا دووبارە و چەند پاتیان کردۆتەوە، کە رەنگە ئەم ژمارەیە دوا ژمارە بێت، چونکە بە بڕیارێکی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)، یەکێتی نووسەرانی کوردیان هەڵوەشاندۆتەوە و دەبوو بچنە ناو یەکێتییە تازەکە ((یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق)). تا دەگات بەوەی لە ژمارە (١١)دا بنووسن ئەمە دوا ژمارەی گۆڤارەکەیە، بەڵام بە سووربوونی دەستەی نووسەران، ژمارە (١٢)شی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە، ((زۆرمان وت لەوانەیە ئەم ژمارەیە دوا ژمارەی گۆڤارەکەمان بێ و، وایش نەبوو. ئەمجارە وا ناڵێین، بەڵام ئەڵێین هەموو نیشانەیەک وا ئەگەیەنێ دوا ژمارەی خولی دووەمی بێ))، ئەمە لە دوا بەرگی ژمارە (١١) نووسراوە، بەڵام ژمارە (١٢) بەم چەند دێڕە کۆتایی بەم خولەی گۆڤارەکە دەهێنێت ((ئەو نامە نارەسمی یەی لە ئاخری ئەم ژمارەوە بڵاومان کردووەتەوە، نامەی ماڵاوایی خولی دووهەمیشمانە.. ئیتر ئەمجارە بوو بە راست. وا تەمەنی خولی دووهەمیش بەسەرچوو، لاپەڕەی ژیانی پێچرایەوە، بەڵام هەروەک خولی یەکەمیش بە ژمارە (دوانزە)یەکی (ناقانوونی) بڕایەوە و، پاش چەند ساڵ خولی دووەمی بەدوادا هات، وا خولی دووەمیش هەر بە ژمارە (دوانزە)یەکی (خاترانە) بڕایەوە.. ئەوەندە هەیە هیوادارین ماوەی نێوان خولی دووهەم و سێهەم ئەوەندەی ئەوەی نێوان یەکەم و دووهەم نەبێ)) (نووسەری کورد، ١٢، ١٩٨٣، بەرگی دواوە).

هەواڵنامەی کتێب

لەو دوانزدە ژمارەیەدا، شیعر، چیرۆک، شانۆ، لێکۆڵینەوە، وتار و وەرگێران بڵاوکراوەتەوە. ئەم گۆڤارە لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا، وەک رۆژنامەگەریی تایبەتمەند، واتە رۆژنامەگەریی تایبەتی ئەدەبی شوێنێکی شایستەی بۆ تەرخانکراوە، بە تایبەتیش بۆ ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی، کە بڵاویکردوونەتەوە و زۆربەیان دەچنە خانەی ریالیزمی شۆڕشگێری و ئەدەبی بەرەنگارییەوە. گۆڤارەکە، فۆرمێکی پێشکەوتووی پێدراوە، وەک زۆربەی ئەو گۆڤارانەی ئەوێ رۆژێ دەردەچوون، گرنگی بە نەخشەسازی و هێڵ و پیت و پیتچنین و چاپکردنەکەی دراوە.

## هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد

ساڵی (١٩٨٠) بە ژمارە (٧٠) یاسای یەکێتیی گشتی ئەدیب و نووسەران لە وڵاتی عیراق دەرچووە، وەک لە یاساکەدا هاتووە، بوار بە هیچ نەتەوە و ناوچەیەک لە عیراق نادرێت، کە رێکخراوی تایبەت بۆ نووسەران دابمەزرێنن. ئەم یاسایە گفتوگۆ و ناڕەزایی لێکەوتەوە، بە تایبەتیش لە لایەن نووسەر و ئەدیبانی کورد، دوای دوو ساڵ لە رەتکردنەوە و کۆبوونەوە، ساڵی (١٩٨٢) یاسای ژمارە (١٢١) دەرچووە، هەمواری یاسای پێشوو کراوەتەوە و بەندی پێنج و شەش بۆ ماددەی یەکەم زیاد کراوە و رێگا دەدات، یەکێتی گشتی ئەدیب و نووسەران لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لقێک بکاتەوە: بەناوی لقی ئەدیب و نووسەرانی کورد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی. دوای ئەوەی یاسایەکە هەموار کرایەوە، دەرگای (یەکێتیی نووسەرانی کورد) داخرا و نەیتوانی چالاکیتر ئەنجام بدات. بۆ بەڵگەنامەکان، دەکرێت سەیری ژمارە (١١)و (١٢)ی خولی دووەمی گۆڤاری نووسەری کورد بکرێت. رۆژی (١٩٨٣/٨/٩) بە نووسراوی ژمارە (١٧٩٨)، داوا لە یەکێتیی نووسەرانی کورد دەکرێت کەلوپەل و شتەکانیان بە یەکێتیی گشتی ئەدیب و نووسەران لە وڵاتی عیراق بدەن.

دوای ئەمە گۆڤارێک بەهەمان ناوی (نووسەری کورد) دەرچووە، بەڵام خۆیان دانی پێدادەنێن، کە ((گۆڤاری یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق- نووسینگەی رۆشنبیری کوردییە)) (نووسەری کورد،١٩٩٠،٢.)، هەروەها نوسراوە ((لە رۆژی ١٩٨٤/٨/٢٤دا یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد دامەزراوە)) (نووسەری کورد، ١٩٩٠، ٣)، کەواتە ئەو یەکێتییە پەیوەندی بە مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە نییە، بەڵکو لقێکە لە یەکێتییە عیراقییەکە. ئەمەش ناونیشانی گۆڤارەکەیانە (بەغدا گۆڕەپانی ئەندەلوس- یەکێتی گشتیی ئەدیب و نوسەرانی عیراق).

بەو شێوەیە گۆڤاری نووسەری کورد- خولی دووەم وەستا و ژمارە (١٢)، دوا ژمارەیە لە گۆڤارێک، کە یەکێتیی نووسەرانی کورد دەریکردبێت، تا راپەڕینی (١٩٩١) و سازکردنی

کۆنگرەی شەقڵاوە لەساڵی (١٩٩١)و زیندووکردنەوەی یەکێتیی ناوبراو و لەو خولەدا گۆڤارەکەیان بە (خولی راپەڕین) ناساندووە، چوار ژمارە لە دوو بەرگدا لە گۆڤاری نووسەری کورد دەرچووە، واتە ژمارە (١ و ٢) جمکە ژمارەن، بەهەمان شێوە ژمارە (٣ و ٤)یش جمکن. جمکە ژمارەی (٥ و ٦)یش لە چاپخانە تەواو ببوو، تەنیا چاپکردنی بەرگەکەی مابوو، ((هاوکاری بەعس بۆ پارتی لە رۆژی (١٩٩٦/٨/٣١) نەیهێشت ئەو جمکە ژمارەیە رووناکی بڵاوبوونەوە ببینێت)) (ئەحمەد، ١٩٩٨، ١٣). سنووری مێژووی کارکردنی ئەم تێزەمان پەیوەندی بە خولی راپەڕینی (١٩٩١)ی یەکێتیی نووسەرانی کورد و چالاکییەکانییەوە نییە.

## دووەم: یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

### دامەزراندن:

رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەر تەنیا خاکیان داگیر نەکردووە، بەڵکو ((لە بواری رووناکبیری و ئەدەبیشدا هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە نووسەران قەڵەم بکەن)) (ئیسماعیل، ٢٠٠١، ١٧٠). ساڵی (١٩٨٠) رژێمی بەعس دەستکاری یاسای یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی کرد و بڕیاریدا یەکێتیی نووسەرانی کورد تێکەڵاو بە یەکێتییە عیراقییە تازەکە ببن، وەک وەڵامێک بۆ ئەو بڕیارە چەند نووسەرێک لە شاخ ((رۆژی (١٩٨٠/١٢/٣) لە بارەگای دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە توژەڵە بانگەوازێکیان بۆ نووسەرانی کورد بڵاوکردەوە و تیایدا رایانگەیاند کە لیژنەی ئامادەکردنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان پێکهات)) (خۆشناو، کوردستانی نوێ، ١٩٩٤/٦/٢٣)، ئەم ئەدیبە پێشمەرگانە لە کۆبوونەوەکەی (توژەڵە) بەشدار بوون ((دلزار، جەمیل رەنجبەر، ئەرسەلان بایز، عەباس محەمەد حسێن، هەڤاڵ کوێستانی، ئەبوبەکر خۆشناو، ناسر حەفید، محەمەد رەنجاو، ئەحمەد رەجەب، هاشم کۆچانی، رەفیق سابیر)) (ئیسماعیل، ٢٠٠١، ١٧٤)، رەفیق سابیر بەم شێوەیە باس لەو کۆبوونەوەیە دەکات ((لە بارەگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، من و مامۆستا ئەحمەد دلزار لەگەڵ بەڕێزان ئەرسەلان بایز، حاجی مەمۆ و هەڤاڵ کوێستانی دانیشتین، هەروا شاعیر و رووناکبیر بەڕێز ناسر حەفید، وەک نووسەرێکی سەربەخۆ لە شاخ بوو، ئامادەبوو. لەو دانیشتنەدا باسی دۆخی سیاسی و رووناکبیریی کوردستان و دامەزراندنی رێکخراوێکی ئەدەبیمان کرد لە شاخ. ئەوانیش، وەک ئەوەی پێشتر بیریان لەم مەسەلەیە کردبێتەوە، ئەم کارەیان بە گرنگ و پێویست زانی. دوای لێدوانێکی فراوان و هەمە لایەنە، بە باشمانزانی رێکخراوێکی ئەدەبی

دابمەزرێنین، بۆئەوەی ئەو نووسەرانە کۆبکاتەوە کە لە شاخن. هەموومان پێکەوە بتوانین کەشوهەوایەکی ئازادانە بۆ نووسین و داهێنان و بڵاوکردنەوەی کاری ئەدەبی برەخسێنین. لە هەمان کاتدا، لە رێی ئەو رێکخراوەوە، پەیوەندی و هەماهەنگیی لەگەڵ نووسەرانی کورد، لە شارەکان و نووسەران و رووناکبیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دروست بکەین)) (سابیر، لەبارەی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ٢٠١٧/٣/١٥)؛ پێش ئەو رێکخراوە، کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیب، کە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون لە ژێر ناوی (بنکەی نووسەری پێشمەرگە) بەرهەمیان هەبووە، بۆ ئەو بابەتانەی بۆ چلەی شەهید جەمیل رەنجبەر ئامادەیان کرد، پێشەکییەکەیان بە ئیمزای بنکەی نووسەری پێشمەرگە نووسیوە ((ئەم چەند نوسینە لە دەرونی ئەو نوسەر و هاوڕێ یانەی شەهید هەڵقوڵاون کە چەند رۆژەک بەر لەم چل دانە رۆژە ، پێشئەوە نەخشەی سەرهەڵدانی یەکێتی ی نوسەرانیان دەکێشا)) (بنکەی نووسەری پێشمەرگە، ١٩٨٠، ٢)، هەروەها لە ژمارە (١٩)ی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)، کە ساڵی (١٩٩٩) دەرچووە، لە میانی چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند نووسەرێکدا، کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بەو کۆبوونەوەیە خراوەتەڕوو.

دوای ئەوەی بەعس یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵدەوەشێنێتەوە، گۆڤاری (نووسەری کوردستان)، لە ژمارە (١)دا ئەم وتەیەی نووسیوە ((وەک بەرپەرچ دانەوەیەکی رژێمی خوێن و سێدارەی صەدام لە کلیل دانی یەکێتی نووسەرانی کورد و درێژەپێدانی گۆڤاری نووسەری کوردی خەباتگێڕ، لیژنەی ئامادەکردن بڕیاریدا ناوی پێروو بگۆڕێت بە گۆڤاری نووسەری کوردستان (کە نزیکترە لە ناوی یەکێتی نووسەرانی کوردستان-ەوە). گۆڤاری نووسەری کوردستان خۆی بەدەنگی هەموو ئەدیب و روناکبیری راپەرین پێشکەوتنخوازی گەلەکەمان ئەزانی و بەشەرەف و شانازییەوە ئەرکی بەرگری لە ئەدەب و کەلەپوری نەتەوەکەمان ئەگرێتە ئەستۆ و پەیمان بۆ نووسەری کورد و هەموو گۆڤار و رۆژنامە دلێر و چاونەترس و جوانەمەرگەکانی کورد تازە ئەکاتەوە، کە ئەمیش لە هەمان سەنگەری بەرگری لە مافە رەواو پێشێل کراوەکانمان ئەبێ وەک ئەوان بە پێوە بژی و هەر بەپێشەوە جوانەمەرگ و شەهید بێ)) (دەستەی نووسەران، ١٩٨١، ٢)، ئیتر یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دێتە کۆڕی خەبات و دەست بە چالاکی دەکات.

لە کتێبی (وێستگە سەرەکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد)دا، نووسەر تەنیا لە (١٨) لاپەڕەدا مێژووی دوو رێکخراوی نووسەران: یەکێتیی نووسەرانی کورد ١٩٧٠-١٩٨٣ و یەکێتیی نووسەرانی کوردستان ١٩٨١-١٩٩١ دەگێڕێتەوە، زانیارییەکان راگوزەر و سەرپێیین، بە

تایبەتیش ئەو چەند دێڕەی سەبارەت بە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان نووسراوە، لە شوێنێکدا دەگێڕێتەوە: ((پاش ماوەیەک تووشی لێکدابڕان و کەرت بوون هات، زۆرینە چالاکیی ڕێکخراوەکەیان گرتە دەست و گۆڤاری نووسەرانی کوردستان یان وەشاند و (١٦) ژمارەیان لێدەکرد. پاش ئاوارە و دەربەدەربوونی پێشمەرگە بۆ ئێران ئەدیبانی پێشمەرگە وشیاربوونەوە و لە (٢٠/ ئەیلوولی ١٩٩٠) کۆنفرانسی یەکگرتنەوە لە گوندی هەڤرێست بەسترا)) (یەکێتی نووسەرانی کورد، ٢٠١١، ١٣)، کام ڕێکخراو لەگەڵ کام ڕێکخراو یەکیگرتەوە؟ کەی و چۆن و بۆچی تووشی لێکدابڕان بوو؟ بەبەراوردکردن لەگەڵ زانیارییەکانی ئەم بەشەی ئەم تێزە کەموکوڕییەکانی ئەو چەند دێڕە ئاشکرا دەبن. ئەو یەکگرتنەوەی نووسەری کتێبی ناوبراو باسی دەکات، (بەرەی کوردستانی) بڕیاری دابوو، نابێت دوو ڕێکخراوی هاوشێوەی یەک پیشەیی، بۆ یەک توێژ بە هەمان پەیام و ئامانج هەبن، بۆ نموونە ئەگەر دوو ڕێکخراوی نووسەر و ئەدیبان هەبن پێویستە لەژێر یەک ناودا یەکبگرنەوە (لقاء الرفاق، ١٩٨٨/٥/١٢، بەڵگەنامە)، لەسەر ئەو بنەمایەش کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان، لەگەڵ یەکێتیی نووسەرانی کوردستان تێکەڵاوبوونەوە، کە تەنیا یەک ساڵ بوو ئەو کۆمەڵەیە دامەزرابوو! ئەگەرچی ئەو نامیلکەیە ناوی کەسی بەسەرەوە نیە، بەڵام دیارە کەسێک لە مەڵبەندی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد نووسیویەتی، بەڵام بەداخەوە، هیچی بەسەر هیچەوە نیە و ئەم تێزەش شوێنی ئەوە نیە دێڕ بە دێڕ وەڵامی بدرێتەوە، بە تایبەتیش ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان نووسراون، کەموکوڕی زۆری تێدایە، ناکرێت ئەم نامیلکەیە وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پشتی پێ ببەسترێت.

یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە ماوەی (١٠) ساڵدا (١٩٨١) تا (١٩٩١) لە بواری چاپکردنی گۆڤار، کتێب، کۆڕ و کۆبوونەوە، بەرنامەی ئێستگەی ڕادیۆیدا چالاکترین و پڕ بەرهەمترین ڕێکخراوی ئەدەبیی کوردستانییە.

کۆنگرەی شەقڵاوە، کە بە کۆنگرەی ڕاپەڕین ناودێرکرا، ڕۆژانی (١٥-١٩٩١/١٠/١٧) بە ئامادەبوونی زیاتر لە دووسەد ئەندام کارەکانی بەڕێوەچوو، لە نامەی بانگێشت و دروشمە ڕەسمییەکانیدا تەنیا نووسرابوو (کۆنگرەی یەکێتیی نووسەران)، واتە هەڵگری (کورد)، یاخود (کوردستان) نەبوو، لە ڕۆژانی کۆنگرەدا دوای گفتوگۆیەکی گەرم دەنگ لەسەر ئەوە درا، کە بۆ ناوە کۆنەکە بگەڕێنەوە، ئەنجامەکانی ئەو کۆنگرەیە واکەوتەوە یەکێتییەک نەما بەناوی (یەکێتیی نووسەرانی کوردستان).

# چالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە ناوچە ئازادکراو و سنووری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا خاوەنی چەندان چالاکیین لە چەشنی کۆڕ و کۆبوونەوە و بەشداریی لە بۆنە کوردستانی و نەتەوەیی و حزبییەکاندا، بەڵام زیاتر کاری لەسەر بواری چاپکردنی کتێب و دەرکردنی چەند گۆڤارێک کردووە، کە بریتین لە:

## گۆڤارەکان:

### ١- پێروو

یەکەمین گۆڤاری ئەدەبییە لە رۆژگاری شۆڕشی نوێدا، بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان- لیژنەی ئامادەکردن بڵاوکراوەتەوە. هەر تەنیا یەک ژمارەیە و ئاداری (١٩٨١) دەرچووە. پاشان ناوی گۆڤاری ناوەندی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دەکرێت بە (نووسەری کوردستان). ناوی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران نەنووسراوە.

### ٢- نووسەری کوردستان

نووسەری کوردستان گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بووە، دەتوانین وەک گۆڤارێکی دەستەی بەڕێوەبەری رێکخراوەکە وەسفی بکەین. گۆڤارێکی ئەدەبی بووە، یەکەمین ژمارەی لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٨١) بڵاوبۆتەوە، ژمارە (١٨)، دوا ژمارەیە لە وەرزی زستانی ساڵی (١٩٩١) دەرچووە. لە ژمارە (١) تا ژمارە (١٣) لە شاخەکانی باشووری کوردستان، لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەرچووە، بەڵام لە ژمارە (١٤) تا (١٨) لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتیش لە (سەقز و سنە) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەو گۆڤارە سەرەتا بۆ ماوەی تەنیا یەک ساڵ لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عیراقی کۆمەک کراون، بەڵام دواتر تا ساڵی (١٩٩١) ئەرکەکە کەوتۆتە سەرشانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، زۆربەی ژمارەکانی لە چاپخانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپکراون، تەنیا سێ ژمارەی لە لایەن حزبی شیوعی عێراقی چاپکراوە.

ئەم گۆڤارانە، وەک هەر رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیەک، کە بە نهێنی دەرچووە، ناوی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران بەسەرەوە نییە. لەم گۆڤارەدا، کە شوێنی دەرچوونی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دەگوازرێتەوە، لە ژمارە (١٥)ەوە ناوی دەستەی نووسەرانی دەچێتە سەر بەم شێوەیە:

له ژماره (١٥) و (١٦)دا دەستەی نووسەرانی بریتین له: (جەوهەر کرمانج، محەمەد حەمه باقی، هەڤاڵ کوێستانی).

له ژماره (١٧) و (١٨)دا، دەستەی نووسەران و راوێژکارانی بۆ داندراوه، که بریتین له: دەستەی نووسەران: (ئەبووبەکر خۆشناو، جەوهەر کرمانج، هەڤاڵ کوێستانی، فەلەکەدین کاکەیی، رێکار ئەحمەد)، راوێژکاران بریتین له: (ئەحمەد هەردی، ئەرسەلان بایز، هەژاری موکریانی، حیکمەت محەمەد کەریم، محەمەد حەمه باقی، عەباس بەدری، تەها مایی).

**٣- گزنگ**

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان- لقی کەرکوک بووه، له شاخ ساڵی (١٩٨٣) تا (١٩٨٩) چوارده ژمارەی لێدەرچووه، ئەوان خۆیان به درێژەپێدەری ئەو گۆڤاره زانیوه، که ساڵی (١٩٧٢) له کەرکوک لەژێر ناوی (گزنگ) دەرچووه، هەربۆیه له شاخدا له زنجیرەی ژماره (٢) دەست پێدەکاتەوه و تا ژماره (١٥) له شاخ دەردەچێت. ژماره (٢) مانگی ئابی ساڵی (١٩٨٣) و ژماره (١٥) مانگی نیسانی ساڵی (١٩٨٩) دەرچووه. دوای راپەڕینی (١٩٩١) له شارەکانی سلێمانی و کەرکوک درێژەی به دەرچوون داوەتەوه، بەڵام وەک گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکوک، ئەو چوارده ژمارەیەی له شاخ دەرچووه، زۆربەیان له چاپخانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپکراون. ناوی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران نەنووسراوه.

**٤- نووسەری نوێ**

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان- لقی هەولێر بووه، تەنیا یەک ژمارەی لێدەرچووه، ساڵی (١٩٨٣) له چاپخانەی شەهید جەعفەر چاپکراوه، ناوی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران نەنووسراوه. پێشتر و بگره دواتریش یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر هەر بەو ناوه گۆڤارێکیان له شار بڵاوکردۆتەوه.

**٥- بانگ**

رۆژی (٢٨)ی تەممووزی ساڵی (١٩٩٠) یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان راگەیاندنێکی هاوبەشیان سەبارەت به یەکگرتنی هەردوو رێکخراوەکه بڵاوکردەوه و رۆژی (٢٠)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٩٠) کۆنگرەی یەکگرتنیان لەژێر دروشمی (با قەڵەمه ئازادیخوازەکانی کوردستان هەر خەنجەری هەڵکێشراوبن له رووی زوڵم و ستەمی داگیرکەراندا) سازکرد. ئەو کۆنگرەیه واکەوتەوه، که رێکخراوی کۆمەڵەی نووسەران لەگەڵ

یەکێتیی نووسەرانی کوردستان تێکەڵاوبووەوە، ناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان وەک خۆی مایەوە و گۆڤاری نووسەری کوردستان بە هەمان ناو و درێژەدان بە ژمارەکانی پێشووی لە دەرچوون بەردەوام بوو، گۆڤاری (بانگ)، کە کۆمەڵەی ناوبراو دەریدەکرد، چوار ژمارەی لێ بڵاوکرابووەوە، لە ژمارە (٥)ەوە تایبەتکرا بە هەواڵ و کاروباری رۆشنبیری و بەڵگەنامە و چالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، بوو بە گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، هەر تەنیا ئەو ژمارە (٥)ی بەو ناوە لێدەرچووە و پاشان وەستاوە. بۆ زانیاری زیاتر گۆڤاری (بانگ) ژمارە (١) لە کۆتایی (١٩٨٩)، ژمارە (٢) لە مانگی ئاداری (١٩٩٠)، ژمارە (٣) مانگی ئایاری (١٩٩٠)، ژمارە (٤) مانگی ئابی (١٩٩٠) دەرچووە.

## کتێب

هێشتا تەمەنی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان نەببوو بە چەند مانگێک، دەستی بە بڵاوکردنەوەی کتێبی ئەدەبی کرد لەساڵی (١٩٨١) تا (١٩٩١) شەست کتێب و نامیلکەی هەمەجۆری لە شیعر، چیرۆک، شانۆگەری، رۆمان، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، چاپ و بڵاوکردۆتەوە. لێرەدا وەک نموونە ناوی چەند کتێبێک دەنووسین:

- رووبارێکی خوێناوی، کۆمەڵە شیعری شەهید: جەمیل رەنجبەر، (١٩٨١).
- (٢٤) سەعات لە خەو و بێداریدا، نووسینی: صمدی بهرنگی، رەفیق سابیر کردوویە بە کوردی، (١٩٨١).
- دیوانی حسین مولود احمد (شەهید مەلا عەلی)، (١٩٨٢).
- یەکەمین مامۆستا، نووسینی: جەنگیز ئایتماتۆڤ، مستەفا غەفوور کردوویە بە کوردی.
- شانۆگەری گێژەڵوکە، نووسینی: مەحمود دیاب، گۆڕینی: محەمەد حەمە باقی، ١٩٨٢.
- فۆنیمەکانی زمانی کوردی، د. کەمال فوئاد (١٩٨٢).
- لە کۆڕێکی پێشمەرگانەدا، (١٩٨٣).
- کاروانی نوێ، شیعری: شەهید شەماڵ (محمدامین شێخ علی)، (١٩٨٤).
- یەکەمین خۆشەویستی، وەرگێڕانی: رەوەز، (١٩٨٤).
- دایە شیعر قەدەغەیە، شیعری: شەهید بەرزان عوسمان، (١٩٨٤)
- گۆرانی بەرگری، شیعری: عوسمان شەیدا، (١٩٨٤).
- داستانی هەڵۆی سوور، شیعری: جوامێر، (١٩٨٤).
- کەشکۆڵی پێشمەرگە، بەشی یەکەم، شیعری: جوامێر، (١٩٨٥).
- هەرەس، رۆمان، محەمەد موکری، (١٩٨٥).

- کەشکۆڵی پێشمەرگە، بەشی دووەم، شیعری: جوامێر، (١٩٨٤).
- کەشکۆڵی پێشمەرگە، بەشی سێیەم، شیعری جوامێر(١٩٨٤).
- بەرەو چیا، چیرۆکی: ڕێبوار عەبدوڵڵا ئەحمەد، (١٩٨٥).
- ئاوێنە بچکۆڵەکان، کورتە شیعری: جوامێر، (١٩٨٥).
- گەڕانەوە بۆ حەیفا، نووسینی: غەسان کەنەفانی، گۆڕینی: ئەحمەد عارف، (١٩٨٥).
- پەڕینەوە، شیعری: مەوجود سامان، (١٩٨٦).
- خاکی دایک، جەنگیز ئەتماتوف، ڕۆمان، وەرگێڕانی: ژووان، (١٩٨٦).
- ڕاپەڕینی کورد لە ساڵی (١٨٨٠)، نووسینی: جەلیلی جەلیل، وەرگێڕانی: سامی شۆڕش (١٩٨٦).
- ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا، چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، ئامادەکردنی: بێستوون، (١٩٨٦).
- تۆڵە، ڕۆمان، محەمەد موکری، (١٩٨٦).
- پێناسنامەکان، نووسینی: عەزیز نەسین، وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف، (١٩٨٦).
- نێچیر، چیرۆکی: محەمەد موکری، (١٩٨٦).
- هەڵۆ (داستانی هەڵۆی سوور و کەشکۆڵی پێشمەرگە)، جوامێر، (١٩٨٦).
- بەیداخ، چیرۆکی: حەمەکەریم عارف، (١٩٨٧).
- تفەنگ، شیعری: جەوهەر کرمانج، (١٩٨٨).
- تەم توومان، شیعری: شێرکۆ بێکەس، (١٩٩٠).
- جیهانبینی ئەندێشە و هونەری نووسین، نووسینی: میخائیل خراپچنکو، وەرگێڕانی: سەرۆ، (١٩٩٠)
- پێخواسان، نووسینی: زاهاریا ستانکو، وەرگێڕانی: سەرۆ، (١٩٩١).

## چاپ و چاپخانە

زۆربەی هەرەزۆری گۆڤار و کتێبەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە چاپخانەکانی: (شەهید ئیبراهیم عەزۆ)، (شەهید جەعفەر) چاپکراون، ئەم دوو چاپخانەیە، لە چاپخانە سەرەکییەکانی  یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، بەڵام دوای ئەوەی لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٨٥) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپخانەیەکی بۆ یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دابینکرد و ناوی لێنرا چاپخانەی (شەهید عەبدولخالق مەعروف)، گۆڤار و کتێبەکانی یەکێتیی نووسەران لەو چاپخانەیە چاپدەکران، کەلوپەلەکانی چاپەمەنی وەک کاغەز و حبر و ستێنسڵ

دیسان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆی دابیندەکردن. تایپ و دیزاینیش هەر لەو چاپخانانە رایی دەکران، بۆ تایپ و دیزاین و چاپکردنی چەند ژمارەیەکی گۆڤارەکان و کتێبەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، پێویستە رۆڵی هەردوو دەزگای راگەیاندنی ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەبەرچاو بگیرێن.

## کۆڕ و کۆبوونەوە

ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە هاندان و پشتگیریکردن لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، باشترین بەڵگەش بابەتەکانی دووتوێی هەر هەژدە ژمارەکەی گۆڤاری نووسەری کوردستان و گۆڤارەکانی دیکەی ئەو رێکخراوەیە، هەروەها بەردەوامیش کۆڕ و کۆبوونەوەیان بۆ پێشمەرگە و خەڵکی گوندە ئازادکراوەکان سازدەکرد، ئەدیب و نووسەرەکان زۆربەشیان، وەک پێشمەرگە بەشداربوونە لە جەولە و بۆسەدانانەوە بۆ دوژمن و هێرشکردن بۆ سەر دامودەزگانی بەعس، چەند ئەندامێکی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان وەک: (جەمیل رەنجبەر، بەرزان عوسمان، شەماڵ "محەمەدئەمین") لە سەنگەرەکاندا شەهیدبوون، یاخود لە زیندانەکانی بەعسدا گۆرانی سەرکەوتنیان بۆ شۆڕش گوتوە و مەدالیای شەهیدبوونیان لە مل کردووە، لە پێش هەموویاندا شەهید (مەلا عەلی).

## بەیاننامە

یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، هەمیشە ئەرکی پیشەیی و نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی راپەڕاندووە، چەندان رووداوی نەخوازراو لەسەر گۆڕەپانی کوردستان روویانداوە، بە تایبەتیش پەیوەندی ناتەندروستی نێوان هێزە کوردستانییەکان، هەر زوو هەڵوێستیان لەو بارەوە نواندووە و بەیاننامەیان دەرکردووە و وەفدیان بۆ لایەنەکان بەڕێکردووە! هەروەها لە چەندان بۆنەدا بە دەرکردنی بەیاننامە و لێدوان هەڵوێستی خۆیان راگەیاندووە. هەر تەنیا وەک بەڵگەیەکی مێژوویی ئاماژە بەو بەیاننامەیە دەدەین، کە رۆژی (١٩٨٤/٥/١١) بۆ پشتگیری لە خەباتی مەدەنی خوێندکارانی (زانکۆی سەلاحەددین) لە هەولێر دەریانکردووە، لە سەرەتادا نووسیویانە: ((وەک دەزانن مانگێک پترە خوێندکارە دلێرەکانی زانکۆی سەلاحەددین بەوپەڕی قارەمانەتیەوە رووبەڕووی ئەو کاربەدەستانە بوونەتەوە کە بەزۆر و ناڕەوا دەیانەوێت شتی لاوەکی و نارەوایان بەسەردا بسەپێنن و لە خوێندن و زانستیان دوور بخەنەوە. خوێندکارەکانیش وەک هەڵوێستی گشتی نەتەوەکەیان فێری بەرەنگاری خۆبەدەستەوە نەدانن

و هەرگیز مل بۆ بڕیارێک کەچ ناکەن کە بڕوایان پێی نەبێت)) لە پەرەگرافێکی دیکەی بەیاننامەکەدا نووسراوە: ((پێویستە نووسەران قەڵەم و هەڵوێستیان یەک بخەن بۆ پتەوکردنی ئەم ڕێبازە شۆڕشگێڕانەی کە خوێندکاران لەبەریان گرتوە و پاڵپشتیان بکەن))، ئەمە و بە جارێکیتر خوێندنەوە و سەیرکردنەوەی لاپەڕەکانی گۆڤاری (نووسەری کوردستان) چەندان بەیاننامەی جیاواز دەبینین، کە یەکێتیی ناوبراو لە بۆنە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان دەریکردووە، یاخود هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە ڕووداوە گەرمەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بەیانکردووە.

### ئێستگەی رادیۆ

ئێستگەی رادیۆ لە شۆڕشدا کاریگەریی فراوان و ڕاستەوخۆی لەگەڵ گوێگران و خەڵکی شار و شارۆچکە و گوندەکان هەبووە، نووسەر و ئەدیبان بە گشتی و ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بە تایبەتی، هەوڵیانداوە پەیامی نووسینەکانیان لە رادیۆ بڵاوبکەنەوە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئێستگەی رادیۆیی (دەنگی گەلی کوردستان) بەرنامەیەکی هەفتەنامەی تایبەت بە ئەدەبی بەرەنگاری هەبوو، کە ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان ئامادەیان دەکرد و گەلێک جاریش هەر خۆشیان پێشکەشیان دەکرد، هەروەها بەشداریان لە نووسینی وتاری رۆژیی ئێستگە و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا کردووە، ئەوان هاوکارێکی بەردەوامی بەرنامەکانی ئێستگە بوون، بە تایبەتیش لە ئێستگەی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستاندا.

## ناساندن و ناوەڕۆکی گۆڤاری نووسەری کوردستان

**ناساندن؛** نووسەری کوردستان، لە ماوەی (١٠) ساڵدا هەژدە ژمارەی لێدەرچووە، ژمارە (١)، ئابی (١٩٨١) و ژمارە (١٨)، زستانی (١٩٩١) دەرچووە. لە زۆربەی ژمارەکاندا ناوی دەستەی نووسەران، یاخود سەرپەرشتیاران نەنووسراوە، بەڵام لە چوار ژمارەکەی کۆتایدا ناوی چەند نووسەر و ئەدیبێک لەسەر گۆڤارەکە نووسراوە، وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێداون. بۆ وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە گۆڤارەکە دەکرێت سەیری ئەم سەرچاوەیە بکرێت (ئەحمەد، ١٩٩٨، بەشی دووەمی کتێبەکە).

لەباری دیزایندا گۆڤار و چاپکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، بە تایبەتیش گۆڤاری وەک هەر چاپکراوێکی ڕۆژنامەگەریی سەردەمی شاخ بە تایپی دەستی، یاخود بە تایپی (IBM) بابەتەکانی تایپکراون و خراونەتە سەر ستێنسڵ، ئینجا بە رۆنیۆ ڕاکێشراون، دوای چەند

ساڵێک بۆ چاپکردن ئۆفسێتی بچووک بەکارهێنراوە، یاخود بە ئامێری فۆتۆکۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوە. ناوە، ناوە هێلکاری و وێنەشی بڵاوکردۆتەوە، تەنیا لە چەند ژمارەیەکدا لە رەنگێک زیاتر بۆ چاپکردنی بەرگەکەی بەکارهاتووە، ئەگەرنا هەر تەنیا رەنگی رەش بەکارهێنراوە، قەبارەی ژمارەکان لە یەکتر نزیکن، زیاتر نیو فولسکابین، تەنیا ژمارەکانی (١٦، ١٧، ١٨) دوو سەنتیمەتر لە ژمارەکانیتر گەورەترن.

## ئامانج

پەیام و ئامانج لە دەرکردنی گۆڤارێکی وەک (نووسەری کوردستان)دا روون و ئاشکرایە، کە لە پاڵ سەنگەری پێشمەرگەدا، ئەدەبێک هەیە، هوشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی پەرەپێدەدات و سەنگەرەکان گەرمتر و ئاوەدانتر دەکاتەوە، سەرەڕای ناسینی باشتری دوژمن و پەرپەرچدانەوەی سیاسەتی قڕکردنی نەتەوە و بە سوتماککردنی خاک، لە زۆربەی ژمارەکانیدا، لە رێگای (وتەی ژمارە)دا، ئامانجی خۆی بەیانکردووە، لە خوارەوە، چەند رستەیەک لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ناوبراو دەنووسینەوە:

((گۆڤاری نووسەری کوردستان خۆی بە دەنگی هەموو ئەدیب و روناکبیرێکی راپەڕیو و پێشکەوتنخوازی گەلەکەمان ئەزانێ و بەشەرەف و شانازی یەوە ئەرکی بەرگری لە ئەدەب و کەلەپوری نەتەوەکەمان ئەگرێتە ئەستۆ، پەیمان بۆ "نووسەری کورد" و هەموو گۆڤار و رۆژنامەیەکی دلێر و چاونەترس و جوانەمەرگەکانی کورد تازە ئەکاتەوە، کە ئەمیش لە هەمان سەنگەری داکۆکی و بەرگی لە مافە رەوا و پێشێل کراوەکانمان ئەبێ وەک ئەوان بە پێوە بژی و هەر بە پێشەوە جوانەمەرگ بێ)) (دەستەی نوسەران، ١، ١٩٨١، ٣).

((کاتێ ئێمەی دەستەیەک ئەدیبی پێشمەرگە بە ئەرکی پێکهێنانی لێژنەی ئامادەکردنی یەکێتی ی نوسەرانی کوردستان هەستاین، دەمانزانی شانمان داوەتەبەر بارێکی گران، گرانی ئەم بارەش بە تەنیا لەوەوە نیە کە لە بارودۆخێکی سەخت و دژواردا دەبێ پەیامی پیرۆزی ئەدیبانی کوردستان بە بنکە و سەنگەر و ئەشکەوت و لوتکە بەرزەکان و بە دورترین شوێنەکانی کوردستان بگەیەنین و بەرەنگاری زەبر و زەنگی رژێمێکی فاشی ببینەوە)) (دەستەی نوسەران، ٢، ١٩٨١، ١).

سەبارەت بە ئەدەبی ناو شۆڕش و پێشمەرگایەتی بەمجۆرە بۆچوونی خۆی دەردەبڕن: (( "واتە ئەو ئەدەبەی لەناو شۆڕشدا بڵاودەکرێتەوە" دەبێ لە زۆر رووەوە جیاواز بێ لەو بەرهەم و ئەدەبەی نووسەرانی ناو شار بۆ بڵاوکردنەوەی ناو گۆڤار و رۆژنامە ئاشکراکانی ئەوێ ئامادەی دەکەن و دەینووسن. یان هەر نەبێ لەژێر گوشاری دڕندانەی رژێم دەیهێننە کایەوە و سەدان هەناسەی سازگاری خۆیانی تیا دەخنکێنن. ئەدەبی ناو شۆڕش پێویستە شان بە شانی

چەکی پێشمەرگە بە گژ داگیرکەران و زوڵم دابچێتەوە و گیانی خۆڕاگرتن و بەرگری کردن لەناو کۆمەڵانی خەڵکیدا بخولقێنێ و سەر و سیما و ناوەڕۆکی ئەدەبی شۆڕشگێڕانەی پێوە دیار بێ)) (دەستەی نووسەران، ١٠، ١٩٨٥، ٦).

هەر لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و دەرکردنی گۆڤارەکەیان (نووسەری کوردستان) سەنگەری ئەدەبی خۆی لە شاخ و لە شاردا تۆکمە کردووە و پەرەی بە ئەدەبی بەرەنگاری داوە، خاوەن ئەرک و پەیام و دەنگی دلێری خۆی بووە.

## ناوەڕۆک

بابەتەکانی دووتوێی گۆڤاری (نووسەری کورستان) بەسەر شیعر، چیرۆک، شانۆگەری، چاوپێکەوتن، وەرگێڕان، وتار، رەخنە، لێکۆڵینەوە دابەش دەبن، ناوەڕۆکیان بەشێکە لە رەنگدانەوەی ژیانی رۆژانەی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و بەرەنگاربوونەوەی ئەو ستەم و تاوانانەی، کە داگیرکەران دەرهەق بە نەتەوەکەمان پێڕەویان دەکرد. بە وردبوونەوە لە بابەتەکان بۆمان دەردەکەوێت ئەم گۆڤارە بە پلەی یەکەم گرنگی بە هونەرەکانی ئەدەب داوە. بواری پەخشان لە بواری شیعر فراوانترە و چەندان لق و بەشی لێدەبێتەوە وەک: چیرۆک، رۆمان، شانۆگەریی، وتار. بە خوێندنەوەی بابەتەکانی گۆڤارەکە، ئاگاداری ژیان و چالاکی پێشمەرگە و شەهیدبوون، هەروەها کردەوە نامرۆڤایەتییەکانی داگیرکەرانی کوردستان دەبین، ئەو ئەدەبەش دەچێتە چوارچێوەی ئەدەبی بەرەنگارییەوە.

ئەدەبی پێشمەرگە و شاخ، دوو زاراوەی تازەن لەگەڵ خەباتی پێشمەرگایەتی و حزبایەتی شوێنپێی خۆیان کردۆتەوە. هەموو دۆخێکی ئاسایی، یاخود داسەپاو وەک دوو رووبەری جیاواز و ئیشکردنی جیاواز، کۆمەڵێک وشە و زاراوە دێنێتە نێو فەرهەنگی زمانی رەخنە و شێوازێکی دۆخئامێز لەگەڵ خۆی دەهێنێت. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، زاراوەی ئەدەبی شاخ، یاخود پێشمەرگە زادەی ژیانی چەکە. ئەدەبی بەرەنگاری ئێمە لەنێو هەناوی سیاسەت و حزبدا لە دایک بووە، بەڵام هەوڵیداوە کەسێتی هونەریی ئەدەبی خۆی لە دەست نەدات!

ئەدەبی بەرەنگاری هەر تەنیا پەیوەست نیە بە تاوان و ستەمەکانی داگیرکەر و دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر! ئەمە بۆ هەموو نەتەوە و وڵاتێک ئاسایی نییە، چونکە لە خەباتی درێژی چەکداریدا، سەرکردەکان ناتوانن تاسەر جڵەوگیری هەموو جومگەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی بکەن! لێرەوە ئەرکی هونەرەکانی ئەدەب سەختتر دەبن، کە بە چ کەرەستەیەک خەوش و کەموکوڕییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیش بخاتە چوارچێوەی دەقەوە.

بەرهەمەكانی گۆڤاری نووسەری كوردستان، وێنەی ئەوێ رۆژێی خەباتی پێشمەرگایەتی میللەتێکە، کە ساڵانێکە خەباتی لە پێناوی ئازادی و رزگاریدا کردووە. لەو گۆڤارەدا هێما و نیشانەکان کاڵتر دەبنەوە چونکە ژینگەی ئیش و بڵاوکردنەوە لە شاخ بەراورد بە شار و رۆژنامەگەریی ئاشکرا جیاوازترە، ئەگەر لە شار هەڵۆ پێشمەرگە بێت و رێگا و کاروانیش نیشانەی شۆڕش بن، ئەوە لەو گۆڤارەدا سەنگەربەندی پێشمەرگە و دوژمن بە زمانێکی تر، کە بەدەرن لە هێما و نیشانەی شاراوە و تەمومژاوی دەقێک دەخولقێنن.

## نووسەر و ئەدیبان

لەبەرئەوەی تا ئێستا دەستخستنی ژمارەکانی ئەو گۆڤارە ئەستەمە و چاپ نەکراوەتەوە، بۆیە ئاماژە بە ناوی نووسەرانی بەشداربوو لە گۆڤاری (نووسەری کوردستان) دەدەین، بە گوێرەی سۆراغ و زانیاری و ناسینەوە، ناوی چەند نووسەر و ئەدیبێک ئاشکرا دەکەین، کە بەرهەمیان بە ناوی خواستراو بڵاوکردۆتەوە، ناوەکان خراونەتە نێوان دوو کەوانە: {ئەبوبەکر شاخی، ئەبوبەکر خۆشناو، ئەبو شەهاب( ئیحسان کەرکوکی)، ئەحمەد قەرەنی، ئەحمەد عارف، ئەحمەد بەحری، ئەحمەد رەجەب، ئەرسەلان بایز، ئەنوەر مەسیفی، ئازاد ئەحمەد، ئازاد جندیانی، ئازاد کانی ساردی، ئارێز عەبدوڵلا، بەرزان عوسمان، بەهروز یاسەمی، برهان قانع، بێریڤان، پاوان عەبدولمەوجود، تیلی ئەمین، جەلال میرزا کەریم، جەلال مەلەکشا، جەمیل رەنجبەر، (ب. وڵات- جەوهەر کرمانج)، (جوامێر- شێرکۆ بێکەس)، جۆلا، چیمەن کاویس، خەلیل دهۆکی، خالید جوتیار، (حەمەتاڵ- حەمەنوری تۆفیق)، (هێژا- حەمەکەریم عارف)، حسین سنجاری، (حیکمەت محەمەد کەریم- مەلا بەختیار)، (چیا- موحسین ئاوارە)، (دلاوەر مەحموود- مارف عومەر گوڵ)، (دڵزار- ئەحمەد دڵزار)، دڵشاد عومەر کاکی، رەفیق سابیر، (رێبوار، رێبوار عەبدوڵلا ئەحمەد- رەئوف بێگەرد)، رێواس جاف، رێکار ئەحمەد، رێبین ئەحمەد هەردی، (راوەندی- حەسەن کوێستانی)، (رێزان- ئاسۆ ئەحمەد)، (رۆزا- شیرین . ک)، (ژووان- نەجیبە ئەحمەد)، (زیاد مەولود- حەمەزیاد مەولود)، (ژاڵە- مەهاباد قەرەداغی)، (ژیلا- ژیلا حسێنی)، سەعید دێرەشی، سەلاحەدین موهتەدی، سەلاح موکریانی، سەلام محەمەد، سەرهەنگ حەمدی، (سابیر- سابیر سدیق)، سامی شۆڕش، سەعدوڵلا پەرۆش، (سەیران- دڵشاد مەریوانی)، سیامەند مامیر، سەید کامیلی ئیمامی، شەهاب عوسمان، (شێرۆ- شێرزاد حەسەن)، شێخ محەمەد باڵەک، عەباس بەدری، عەباس عەبدولڕەزاق، عەبدوڵلا قەرەداغی، (عەبدولکەریم دەشتی- کەریم دەشتی)، عەبدولقادر سەعید، عەبدوڵلا کەریم، عەزیز کەیخوسرەوی، عەزیز ئالی، (عەلی خالید حەمید، ئاسۆ- کاکەمەم بۆتانی)، عوسمان شەیدا، صەباحی غالب، فەرەیدون عەبدولقادر، (ف. ئەسەسەرد- فەرید ئەسەسەرد)، فەرهاد پیرباڵ، فەرهاد رەسول، فەرید زامدار، فازل قەساب،

(فازل کەریم- مامۆستا جەعفەر) حەمەی حەمە باقی، (ک. حوسامی- کەریم حوسامی)، کەمال فوئاد، (کاکەباس- عەباس محەمەد حوسین)، (مەریوان فەتاح- یوسف شەریف)، (م. ش- عەبدوڵڵا سەراج)، مەریوان وریا قانع، مەوجود سامان، مارف ئاغایی، محەمەد رەنجاو، (موکری- محەمەد موکری)، مستەفا غەفور، نەوزاد رەفعەت، (ناڵە- ناسر حەفید)، (هەردی - ئەحمەد هەردی)، هەڤاڵ کوێستانی، هاشم کۆچانی، (هەڵگورد- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)، (وەیسی- حوسین عارف)، (وسو- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، لەگەڵ ناوی چەندان ئەدیب و نووسەری دیکە.

بە وردبوونەوە لەو ناوانەی سەرەوە، دەردەکەوێت، کە هەر تەنیا ئەدیب و نووسەرانی پێشمەرگە بەرهەمیان لە گۆڤارەکەدا بڵاونەکردۆتەوە، بەڵکو کۆمەڵێک لەو ناوانە لە شار و شارۆچکەکان بەناوی نهێنی و خوازراو شیعر و چیرۆک و وتار و لێکۆڵینەوەیان بۆ گۆڤارەکە ناردووە، تا ئەنفالەکان ئەو هاوکاری و پشتیوانە بۆ گۆڤارەکە بەردەوام بووە، زۆربەی بەرهەمەکان لە رێگای رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بە تایبەتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە گشتی بە گۆڤارەکە دەگەیشتن، لەو رووەوە (رەفیق سابیر) ئەم راستییە دەنووسێتەوە: ((جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێم، تا ئەو رۆژەی من کوردستانم بەجێ هێشت، ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی نووسەرانی شار، کە بە ناوی نهێنییەوە دەنێردران، هەموویان، لە رێی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانییەوە، دەگەیشتن. دیاربوو ئەوان پەیوەندییان بە یەکێتیی نیشتمانییەوە هەبوو. باکیان نەبوو کە ئەگەر ناردنی ئەو بەرهەمانەیان ئاشکرا بێت، چ چارەنووسێکی ترسناک چاوەڕێیان دەکات. جێی سەرنج بوو، تا ئەوکاتە، یەک بەرهەمی ئەدەبیی هیچ نووسەرێکی ئەندام، یان دۆستی حیزبی شیوعی، لە شارەکانەوە، نەگەیشت. من لەم دیاردەیە هەم نیگەران بووم و هەم هەستم بە کەمایەسیی دەکرد. نیگەران بووم لەبەرئەوەی پەیوەندیی ئێمە، لەگەڵ نووسەرە هاوڕێ و دۆستەکانی حیزبی شیوعی، بەو جۆرەی لێ هاتووە. هەستم بە کەمایەسییش دەکرد، لەبەردەم دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەراندا، چونکە لەناو شارەکاندا هاوڕێیەکمان نییە، لە گۆڤارەکەدا، بە هۆنراوەیەک، یان بە نووسینێک، هاوکار و بەشدارمان بێت)) (سابیر، لەبارەی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان، ٢٠١٧/٣/١٥).

# بەشی دووەم

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە گۆڤاری نووسەری کورددا

## ١٩٨٣-١٩٧١

# پاری یەکەم

# ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعردا

لە ژمارەکانی گۆڤاری (نووسەری کورد)دا، شیعر رووبەرێکی فراوانی گرتووە، دوای ئەویش چیرۆک، ئینجا جۆرەکانی دیکە. لە شیعردا، شیعری کوردی بە پلەی یەکەم و دوای ئەویش شیعری بیانی.

## ١- ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعرە کوردییەکاندا

### ئایکۆنی وێنەی چواندن

ئایکۆن نوێنەرایەتی شتێک، هێمایەک، کارێک، نیشانەیەک، ئاماژەیەک دەکات، بەڵام ((وێنە لە رەخنەی ئەوروپیدا imageی پێ دەوترێت، کە وشەیەکی ئینگلیزییە، وشەی وێنە image لە ئینگلیزییدا ئاماژە بە ئەو رەگە هاوبەشە دەکات، کە لەگەڵ وشەی خەیاڵدا imagition هەیەتی)) (گەردی، ٢٠٠٤، ٢٥) چواندن پەرەی بەو رۆڵە داوە، بەڵام وەک دوو چەمکی جیا پۆلێنکراون، چواندن بەشێکە لە رەوانبێژی، بەڵام ((رەوانبێژی ئالەتە، نەک تیۆر و رێگا)) (الصكر، ١٩٨٦، ٦٢)، لە رەوانبێژیدا چواندن بەسەر ئەم چوار جۆرە دابەشکراوە: لێکچوون، بەوچوو، بە یەکچوو، ئامرازەکانی لێکچوو. (عەلائەدین سەجادی) لە جیاتی لێکچواندن زاراوەی "وەک یەک"ی داناوە، بەمشێوەیە دەیناسێنێت ((کەڵک لە وەک یەکدا ئەوەیە کە شتێک هەیە، ئەو شتە بەلای تۆوە ئاشکرا نییە و نایزانی، ئەو کەسە کە قسەت لەگەڵ ئەکا دێنێ ئەو شتە ئەچوێنێ بە شتێک کە ئەوەیان بەلای تۆوە ناسراوە و ئەیزانی)) (سەجادی، ١٣٩٨، ٤٨)، ئەمە و ((لێکچواندن یەکێکە لەو شێوازانەی، کە وێنەی هونەری لەسەر بنیات دەنرێ)) ( گەردی، ٢٠٠٤، ٢٢٨).

لێرەوە چەند دەقێک لە گۆڤاری نووسەری کورد، خولی یەکەم و خولی دووەم وەردەگرین، کە ئایکۆنەکان بە چواندن دروست بوونە:

(هێمنی کوردستانی) شیعری (بەهاری کوردستان):

بۆنی خۆشی گوڵاڵە پیاو مەست دەکا لە نواڵە

وەک شەهیدە گوڵاڵە لە خوێناوا شەلاڵە (کوردستانی، ٢، ١٩٧١، ٣٣).

شاعیر لێکچوونێکی پێچەوانەی بەکارهێناوە، ئەم پێچەوانەیەش بەرزراگرتن و گەورەیی شەهیدە، بەوەی شەهید لە هەموو شتەکان گەورەتر و پیرۆزترە، بۆیە گوڵاڵەی بەو شێوەیە دەرخستووە، خوێنی شەهید و جوانی و کاریگەرییەکەشی وەک شەهید ناساندووە، کەواتە گوڵاڵە دەبێت بە ئایکۆنێکی لێچووی بەرەنگاری، بەڵام لەم دیمەنەدا شەهیدێک لە خوێندا شەلاڵ کراوە. ئەگەرچی شاعیر رەنگی گوڵەکەی بەیان نەکردووە، بەڵام هەمیشە رەنگی سوور نیشانەی شەهید و شەهیدبوونە، ((سوور هێمای تێکۆشان و شەهیدە)) (محەمەد، ٢٠٠٧، ١٦٣)، بە مانایەکی دیکە شاعیر بەهۆی زۆری قوربانییەکان و بەخشینی خوێن بۆ نیشتمان، گوڵاڵەی سوور بووە بە هێز بۆ شەهیدەکان، بۆیە گوڵاڵە و شەهید وەک ئایکۆنی هێزی بەرەنگاری و مانەوە خراوەتەڕوو.

(ئەنوەر شاکەلی) شیعری (پرسیار سەبارەت بە ئاوارەیێک):

بۆ رابوردووی شەرمەزاری خۆم ئەگەڕێم

بی تاسێنم،

بی فەوتێنم،

لاشەی کرمۆڵی لە چاوی

هەموو شەیدایەکی راست و بریندارا

وەکو نیشانە هەڵواسم (شاکەلی، ٥، ١٩٧٢، ٨٧).

(ئەنوەر شاکەلی- فەرهاد شاکەلی) لاشەی کرۆمۆڵی رابردووی خۆی وەک نیشانەی شەرمەزاریی هەڵدەواسێت، ئەو درکی بە هێزی نیشانە کردووە، کە ((بنەمایەکی سەرەکییە بۆ گەیاندنی بیرەکان)) (BOUISSAC, 2010, 91 ). لەو وێنەیەی سەرەوەدا شاعیر رابردووی خۆی و نەتەوەکەی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، ئەمەش جۆرێکە لە سەرلەنوێ دەسپێکردنەوە بۆ ژیانێکیتر، ئەگەرچی ئەم شەرمەزارییە وەک زمانی ئاڕاستە تاکە، بەڵام درامای گەل و مێژووی نەتەوەیەکە. ئەو دەبێت بە ئایکۆنێکی دەسپێک بۆ بەرەنگاربوونەوە و بۆ ژیانێکی تازە. رابردووی کرمۆڵە بووی خۆی وەک ئایکۆنێکی نیشانەیی دەچوێنێت تا بیکات بە پەندێک بۆ ئەمڕۆ و ئایندە، ئەو لە رابردووی خۆی پەشیمانە، بەڵام تارمایی ژیانی دانەپۆشیوە! رابردوو بە کرمۆڵە بوو دەچوێنێت و دەیەوێت دەست بە ژیانێکی تازە بکاتەوە.

(ساڵح یوسفی) شیعری (هەوارە):

١- ئەم پالە و جوتیارین

٢- رینجبەر و هژارین

٣- اومید و هەوارین

٤- گورکە نیت زۆردارین

هەوارە هەوارە

برای نا هەوارە

١- شوفینی و استعمار

٢- زۆردار و پاتو خار

٣- بی بەختیت بی قرار

٤- بن اخ کەین هزار جار

لە کۆتایدا دەڵێت:

هەوارە هەوارە

برای نا هەوارە

١- بەلاڤ کەن روناهیا

٢- ئاشتیی تەناهیا

٣- زانیاریی و ئاڤاهیا

٤- ئازادیی شاهیا (یوسفی، ١٢، ١٩٧٥، ٤٦).

لێچوونەکانی ئەم دەقەش بەندە بەو رۆژگارەی، کە دەقەکەی تێدا نووسراوە، ئەوسا ئەو دەقە بەشێک بوو لە هاندانی سەنگەرەکانی بەرەنگاری و جۆشدانی پێشمەرگە و ئازادیخوازانی نیشتمان.

لەم دەقەدا وشەکانی (پاڵە، رەنجدەر) وەک نیشانەی بوونی جیاوازی و جیاکاریی بەکارهێنراوە، لە بەرامبەر چینی سەرمایەداردا، لەو لاوەش هەژاری و خەباتی ئەو چینەی بۆ هێنانەدی دادپەروەری ژیان کردۆتە نیشانەی خەبات و پاراستنی ژیان و بەردەوامی، دواجاریش ململانێ لەگەڵ شۆفێنی و داگیرکەران دەکات، بەلای شاعیر هەر ئەم چینەن بوونەتە ناسنامەی بەرەنگاری و پاراستنی نەتەوە، ئەمەو ئاشتی و ئاشتیخوازیی بەلای شاعیر ئاوەدانییە.

رۆژنامەگەریی کوردی لە قۆناغی نهێنی"شاخ"دا، هەمیشە هەوڵیداوە لە رێگای هوشیاربوونەوە و رێکخراوبوون و هاندان رووداوەکان ئاڕاستە بکات، لەوجۆرە رۆژگارانەدا هەمیشە ((رۆژنامە ناوەندی رێکخستنی سیاسی و بنەماکانی)) بووە (لینین، ١٩٧٣، ١٩٦).

(جەزا عەلی ئەمین) شیعری (قەڵەم):

منداڵینە گەورە بوون
ئێوەش وەکوو بێکەس بن
قەڵەم لە دوژمن دادەن
پەڵی گەورەی پێدادەن. ( ئەمین، ١٠، ١٩٨٢، ١٥١)

بێکەس، یەکێکە لە شاعیرە نیشتمانپەروەر و منەوەرەکانی سەردەمی خۆی، کە کۆی هێز و خەباتی لە زانست و خوێندن و رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران چڕکردۆتەوە، لە شیعرەکانیدا داوا لە منداڵان دەکات لە ژیان و ئایندە بڕوانن. چرای ئەو زانست و زانیاری و فێربوون بووە، لەو رێگایەوە گەل دەتوانێت داوای مافەکانیان بکات و رووبەڕووی دوژمنان ببێتەوە. شاعیری ئەم دەقە، بێکەس دەکات بە ئایکۆنی هێمایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن. فایەق بێکەس لەناو شاردا سەنگەری لە داگیرکەران گرتبوو، دوای چەند ساڵێک ((بەهەمان شێوە شێرکۆی کوڕی، پێشمەرگەی سەنگەری ئەدەب بوو لە شار)) (ئیسماعیل، ٢٠٠١، ١٩٩)، شاعیر داوا دەکات منداڵەکان بە بێکەس بچن، واتە دەبێت بە ئایکۆنی لەوچوو، تا بەگژ دوژمن و داگیرکەراندا بچنەوە.

(محەمەد موکری) شیعری (بۆ هاوڕێیەکی بێ ناونیشان):

هیواکانم زینە.. منیش سوارم
رق .. لەژێر پێما ئاوزەنگی یە..
هەنگاو.. ئەسپمە و بێ جڵەوە و هەڵم دەگرێ
بۆ راستەڕێ ی مەرگ مەرگ
مەرگیش گڕە.. لە تەنوری جەرگی دایکما ئەتلێتەوە
هەویری رەنج دەکا بە نان.. دەیبرژێنێ بۆ هەژاران
ئای کوردستان- مەرگی منیش لەتێ نانە بۆ برسیەکان
مەرگی منیش قومێ ئاوە بۆ زیندووەکان. (موکری، ١٢، ١٩٧٥ ، ٧٨)

((وێنە رەگەزێکە لە رەگەزەکانی دەقی ئەدەبی، جوانییەکی باڵا و وزەیەکی گوزارشتی هەیە، کاریگەریی لەسەر وەرگر دەبێت)) (عاتي، ٢٠١٥، ٢٣). لێرەدا کوردستان ئایکۆنێکی نیشانەیی بەهێزی کۆمەڵێک واتای جیاوازی بەرەنگارییە. وەک: هێز و بەردەوامی و لەسەر پێ وەستان، شاعیر وردەکارانە وێنەکانی بەرەنگاربوونەوە لە رێگای نیگاری چەند وشەیەکدا کێشاوە: (هیوای بە زین چواندووە، هەنگاوی بە ئەسپ چواندووە، مەرگی بە گڕ چواندووە). وشەکانی:

زین، هەنگاو، ئاوزینگ بەشێکن لە ژیانی ئەسپ، ئەسپیش ئایکۆنی نیشانەیە بۆ بەرخودان و هێز، شاعیر ئەو کەرەستانە دەکات بە ئایکۆنی لێچوو بۆ کوردستان.

شاعیر دەیەوێت بنەماکانی خۆڕاگری و گەیشتنە ئامانج بناسێنێت، بۆیە لە ڕێگەی ئەسپ و تایبەتمەندییەکانییەوە وێنەکانی داڕشتوە، زین بنەمای هێزی خۆڕاگری و بەردەوامییە لەسەر خەبات، هەنگاوەکانی ئەو ئەسپە بووەتە هێزی بەردەوامی، کەواتە ئەسپ ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ هێز و بەرەنگاری و شۆڕش.

(لەتیف هەڵمەت) شیعری (شیعرە هەورەکان):

شاعیر چیە...
گەر دڵداری نیشتمان و وڵات نەبێت
شیعر چیە و بۆچی دەشێت
گەر لە ژێر پێ ی داگیرکەردا
وەکو لوغم نەتەقێت...؟ (هەڵمەت، ١، ١٩٧٩، ٧٣)

شاعیر خەیاڵدانی بەم دێرە شیعرەی ئەحمەد موختار جاف ڕۆشنە:
لادە شاعیر تۆ لە باسی عیشقبازی و سەیری کە
چۆن خەریکن چەند کەسێ ئێستا وەتەن وێران ئەکەن (جاف، ٢٠١٦، ١١٢)

((نیشتمان- وڵات، ئایکۆنی یەکگرتوویی گەل، خەبات، پاکی و هوشیاریی دەگەیەنێت)) (ڕەئوف، ٢٠١٦، ١٨٣). لەم شیعرەدا لەتیف هەڵمەت، شاعیری بە دڵدار چواندووە و وشەش بە بۆمب، بەوەی کاریگەری و جێکەوتە لەسەر داگیرکەر دروست دەکات و ترس لە دڵی داگیرکەر دەچێنێت. لێرەدا ئەحمەد موختار دەبێت بە خوازە بۆ خودی شاعیر، کە شیعرەکەی نووسیوە، لە هەردوولادا، ((هونەرمەند و نووسەران سەرەڕای جیاوازی نێوانیان و ئاڕاستەی کارکردنیان، لایەنێکن لە بەرجەستەکردنی ناسنامەی نەتەوەدا)) (دی سمیث، ٢٠١٤، ٦٨)، کەواتە شیعری بەرامبەر بە مینی دوژمن بەکارهێناوە و کردوویەتی بە ئایکۆنێک، ئایکۆنی مینی لەبەرامبەر هێزی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە داهێناوە و دەیەوێت لە ڕێگەی هێزی کاریگەریی شیعر بیناسێنێت، کە یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرەنگاری و مانەوە. چواندنی شاعیر بە دڵدار و شیعر بە مین، واتە ئایکۆنی بەرەنگاری دژ بە داگیرکەران.

(ڕەفیق سابیر) شیعری ( چەند بیرەوەرییەک لە ژوورێکی بێ دیوارا):

هەنگاوی گەورەکانی شار

وەكو چەقۆ.. بەسەر شۆستەی گلێنەما،
بە كیشوەری قەتماغەما
تێ ئەپەڕێ. (سابیر، ٨، ١٩٧٣، ١٤)

شاعیر لە ڕێگەی چەقۆ، وەک نیشانەیەک هەوڵدەدات جیاوازی چینایەتیی بخاتەڕوو، کە ئەمڕۆ ژیان هێناویەتییە گۆڕێ، یان بە واتایەكی دیكە ئەو ترسیی هەیە، كە بەهۆی ڕێگەدان بەم جیاوازییە، ئەو حاڵەتە ببێتە ناسنامە و كاریگەری لەسەر كۆمەڵگە درووست بكات، ئەو جیاوازی چینایەتییە بە چەقۆ دەچوێنێ، كە كۆمەڵگە لەت دەكات، هەر خودی جیاوازی چینایەتی واتە بەرەنگاربوونەوەی چینێكی بەشخوراو دژ بە چینێكی دیكە، ئەو چینە بەشخوراوە هەمیشە ئایكۆنی بەرەنگاربوونەوە بووە.

(حەیدەر مەتینی) شیعری (سلاڤ بۆ پێشمەرگا):

سلاڤا بكەن ئەی دوست و برا
بۆ لاوێت مێرچاک لسەر چیا و گرا
ئەوێت خۆ کری یە شەمالک چرا (مەتینی، ٤، ١٩٧١، ٥٣)
یاخود دەڵێت:
وان ژ سالێت بەری دەرس بو خو گرتن
خودان شەشخانە و برنوییێت كورتن
وەک پەزێ كویڤی چەلەک و سرتن (مەتینی، ٤، ١٩٧١، ٥٤)

لاوان وزە و هێزن. پێشمەرگە لەسەر چیایە و خۆیان كردۆتە شەمالک و چرا، كەواتە شاعیر پێشمەرگەی بە لاو و شەمالک چواندووە، چونكە وزە و هێزی گەل و ڕاپەڕینەكانن. هەڵگری سیفەتی قارەمانێتی و گیانفیداین. لە دوو دێڕیتردا زیاتر مەبەستەكەی روون دەكاتەوە، كە مەبەستی پێشمەرگەیە، چونكە ئاماژە بە شەشخانە "خەریتە" و چەكی بڕنۆی كورت دەكات، چوست و چالاكییەكەی بە پەز دەچوێنێت. پێشمەرگەی بە چرا و شەمالک و پەز چواندووە، كە هەمیشە رووناک و گەش و چوست و چالاكە، ئەو چواندنانە لە خزمەت ئایكۆنی بەرەنگاریی و گیانفیداین، كە پێشمەرگەیە و وێنە راستەقینەكەی پێداوە.

## ئایکۆنی هێمایی

ئەگەر وەک ناسینێکی سادە وەربگیرێت ((هێما Symbol نیشانەیە بۆ شتێک)) (Grundprinciper–semiotic.pdf(lattsatt.se)، بەڵام لە دەقی ئەدەبیدا ((بەهۆی پێکهاتە و ئەرکەکەی دەدۆزرێتەوە)) (عاتي، ٢٠١٥، ٣٦)، بە تایبەتیش، کە دەخرێتە ناو چوارچێوەی تیۆرە جیاوازەکانی ئەدەبەوە. لەم چوار ئاستەدا هەم پۆلێندەکرێت، هەم دەبن بە بنەما بۆ توێژینەوە لە بوارە جیاوازەکاندا ((ئاستی گشتی، ئاستی زمانی، ئاستی دەروونی، ئاستی ئەدەبی)) (احمد، ١٩٧٧، ٣٣)، لە ڕێباز و تیۆرە تازەکانی ئەدەبدا، گەلێکجار ئەو ئاستانە تێکەڵاو و ئاوێتە دەکرێن، چونکە بزاڤی هێماگەرایی پەیوەستە بە هوشیاری و ئاستی زانیاری خوێنەر و ڕەخنەگران، ((دەستپێکی سەرهەڵدانی هێماگەرایی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە فەڕەنسا دەگەڕێتەوە، ئەوسا لە ڕۆژنامەی (Le Figaro) مانفێستی هێماگەرایی لە ئەدەبدا بڵاوکرایەوە، ئەمەو لە سەرەتای سەرهەڵدان و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئاییندا بە تایبەتیش لە کتێبە پیرۆزەکاندا هێما پشکێکی گەورەی بۆ خۆی بردووە )) (Pede, 2014, 3).

جۆرەکانی هێما لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دیکە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، خاسیەتەکانی ناسینەوەشی لەم چەند خاڵەدا کورت کراونەتەوە: ((١- هەموو ڕەمزێک لەبری شتێکی ترە. ٢- هەموو ڕەمزێک ئیشارەتی دووانەیی هەیە. ٣- هەموو ڕەمزێک ڕەگەزی واقیع و خەیاڵی تێدایە. ٤- هەموو ڕەمزێک خاوەن هێزێکە، یا خاوەن ئەرکێکی دوانەیی)) (حەمەد، ٢٠١٢، ٦) و (پێرس) پێیوایە ((هێما نیشانەیە و واتایە بۆ شتێکی دیار. سادەترین هێماش وشەیە لە زمان (سەرەڕای ئەوەی کە زمان بەردەوام لە پێشکەوتن دایە)، هەروەها ئەو ژمارانەی، کە لە جیهانی ڕۆژئاوادا بەکاردەهێنرێن (سەرنج لە ژمارە ڕۆمانییەکان بدەن I, II, III ئەمانە ئایکۆنن، بەڵام (V هێمایە)، ئەمە و خاچ نیشانەیە بۆ دەرمانخانە)) (Retorikiska.se).

هێما لە ئەدەبیاتی ئەو گەلانەی خەباتیان لە پێناو خاک و مانەوەی نەتەوە و بەردەوامی ژیان کردووە، ڕووبەرێکی فراوانی بۆ خۆی بردووە، لە لای کوردیش بە هەمان شێوە ((شیعرێکی ئاراگۆن لەسەردەمی فەرەنسەی داگیرکراوی جەنگی دووەمی جیهانی لە بەیاننامەیەکی حیزبی شیوعی فەرەنسی کاری گەورەتری ئەکردە سەر خەڵک و سەر ئەندامانی حیزب و سەر جەماوەر بە گشتی و زیاتر جولاندنی)) (بێستوون، ١٩٨٥، ١٤٤).

ئەگەر هێما بەدەربێت لە جوانکاری کاریگەریی لە ئاستی هونەری دەقەکە دەکات، هەروەها حەماسەتی وەرگر لاواز دەبێت. ئەمانە چەند وێنە و کۆپلە شیعرێکن لە ژمارەکانی گۆڤاری (نووسەری کورد)ی هەردوو خولەکەدا:

(ئیحسان فوئاد) شیعری (بەیادی خانی):

لە چەرخی بیستەما، تازە چەشن زیندە بەچاڵمان کەن

وەکو جاران بە ڕووو زەردی فریوی ژینی تاڵمان کەن. (فوئاد، ٢، ١٩٧١، ٤٩)

شاعیر دەیەوێت، لە ڕێگەی زیندەبەچاڵ و ڕەنگی زەرد هەم چواندن بکات، هەم بیکاتە هێمایەکی لێکچوونی کار و پەرچەکردار، کارکردن لەسەر ((هێما گەڕانە بەدوای هێمادا)) (بارت، ٢٠١٩، ٦٦)، زیندەبەچاڵکردن بریتییە لە بە زیندوو ناشتن، واتە نیشانەیە بۆ کۆمەڵکوژی و ناسنامەیە بۆ ستەمکردن لە کورد، لە سەدەی بیستەمدا و لەژێر سایەی ڕۆژگاری نوێدا ئەم تاوانە بۆتە ناسنامەیەک بۆ باشتر ناسینەوەی کورد، لە ڕۆژگارەکانی پێشووشدا بۆ هەمان شێوە تاوان بەرامبەر بە کورد کراوە. لەم دەقەدا چواندن لە نێوان هەردوو سەردەمەکە کراوە، بۆیە هەمان دەرئەنجامیان هەیە، ئەمەش دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بەرەنگاریی بۆ سیاسەتی داگیرکاریی و قڕکردن.

(سامی شۆڕش) شیعری (چەند نامەیێکی نەناردراو):

هێشتا زستان گەرووی تینووی خەنجەرێکە
خوێنی چاوی چیاکانمان ئەخواتەوە
هێشتا ئاگردانی برسی، سەنگەرێکە
بە مشتە خۆڵی سووتاوی
بە ئاگری ناو هەناوی
سنگی تەڕی شەهیدەکان ئەشواتەوە. (شۆڕش، ٥، ١٩٧٢، ٨٥)

زستان هێمایە بۆ هێزی داگیرکردن، ئاگردان هێمایە بۆ بەرەنگاری، هەروەها نیشانەی سەختی و تووڕەبوونە، گەرووی تینوی زستان، هیوای بە ئاگاهێنانەوەی گەلە بۆ خەباتکردن لە پێناوی ئامانجەکەیدا، ئاگردان شوێنی نانکردن و خواردن ئامادەکردن و خۆگەرمکردنەوەیە، بە مەبەستی دەربازبوون لە زستان. شاعیر دەیەوێت بڵێت هەژارەکان وەک ئاگردانی برسی و زستانن، وێڵی دوای ئازادی و سەربەخۆیی و خەباتن، بۆیە ئامادەی هەموو قوربانی و بڕینی ڕێگە سەختەکانن، لە لای ئەو ئاگردان دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایە بۆ خۆسازدان و بەرەنگاری و بەرپەرچدانەوەی کارەساتێک، کە سەختی بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، ئەو سەختییەش بە وەرزی زستان هێمای بۆ کراوە. شاعیر لە پێناوی ناساندنی ئەو بەرخودانە بە هێما مامەڵەی

لەگەڵ کردووە، ((شیعری هێمایی دەوەستێتە سەر دۆزینەوەکانی عەقلی ناوەوە)) (Pede, 2014)، واتە بیناتی دیوی شاراوەی وشە و وێنە.

(شێرکۆ بێکەس) شیعری (کێڵگەی قورگێکی کێڵراو):

دۆزیمەوە.. نیشتمانت:
ماسی یەکە.. لەناو تۆڕی زەریای سپی ناوەڕاستا
گەرا.. لە دەمی قولاپی مەرگا ئەخات. (بێکەس، ٧، ١٩٧٣، ١٩)

هێما لە دەقی شیعریدا جۆرێکە لە ئاگایی بۆ پێشخستنی زمان و وێنە، بەڵام وەنەبێت بە ڕێژەیەکی جێگیر، بەڵکو پەیوەستە بە ئاستی رۆشنبیری و فەرهەنگی دەوڵەمەندی شاعیر. شێرکۆ بێکەس لە هەردوو بوارەکەدا درێغی نەکردووە، لەو وێنە شیعرییەی سەرەوەدا دەیەوێت، رێگەی ونبوون و دەورەدراوی نیشتمان، بە تۆڕی ماسیگران هێمانەخشی بکات، وێنەیەکی ترسناک دەنەخشێنێ، لە قووڵایی زەریایەکی گەورە و ترسناکی وەک زەریای سپی ناوەڕاستە، کە ماسیگرەکان راویان دەکەن، ماسیگر دەبێت بە ئایکۆنی هێمایی بۆ دەستگیرکردن و ستەم و چەوسانەوە و قڕکردن، بەڵام شاعیر بە گەرا، رەنگرێژی دەکات، بەمە هیوایەک دەبەخشێت! ئەم شیعرەی بە (مەحمود دەروێش) پێشکەشکردووە، خودی دەقەکەش باس لە فەڵەستین دەکات.

(ئەنوەر جاف) شیعری (نوقڵانەی خۆشەویستی و باران):

هۆنراوەکەم، کڵۆمێکە دەروازەی شاری گریانتان
بۆ دائەخا..
کلیلێکە.. دەرگای شاری نان و گوڵ و بەهارتان بۆ
ئەکاتەوە، ووردیلەکان!
هۆنراوەکەم.. بارانێکە تەپ و تۆزی
سەر رووومەتی دێ یەکەمان ئەشواتەوە. (جاف، ٨، ١٩٧٣، ٣٥)

شاعیری راستەقینە و داهێنەر، پێویستە کاری تازە پێشکەش بکات، هەر بۆیە لە لای زۆربەیان فەرهەنگی زمانی نەتەوەکەیان و کەلەپووری گەلان سەرچاوەی بەردەست و زیندوون، بەڵام مەرج نییە دەقی زۆربەیان لەگەڵ ئەم بۆچوونە کۆک بێت، کە ((شاعیرانی هێمایی روو لە قاموس و زمانە کۆن و بیانییەکان دەکەن بۆ داهێنانی وشە تا لەگەڵ سیاقە دەنگییەکان بیانگونجێنن)) (العطوي، ١٩٩٣، ١٠١).

لەم دەقەی سەرەوەدا ئەنوەر جاف بە کۆمەڵێک وشەی سادە، کە رۆژانە بەکاردەهێنرێن، ئایکۆنێکی هێمایی بۆ ژیانی چەوساوەی نەتەوە نیگار دەکات و ئومێدێک بۆ وردیلەکان بنیاد دەنێت. هۆنراوەکەی هەم کلۆمە، هەم کلیلە، جارێک دەبێت بە کڵۆم دەرگای شاری گریانیان بۆ دادەخات، جارێکیتریش دەبێت بە کلیل دەرگای شاری نان و گوڵ و بەهاریان بۆ دەکاتەوە، لە کۆتایدا، شیعرەکانی دەبن بە ئومێد و تەپوتۆزی گوندەکەیان دەشواتەوە، ئەمەش دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بەرەنگاریی بۆ ئەو نەهامەتیانەی رووبەڕووی خاک و نیشتمان کراوەتەوە، کە لێرەدا گوند هەر تەنیا گوندێک نیە، بەڵکو ئایکۆنێکی هێمایە بۆ نیشتمان و خاک و زێد.

(ئەنوەر شاکەلی) شیعری (زەنگ و یاسای دوورگە سەرلێشێواوەکان):

شەو بوو.. کە شار لەژێر پەتی سێ دارەدا
دوا ماخولیای مێشکی ماندووی ئەتاساندم.
لاشەی هیوا لەو گێژەنەی ئازارەدا
کرمۆڵ ئەبوو،
ئەبوو بە کۆت،
دائەهێزرا گیانی ئێجگار هەراسانم. (شاکەلی، ٨، ١٩٧٣، ٤١)

شاعیر وێنەی شارێک دەکێشێت لەژێر ستەمدا، هیوای کرمۆڵە بووە و بۆتە کۆتەڵ. ئەم وێنە شیعرییە پێمان دەڵێت: مەرج نیە ئەدەبیاتی بەرەنگاری هەمیشە هیوابەخش بێت، بەڵکو لە چەندان دەقدا تونێلی چەوسانەوە، ناگات بە رووناکی و رۆشنایی ئەولای کوونە گەورەکە دیار نیە. لەم دەقەدا وشەی کۆت ئایکۆنێکی هێمایە بۆ ئازار و ئازاردان و ستەم.

(لەتیف هەڵمەت) شیعری (شیعرە هەورەکان)

چونکە شیعرم تینوی چەمی
خۆری تازەی دەم کەلە
شیعرم بەستەی دەمی
هەموو منالآنی گەلە
چونکە شیعرم چەقۆی ژەهراوی ناو زامی
داگیرکەرە
چونکە شیعرم رەشماڵی هەزاران هەزار
دەرکراو و دەربەدەرە....
چونکە شیعرم بە دەس هەموو
مافخوراوانی زەوی یەوە خەنجەرە..

لەبەرئەوە.. رقیان لێمە و
شیعرەکانم رەجم دەکەن
چی... ناپاک و هەڵپەرست و
درۆزن و نۆکەرە...! (هەڵمەت، ١، ١٩٧٩، ٦٥)

شاعیر مەبەستە سەرەکییەکەی دەشارێتەوە، بۆیە هانای بۆ ئایکۆنی هێمادار بردووە و ئاماژە بە چواندنە شاراوەکە دەکات. خۆر هێمای رۆژێکی نوێ و ژیان و رووناکی و هەتاوە، ئەو شیعر دەکاتە هێزی بەرەنگاری لە پێناو هێنانەدی ئەو ئازادییەی، کە پەیامی هەموو شۆڕشێکە، جگە لەمەش شیعر ئایکۆنێکی هێمایی بەرەنگارییە، چونکە رەشماڵی داڵدەدانی سەرجەم ئازار و داواکارییەکانی خەڵکە، کۆی شیعرەکە دەبێتە ئایکۆنی هێمایی بۆ بەرەنگاری و ئازادی، بە زمانێکی سادە و بێ گرێوگۆڵ پەیامی خۆی ئاڕاستەی ناپاک و هەڵپەرست و درۆزن و نۆکەران دەکات.

(عەبدوڵڵا پەشێو) شیعری (دەنگێکی باشکێن):

بادێ!
بادێ!
دیسان ئاستانەی خەلیفە
هەڵی کردوە و
بەناو گەڵی فتوای مەلای خەتێدا دێ!
بادێ!
بادێ!
گوێتان لێ یە-
چۆن داربەڕوو دەنرکێنێ؟!
چاوتان لێ یە-
چۆن کەپکە شاخ بەلادا دێ؟!
بادێ!
بادێ!
دەست بە ئابڕووی خۆتانەوە بگرن؟ خەڵکە
- ئەگەر تۆزێ ئابڕوو مابێ!
نەک هەر کڵاو،
با سەریشمان پیرۆزی با و رەشەبا بێ! (پەشێو، ٢، ١٩٧٩، ٢٩)

عەبدوڵڵا پەشێو وشەی داربەڕووی وەک ئایکۆنێکی هێمایی بۆ گەل و نیشتمان بەکارهێناوە و خاسیەتی مرۆڤی پێ بەخشیوە، بەڵام بەهۆی فەتوای هەندێ مەلای لە چەشنی مەلای خەتێ ریزی گەل لاواز کراوە. شاعیر داوای بەرەنگاربوونەوەی ئەو جۆرە کردەوانە دەکات، تا ئەو دەنگانە نەتوانن کار لە نرکەی داربەڕوو بکەن.

لەم شیکارەدا زیاتر کارمان بە ئایکۆنی داربەڕووە، نەک مەلای خەتێ. شاعیر "ئاستانەی خەلیفە"ی بەکارهێناوە، کە ئاماژەیە بۆ عوسمانییەکان. ((خەلیفە مەبەستی لە دەسەڵاتداریێتی عوسمانییەکانە، داربەڕوو رەمزی کوردستانە. مەلای خەتێ رەمزی ناپاکییە. با رەمزە بۆ دوژمن. کرم رەمزی ناپاکی و داگیرکردن)) (حەمەد، ٢٠١٢، ل٣٢١)، کەواتە لە رێگای نەخشاندنی چەند ئایکۆنێکی هێمایی پەیامی مەسەلەی نەتەوەکەی دەخاتەڕوو.

(ئازاد دڵزار) شیعری (تەرزە):

کۆترێک لە لوبنانەوە هات،
گێڕایەوە:
کە چۆن درەختی زەیتون و
دارستانی (ئەرز)یان سووتان
لەوکاتەدا سمۆرەیێک زریکانی،
- فریا کەون
وا دارگوێزەکان داگیرسان. (دڵزار، ٢، ١٩٧٩، ٧٧)

شەڕ هەمیشە ئاوەدانی لەگەڵ خۆی دەبات و ژینگەیەکی تاریک لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت و ((جێ پەنجەی رەشی خۆی بەسەر کۆمەڵدا بە ئاشکرا نیشان ئەدا)) (مەنسوو، ١٩٩٩، ٥١). ئەم وێنە شیعرییەی پێشەوە وڵاتی لوبنانە، لوبنانی کاتی شەڕی ناوخۆ، بەڵام تێکەڵاو بە کارەساتی خاکێک کراوە، کە دارگوێز کراوە بە هێما بۆ ئەو شوێنە، ئەویش کوردستانێکی وێران کراوە! ئەو گوێ لە کۆترێک، کۆترێکی پەیامبەر دەگرێت، کە ئەوماڵوێرانییە دەگێڕێتەوە، ئەم وێنەیە، هیچی لە وێنەی خاپوورکردنی گوند و شارەکانی کوردستان کەمتر نیە. دارگوێز دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ کوردستان، بەرامبەر بە ئورزی لوبنانە، کە ئایکۆنێکی لوبنانییە.

(عەبدولرەحمان مزوری) شیعری (چەند پێناسینەک):

گەر پەڕێن مێوێ ببڕن..
دێ دەتن ئویشیی یا،
گەلەکا

گەر سەرێ تەیرێ ببڕن..
دێ کەڤیتە،
چەرخا گۆڤەند و حەنەکا
شڤێ ژ تڕاشێ ببڕن..
دێ بیت گوپاڵ، ژ بۆ زەندێن
خورتە شڤان و چەلەکا
رەهێن مژی هوین ببڕن..
وەک فریزی دێ ڤەگرم،
ڵات و مشار و کەلەکا
ڵات و مشار و کەلەکا. (مزوری، ٢، ١٩٧٩، ٨٧ و ٨٨)

((شاعیر دیمەنی واقیع دەکات بە هێما بۆ شاردنەوەی فکرەکەی)) (الزهراء، ٢٠٠٦، ٦٢). عەبدولرەحمان مزوری بۆ گەیاندنی پەیامەکەی هانای بۆ چەند هێمایەک بردووە، وەک: (تەیر. گۆپاڵ. شەو. ڕێگا. شڤان. لات. مشار. کەلەک). بە داگیرکەران دەڵێت: ئێوە تاچەند لەسەر بڕینەوە و لەناوبردنی خاک و نەتەوەکەمان بەردەوامبن، ئێمەش وەک هێشتوو، فریز رەگمان لەناو خاک دایە و لەناوناچین و دەژینەوە، فریز و هێشوو، دەبن بە ئایکۆنی هێمایی بۆ بەرەنگاری و مانەوە و لەناونەچوون و بەرهەم و سەوزایی.

(مەدحەت بێ خەو) شیعری (چەند واتە و وانەیەکی ورشەدار):
ئاسۆیەکان.. هێندە ئەویندار و شەیدان
هەموو ساتێک بۆ یەکتر دێن
لێویان بە یەکەوە ئەنێن
بە بایی بووی لارێ یەکان پێ ئەکەنن
ئای چ مژدەیەک ئەبەخشن
کە بە چرپە.. شەوان لەگەڵ یەکتر ئەدوێن. (بێ خەو،٢، ١٩٧٩، ٩٩)

شاعیر روو لە یەک ئاسۆ ناکات، بەڵکو بە کۆ قسە دەکات و ناویان دەنێت "ئاسۆیەکان" زیاتر شەوان یەکتر دەدوێنن و دەبن بە هێما بۆ کۆمەڵێک مرۆڤ، کە مژدەبەخشن. ئاسۆییەکان ئەویندار و شەیدان و بە رێگاکان پێدەکەن. رێگا و پێکەنین ئاوات و هیوای گەلن. بە وردبوونەوەی زیاتر لە جوڵەی هێمای ئەم شیعرە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئاسۆییەکان ئایکۆنی هێماین بۆ پێشمەرگە و پاشەڕۆژێک لە چەشنی ئاسۆ و هیوا، پێشمەرگەش ئایکۆنێکی بەرەنگارییە بۆ شۆڕش و بەرخودان.

(محەمەد ئەمین پێنجوینی) شیعری (قەرەج):

ئەم ڕۆژانە
قەرەجێکم دی
لانەواز و ڕووت و ڕەجاڵ
بە زەوقەوە پێ ئەکەنی..
کە لێم پرسی
تۆ خەڵکی کوێی؟
لە کوێ هاتی و بۆ کوێ ئەچی؟
پاش حەپەسان
ڕووی کردە زەوی و ئاسمان
وتی نەتەوە یەک گرتووەکان
دانیان بە مافی منا ناو
منیان خستە ناو لیژنەیەک
- ئەرێ؟ ئەی تۆ..؟
منیش تاسام
خەجاڵەت بووم..
زمان لاڵ بوو نەهاتە گۆ
هەر چەندم کرد
نەهاتە گۆ.. نەهاتە گۆ. (پێنجوینی،٣، ١٩٨٠، ٦١ و ٦٢)

قەرەج بە مانا گشتییەکەی کەسی بێ نیشتمانە، بەڵام بەخشینی نیشتمان بە قەرەج، نیشاندانی ئازار و دەردەسەرییەکانی گەلی بەرامبەرە، کە شاعیر (کورد)ەو قەرەجی، وەک ئایکۆنێکی هێمایی بەکارهێناوە، ئەمەش نیشاندانی ئەو ستەمەیە لە کورد دەکرێت. قەرەج هێمای گەل و خەڵکی بێلانەیە لە جیهاندا، شاعیر دەیەوێت بڵێت ئەو گەلەی هەمیشە ماڵ بە کۆڵەوە بووە و جیهان هەرگیز بیری لێ نەکردۆتەوە ببێتە دەوڵەت، ئەوە نەتەوەی کوردە. ئەوەی مەبەستی سەرەکییە لەم دەقەدا نەبوونی دەوڵەت و دانپێدانانە. نەتەوەیەکگرتووەکان لە دۆسێ فەرمییەکانیدا دانی ناوە بە بوونی قەرەجدا. ئەم شیعرە بانگەوازی هەڵوێستە بۆ بڕیارەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئایا بۆچی کوردی فەرامۆش کردووە؟ شاعیر بۆ حاڵی نەتەوەکەی تاساوە و هانا بۆ ئاسمان، وەک هێز و بەرزی و پیرۆزیی دەبات. قەرەج ئایکۆنێکە بۆ بێ وڵاتی.

(مارف عومەر گوڵ) شیعری (باخچەی وڵات):

ئەو باخچەیە
پڕ لە گوڵ و گوڵاڵەیە
ئەو باخچەیە
پڕ نێرگس و هەڵاڵەیە
ئەی گوڵاڵەی
باخچەی گەشی وڵاتەکەم
ئەی نێرگسی
رۆحی من و ئاواتەکەم
ئاگام لێتە
چونکە گوڵی وڵاتمی
دەتپەرستم
چونکە بەری خەباتمی (گوڵ، ٣، ١٩٨٠، ٦٩).

شاعیر نێرگز دەپەرستێت، چونکە نیشانەی هاتنی وەرزی بەهار و جوانی سروشت و ژیانەوەیە، بۆ کوردیش نیشانەی بوون و نیشتمان و خەبات و ناسنامەیە، کورد نێرگز وەک گوڵی وڵات دەپەرستێ، کەواتە هێزی بەرەنگاری و خەباتە، ئەم شیعرە بۆ منداڵان نووسراوە. نێرگز نیشانە و هێمای دایک، یان نیشتمان، واتە بوونی شاعیرە، ،وەک ئایکۆنی هێمایی بەکاریهێناوە. گوڵ و گوڵاڵە و هەڵالە دەبن بە نیشانەکانی سروشتی کوردستان، جوانی سروشتەکە بەوانەوە دەبێت بە ئایۆنێک بۆ کوردستان.

(حەسیب قەرەداخی) شیعری (کورتە شیعر):

وڵاتێک بوو لە وڵاتان
جەژنی سەربەخۆیی یان بوو،
نمایشێکیان پێک هێنا،
شان و کەمەر
ناو شار و دەر
پڕ بوو لە چەک
پیرەمێردێ، وتی خۆزگە، سەد خۆزگایە
لە بریتی هەر فیشەکێ، کێشی هەموو ئەم ئاسنە

چەپکێ گوڵەگەنم بوایە. (قەرەداخی، ٤، ١٩٨٠، ٤٢ و ٤٣)

فیشەک هێمای شەڕ و وێرانکاری و کاولکارییە، بۆ ئەو گەلانەی ژێر دەستەن، یان دواکەوتوون، چەک نیشانە و ناسنامەی بەرەنگارییە، دوای رزگاری، شاعیر پشت لە چەک دەکات و دەخوازێت فیشەک بگۆڕدرێت بە گوڵەگەنم، چونکە گوڵەگەنم هێزی ژیان و خۆراک و بەردەوامی و ئاوەدانییە، کەواتە گوڵەگەنم دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ ژیان و نان و بوژانەوە و رزگاربوون لەو دۆخەی چەک درووستیکردووە.

(شێرکۆ بێکەس) شیعری (کۆست و چرا):

با چرا هەر داگیرسێ و فووی لێ نەکەین.

ئەم چرایە لە دوورەوە

ئەستێرەی هیوا پرژێنە و... ئەمانبینێ

با چراکە هەر داگیرسێ و نیشانە بێ بۆ گۆڕەکەی! (بێکەس، ٤، ١٩٨٠، ٦١ و ٦٢)

چرا نیشانەی (بەردەوامی، هیوا، ژیان، ئایندە، خەبات، کۆڵنەدان، نەسرەوتن)ە، شاعیر دەیەوێت بڵێت هەتا لە روانینی ئێمەدا چرای ئومێد هەبێت، شتێک نامێنێت بەناوی تاریکستان و نائومێدی، ((وێنەی هێمایی هاوتایە لەگەڵ هەڵوێستی بیریی)) (رومیة، ٢٠٠٦، ٥٧). چرای شاعیر، ئایکۆنێکی هێمایە بۆ گۆڕێک، ئەو گۆڕەش شەهیدە، گۆڕی شەهید وەک چرا دادەگیرسێت. هەڵبژاردن و بژاردنی هێما پەیوەستە بە بیر و بیرکردنەوەی شاعیر بۆ ئەو ژینگە و دەوروبەرەی تێیدا ژیاوە، یاخود بەشێک بووە لە ژیانی کولتوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی.

ئەو چرایە، کە شەهیدە ئایکۆنی هێمایە بۆ رووناکی و هیوا، شاعیر دەخوازێت ئەو هێمایە نەکوژێتەوە و بەردەوام دابگیرسێت.

(مۆئەیەد تەیب) شیعری (سترانەک ژ مهابادێ):

سبە دایێ..

پێلاڤا من.. ژ تاجا میری بلندترە

داوەتا من..

ژ هەمی گۆڤەندا خۆشترە

بەژن و باڵا من ژ بوهارێ بخەملترە

ئەڤجا چەوا دێ کەی گری

سینگێ خویێ تەمەت دەریا

دێ ڤەقوتی

پرچا خویا وەکی بەفرێ دێ ڤەچرِی

نەدایێ نە.. نەکەی نەکەی

جل و بەرگێت خو رەش بکەی

دەرگەهێ کولکێ مەیێ خوش

بو خەم و نیهارا ڤەکەی. (تەیب، ٤، ١٩٨٠، ١١٥)

شاعیر بە کۆمەڵێک کەرستە روو لە تاجی میر دەکات. ئەو تاکێکە لە کۆمەڵگا، "من" گوزارشت لە کەسی یەکەم و کەسی دووەمی کوردەواری دەکات، پێڵاوی شاعیر"کورد" لە تاجی میر بڵندترە، ئەگەر شەهیدیش بوو گۆڤەندی ئەو لە هەموو گۆڤەندەکان خۆشتر و لە وەرزی بەهاریش خەملیوترە. خۆڕاگری و شەهیدبوون دەبن بە ئایکۆنی هێمایی. دایکیش هێما و نیشانەیە بۆ نیشتمان و خاک و دەبێت بە ئایکۆنی هێمایی بۆ پەروەردە و گەورەبوون و مانەوە.

(ناسر حەفید) شیعری (بڕووخێن ئەی دیناسۆرەکان.. بڕووخێن!):

دە سەرکەوە ڤۆنەرەکەت

لەگەڵ سەری جەللادەکەت جووت کە.

جەللادەکەت دیناسۆری ئەم چەرخەیە

هەموو رۆژێک

کە برسێتی داگیرکردن ئەیجولێنێ

لایەک لەم شارە ئەڕووخێنێ

تۆ سەرکەوە

سەری دیناسۆر بچکۆڵەیە

سەری بچووک

سەری لەشی گەورە ئەخوات. (حەفید، ٤، ١٩٨٠، ١٢٥)

دیناسۆر وەک هێمای ستەم ناسراوە، بۆیە شاعیر جەللاد و دیناسۆر بەرامبەر دەکات و ئایکۆنی هێمایی دروست دەکات، لە پێناوی نیشاندانی ستەم و ئاکارە دڕندەییەکانی دیکتاتۆر. جەللاد و دیناسۆر هێمای کەسی ستەمکار و دیکتاتۆر و دڕندەیە، هیچ جیاوازییێک لەگەڵ گەلەکەی ناکات، جگە لە ترۆپکی بەرژەوەندییەکانی، ئەمانە تا ئەوکاتە گەورەن، کە هێشتا گەل لەبەر ستەم و برسێتی رانەپەڕیوە، کە راپەڕی، سەری بچووک سەرە گەورەکەی دیناسۆر دەخوات، ئیتر بە ئەندازەی جوتێک پێڵاو نرخ و بەها لە دوای خۆیان جێناهێڵن. شاعیر چەند دێڕێک دوای ئەمە دەنووسێت:

– دایە بۆچی،
دایکەکانی ئەم گەڕەکە
وەکو تەختەی قوتابخانە
خۆیان لە رەش هەڵکێشاوە!؟
– رۆڵە! ئەوە کوڕەکانیان
لەسەر سنگیان نووسیوە
ئەمانەوێ هەناسە بەین
ئەمانەوێ خۆمان خاوەنی خۆمان بین
ئەمانەوێ هەر دڵدار بین
– بنوو رۆڵە
– دایە بۆچی ئەمشەو لوورەی گورگ نایەت
– رۆڵە ئاخۆ دەمیان لە جەرگی کێ ژەنیوە. (حەفید، ٤، ١٩٨٠، ١٢٦)

گورگ هێمای دڕندەیی و بێبەزییە، بۆیە لە پێناو خستنەڕووی دڕندەیی دەسەڵات گورگی بەکارهێناوە و لە بەرامبەریشدا پرسی (کێ)ی بەکارهێناوە، بەهۆی ئەمەشەوە گورگی وەک ئایکۆنی هێمایی بەکارهێناوە. رەنگی رەش و هەناسەدان نیشانەی ستەم و چەوسانەوەیە، شاعیر وێنەکانی بەم جۆرە چنیووە، لاوانی ئەم نیشتمانە هەموویان شەهید بوون، یاخود لە بەندیخانەکانن، یان بێ سەروشوێنن، دواجار پێمان دەڵێت: گەلێک بە هەموو توێژ و چینەکانییەوە بووەتە قوربانی بۆ مافە رەواکانی. لەم کۆپلەیەدا لە بری وشەکانی جەللاد و دیناسۆر، گورگ دەکات بە ئایکۆنی هێمایی بۆ دڕندەیی و زۆرداری و خوێنڕشتن، بەڵام هاوارێک هەیە (ئەمانەوێ خۆمان خاوەنی خۆمان بین) دەبێت بە ئایکۆنی بەرەنگاریی و تۆڵە.

(محەمەد بەدری) شیعری (هەندێ پرسیار و وەڵام):

ووتیان:
بۆچی ی ئەبێ لە سەدەی بیستەما
نابێ باسی چیا بکرێت؟!
نابێ باسی قوربانی و تێکۆشان و باران بکرێت؟!
بۆچی ی لە سەدەی بیستەما
ماف بڤەیە؟
نەک هەر دیوار،
بەڵکو هەتا بەردەکانیش گوێ یان هەیە؟

منیش ووتم، هاوارم کرد
ئەی رۆڵەکانی وولاتم
باکتان نەبێ و گوێ مەدەنێ
دوارۆژی گەل زۆر رووناکە
زۆریش صەوزە
خەمتان نەبێ، هەر ئەیگەنێ. (بەدری، ٥، ١٩٨٠، ٤٨ و ٤٩)

سەدەی بیستەم، سەدەی پێشکەوتنی زیاتری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بوو، چەندان نەتەوە دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، بەلام بۆ کورد بە پێچەوانەوەیە لە لایەک چەوساندنەوە و لە لایەکیتر پارچە پارچە بوون درێژەی هەیە. شاعیر هانا بۆ چیا، باران، ماف دەبات وەک رەگەزەکانی هێزی گەیشتن بە ئامانج، ئەو پێمان دەڵێت: یەکێک لە مەرجەکانی سەرکەوتن کۆڵنەدان و بەردەوام بوونە لەسەر خەبات، تا بە مافەکان دەگەین. رەنگی سەوزی وەک هێمای ژیانەوە و سەوزبوونەوە بەکارهێناوە و دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ ((هیوا- زیندوێتی و چوستێتی- مەیلی گەرم و گوڕ))یی. (محەمەد، ٢٠٠٧، ١٦٣). لە سەرووی هەموو ئەمانە چیا ئایۆنێکە بۆ کوردستان.

(کاکەی فەللاح) شیعری (کە شار گڕ ئەدرێ..!):

لە زۆر لاوە
لەشی خەڵتانی خوێناوە
بە هەورازی وەک دۆزەخا
سەر ئەکەوێ
ئەکەوێ و هەڵ ئەستێتەوە
ئەکەوێ و ئەگەڕێتەوە
ئەکەوێت و بۆ پێشەوە ئەچێتەوە
بۆ ئەو درەختە پیرۆزەی
دوای سێبەری ئەژێتەوە
پێشی لق و پۆپ و چرۆ
ئەشنێتەوە
تا بۆ دواجار
ببڕای ببڕای نەمرێتەوە. (فەللاح، ٥، ١٩٨٠، ١٠١ و ١٠٢)

((ئاستی بونیادی دەقی ئەدەبی و شیعری لەسەر بنەمای پێکهاتە زمانی و ڕەوانبێژی و وێنەییەکان بونیاد دەنرێن، زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی هاوچەرخ، ناوەڕۆکی بابەتەکانیان لەسەر جەمسەرەکانی فیکر و سیاسەت و سۆسیۆلۆژیا دامەزراوە)) (کەریم و مەستی، ٢٠٢٠/١/٢١، ٥). خەڵتانی خوێن، هەورازی دۆزەخ، دوو ئایکۆنی هێماییین و نیشانەن بە هێزی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبونەوەی نەتەوەیەک، بۆ سەندنی مافەکانی، دواجار نیشاندانی ئامانجە، کە بەردەوام بوونە لەسەر قوربانیدان و ئاماژەیە بۆ مردن لە پێناوی ژیانێکی ئازاد و نەمریدا. لەشی خەڵتانی خوێنە نیشانەیە بە کورد، درەختی پیرۆزیش، ئایکۆنێکی هێمایە بۆ نیشتمان، کە ناکەوێت و نامرێت و ئەشنێتەوە.

(خالید دلێر) شیعری (سیروان):

لە کوێ داری هەبێ تینوو،
ئەو دەیگاتێ..
هەتا تێر تێر ئاوی باتێ..
ئەوە سیروانە گەرمەسێر
دەکات بە کانگای خێر و بێر..
تا خوڕەی بێ ئەم سیروانە،
کوردستان هەر ئاوەدانە. (دلێر، ٧، ١٩٨١، ١٢٠ و ١٢١)

شاعیر ئومێدی مانەوە لەسەر ڕووباری (سیروان) بنیاد دەنێ، ئەو پێی وایە ئەو ڕووبارە لەسەر پێ دەوەستێت و ئاوەدانی کوردستان لەگەڵ خۆی دێنێت. سیروان هێمای ئاوەدانی و مێژووی مانەوە و ناسنامەی کوردستانە، بۆ بەردەوامی کاروانی ژیان، بۆ گەیشتن بە ئازادی، کەواتە لە لای شاعیر ڕووباری سیروان بۆتە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ بەرەنگاربوونەوە و ژیان و ئاوەدانی. ((بوونی چەمکێکی زۆر بۆ هێما پەیوەستە بەو ئیعتبارەی، کە ژیانی مرۆڤ هەمووی بریتییە لە نهێنی پیرۆز و عەقائید)) (بوغواس، ٢٠١٠-٢٠١١).

بەلای شاعیرەوە ڕووباری سیروان هەموو شتێکە، چونکە تا سیروان خوڕەی بێت، کوردستان هەمیشە ئاوەدانە، کەواتە سیروان دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ بەرەنگاری لە پێناوی مانەوە و بەردەوامی ژیاندا.

(مەدحەت بێ خەو) شیعری (برووسکی ڕێگە و نڤیشکی شەوان..!):

ئەڵێن کاروان شەوان زۆرجار

لە دەشتی کاکی بە کاکی و
هەورازی هەزار بە هەزار
بەهۆی ئەستێرەی کات شێوێن
هەڵەتە و سەرگەردان بوە
تامی گوژارکی چێشتوە
بەڵام ئەمڕۆ بۆ ڕێی شەوان
بەهۆی یاقووتی زامەکان
ئەستێرەکان..
دەبن بە سیوەیلی بەیان
ڕێبوارەکان دەڕۆن دەڕۆن
پەی بە دەشت و هەوراز دەبەن
کاروان کوژە ریسوا دەکەن..! (بێ خەو، ٧، ١٩٨١، ١٤٢ و ١٤٣)

کاروانکوژە هێمای جاش و خۆفرۆش و ڕێونکەرە، ئەستێرە هێمای گەشانەوە و ڕێنوێنی و ڕۆشنابیە، یاقوتی زامەکانیش ئەو ستەمەیە، لە شۆڕشگێڕەکان کراوە، کە بەلای شاعیر بووەتە هێزی ناسینەوەی ڕێگە و دەشت و هەورازەکان، ڕێبوارەکان لە خەبات بەردەوام دەبن، تا ئامانج دەپێکن و کاروانکوژەکان ریسوا دەکەن. ڕێبوارەکان ئایکۆنی هێمایە بۆ پێشمەرگە، پێشمەرگەش هێمای خەبات و رزگارییە.

(مارف عومەر گوڵ) شیعری (هۆرەی سیامەند):

سیامەندم
وەک سێبەری بەر روانگەی ئەوبەری گوند
تاقێ بەسەر گەڵای داری کەنار چەمی (رۆخانە)وەی
تاقێ کەم کەم لە تەمەنی مۆمی باڵات دەتوێتەوە
جارێ دەڕۆی
چەم دەبڕیت و بۆ گوندەکەی ئەوبەر دەڕۆی
جارێکی تر جامانەکەت لە ملتایە و
بەسەر گرد و تاشەبەردا سەردەکەوی
ساڵانێکە وەک خانەزای خەمی وا رووت پەشێواوە و
شەوچراغی ڕێگای دووری هات و نەهات
بە دەستتەوە ناکوژێتەوە. (گوڵ، ٧، ١٩٨١، ١٥٨)

سیامەند ئایکۆنە بۆ پێشمەرگە و خەباتگێرانی کورد، ئەوان بەردەوام ئەم شاخ و ئەو شاخ دەکەن لەپێناوی هیوابەخشین و رەواندنەوەی سیمای نائومێدی و دروستکردنی ترس لە دڵی دیکتاتۆردا. شاعیر جامانەی بەکارهێناوە، کە ئایکۆنێکی هێمایە بۆ کورد بە گشتی و پێشمەرگە بە تایبەتی، لە رێگای هات و نەهاتیشدا چرایەکی داگیرساندووە و ناکوژێتەوە، چرا نەکوژانەوە، ئایکۆنی هێمایە بۆ بەردەوامی ژیان و رۆشنایی، کەواتە سیامەند دەبێت بە نیشانە بۆ پێشمەرگە و پێشمەرگە(سیامەند) ئایکۆنی هێمایە بۆ شەهیدبوون و چرایەکی نەکوژاوەیە.

(عەزیزی مەلای رەش) شیعری (تیشکی ئومێد ئاوانابێ):

تەمەن رۆیی نەمدی جارێ ئاهەنگێ خۆش
ساتێ لە چاو بزر نەبوو دێوی رەش پۆش
کەلی حەزم تەمتوومان وا دای گرتووە
تاکو ئێستا چەشەی شادیم نەچەشتووە
لە جیهانی کارەساتا من تەنیامە
تەنیا هێزی هەستی دەروون پەسارگامە
فریادرەسمە لەسەر چەقی رێگەی نەهات
پاڵەپەستۆی جەستەکەمە بەرەو ئاوات
بۆیە دەڵێم: هەتاکو ئەو هەستەم مابێ
تیشکی ئومێد بە هیچ هێزێ ئاوا نابێ. (مەلای رەش، ١٠، ١٩٨٢، ١٤٨)

دێوی رەش و تەمتومان، هێمان بۆ کارەسات و دەسەڵاتێکی ستەمکار. شاعیر لە رێگای تیشکی ئومێد، ئاوانەبوون، گەرای بەردەوامی و کۆڵنەدان و بڕوابوون بە دۆزەکەی و چارەنووسەکەی دادەنێت. ئەم گیانەش بەهۆی هێزی هەستی دەروون و بەرەنگارییەوە هیوایەکانی ناکوژێننەوە، ئەگەرچی دێوی رەش ئایکۆنێکی هێمایە بۆ کارەسات، بەڵام هێزێک لە ناخیدایە، کە هێزی دەروونە و دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی و نیشایەک بۆ تیشکی ئومێد و ئاوانەبوون.

## ئایکۆنی نیشانەیی

چوێندراو و هێما، کار لەسەر زمان و پێکهاتەی وێنە و گواستنەوەی رووداوی راستەقینە، یاخود یادەوەری و خەیاڵدا دەکەن، بەڵام نیشانە sign زیاتر لە زمان قوڵ دەبێتەوە، ئەو زمانە ((هەر زمانێک بێت دوو جۆر لە گوزارشتکردنی هەیە: یەکێکیان هێمای نووسراو و دەنگە و

قسەی پێدەکرێت، ئەوتریش نیشانەیە)) (جعفر،٢٠١١، ١٩٣). هەردوو زانای بەناوبانگی بواری زانستی زمان و لۆژیک (سوسێر) و (پێرس) لە دوو روانگەی جیاوازەوە کاریان لەسەر نیشانە و نیشانەناسی کردووە. (سوسێر) لەسەر پێکهاتەکانی نیشانە وەستاوە، ئەو سیستەمی زمانی بە یەک پارچە سەیر کردووە و پەیوەندی زمانی بە چەمکی وێنەی دەنگەکان بەستۆتەوە، لە لای ئەو وێنەی دەنگەکان داله و چەمکەکەش مەدلولە، بەڵام لەلای (پێرس) نیشانە لەسەر پایەکانی هێما، بابەت و شیتەڵکردن دەوەستێت.

لەم سەرچاوەیەدا خاسیەتەکانی نیشانە و هێما روونتر کراوەتەوە ((ئیشارەت پەیوەستە بەو شتەی بە شێوەیەکی چەسپاو ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵگەنەویستە هەر ئیشارەتێک ئاماژە بە یەک شتی دیاریکراو دەکات، بەڵام رەمز خاوەن پەیڕەوێکی گشتییە، واتە ئیحای زیاتر بە شتێک دەبەخشێ و بزووتنەوەی تێدایە و هەمەڕەنگە)) (حەمەد، ٢٠١٢، ٦٨).

هەر پەیوەند بە هێما و نیشانە ((ئەو تیۆرەی، کە لەو بوارەدا زۆر بڵاوە، لە سەردەمی ئەفلاتونەوە تا بە سوسێر دەگات، ئەوەیە جیاوازی لە نێوانیاندا لە ئاوێتەبوونە لەگەڵ ئێستای ئێرە و لەگەڵ نائامادە لەوێدا)) (تودوروف، ٢٠١٧، ٤٠)، واتە کات و مێژوو فەرامۆش ناکرێن، ئەمە و ((نیشانە گوزارشتە بۆ شتێکی ناسراو)) (احمد، ١٩٨٤، ٤١)، بەڵام پێویستە نیشانە توانای ئەوەی هەبێت پەیوەندی لەگەڵ زانیاری تر گرێبدات، واتە پەیوەندی لەنێوان دوو نیشانەدا. ئەگەر ئەو پەیوەندییە (رەزامەند/ دژیش بێت)، ((بەڵام بە شێوەیەکی دینامیکی واتا لە دایک دەبێت)) (عاتي، ٢٠١٥، ٦١). ئەمە لە کارلێکی کیمیایی دەچێت، بەڵام لە بنەڕەتدا کات و مێژوو دەسەڵاتی گۆڕانکاریی و لە دایکبوونی نیشانەی نوێیان هەیە، کەواتە دەکرێت ئایکۆن وردتر بکرێتەوە، ئەگەر بەلای (پێرس) ئایکۆن بەشێک بێت لە نیشانە، ئێمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە حاڵەت هەیە نیشانەش دەبێت بە بەشێک لە جۆگەیەک و رووباری ئایکۆن دەوڵەمەند دەکات.

لە گۆڤاری نووسەری کورد، خولی یەکەم و دووەمدا، چەند دەقێک وەردەگرین، سەرنج لە ئایکۆنەکانی نیشانە دەدەین:

(ئیحسان فوئاد) شیعری (بەیادی خانی):

ئەوانەی دڕک لە چوار دەوری نەوەی نوێمان ئەکەن پەرژین
لە خاکی بەفر و کەودا سەردەمیان رۆیشت ئیتر ناژین! (فوئاد، ٢، ١٩٧١، ٥٠).

دڕک نیشانەیەکی خوازەییە بۆ ئازار و ستەم، بەڵام دواجار لە خاکی بەفردایە، کە نیشانەیە بۆ کوردستان، شاعیر پێیوایە لەسەردەستی نەوەی نوێمان ئەم ستەمە بەردەوام نابێت و بێدەنگی

دەشکێنن، چونکە لەنێو ئەو ستەمکردنەدا، ئەو نەوەیە خەون و خولیای هەیە، کە نیشانەی ژیان و خەباتێکی نوێیە. مەجاز و هێما، ((بۆ جێ بەجێکردنی دوو بەهای هونەرییە لە یەک کاتدا، لە لایەک وێنەیەکی دوانەی شیعری دروست دەکات، مەجازییە لە رووێکیدا، لە رووەکەی تریدا هێمایە، لە لایەکی تردا قەسیدەکە بە چەندان دەلالەت دەوڵەمەند دەکات)) (محەمەد، ١٩٩٩، ٢٠)، درک و نەوەی نوێ لەم شیعرەدا دوو نیشانەن، درک دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەی بەرەنگارییە بۆ پەرژینێک لە چەشنی ستەم و تەڵبەندکردن، نەوەی نوێ ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ خوێن و وزەی تازە، لەگەڵ بەفردا شاعیر ناوی کەو دێنێت، ئەو باڵندەیە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کوردستان و وەک چیا گوزارشت لە مانەوە و ئاوەدانی دەکات.

(ئەنوەر جاف) شیعری (ئەڵێن دەریا بێسنوورە):

چاوی کاڵت، ئێستگەیەکی روون و گەشە
لە شەوی رێ لێ ون بوونا..
کۆچی تاسەمی تیا ئەخەم
هۆرەی زامی ئاوارەیی ئەم سەدەیەی تیا هەڵئەدەم. (جاف، ١٢، ١٩٧٥، ٥٦)

ئەو روو لە دەریای چاوەکانی دەکات و کۆچی تاسەی لێدەخات، ئەو دەزانێت دەریا نیشانەیە بۆ ((هیوا و ئارامی و حەوانەوە)) (رەئوف، ٢٠١٦، ١٩٨)، چونکە لە حاڵەتێکی دەروونی ناسەقامگیردایە، دەریا دەکاتە ئایکۆنی نیشاندانی جوانی و قوڵی واتاداری چاوی یار، هەروەها هۆرەش ئایکۆنە بۆ شکانی بێدەنگی، واتە بەرزکردنەوەی دەنگی بەرەنگاریی.

شاعیر ئینجا دەڵێت:

مەلی سپی و سرکی مەمکت..
وێڵ و تینووی سەر بنچکی گڕ تێ بەربووی پەنجەکانمە
نەء! گیانەکەم .. مەل و بنچک لەیەک دوورن
لەیەک دوورن.. تا گڵۆپی زامی شەهید
لە شەقامی – ئیمام قاسم–ی .. هەناوما دانەگیرسێ
تا رەهێڵەی گوللەی تینووی پێشمەرگەکان
بەسەر (حەمرین)دا ... دانەکا
لە یەک دوورن.... (جاف، ١٢، ١٩٧٥، ٥٦)

تا زامی شەهید لە کەرکوکدا نەبن بە رووناکی و گوللەی پێشمەرگە نەگاتە شاخی حەمرین، ئەوان لەیەک دوورن. کەرستە و پەیامەکانی شاعیر دەچێتە چوارچێوەی ئایکۆنی بەرەنگاری،

کەرکوک و حەمرین ئایکۆنی نیشانەیین، تا رووناکی بەو دوو شوێنە نەگات ئەو هەست بە دووری و ئاوارەیی دەکات و بە خۆشەویستەکەی ناگات. لە سەرووی ئەمانەدا کەرکوک وەک شارێکی کوردستانی و حەمرینیش وەک سنوورێکی  کوردستان بوونەتە ئایکۆنی بەرەنگاریی.

(ع. ح. ب) شیعری (لەو دیارە):

لە دڵی مردوەکانا
ئاڵایەک ئەچەقێنم
لەناخی شەوەزەنگا
گڕێک دائەگیرسێنم
بەسەر لوتکەی چیاوە
گوڵێکی سوور ئەڕوێنم
ئاڵا و گوڵ و گڕی سوور
ئەکەم بە مەشخەڵی رێ ی دوور. (ب، ٥، ١٩٨٠، ٣٩)

شاعیر گوڵی سوور و گڕی سوور دەکات بە مەشخەڵی خەباتی بەردەوام. لەم دەقەدا چەند وشەیەک بوونەتە نیشانەی بەرەنگاری و هێزی رووبەڕووبوونەوەی جەستەیی و ناخی کەسەکان، وەک چەقاندنی ئاڵا لە دڵی مردوو، داگیرساندنی گڕ، رواندنی گوڵی سوور لەسەر چیا، بوونەتە ئاکۆنێک شاعیر دەیەوێت لە میانی ئەم ئایکۆنی نیشانانە، ئایدیا و بەرنامەی خەبات بناسێنێت، ئەمەش قوربانی دەوێت، هەروەها مەبەستی لە خەباتی کۆمۆنستییە چونکە گوڵی سوور دەکات بە مەشخەڵی رێی دوور.

(سەعدوڵڵا پەرۆش) شیعری (چەند بڕگەیەک و دوو تابلۆ):

نەم دەزانی
کێویش تەمەنی دێر ساڵەی بنکۆڵ دەبێ و
ئەم رووبارەش مل بە خوڕەی خۆی شۆڕ دەکا
نەم دەزانی
ئەسپی رەوتی منیش تووشی سمکۆڵ دەبێ و
ئەم هەوارەش
دووچاری مەرگ و گۆڕ دەکا. (پەرۆش، ٥، ١٩٨٠، ٧٢)

ئەو لە ناوجەرگەی رۆژانی خەبات و بەرەنگاریدا، دیمەنەکانی هەرەسی (١٩٧٥) دەبینێت و وێنە شیعرییەکانی دەکێشێت: (بنکۆڵ، مەرگ، گۆڕ، ملشۆڕکردن) ئایکۆنن بۆ کارەساتێک، بە

تایبەتیش، کە دەڵێت چیاش تەمەنی دێر ساڵەی بنکۆڵ دەبێت و رووباریش ملی خۆی شۆڕ دەکات، ئەمانە دەبن بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ کارەساتێکی گەورە، کە خاک و نەتەوە رووبەڕووی بۆتەوە.

(عەبدولکەریم دەشتی) شیعری (کۆتی نهێنیە قووڵەکان):

خرمەی ماچێکی دوورم گوێ لێ بوو
پێش ئەوەی کۆت و زنجیری ئاسن بچێتە ملی خاوەنەکانیان
بوو بە نارنجۆک
خوێنی دڵێکم دی ئەڕژایە ناو گەرووی بەیانی
پێش ئەوەی چرای خوا بکوژێتەوە
بوو بە مەدالیای خۆری ئازادی
درا لە یەخەی کچی هەژار و بەرۆکی سووری هەزاران کانی. (دەشتی، ٥، ١٩٨٠، ٨١)

لە ڕێگای چەند نیشانەیەکی وەک (خرمەی ماچ، خوێنی دڵ، مەدالیا) بەیانی حاڵی نەتەوەیەک دەکات، کە شەیدای خۆری ئازادییە، ئەم نیشانانە ((لەژێر فشاری راستەوخۆی کاریگەرییە نیشتمانییەکاندا)) (Kendall, 2006,1) لە دایکدەبن و لە یەخەی کانییە سوورەکان دەدرێن. کانی سوور ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ بەردەوام بوون و تێکۆشان و دەبێت بە هیوا بۆ کچە هەژارێک. خۆری ئازادی ئایکۆنە بۆ رزگاری و رۆژێکی نوێ.

(خەلیل محەمەد دهۆکی) شیعری (پالەکێ خوڕاگرتی دبیتە چرایێ رێکا تاری..):

ئەز پالەمە..
بارێ من تەڤ جارا خەمە..
مەڕا من بو زلە چاڤێت
تەڤ دوژمنا..
کێر و چەقوک و کەلەمە..
بزاڤا من یا هەر دەمە..
هەر یا فەرە
خو هوشیار کەین..
زولم و ستەم کارێ راکەین..
لەوڕا من دڤێت

گورگ و ریڤیا راتەقینم
شێر و پلنگێت مەیدانا،
ڤەزڤرینم گێرێ دیسا
کەو و کەڤوک و تڤیرکا،
ژ مشەختبونێ ڤەگەرینم
جارەک دی هێلین و لیسا... (دهوکی، ٧، ١٩٨١، ٩٥)

لەم شیعرەدا دەنگی پاڵەی وڵات بەرز راگیراوە و دەخوازرێت بەرامبەر بە نادادپەروەری دەنگیان زوڵاڵ بێت و بەرەنگاری ستەمی ستەمکاران ببنەوە ((لەنێوان وشە و بیردا، گرنگی گەورەیی شیعر دروست دەبێت)) (Sutton-Spence, 2005, 26).

لەم شیعرەدا چاوی زل ئایکۆنی نیشانەیە بۆ دوژمنان، بە خەباتی نەپساوەی رەنجدەرانی وڵات، (کەو و کەڤوک و تڤریک) بەرەو هێلانە دەبنەوە، هێلانە و لیس ئایکۆنی نیشانەیین بۆ نیشتمان، واتە کوردستان. کەو، کەڤوک و تڤیرک ئایکۆنی نیشانەیین بۆ کوردستان، بە تایبەتی کەو.

(شێرکۆ بێکەس) شیعری (بەیتی ئاگر):

کەژاوەی ئێوارەی نەورۆزی
سەوز هات
هێشتا خۆر چەند رمێ
بەرزتر لە کەنار خۆرنشین،
وەک دەمی تەندورێ ئەسووتا
شار کڕبوو. بێ دەنگی ی گۆمێک بوو
زۆر سامناک
هەر کە خۆر یەک دوو ڕم
چووە خوار
ئەنگۆرە دەرکەوت و تاریکی ی،
حوچێ بوو بازی دا و بە گوڕ هات.
ئەوساتە بێ دەنگی ی تەقیوە..
لەناکاو.. لە جیاتی دوو ئاگر،
هەزاران ئەستێرەی ئاگر و،

مانگ لەسەر، سەربانی

شار هەڵهات. (بێکەس، ٨، ١٩٨٢، ٦٥)

شاعیر ئەم شیعرەی ناوناوە (چیرۆکە شیعر بۆ نەورۆز). بیست و چوار لاپەڕەی گۆڤارەکەی بۆ تەرخانکراوە. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەم دەقە یەکێکە لە شیعرە هەرە دەوڵەمەندەکان لە بواری هونەری ئایکۆنی (لێکچوو، هێما، نیشانە). ئەوەی ئێمە ئاماژەمان پێداوە، تەنیا نموونەیە، ئەگەرنا دەقەکە پێویستی بە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە.

(ئێوارەی نەورۆز، گڕ، ئەستێرەی ئاگر)، ئایکۆنی نیشانەیین بۆ بەرەنگاری و رووبەڕووبونەوە و راپەڕین. نەورۆز بۆ کورد، رۆژی ئازادی و سەرکەوتن و خۆناساندن و خوێن و جۆشدانی خەبات و هەڵوێستە، بۆیە هەمیشە کورد ئەم رۆژەی بەرز راگرتووە و بەبێ یادکردنەوە تێنەپەڕیوە، نەورۆز هەم ئایکۆنی هێمایە، هەم ئایکۆنی نیشانەیە بۆ رۆژێکی نوێ لە رۆژژمێری کورددا. بلێسە و مەشخەڵ بوونەتە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ کاوەی ئاسنگەر، لە هەر شوێنێک کاوە و پەیکەرەکەی هەبێت، پێویستە مەشخەڵ هەبێت، نەورۆز بێ دەنگی شار دەشکێنێت و دەبێت بە کوانوی هوشیارکردنەوە و بەرەنگاربوونەوە.

(موئەیەد تەیب) شیعری (ستران و بەفر و ئاگر):

نە ئەزبەنی..

نەکە کەنی

وەلاتێ من بەفرە.. بەفرە و

کەنگێ بەفر بویە تەنی؟! (تەیب، ٨، ١٩٨٢، ٧٦)

بەفر ئایکۆنی نیشانەیە بۆ جوانی، روونی، زستان، رووناکی، ساردی، ترس، رۆشنبوونەوە، کوردستان، چونکە بەفر((هۆکاری بەهێزکردنی روحە)) (boksidan.net). شاعیر بەفر دەکات بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ وڵات و داوا لە ئەزبەنی دەکات نەگری، چونکە بەفر چۆن دەبێت بە تەنی. تەنی ئایکۆنە بۆ رەشایی.

لە بەشێکی تردا دەڵێت:

وەلاتێ من خوین و کەڤی

کێ گوتی یە.. تویێ کەتی

یان دێ کەڤی

گەر تو کەتبای

چەوا... گەمی دا ب روویبارادا هێنە خار

چەوا... رۆژا مە دا هەلێت و ئاڤا بیت

بیتە سپێدە..

بیتە نیڤرو..

بیتە ئێڤار

چەوا... شێرێت تە داخورن

چەوا... شڤان دابلویلێت خو هەلکرن

چەوا... پەراسی دا دلێ من ڤەکرن؟!! (تەیب، ٨، ١٩٨٢، ٧٨)

(گەمی، شێر، شڤان)، ئایکۆنی نیشانەن بۆ پاراستن و بەرخودان و سەرهڵدان. لەم شیعرەدا نیشانەکان راستەوخۆ گوزارشت لە خودی بەرەنگاری و بەخشینی هیوا دەکەن.

(مارف عومەر گوڵ) شیعری (شاخی سەرسەختان):


هەر چاوەڕێم دەس بۆ لووتکەی چیا بەرم، دارستانی رەنگاورەنگ بێ

هەر چاوەڕێم لە پێشوازیی کەژاوەکەی سەربەستی دا راوەستم و

گوڵاڵەی سوور،

بەسەر نەوەی ئەم سەردەمە تووڕەیەدا ببەشمەوە. (گوڵ، ١٢، ١٩٨٣، ٤٤)

گوڵاڵەی سوور ئایکۆنە بۆ خەبات و قوربانیدان، شاعیر (لوتکەی چیا، گوڵاڵەی سوور، نەوەی نوێ)ی کردۆتە سێگۆشەی بەخشینی مانا و لە رێگەی ئەم سیانەوە هێزی قوربانی و بەرەنگاری دەناسێنێت و دەیانکات بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ ئامانجێک، کە بریتییە لە کەژاوەی سەربەستی.




هەروەها دەڵێت:

ئەوانەی وا پاچ و بێڵیان هەڵگرتووە
ملی ڕێ یان بۆ سەرچاوە گرتووە
ئەوان دەڕۆن،
لەسەردەمی ماندوێتیشدا منیان لەبیرناچێتەوە
جار جار دێنە سەر مەنزڵی ئەرخەوانی سووری قۆڵم
ئەوانە وا لە پاڵ شاخی سەرسەختانا
بنەوانێک بۆ ئەم وەرزە تینو و وشکە هەڵدەبەستن. (گۆل، ١٢، ١٩٨٣، ٤٧)

وشەکانی پاچ و بێڵ ئایکۆنی نیشانەن بۆ هێزی بازووی ڕەنجدەر و کرێکاری ستەمدیدە و خەباتی چینی چەوساوە، پاچ و بێڵ ئایکۆنی نیشانەیین بۆ تێکۆشانی چینی کرێکار و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان، بوونەتە ئایکۆنێکی هێمایی جیهانی بۆ ئەو چینە.

(کاکەی فەللاح) شیعری (لە زمان هەڵۆیەکی برینداره‌وه):

سلێمانی!
قۆچەکەی ڕۆژی قوربانی
شاری وەیشوومە و ڕەشەبا
لەو ڕۆژەوە
هەوری چاوی هەردوو چامەی
نالی و سالم
لەم وڵاتی شارەزوورە
بارانێکی ڕەهێڵەیە و
لە خۆشکردنەوە دوورە
لەو ساتەوە
هەڵۆیەکی بریندارم
لەم چیا بۆ ئەو چیا
خۆم ئەگێڕم
لە دەوری سەری ئەم شارە
بێ قەرارم. (فەللاح، ١٢، ١٩٨٣، ١١٩ و ١٢٠)

شاعیر سلێمانی بە شاری ڕەشەبا دەناسێتەوە. ڕەشەبا بۆتە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ سلێمانی، شاری ڕەشەبا لە لایەک نیشانەی نەسرەوتن و بزاوتنە، لە لایەکی دیکەشەوە نیشانەی ستەم و کاولکاری و ڕاماڵینە بە بێ جیاوازی، هەروەها نیشانەی ڕەشبگیرییشە، بۆیە پەیامی نالی و

سالم، پەیامی هەستانەوە و تۆڵەیە، هەروەها هەڵۆ دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی نیشانەیی بۆ هێز، ئەگەرچی هەڵۆی ئەم شیعرە زامدارە، بەڵام لە فڕین نەکەوتووە و وێڵە بەدوای ئازادی و ژیان.

(جەمال غەمبار) شیعری (چرا):

ئەیانەوێ سەرت ببڕن،
هەر چەند ئەکەن،
ناتوانن کاسەی ئەو سەرە چیایی یەت
لە لەشت جیابکەنەوە...
ئەو هەڵۆیانەی لە دڵتا
باروبارگەیان خستووە
شەوان کە خەو پێڵووەکانی شار قورس ئەکا
سنووری ئاواییە دوورەکان
بە پێ ئەبڕن
ئەبنە ژیلەمۆی دڵی شەو...
لە دارستانێ تاریکا،
چرای تۆڵە
بۆ چەند ملیۆن درەختی سەوز پێ ئەکەن. (غەمبار، ١٢، ١٩٨٣، ١٣٩ و ١٤٠)

لەم دەقەدا جۆرەکانی ئایکۆن ئاوێتەی یەک دەبن، چیا ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کوردستان و هەڵۆش ئایکۆنی هێمایە بۆ پێشمەرگە، شار چاوەڕوانی هەڵۆیە، کە چرای تۆڵەی هەڵگرتووە و سنووری ئاواییە دوورەکان دەبڕێ و دەبێ بە ژیلەمۆ و چرای تۆڵە دادەگیرسێنێت، ژیلەمۆش دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ رووناکی و رۆشنایی.

(عەبدولرەحمان مزوری) شیعری (پەنجەرک):

تۆ باش بنێرێ ئەزبەنی
چ سەربلندە دکەت کەنی
ئەز دبینم
لهنداڤ سەرێ من چار پەری
چەرخا ددەن و د زڤڕن
جار ئێکودو هەمبێز دکەن،

جار دفڕن
کارێ وان لەیز و دیللانە و
ماچیکردن
هو دبینم
هەر چار پەری راست بونە ئێک
هەر بلند بو.. بلند فڕی
وێ شاپەڕێد خو ڤەکرن
گول ژێ بارین
تەڤ گولێد خو،
بهەرچار قولاچا وەرکرن
تەڤ گولێد خو،
بهەرچار
قولاچا
وەرکرن. (مزوری، ١٢، ١٩٨٣، ١٨٨ و ١٨٩)

لە لای شاعیر چوار پەری دەبن بە ئایکۆنی نیشانە بۆ کوردستانی گەورە، گوڵ بە هەر چوار پارچەکەدا بڵاودەکەنەوە. گوڵ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ جوانی و گەشانەوە و هەمەڕەنگی، بە واتایەکی دیکە گوڵ دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ هیوا و گەشانەوە، لەو بارەدا شاعیر دەخوازێت لە هەر گۆشەیەکی چوار پارچەی کوردستاندا گوڵ ببارێت.

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعرە بیانییەکاندا

وەرگێڕان هەم هونەرە، هەم پیشە، لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانێکی دیکە، هەروەها لە زمانی دووەمدا بەڵام زمانی یەکەم زانستیەت و پایەی لەلای خوێنەران زیاترە ((هۆکاری سەرەکی بۆ بوونی وەرگێڕان، زمانی جیاوازە، کە مرۆڤ قسەی پێدەکات، لەو حاڵەتدا وەرگێڕان تاکە هۆکارە هەمە زمانی و کولتوری و عرقی ناهێڵێت)) ( (steiner, 2001, 51)، ئەمە و ((وەرگێڕان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان بۆ گواستنەوەی مەعریفە و رۆشنبیری و بیر، لەپێناوی گەیشتن بە ئاستێکی ژیاری باشتر و دەروازەیەکە بۆ ئاوێتەبوونی رۆشنبیری گەلان، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین هونەرێکە لە هونەرەکانی ژیان لەگەڵ ئەوانیتردا)) (نجم، ٢٠١١/١٠/٩)، ئەم هونەرە لەسەر چەند جۆر و شێوازێک بنیاتنراوە، بناغەکەی لە سەردەمی یۆنانی و رۆمانییەکان داڕێژراوە و

تا ئەمڕۆش بەردەوامە، وەرگێڕان یەکێکە لە سیانییەکانی بیری مرۆڤایەتی، هەر سێکیان بریتین لە ((زمان، نووسین، وەرگێڕان)) (شعیب، ٢٠٢١، ١٣).

پێش سەردەمی میرنشینەکانیش کورد پێویستی بە وەرگێڕان بووە، بەڵام وەک دەق لەگەڵ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی (کوردستان-١٨٩٨)دا، مێژووی نووسین و ئەدەبیاتی کوردی بە وەرگێڕان ئاشنا بووە، بەڵام بە دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩) هونەری وەرگێڕان کەسێتی هونەریی خۆی بەهێزتر کردووە، لەگەڵ هەڵکشانی رۆژگاردا، ئەو هونەرەش لە لای کورد پێگەی خۆی بەهێز و فراوان کردووە.

گۆڤاری (نووسەری کورد) لە خولی یەکەم و دووەمیدا کۆمەڵێک دەق و بابەتی وەرگێڕدراوی بڵاوکردۆتەوە، کە زۆربەیان لە زمانی یەکەم وەرگێڕدراون و وەرگێڕەکانیش ناوی دیار و ناسراون لە کایەی ئەدەبی کوردیدا.

(نازم حیکمەت) دەڵێت:

زووا درەنگە
چاوم پڕکە لە روناکی. (حیکمەت، ٩، ١٩٧٣، ١٢)

روناکی دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ ئاسۆیەک، کە مرۆڤ چاوەڕێی دەکات. بەڵام شاعیر دەخوازێت، ئەو روناکییە زوو بینایی رووناک بکاتەوە و درەنگ نەکەوێت. ئەم شیعرە عەزیز گەردی بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.
(تۆبۆن) سڵ لە تێکۆشان ناکاتەوە و بە خوێن دیوار دەچنێت:

من و هەڤاڵەکانم
بە خوێنمان، دیوارێکی ئاسنین، ئەچنین
تا بەربەستی ئەو رێگایە،
لە روی ئەو سەرشێتانەدا بکەین
کە لە رۆژئاواوە شالاویان بۆ هێناوین. (تۆبۆن، ١١، ١٩٧٣، ٢٧)

ئایکۆنەکانی نیشانەیی لەم دەقەدا بریتین لە: خوێن، دیواری ئاسنین، کە نیشانەن بۆ بوونی ستەم و مەترسی زۆر گەورە، بۆیە لە پێناوی پاراستنی گیان و سنوور و ئازادی، پێویستە خوێن ببەخشین و بە خوێن دیوارێکی ئاسنین درووست بکەین. شاعیر وەک خاوەن ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی و چەپگەرایی، بۆ پاراستنی خاک و بەرگرتن لە شالاوی رۆژئاواییەکان، داوا دەکات دیواری ئاسنین بە خوێن دروستبکرێت. دیواری ئاسنین ئایکۆنە بۆ

بەرگری و بەرەنگاری. سەرشێتەکان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ رۆژئاواییەکان، واتە بلۆکی سەرمایەداریی. ئەم شیعرە مەحموود زامدار بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

(خوسرەوی گوڵسروخی) شیعری (کوا سووریی هاوارەکانی بابەکی خوڕڕەم):

خامۆشی بەسەر دڵی ئەم هێلانەدا کشاوە
ئای!! ئای!! کوا ماڵێکی هێمن؟
کوا خانوویەکی تر؟
کوا سووریی هاوارەکانی بابەکی خوڕڕەم؟
کوا کاوەی ئازادیی رۆژگارێکی تر؟ (گوڵسروخی، ٢، ١٩٧٩، ٣٨)

((بابەکی خوڕرەم، یان خوڕەم دین، لە سەردەمی مەئمون و موعتەسەمدا لە ئازەربایجان دەستی بە خۆپیشاندان و بەرخودان کرد دژی ستەم و نادادپەروەری)) (نفیسی، ١٣٩٥، ١٠-٢٧) ئایکۆنی نیشانەیی و هێمایی لەم دەقەدا بریتین لە: (هێلانە، بابەکی خوڕەم، کاوە)، شاعیر بەدوای ماڵێکی هێمن و خانوێکی دیکە وێڵە، ئەمانە ئایکۆنی نیشانەیین بۆ شوێن، شوێنیش نیشتمانە، ئەو دەیەوێت نیشتمان ئاسوودە و دووربێت لە شەڕ و نائارامی. بابەکی خوڕەمی ئایکۆنە بۆ شۆڕش.

لە کۆپلەیەکی تردا، دەڵێت:

ئێمە لەناو ئاگر و خوێنا گۆش کراوین
سەیری دەستمان بکە..
ئێمە بە باوەڕی گۆشت و گوللە و مەرگەوە
پێغەمبەرانی رووتی رەنج و ئازارین..
سەیری دەستمان بکە... ئێمە ئەوانین. (گوڵسروخی، ٢، ١٩٧٩، ٣٩)

(ئاگر، خوێن، پێغەمبەرانی رووتی رەنج) دەبنە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەم و زۆرداری، لەو پێناوەشدا ماڵوێرانی و ئازاریان چەشتووە و قوربانیان داوە، دەستیش دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ رەنجدان و قوربانیدان. ئەم شیعرە ئەنوەر قادر محەمەد بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

(فەدوا تۆقان) شیعری (ئازادی):

من تێدەکۆشم و ناوەکەی
لە زەوی، لەسەر دیوار و دەرگاکان

له ڕۆژهەڵاتی ماڵەکان
له پەیکەری مریەم و مێرابدا
له ڕێ و بانی کێڵگەکاندا
له هەموو بەرزایی پێکا
له هەموو نشێو و پێچ و شەقامێکا
له بەندیخانه و زیندانی ئەشکەنجه
له داری سێداره
هەڵدەکەنم. (فەدوا تۆقان، ١٢، ١٩٨٣، ١٤٢)

وشەکانی (زیندانی، ئەشکەنجه، سێداره)، ئایکۆنن بۆ ستەم و دەستگیرکردن و کوشتن، مریەم و مێرابدا ئایکۆنی ئایینی مەسحییەتن. ئەم شیعره مومتاز حەیدەری بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوه.

(نازم حیکمەت) شیعری (بۆ نووسیارانی ئاسیا- ئافریقا):

ئەوەی لەم سەر زەوی یه دیله،
تەنیا وڵاته،
تەنیا مرۆ.
تا گەواڵه هەورێکی به ئاتۆم به ئاسمانەوه بمێنێ
دەبێ شیعرەکانمان سەروەت و سامانیان،
ئاوەز و بیریان، ڕۆح و گیانیان، هەرچی یان هەیه و نیه،
به ئازادیی گەورەی بدەن. (حیکمەت، ١٢، ١٩٨٣، ٥٥)

شاعیر له ڕێگای چەند ئاماژەیەکی ئایکۆنی پەیامی شیعر بەیان دەکات، پێویسته خەبات و پەیامی شیعر بەردەوام بێت، تا ئەوکاتەی گەواڵه هەوره به ئەتۆم داپۆشراوەکان بەری ئاسمانی وڵات بەر دەدەن، ئەتۆم ئایکۆنێکی نیشانەیه بۆ وێرانکاریی و له ناوبردنی مرۆڤ و نیشتمان. شاعیر دەخوازێت هەرچیمان هەیه به گەورەیی ئازادی بدەین، واته ئامادەبین بۆ قوربانی و تێکۆشان. ئەوەی شاعیر نیشانی داوه، که بریتییه له گەواڵه هەورێکی به ئاتۆم ئایکۆنێکه بۆ جەنگی لەناوبردنی مرۆڤ، واته جەنگی ئەتۆمی. ئەم شیعره شوکور مستەفا بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوه.

# پاری دووەم

# ئایکۆنی بەرەنگاری لە پەخشاندا

بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی گۆڤاری نووسەری کورد لە خولی یەکەم و دووەمدا، پێگەی ئەدەبی بەرەنگاریی و هونەری ئایکۆنمان بۆ روونتر دەبێتەوە.

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە چیرۆکە کوردییەکاندا

(حسێن عارف) چیرۆکی (رووی کردەوە شاخ):

باس لە رقی هاوڵاتی بەرامبەر بە دەسەڵات دەکات، بە تایبەتیش هەڵسوکەوتی سەیتەرەکان، کە چۆن خەڵک دەپشکنن و بێزاریان دەکەن. وشەکانی (سەیتەرە، پشکنین، قاچاغ) ئایکۆنن بۆ دەسەڵات و وڵاتێکی داپلۆسێنەر، لە بەرامبەردا هێزێک هەیە، کە هاوڵاتییە ناڕازییە و هەڵوێستی دژە دەسەڵاتە. دەسەڵات لە سەیتەرەکاندا بە دوای (شەکر، چا، رۆن، برنج) دەگەڕێت، کە بۆ یاخیبووەکانی دەبەن، لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا لاوێکی خوێن گەرم هەیە ((تەووژمی خوێن)) (عارف، ١، ١٩٧١، ٤٠)، ئایکۆنە بۆ تووڕەیی و رق و رازی نەبوون بە دۆخەکە، کە بریتییە لە ستەم و نادادی.

لاوەکە بە جۆرێک لەو هەڵسوکەوتە پڕ ببوو لە رێگا بە شوفێرەکەی گوت: ((براله بوەسته من دائەبەزم!. مەردمەکە دڵیان داخورپا! ... بۆ لێرە دائەبەزیت؟! کەی ئێرە جێگای دابەزینە؟. روو ئەکەمەوە شاخ)) (عارف، ١، ١٩٧١، ٤٥).

لەم دیالۆگەدا ئایکۆنی نیشانەیی روونتر دەبێتەوە، کە بریتییە لە هێزی بەرەنگاری و شۆڕش، بوونی شاخ و پێشمەرگە، دابەزین لە شوێنێکی نادیاردا، کەواتە ئەو پشتی بەهێزێک بەستووە،

لەو ناوەن، ئەو هێزەش پێشمەرگەیە، کە بۆتە ئایکۆنێک بۆ پشت و پەنای ئەو کەسە، پێشمەرگە و شاخ دوانەی بەرخودان و شۆڕشن بۆ کورد و خەڵکی کوردستان، دەبن بە ئایکۆنی نیشانەیی و هێمایی بۆ ژیان و هیوا و ئازادی.

(محەمەد سدیق مەحمود) چیرۆکی (قسەی ئەوبوو):

پاڵەوانەکەی ناوناوە حەمەتاڵ، گەنجێکی ئازا و بە جەرگە، لە نەبەردێکی پێشمەرگانەدا شەهید دەبێت، کە لاشەکەی بۆ مزگەوت دەبەنەوە، مەلا دەڵێت: ((هەتا ماون شانازی ی بە قارەمانێتی ئەو برازایەتانەوە بکەن.. ئەو جەسووری و پاڵەوانێتی یەی.. ئەوی شەهید... لەم شەڕەی ئەمڕۆدا نواندوێتی.. مەگەر هەر بە داستان بگێڕرێتەوە... بۆ خۆی هیچ.. بەڵام بۆ ئێوە و نەتەوەکەی .. بۆ هەمووومان.. مایەی سەربەرزی و نەمری یە.. بە راستی رۆڵە بوو)) (مەحمود، ٣، ١٩٧١، ٥٤).

رۆڵە دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ ئازایەتی و جەسووری، کە قارەمان بووە بەرامبەر بە دوژمنان، قارەمان لە شەڕدا سەردەکەوێت، یاخود شەهید دەبێت، شەهیدبوونەکەی قارەمانێتییە و دەبێت بە ویردی سەرزمانی خەڵک و وەک ئایکۆنێکی نیشانەیی بەرەنگاریی ئاماژەی پێ دەدرێت.

(ئەنوەر جاف) چیرۆکی (تۆڵە):

پاڵەوانەکەی ناوی حەمە نوری یە و پێشمەرگەیە، لە رۆژی جەژندا سوپا بەسەر ماڵی حەمە نوری لە شار دادەدەن، وا دەزانن بەو بۆنەیە کوڕەکەیان هاتۆتەوە ناوشار، ئەویان دەستناکەوێت، برایەکەی بە دارتووی حەوشەکەیان شەتەک دەدەن و دەیکوژن، حەمەنوری، کە هەواڵەکە دەزانێت دەچێتەوە ناو شار، تا ئەو ئەفسەرە بدۆزێتەوە، کە بڕیاری دابوو نەریمانی برای گوللەباران بکرێت، ئەگەر ئەوی نەدۆزییەوە، تۆڵە لە خەڵکیتر بکاتەوە، کە سەر بەحکومەتن. ئەو لەو خەیاڵانەدا دەبێت، سەرلق فەرمانی پێ دەکات، کەسێک دەستگیر کراوە، بیبات بۆ بەندیخانەی ماوەت، دوای ئەوەی فەرمانەکەی جێبەجێدەکات، هەوڵدەدات زوو بگەڕێتەوە، تا بچێتە ناو شار و تۆڵە بکاتەوە. حەمەنوری، کە هەواڵی کوشتنی نەریمانی برای دەزانێت، دەگاتە ئەو ئەنجامەی، ((هەر ئەو شەوە خۆی بکاتەوە بە شاردا و وەک مەرگ بگەڕێت بە شوێن ئەو ئەفسەرە تاوانکارەدا و هەمان ئاگر و دووکەڵ بکات بە ناو سکیا)) (جاف، ٣، ١٩٧١، ٥٦).

لەم چیرۆکەدا وێنەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشەر خەیاڵی خوێنەر بۆ تۆڵەکردنەوە دەبات، حەمە نوری دەزانێت برایەکەی شەهید کراوە، بەڵام لە ڕێگا وەک دیل، مامەڵە لەگەڵ کەسەکە دەکات و بە سەلامەتی تەسلیم بە شوێنی مەبەستی دەکات، کە بەندیخانەی ماوەتە، ئەو دەیەوێت لە شار تۆڵەی برایەکەی بکاتەوە. ئەم وێنەیە، نیگارێکی جوانی ڕەوشتی شۆڕشگێرانەیە و دەبێت بە ئایکۆنێکی تیشکهاوێژ لە ناو شۆڕش و سەنگەری بەرەنگاربوونەوەدا، ئەو پێشمەرگەیە وەک ئایکۆنێکی هێمایی و نیشانەیی بۆ تێکۆشان و نموونەیی خۆدەنوێنێت و ئامادەنییە لە جێگای برایەکەی تۆڵە لە دیلێک بکاتەوە و بیکوژێت. ئەمە و ئاگریش ئایکۆنی نیشانەیە بۆ تۆڵەکردنەوە.

لە ژمارە (١٢)ی گۆڤاری (نووسەری کورد)، خوولی یەکەمدا، کە لە شاخ دەرچووە، دوو چیرۆک بڵاوبۆتەوە، ژینگەی هەردووکیان ژیانی پێشمەرگایەتییە. چیرۆکی یەکەم لە نووسینی: (حەمەکەریم هەورامی) یە، بەناونیشانی: (شانۆیەکی بێ سنور و ئارەزووی برینێکی گەش)، کە شەش لاپەڕەی گۆڤارەکەی بۆ تەرخانکراوە، لەو شەش لاپەڕەیەدا پێنج لاپەڕە خەون و خەیاڵی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، کە پێشمەرگەیە، بە گەڕانەوەی بۆ کاتێک، کە هێشتا بریندار نەبووە، چیرۆکنووس بە شێوەیەک ڕووداوەکانی ئاڵۆزکردووە، تەنیا لە دوو پەرەگرافی کۆتاییدا خوێنەر تێدەگات، کە مەحمود پێشمەرگەیە و بریندار بووە، ((مەحموود.. مژدەبێ برینەکانت مەترسیان لێ ناکرێت.. گوللەکانمان بە ئاسانی دەرهێنا. (دەستێکی بە لاقە بەسراوەکەیا خشان)..

– خۆت مەبزوێنە..

– (بە توندی) دوکتۆر.. چەکەکەم.. سەنگەرەکەم.. هەڤاڵە پێشمەرگەکانم..

– چەکەکەت لای خۆمە.. چەند ڕۆژێکی تر نابات ئەگەڕێیتەوە ناو سەنگەرەکەت)) (هەورامی، ١٢، ١٩٧٥، ٤٢)، ئەمە ئاماژەیە بە هێزی بەرەنگاری خودی پێشمەرگە وەک تاک، دواجار کورد، کە گوزارشت لە نەتەوەیەک دەکات، هەمیشە بیری لای خەبات و بەرەنگاری و چارەنووسی دۆزەکەیەتی.

لەم چیرۆکە و چەندان چیرۆکی دیکەدا پێشمەرگە ئایکۆنی هێمایە بۆ بەرەنگاری و تۆڵەکردنەوە و شەهیدبوون، هەروەها چەک دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ بەرەنگاری و بەرخودان و خۆپاراستن.

بەم شێوەیە کۆتایی بە چیرۆکەکە هاتووە، مەحموود ((هەستی خۆی راگرت: لەوبەر شاخەکەوە دەنگی تۆپە قورسەکانی پێشمەرگە ئاسمانی کوردستانیان کەڕ کردبوو، لەبەرخۆیەوە ووتی: گیان .. ئەوە دەنگی شایی لە دایک بوونی من و دڵدارەکەمە.. چاوێکی بڕیە گڕی چراکەی تەنیشتی وەک بە خوێن بسووتێ سوور هەڵ گەڕابوو.. تەنیا سەر لووتکەی گڕەکەی نەبێ جاروبار بە هاژەی رەشەباکەی دەرەوە ئەجولایەوە، ئەوی تری وەک لیرەیەکی سوور ئەدرەوشایەوە)) (هەورامی، ١٢، ١٩٧٥، ٤٣)، سوورهەڵگەڕان ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ بەخشینی خوێن و هێزی بەرەنگاری و بەردەوام بوون لەسەر ئەم قوربانیدانە لەپێناو مەسەلەیەکی رەوادا، شایی دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ بەیەکگەیشتنی دوو دڵدار.

چیرۆکی دووەم لە نووسینی: (رەئوف بێگەرد)ە، بەناونیشانی (هەنگاوێک لە رێگای دوورا). بە کۆ قسە دەکات و رەخنە لە دۆخی ئەوێ رۆژێی ژیانی پێشمەرگایەتی دەگرێت ((ئێمە حەوت پەراسومان لە خەڵک زیاترە، پەراسوەکانیش پۆڵای چەماوەی چەکوشی کاوەن و لە ئاگرەکەی زەردەشتا سوور کراونەتەوە. ((هەزاران ساڵە ئەم ئاگر و چەکوشە لە کاردان، تا ئێستا نە دەزوویەکی قرچۆکیان سوتاند و نە تەلێکی باریکی ژەنگداریان چەماندەوە)). (بێگەرد، ١٢، ١٩٧٥، ٥٨)، لە شوێنێکیتردا روونتر و بەبێ هانا بردن بۆ هێمای تەمومژاوی رەخنە دەگرێت، ((دە ساڵ پێشمەرگایەتی، دە سەر خێزان، مانگیش دە دینار، دوو دەیی خشتن. ئەویش خۆی و خێزانەکەی، حەفتا دینار، سێ مانگیشە هاتوە). (من و ئەم بەردە کوجا مەرحەبا.. توخوا سیانزە دینارەکەی ئەولام، باشتر نەبوو)) (بێگەرد،١٢، ١٩٧٥، ٥٩).

ئەوان رێگایەکی دووریان لەبەرەو، بەردەوام هەنگاو داوێن، ((رێگا دوورە. کەمێک سڵەمیەوە، لە جێگاکەیدا وەستا. هەناسەیەکی پڕ بە سی یەکانی وەرگرت، وەک بەزیوی زۆران بازیەکی سەخت کە بەناچاری دەستی خۆ بە دەستەوەدانی پێ هەڵ ئەبڕن، ئەویش بە دەنگی بەرز ووتی: هەر دوور نی یە.. سەختیشە)) (بێگەرد،١٢، ١٩٧٥، ٦٢).

رێگای دوور، ئەگەر گوزارشت بێت، لە خەباتی درێژی پێشمەرگایەتی، ئەوە ناخۆش کراوە بە نائومێدی، پاڵەوان بە جۆرێک بێزارە دەڵێت: ئێمە پەراسومان لە خەڵکیتر زیاترە، بەڵام ئایکۆنێکی هێمایی ناسراوی وەک کاوەی ئاسنگەریش لەبیر ناکات، پەراسوەکانی ئەوی پێشمەرگە بە پۆڵای چەکوچی کاوەی ئاسنگەر دەچوێنێت، کە لە ئاگرەکەی زەردەشتدا سوور کراوەتەوە، لێرەدا زەردەشتیش وەک پەیامبەری کرداری چاک دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی، لە چەشنی ئایکۆنی هێمایی (مەسیح)، کە لە کڵێسە و پەرستگاکاندا هەڵواسراوە.

(فەرەیدون عەلی ئەمین) چیرۆکی (بۆ کوندەپەپوو نابرێت بۆ سەیران):

ئەم چیرۆکە بۆ منداڵان نووسراوە: ((چۆلەکە: تۆ کەیفی خۆتە، بەڵام ئێمە بشمانکوژن وڵاتی خۆمان بە جێ ناهێڵین، هاوین و پایز، زستان و بەهار ئەمە شوێنمانە، لێرەدا ئەژین، لێرەشدا ئەمرین)) (ئەمین، ٣، ١٩٨٠، ٤٩)، چۆلەکە بەم شێوەیە ئاکاری ناشیرینی کوندەپەپوو دەخاتەڕوو، ((چۆلەکە: کێ؟! کێ؟! نا... نا... کاکی خۆم ئەو بە سەیرانی وا دڵی ناکرێتەوە! سەیرانی ئەو کەلاوەیە، خانووی رووخاوە، دڵی بە وێرانە ئەکرێتەوە، ئەو حەز ئەکات خانوو نەمێنێ هەمووی ببێ بە کەلاوە)) (ئەمین، ٣، ١٩٨٠، ٥١).

دوو ئایکۆنی دژبەیەک لەم چیرۆکەدا هەن، کە هەر یەکێکیان گوزارشت لە دوو دۆخی جیاواز دەکات. چۆلەکە ئایکۆنێکە بۆ پەیوەست بوون بە زێدەوە، بە پێچەوانەوە کونەپەپو ئایکۆنێکە بۆ وێرانی و لەناوچوون.

(جەلال مەحموود عەلی) چیرۆکی (شا دار گوێزەکە):

بە کەرستە و رووداو و پاڵەوانەکانی دیارە، ئەم چیرۆکە بۆ منداڵان نووسراوە: ((زریانە شێتە تووڕە بوو، کردی بە باوباران و تۆفێک ئەوسەری دیار نەبێت، بەڵام هەر زوو دار گوێزەکە خۆی بۆ ئامادەکردبوو، ئەیزانی بیانووی پێ ئەگرێت. بە دەم قاقای پێکەنینەوە، زریانە شێتە گەڵای بەدارەوە نەهێشت، رووی تێ کردن و چڵ لە دوای چڵی دارگوێزەکەی شکاند و خستیە سەر زەوی، بەڵام نەیتوانی قەدی دارەکە بشکێنێت)) (عەلی، ٣، ١٩٨٠، ١٠٠)، بەڵام ((بەهار هاتەوە، تیشکە زێڕینەکەی رۆژ دای لە دارەکان، وردە وردە بووژانەوە. شا دارگوێزەکەش چرۆی تازەی دەرکردەوە و چرۆ بوو بە چڵ و چڵیش پەلی هاویشت و گەڵای تازەی دەرکردەوە)) (عەلی، ٣، ١٩٨٠، ١٠٠).

زریان ئایکۆنە بۆ داگیرکاری و هێرشی دوژمن، کە بە زریانە شێت وەسفی کردووە، بەڵام ناتوانێت، رەگی قەدی دارەکان بشکێنێت، قەدی درەختەکان رووبەڕووی ئەو دۆخە کاولکارییە دەبنەوە، کە زریان درووستی دەکات، بەهار دێت دارگوێزەکە چرۆ دەکاتەوە و گەڵای تازە دەکات، کەواتە بەهار دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ دۆخ و وەرزێکی مژدەبەخش و ژیانێکی نوێ. ئەمە و پێویستە ئاماژەش بەوە بدرێت دارگوێز دەبێت بە ئایکۆنێک بۆ شۆڕش.

(رەئوف بێگەرد) چیرۆکی (ئەفسانەی رێگای هات و نەهات):

((موراد پیاوێکی باڵابەرزی کامل بوو، وەک خۆی ئەیووت: لە هەندەرانەوە هاتووە و گەلێک ووڵات و خەڵکی سەیری دیوە)) (بێگەرد، ١، ١٩٧٩، ٧٦). ئەو ((هەواڵی کار و ژیانمانی ئەپرسی،

نەبوو لە ناوچەکەدا ناوی موراد نەزانێت. بە تایبەتی لاوەکان تەواو بوبوونە هۆگری و لە هەموو لایەکەوە بۆ گوێ لێ گرتن و فێربوونی دەهاتن)) (بێگەرد، ١، ١٩٧٩، ٧٦).

چیرۆکنووس بە روونی چیرۆکی رێگای هات و نەهاتەکەی بەیان دەکات، کە ئەمجارە رێگایەکی نوێ دەگرنەبەر، ((موراد رێگا نوێ یەکەی لەبەرگرت، کە هێشتا ناوچەکە پیا تێ نەپەڕی بوون)) (بێگەرد، ١، ١٩٧٩، ٨٤).

دەکرێت موراد سەرکردەی یەکەمین دەستەی شۆڕشی نوێ بێت، کە روو دەکەنەوە شاخ، پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لە شەهید (ئارام) دەکات. ئارام (شاسوار جەلال) نووسەر و رۆژنامەنووس و سیاسی بوو، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان و دوای هەرەسی ساڵی (١٩٧٥) سەرکردەی یەکەم دەستەی چەکداری شۆڕشی نوێی کردووە. رۆژی (١٩٧٨/١/٣١) لە گوندی تەنگیسەر لە ناوچەی قەرەداغ سەربە پارێزگای سلێمانی شەهید دەکرێت.

لەم چیرۆکەدا موراد ئایکۆنی نیشانەیە وەک رێکخەر و سەرکردەی شۆڕشکردنەوە و بەرگری و بەرەنگاری، رێگایەکی نوێ ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ شۆڕشی نوێ لە باشووری کوردستاندا.

(رەئوف بێگەرد) چیرۆکی (پەتا):

بۆ ئەوانەی لە ریزی نیشتمانی و نەتەوەیی لایان داوە، چیرۆکنووس بە (پەتا)ی ناو کۆمەڵگە ناویان دەبات و بەم شێوەیە وەسفیان دەکات ((لە تاقە درەختێکی پیر دەچم لە بیابانێکی وشک و گەرما، زەوی ئاوی لێ بڕیوم و، رەشەبایش بە هەموو لایەکدا دەمهەژێنێت، نامۆم، هەست دەکەم بەم خاک و خەڵکە نامۆم، جا چۆن هەست نەکەم!)) (بێگەرد، ٤، ١٩٨٠، ٥٣).

ئەو کەسەی بە درەختێکی بیابان وەسفکراوە، دەبێ بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ سیخوڕ و ئەوانەی زیان بە نیشتمان و نەتەوە دەگەیەنن. ئەو جۆرە کەسانە لەنێو خێزانیشدا هەست بە غەریبی دەکەن و لە منداڵەکانیشیان دادەبڕێن، ((لە هەموو شت دابڕاوم، تەنانەت تۆیش و منداڵەکانیشم. بوومەتە ئەو گۆمەی ئاوی ناچێتەسەر. تابێت زیاتر بۆگەن دەکەم)) (بێگەرد، ٤، ١٩٨٠، ٥٥).

غەریبی ئایکۆنی نیشانەیە بۆ نامۆیی و پچڕانی پەیوەندی، پاڵەوانی چیرۆکەکەی بە گورگ چواندووە ((نای زانیت، ئەزانم کە نایزانیت، بەڵام زۆر نابات ئەیبیستیت ئەوسا وا هەست دەکەیت کوڕ و کچەکەت لە گورگن)) (بێگەرد، ٤، ١٩٨٠، ٥٥). گورگ دەبێت بە ئایکۆنێکی لێچوو بەو پەتایەی لە کۆمەڵگە دەبینرێن، کە بریتییە لە درندەیی و ملشکاندنی خەڵک.

(سەلام مەنمی) چیرۆکی (کانی مام وەیس):

بە زمانێکی سادەی بێ گرێ و گۆڵ باس لە ژیانی تازەی گوندێک دەکات ((جارێکی تر قات و قڕی بەرۆکی گوندی چنارەی بەردا.. باری خواری راست بۆوە.. بەسەر رۆژگاری رەشا زاڵ بوو.. مرۆڤەکانی دەستی ماندوویان لەسەر سکی تێر دانا.. هەرەوەزی جووت دەستی پێ کردەوە... باڵندەکان هێلانەکانیان دۆزی یەوە.. ئاژەڵەکان دەمیان نا پاوەنەکان.. چیاکان بەدەم چالاکی لاوەکانەوە ئەخەنینەوە)) (مەنمی، ٤، ١٩٨٠، ١٢٨).

خەڵکی گوند بەری ئاوەکەیان لێدەگیرێت، بەڵام بەرگری لە گوندەکەیان دەکەن و بەرەنگاری داگیرکاری دەبنەوە! هێلانەی باڵندەکان ئایکۆنی نیشاییە بۆ دۆخی گوندێک، ئاوەکە دەبێت بە ئایکۆن، کە سەرچاوەی ژیان و ئاوەدانییە.

(تەها عەزیز) چیرۆکی (گرێ یەک لە دەروونی مام باپیردا):

چیرۆکنووس ژیانی مام باپیر دەگێڕێتەوە چۆن لە گوندەکەی دەریدەکەن و بە زۆر قەرەبرووی دەکەنەوە. ناوەڕۆکی چیرۆکەکە رۆژگاری گوند چۆڵکردن بە بیر خوێنەران دەهێنێتەوە، کە لە نووسینە سیاسی و رۆژنامەگەرییەکاندا بە تەرحیل ناوی هاتووە. باسێکدا (تۆفیق، فستیڤاڵی ئەدەبی بەرەنگاری، ١٩-٢٠١٣/٢/٢٢)، غەدر لەم دەقە کراوە و وەک چیرۆکێکی بەرەنگاری ئاماژەی پێنەدراوە.

ئەو ئێستا کرێکاری دەکات، ئەگەر پیری نەبوایە چۆن زەویم لێ داگیر ئەکرا و تووتن و رەزەکەم دەسوتێنرا. لەم گفتوگۆیەدا هەڵوێستی ئەو روونتر دەردەکەوێت و گرێی رووداوەکە ئاشکرا دەبێت:

((چی ئێمەی گەیاندۆتە ئێرە..؟

- کار..!

- ئەی لای خۆمان کار نەبوو..!؟

- نەما..!

- بۆ..؟

- خاک.. شەرەف.. بیروبڕوامان فرۆشت..!؟)) (عەزیز، ٧، ١٩٨١، ١٦٥).

پاڵەوانی چیرۆکەکە خاکەکەی نەفرۆشتووە، بۆیە ئەو دەبێت بە ئایکۆنی بەرەنگاری، ئەم دیالۆگە سووربوونە لەسەر مانەوە و چۆڵنەکردن و بەرەنگاری دژ بە ستەمکاری، بەڵام بە ناچاری پێیان چۆڵ کردوون. ئەو ئامادەیە لە پێناوی زەوی و ئازادی و زێدی خۆیدا گیان

بەخت بکات. خاک و شەرەف  و بیروباوەڕ دەبن بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ بەرەنگاری و بەرخودان، هەرسێکیان سێکوچکەن و پێکەوە دەبنە ئایکۆنی نیشتمانپەروەری، بە لەقبوونی یەکێکیان دانەکەی تریشیان دەڕووخێن.
((من نەمفرۆشتووە.. بەزۆر سواری ماشێنێکیان کردم و بردمیانە جێ یەکی ترەوە.. لەوێ بەزۆر پێ یان مۆر کردم و چنگێ پارەشیان ئاخنی یە گیرفانمەوە و دەریان کردم)) (عەزیز، ٧، ١٩٨١، ١٦٥)، بە زۆرەملێ دەیگوازنەوە و خاکی پێ چۆڵ دەکەن، ئایکۆنی نیشانەیە بۆ سیاسەتی (تەرحیل و تەعریب)، ئەو دوو زاراوەیە لەگەڵ زاراوەی (تەبعیس) سێ زاراوەن پێویستە دەقاودەق لەناو فەرهەنگی کوردیدا شوێنیان بۆ تەرخان بکرێت.

(محەمەد فەریق حەسەن) چیرۆکی (تارمایی یەکان):
باس لە پێشمەرگەیەک دەکات، دێتە ناوشار و شیر برایەکەی خەبەری لێ دەدات و دەستگیر دەکرێت. ئەو کەسە، واتە شیر برایەکەی دوای ئەو رووداوە لە سێبەری خۆشی دەترسێت، ((لەگەڵ تۆمە نەوزادی سپڵە.. بۆ وات لێ کردم؟.. خۆ من سەرم لە رێتا بوو.. خاکی بەرپێ بووم... بۆ لە دەمتەوە دام.. دەتەوێ کەللەسەرم بکەیتە بەردەباز و بەسەریدا بپەڕیتەوە؟. راوەستە، بزانە هاورێکانم چۆن تۆڵەت لێ دەکەنەوە.. لێ دەکەنەوە.. لێ دەکەنەوە))(حەسەن، ٨، ١٩٨٢، ١١٤). دەبێت بە ئایکۆنی بەرەنگاربوونەوە. شیر برایەکەی، کە دەبێت بە پیاوی رژێم خیانەتی لێدەکات، ئەمە ئایکۆنی خیانەتە بۆ نزیکترین کەس.
(محەمەد فەریق حەسەن) چیرۆکی (جیهانێکی تایبەتی):

هۆگر خوێندکارە و پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، لە رێکخستنە نهێنییەکانی دژ بە دەسەڵات کار دەکات. پاش دەستگیرکردنی هۆگر، پوورە حەپسەی دایکی رۆژانە لە چایخانەکانی شار ئەم پرسیارە دووبارە و چەندبارە دەکاتەوە ((ئەرێ دایکی خۆت بە سەدەقەی سەرت بێ .. کوڕێ لاوچاک، تا دەست هەڵبڕی کەڵەگەت، قژلوول. گەنم رەنگ.. رووخۆش.. بن دەستێ کتێبی پێ یە.. چاکەتێکی نیلی لەبەرەو پانتۆڵێکی بۆر. داخۆ ئەمرۆ رێی نەکەوتۆتە لات و چای لێرە نەخواردوەتەوە؟)) (حەسەن، ١٠، ١٩٨٢، ٨)، ئەو دەستگیر دەکرێت باوکی هەوڵێکی زۆر دەدات تا هەواڵی بزانێت و ئازادی بکات:

مام کەریمی باوکی هۆگر ناگات بە دوا هەواڵی کوڕەکەی، بەڵام منداڵێکی ریشۆڵەفرۆش هاوار دەکات ریشۆڵە ئەو دانەیەم ماوە، مام کەریم بە سەد فلس ریشۆڵەکە دەکڕێت و تا هێزی تێدایە هەڵیدەدات و ئازادی دەکات. گرتن و نەبوونی ئازادی، ئاماژەی بوونی دەسەڵاتێکی ستەمکار و داپلۆسێنەرە، ئازادکردنی ریشۆڵەکە، دەبێت بە ئایکۆنێکی لێچوو بۆ زیندانی و پاشان ئازادی بۆ

کوڕەکەی. ئەگەرچی ریشۆڵە رەنگی رەشە، بەڵام چیرۆکنووس تەنیا تیشکی خستۆتە سەر ئازادکردنەکەی، هەروەها دەیەوێت ریشۆڵەکە بکات بە ئایکۆنێکی نیشانەیی، کە بریتییە لە کردنەوەی دەرگای زیندان و ئازادکردن، ئەمە خواستی باوکە بۆ ئازادکردنی کوڕەکەی، کە زیندانیکراوە، بەم وەسفە بێت کوڕەکە خوێندکاری زانکۆیە، (چاکەتێکی نیلی و پانتۆڵێکی بۆر) ئایکۆنی نیشانەیین بۆ جلی ئەوکاتەی خوێندکارانی زانکۆ، ئەوسا ئەمجۆرە جلپۆشینە پێڕەو دەکرا.

(رەئوف حەسەن) چیرۆکی (ئاسۆ):

باوک پێشمەرگەیە، دێتەوە ناو شار و سەردانی ماڵەوە دەکات، ئاسۆ-ی کوڕی لە باوەش دەگرێت: ((توند بە دڵی یەوە نووساند و تێر ماچی کرد.. ئاسۆ بێزار بوو..، خۆی رادەپسکاند و توانای نەبوو.. تۆش وەخت بوو دڵت شەق بەرێ.. ریش و سمێڵە زبرەکەی لە روومەتە زۆر سپی و ناسکەکانی ئاسۆ دەچەقی.

ئاسۆ لە دایکی دەپرسێت: ((هەموو شەوێ باسی باوکمت بۆ نەدەکردم؟! خۆت نەت وت ئێستا باوکت توندوتۆڵ خۆی پێچاوەتەوە.. لەسەر لووتکەی چیاوە بەرەو شار دێت)) (حەسەن، ١٠، ١٩٨٢، ٣٧).

ئەم دیالۆگە، ئایکۆنی نیشانەیە هەم بۆ بەرەنگاری و هەم بۆ بوونی ستەم و دیکتاتۆری، هەروەها ئاماژەیە بۆ ناسینەوەی باوک، دایکی لە رێگەی خەباتی شاخەوە، واتە پێشمەرگایەتی، وێنەی هاوسەرەکەی بۆ کوڕەکەی کێشاوە.

هەروەها لە چیرۆکەکەدا هاتووە:

((دایە... دە پێم بڵێ.. ئەی باجی پیرۆز نەی وت باوکت رەشەبایە.. لە تاریکی شەودا خۆی بە شاردا دەکات؟!)) (حەسەن، ١٠، ١٩٨٢، ٣٧).

پێشمەرگە هەمیشە چوست و چالاک بووە، زۆرجار بە شەو خۆی دەکرد بە شارەکاندا، لێرەدا رەشەبا ئایکۆنی نیشانەیە بۆ بەهێزی و رامالینی هێز، ئەو هێزەش بێگومان هێزی دوژمنە.

(محەمەد فەریق حەسەن) چیرۆکی (دووربین):

شوێن گەرمیانە و کۆمەڵێک پێشمەرگە لەگەڵ دوژمن رووبەڕووی شەڕێکی سەخت دەبنەوە و پێشمەرگە دوژمن دەشکێنێت، کەسێک بەناوی عەلی خەلەف بریندار دەبێت و بە دیلی دەکەوێتە

دەست پێشمەرگە، کاوە یەکێکە لە پێشمەرگەکان و عەلی خەلەف دەخاتە سەرشانی دەیباتە لای پزیشکی شۆڕش و لەوێ چارەسەری بۆ دەکەن. دوای ماوەیەک ئازادی دەکەن. عەلی دەڵێت:

((مرۆڤێکی گەورەی!. ئەم دە رۆژە بارتەقای دە ساڵ لێتانەوە فێربووم.. یەکدی دەبینینەوە.. کە چوومەوە بە دایکم دەڵێم: ئیتر تاقانە نیم. برایەکم لە چیایە ناوی کاوەیە.. چیشم دیوە بۆیانی دەگێڕمەوە)) (حەسەن،١١، ١٩٨٣،٨٣).

کاوە ئایکۆنێکی هێمایە بۆ ناوی کاوە و بۆ ناوی پێشمەرگە. کاوە پێشمەرگەیە و پێشمەرگەش ئایکۆنی هێمایە بۆ رزگاری و قوربانیدان. چیا ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کوردستان و بۆ شوێنی بەرەنگاری و داڵدەدان و ئاسۆی روونی وڵات.

هەروەها رەوشتی پێشمەرگە بەرامبەر بە دیل ئاماژەی پێدراوە، کە مرۆڤانە هەڵسوکەوتیان کردووە، ئەمەش تەواوکەری بە نیشانەکردنی روحی رەوشتی بەرەنگاری پێشمەرگەیە بەرامبەر بە داگیرکەر و دوژمنانی خاک و نەتەوەکەی، کە کورد و کوردستانە، ئەو رەوشتە دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانەیی، کە پێشمەرگە دژ بە خەڵکی عێراق نیە، بەڵکو دژ بە رژێمی دەسەڵاتدارە.

لە شوێنێکیتردا لە رێگای چەند نیشانەیەکەوە ئاماژە بەو کەسانە دەدا، کە لە رێکخستن کار دەکەن، ((کابرایش قینی لە سێ کەس زۆر دەبۆوە، ئەوانەی کڵاش بەسەرپێوە دەکەن، ئەوانەی ریش دەهێڵنەوە، ئەوانەی سیلەی کۆڵانان دەگرن)) (حەسەن، ١١، ١٩٨٣، ٦٩).

(کلاش لەپێ، ریشدار، وەستان لە سیلەی کۆڵان)، ئایکۆنی نیشانەیین بۆ ئەوانەی دژ بە رژێم بوون. کابرا، ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ دەسەڵاتدارێکی بەعس. بۆ نموونە کەسێکی وەک ملازم موحسین، کە ئەمنێکی توندڕەوی بەعس بوو لە شاری سلێمانی رۆژانە ئازاری ئەو جۆرە گەنجانەی دەدا، کە ریشدارن و تەزبیحی درێژ و جلی رەشیان لەبەربوو.

(مستەفا ساڵح کەریم) چیرۆکی (رەش پۆشێکی جیهانی چوارەم):

مەینەتییەکانی خێزانێکی کورد دەگێڕیتەوە، کە لە شارێک دەژین، بە وەسفی گەراجەکە بێت، شاری بەغدایە. پاڵەوانی چیرۆکەکە بریتین لە سیروان و شوان و نیان. شوان و سیروان هاوڕێ یەکترن. نیان و شوان پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانیان درووست دەبێت و دەبن بە دەستگیرانی یەکتر.

شوان ئەم رووداوە بۆ نیان دەگێڕێتەوە ((لە کتێبێکدا خوێندوومەتەوە، کە یەکێ لەو هۆیانەی بوونە هۆی کوشتنی شاعیرێکی ئەوروپایی ئەوەبوو: لە یەکەم گرتنیەوە، تا ئازاردانی، تا هەڵواسینی، تا پرس و لێکۆڵینەوە، تا بەستنەوە لەژێر زەمینی پیس و ساردا، تەنانەت لە دادگا و لە کاتێکیشدا رووبەڕووی سێدارە کرایەوە، ئەو زەردەخەنەیەی لەسەر لێوەکانی نەخش بوون تا تروسکایی لە ژیانیا ما نەکوژایەوە)) (کەریم، ١٢، ١٩٨٣، ٧٩).

بە گوێرەی ئەو وەسفەی چیرۆکنووس بێت، ئەو شاعیرە (فریدریکۆ گارسیا لۆرکا)یە! بەڵام ئەو باس لە جیهانی چوارەم دەکات، کەواتە (لۆرکا)ی شاعیری بە "نووسەر"ێکی کورد چواندووە، دەکرێت بڵێین مەبەستی (مەلا عەلی)ی شاعیرە، کە لە قەسابخانەکەی موسڵ لە سێدارەدرا. لۆرکا بۆتە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ بەرەنگاری و هەڵوێست لەبەردەم سیاسەتی فرانکۆییەکاندا، زەردەخەنە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ بەردەوامی ژیان و رووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان.

شوان گوێ لە رادیۆ دەگرێت و باسی جیهانی سێیەم دەکات، دەپرسێت ئەی بۆ کەس باسی جیهانی چوارەم ناکات کە ((دەنگی دڵی سەربڕاو لە نانی سەرسنگی هەتیوەکانا بەرز ئەبێتەوە، شارە شەو ووشکەکانی چاوەڕێی تروسکایی یەکی رۆژن رووناکیان بکاتەوە)) (کەریم، ١٢، ١٩٨٣، ٨٢)، جیهانی چوارەم ئاماژەیە بە کوردستان، کەواتە ئەو جیهانە دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانە بۆ کوردستان.

(حیسام بەرزنجی) چیرۆکی (کەڵ بژی):

ئەگەرچی چیرۆکنووس هەوڵدەدا بە هێما پەیامەکەی بگەیەنێت، بەڵام ناونیشانی چیرۆکەکەی نامۆ نیە بە ئەدەبیاتی سیاسی و حزبی لەو سەردەمەدا، (کەم بژی، کەڵ بژی) دروشمی شەهید (شەهابی شێخ نوری) یە، کە سەرکردەی یەکەمین دەستەی رێکخستنەکانی (کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان) بووە، ساڵی (١٩٧٨) لەگەڵ دوو هاوڕێیتری لە سێدارە دەدرێ.

ئەم چیرۆکە دوو رووداوی گرێداوە. لە بزووتنەوەی چەکداری کورد لە ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥)، باوک پێشمەرگەیە و دوای هەرەس بە دڵشکاوی تەسلیم دەبێتەوە، رووداوەکەی تر: سەرهەڵدانی (شۆڕشی نوێ) یە، کە منداڵی پیاوەکە گوزارشتی لێ دەکات و دوای تەسلیم بوونەوەی باوکی، شەوێک چەکەکەی باوکی لە شان دەکات و روو لە شاخ دەکات. ئەو گەنجە دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ بەردەوام بوون لەسەر خەبات و تێکۆشان.

رستە و وشەکانی نێو ئەم چیرۆکە ئەوەندە بە زمانێکی راستەوخۆ دارێژراون پێویست بە لێکدانەوە و ریشەی هێماکان ناکات ((هەموو شت بڕایەوە.. هەموو شت تێک چوو)) (بەرزنجی، ١٢، ١٩٨٣، ١٠٥) و ((مامەندە کوڕم ئەوە تو هاتیەوە..! هاتیەوە..! خوا کارت راست بێنێ، بەڵام چ

درۆ و دەلەسانیش بڵاومەکەوە بڵێ ی چ نەماو ئاوی لەبن وەرکرا)) (بەرزنجی، ١٢، ١٩٨٣، ١١٠)، هەروەها ((ئەسمەر بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

(کوا سەردار، کوڕە مەجید سەردار بزرە). باوکی سەرداریش یەک ڕم خۆی لە عاردی بڵند کرد و وتی:

- کچێ ئافرەت چ قەوماوە.

ئەویش بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە وتی:

- سەردار لە جێ ی خۆی نەماوە... سەردار..

باوکیشی وتی: ئێ بەو ناوەختە کێوە دەچی..؟)) (بەرزنجی، ١٢، ١٩٨٣، ١١٤).

ئەسمەر و مەجید دەچنە دەرەوە و سەردار بەم شێوەیە دەبینین ((سەردار دەڵێ ی خەنجەری دەبانە)) (بەرزنجی، ١٢، ١٩٨٣، ١١٥). ئەو سێ دیالۆگەی پێشەوە ئایکۆنی نیشانەیین بۆ بەردەوامبوون لەسەر خەباتی پێشمەرگایەتی، خەنجەری دەبان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ئازایەتی و قارەمانێتی. ((هەتا چۆکی خۆی هاویشتۆتە ناو گۆریە، رەخت و فیشەکەکانی باوکی هەموو لەخۆ ئاڵاندوە و تفەنگەکەشی لەسەر شانی داناوە)) (بەرزنجی، ١٢، ١٩٨٣، ١١٥). تفەنگ ئایکۆنی هێمایە بۆ هێز و خۆپارێزی و بەرەنگاری.

ئەسمەری دایکی سەردار ((ویستی بە پێ یان بکەوێتە دووی، بەڵام مەجید لێ نەگەڕا...! و بە زۆر گەڕاندیە ژووری)) (بەرزنجی، ١٢، ١٩٨٣، ١١٥). هەڵگرتنی چەک نیشانەی بەهێزی گیانی بەرەنگاری و بڕوابوونە بە دۆزی نەتەوەکەی، رێزگرتنی باوک بۆ کوڕەکەی، نیشانەی رازیبوون و پشتیوانیکردنە لە هەڵوێستی کوڕەکەی.

سەبارەت بەم چیرۆکە سکرتێری گۆڤاری نووسەری کورد (ممتاز حەیدەری) پێیگوتم: ((کە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە لە فەرمانگەی سانسۆر هاتەوە، بۆ ئەم چیرۆکە نووسرابوو قەدەغەیە بڵاوبکرێتەوە، بەڵام هەرسێکمان من و د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ و حەمەی مەلا کەریم بڕیارماندا بڵاوییبکەینەوە)). (چاوپێکەوتن لەگەڵ ممتاز حەیدەری، ٢٠٢١/١١/١٣).

هەڵگرتنی چەکی باوک، واتە پێکەوە گرێدانی شۆڕشەکان، نەوەیەک شکست بێنێ نەوەکەیتر ئامادەیە و دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ بەردەوامبوون لەسەر خەبات و تێکۆشان.

# ئایکۆنی بەرەنگاری لە چیرۆکە بیانییەکاندا

وەرگێڕان وەک تۆڕێکی هاوبەش بۆ تێگەیشتن و گۆڕینەوەی کولتورەکان، بۆتە ناوەندێکی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕ. پێش دەسەڵاتی رەهای پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای گەیاندن، بواری رۆژنامەگەریی باشترین هێڵی پەیوەندی بڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی بوو، لەو نێوەندەشدا، گۆڤاری (نووسەری کورد) گرنگی بە بواری وەرگێڕان داوە. ژمارەکانی گۆڤارەکە، لە خولی یەکەم و دووەمدا، نۆ چیرۆکی وەرگێڕدراوی بڵاوکردۆتەوە، کە لە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی و فارسی وەرگێڕدراون. لەو نۆ چیرۆکە تەنیا (ژان و سۆزی گەورە) دەچێتە خانەی چیرۆکی بەرەنگارییەوە.

(بووراوی عەجینە) چیرۆکی (ژان و سۆزی گەورە):

پیاوێک زیندانییە و منداڵێکی هەیە، منداڵەکە بەردەوام پرسیار لە دایکی دەکات، کەی باوکی دەگەڕێتەوە؟ رووداوەکانی بۆ کاتی داگیرکاری فەرەنسییەکان بۆ جەزائیر دەگەڕێتەوە، کە زیندانەکانی پڕ کردبوو لە خەڵک، پیاوەکە بە هیوای ئازادی دەژی و دەڵێت: ((ئاوی چۆکانم چوو ئەوەندەی لەم زیندانە تەسک و وەحشەتەدا چاوەڕێ بم.. هاتن دوای ئەوەی زنجیری زوڵمیان بۆ کرد بە کۆت.. (خۆر)یان لە قوڵایی دەریادا لە قەنارەدا)) (عەجینە، ٨، ١٩٨٢، ١٥١).

ئەو لەسەر ململانێ لە گوندەکەیان دەستگیرکراوە، چونکە ((رووناکی گوندیان دزی و رێگاکانیان بە کۆمەڵێ بۆرە پیاوی رووپۆش لەسەر تەخت کردەوە)) (عەجینە، ٨، ١٩٨٢، ١٥٢). ئەمە گرێی رووداوەکەیە، ((خاکی با و باپیرانیان لە نەوەکان سەند و هاتن دایانە دەست ئاغایەکی چەپەڵ کە بەر و دەرگایان گەسک دەدا.. هێشتا گوڵەگەنم سەریان لە زەوی دەرنەهێنابوو کە فرۆشتیان و هاتن کۆشک و باڵەخانە و ئۆتۆمبیلی دوا مۆدیل و سەگی فەرنگیان پێ کڕی.. دەمی راستگۆ و لاوانیان ئاسن بەند کرد)) (عەجینە، ٨، ١٩٨٢، ١٥٢)، کە دەنگی ناڕەزایی دەردەبڕن و داوای مافی ملیۆنەها رەنجدەر دەکەن زیندانی دەکرێن، ((لە رۆژێکی جەژنیشا وەدەرکەوتین و داوای گەڕاندنەوەی خاک و گوڵەگەنم و (بیر) و مافی زەوت کراومان کرد، گەمارۆیان داین.. لە دوکەڵی چاوسووتێنیان وەرداین و سەگی برسیان تێ بەرداین و بە گوللەی کوژەر بەرمان بوونێ.. رایانکێشاین و هەموومانیان لە زیندانێکی تەسک ئاخنی)) (عەجینە، ٨، ١٩٨٢، ١٥٢)، کە ئازاد دەبین ((ئەوکاتە وڵاتەکەمان یەک پارچە دەکەین بە سروود و گۆرانی خۆشەویستی و تۆڵە.. لەودیو شیشەکانی زیندانیشەوە خۆر هەڵدێ، کە ئاسۆیش دەردەکەوێ تاریکی و هەورە

چڵکنەکان رادەماڵیٚ.. خەم مەخۆ بەرخی باوی، خەم مەخۆ، چاوەڕیٚ ی لە دایک بوونی سپێدە بکە!)) (عەجینە، ٨، ١٩٨٢، ١٥٣).

ئەم چیرۆکە بە چەندان ئایکۆنی نیشانەیی دەوڵەمەندە، کە ئاماژەن بۆ بەرەنگاری و نواندنی قارەمانێتی بەرامبەر بە داگیرکەران و خەبات بۆ ئایندەیەکی رووناک، وەک: (گوڵەگەنم، سپێدە، خۆر)، هەرسێکیان ئایکۆنی نیشانەیین بۆ ژیان و رووناکی و ئازادی و نان. کۆمەڵێک ئایکۆنی نیشانەیی تر هەن، کە ئاماژەن بۆ دەسەڵاتی داگیرکاری و زیندان و ستەم: (وەحشەت، زنجیر، ئاسنبەند، دوکەڵ، سەگی برسی، هەوری چڵکن). ئەم چیرۆکە نەژاد عەزیز سورمیٚ بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە ئۆپەرێتە کوردییەکاندا

لە رۆژگارە زووەکانی مێژوودا، سیاسەت لە ژیان دانەبڕێنراوە، تێگەیشتن لە ئاین، مێژوو، سیاسەت، رەوشت هەموویان پەیوەستن بە یەکترەوە، گریک و رۆمانەکان، هەروەها کریستینەکان لە سەدەی ناوەڕاستدا بەرهەمیان لەو رووەوە پێشکەش کردووە. لە سەدەی رێنیسانس و سەدەی بیستەمیشدا، سیاسەت پێگەی خۆی لە دەست نەداوە، وەک چەمک و کارکردن لە کایە جیاوازەکانی ژیاندا گۆڕنکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام نەتوانراوە لە بوارەکانی هونەر داببڕێت، چونکە سیاسەت بەشێکی زیندووە لە کۆمەڵگە و کۆمەڵناسیدا، تا ئێستاش رۆڵی سیاسەت لە هونەرەکانی ئەدەبدا بە هەند وەرگیراوە و فەرامۆش نەکراوە. لەکاتی ((ململانیٚ و بەیەکدادانە بیری و فەلسەفییەکان، هەروەها لە کاتی رەوتی تونداژۆی لیبرالەکانیشدا سیاسەت لە هونەردا پێگەی خۆی لە دەست نەداوە، بە جارێکی تر خوێندنەوەی کارەکانی بەرناردشو، برێخت، سارتەر باشتر لە بەرجەستەکردنی هونەر و سیاسەت دەگەین)) (Morgan, 2013, 1, 2).

بە گفتوگۆی بەردەوامی رووناکبیر و نووسەران لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، هونەر بە گشتی و هونەری شانۆیان رووبەڕووی بەرپرسیارێتی داهێنان کردۆتەوە ((هەر لە کۆنەوە ئازادی و بەرپرسیارێتی داهێنەر، شانۆی بیریی و سیاسی و شانۆی بەرەنگاری خولقاندوە... شانۆی سیاسی داهێنانێکی شانۆییە، کە پشت بە ئازادی رادەربڕین لە ناوەڕۆکێکی گۆڕاودا دەبەستێت)) (رویس، ١٩٧٦، ٩١)، ئەو نەتەوانەی خەبات لە پێناوی مانەوە و رزگاری نیشتمانیدا دەکەن، سیاسەت بەشێکی زیندووە لە ژیان و کولتوریاندا.

دوای هەزاران ساڵ ئینجا کورد ئاشنابووە بە شانۆ و نواندنەوە، ((لە هەولێر لیژنەی فەن و تەمسیل لە قوتابخانەی ئەربیل ئوولای هەولێر، لە پایزی (١٩٢١) شانۆگەری صلاح الدین ایوبی پێشکەش دەکەن)) (پیربال، ٢٠٠١، ٥٩). ئەمە و پێشتریش لە ئەستەنبۆل لە ساڵی (١٩١٩) شانۆگەری کوردی پێشکەشکراوە. ساڵی (١٩٢٣) ((شانۆگەری دایک، نووسینی: شێخ نوری شێخ ساڵح قوتابیانی قوتابخانەی کچانی سلێمانی، لە سلێمانی پێشکەشیان کردووە)) (پیربال، ٢٠٠١، ٦٠).

بیستەکانی سەدەی رابردوو قۆناغی دەستپێکی شانۆیە لە کوردستاندا، سییەکان و چلەکانیش قۆناغی ئاشنا بوونە بە هونەر و تەکنیکە سەرەتاییەکانی دەقی شانۆ، رۆژنامەگەریی کوردی پەرەی زیاتر بە شانۆ دەدات، کۆمەڵێک نووسینی سەبارەت بە دەقی شانۆ و هونەرەکانی شانۆ و مێژووی شانۆ لە جیهاندا بڵاوکردۆتەوە.

توێژەر و شارەزایانی بواری هونەرەکانی شانۆ، ئۆپەرێت بە شانۆیەکی ئۆپێرایی سووکەڵە دادەنێن، بۆ وردەکارییەکان دەکرێت سەیری ئەم سەرچاوەیە بکرێت (عەولا، ٢٠١١، ١٤٦- ١٦٨)، ئەگەر ئۆپێرا شیعر و مۆسیقا بێت، ئەوە ئۆپەرێت لەتەک ئەو دوو رەگەزەدا، لە دیالۆگیش بەدەر نیە.

لە ئۆپەرێتدا دەق و مۆسیقا ئاوێزان بە یەک دەبن. ئەگەر شانۆ کار و دیالۆگ بێت، ئەوە سەرەڕای ئەو دوو رەگەزە، مۆسیقا و جولەی زۆر و خێرا ناسنامەیەکی تر بە ئۆپەرێت دەدات. ئەوروپا لە سەدەی سێزدەدا ئاشنا بووە بە هونەری ئۆپێرا، ئینجا ئۆپەرێت، بەڵام کورد لە سەرەتای حەفتایەکانی سەدەی بیستەم کاری لەسەر ئەو هونەرە کردووە. لە لای کورد دەقی ((ئینتیباه یەکەم دەستپێشخەرییە لە بزووتنەوەی هونەری ئۆپەرێتدا)) (عەبدولواحید، ٢٠٠٨، ٦٠)، دوای ئەم هەوڵە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، چەند دەقێک هەن، کە دەچنە خانەی ئۆپەرێتەوە، چالاکی قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لە شارەکانی کوردستاندا، مەڵبەندێکی چالاکی ئەو هونەرە بوون، ساڵانە لە پێشبڕکێی شارەکانی عیراقدا بەشدار دەبوون و زۆربەی جارەکان خەڵاتی یەکەم، یاخود خەڵاتەکانی تریان بەدەستدەهێنا.

لە هەر (٢٤) ژمارەکەی گۆڤاری نووسەری کورد خولی یەکەم و دووەمدا، تەنیا یەک دەقی شانۆی خۆماڵی تێدایە، ئەویش (سەعید ناکەم) نووسیویەتی و لە ژمارە (٥)ی خولی یەکەم بڵاوبۆتەوە، باس لە کێشەی زەوی لەنێوان ئاغا و جوتیار دەکا. لەگەڵ یەک دەقی شانۆی وەرگێڕدراو، گرێی سەرەکی لە دەقی ناوبراودا کێشەی جوتیار و ئاغایە و پەیوەندیدار نیە بە

دەقی بەرەنگارییەوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دوو ئۆپەرێتدا، تەنیا کارمان لەسەر ئەم دەقە کرد، دەقەکەی تر ناچێتە خانەی ئەم توێژینەوەیە:

(مەدحەت بێ خەو) ئۆپەرێتی (رووباری ژیان):

ئەم زانیارییانە لەژێر دەقەکەدا نووسراوە، "ئەم ئۆپەرێتە بە تایبەتی بۆ قوتابی یانی منداڵ نووسراوە، لە فستیڤاڵی مۆسیقا و شانۆی قوتابی یانی سەرانسەری عیراقی ساڵی (١٩٧٨)دا خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە. کاک سەباح عەبدولرەحمان لە بیرۆکەکەیدا بەشداری کردووە. کاک وریا ئەحمەد- یش ئاوازی بۆ داناوە و، کاک تەحسین تەها-یش دەری هێناوە" (بێ خەو، ٣، ١٩٨٠، ٨٢).

لەم ئۆپەرێتەدا پیرەدارێک پاڵەوانی دەقەکەیە، دووری و نەبوونی سەرچاوەی ئاو، پیرەدارەکە بەرەو وشکبوون دەبات، خەڵک رێڕەوی ئاوی رووبارێک دەبەن و رەگ و قەد و گەڵای درەختەکە دەژیتەوە و سەوز دەبێتەوە.

((باوک:

ئەی پیرەداری بێ گەڵاو غەمبار

داماوی دەستی چەرخی رۆژگار

وا تەمەنێکە لە راژەی تۆداین

بۆ تۆ گیرۆدەی ناسۆری بڕواین)) (بێ خەو، ٣، ١٩٨٠، ٨٢)

پیرەدار ئاماژەیە بۆ نیشتمان و ئاوەدانی، ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ژیان، ئەو دارە بوون و ژیان و مانەوەیە، هەمیشە داماوی دەستی چەپگەردە. ئەو پیرەدارە ئایکۆنە بۆ مێژووی کورد.

کچ و کوڕەکان پرسیار لە باوکیان دەکەن بۆچی هەموو کاتێکتان بۆ خزمەتی ئەم درەختە تەرخانکردووە و بەردەوام ئاوی بۆ دەکێشن. دوژمن بەری ئاوەکەی گرتووە و خێراتەکەی بۆ خۆی بردووە، هەروەها بنەدارێکیش هەیە بێ گەڵاو غەمبارە:

((هەموو:

بەڵێن بێ ئەی داری ژیان

بەڵێن بێ ئەی ئارامی گیان

تاکو ماوین بە ماڵ و سەر

بۆت ببینە هێز و چەپەر

بە خوێن ئاودەین ڕەگەکانت

گیان فیدا کەین لەبۆ مانت)) (بێ خەو، ٣، ١٩٨٠، ٨٧)

(داری ژیان و خوێن ئاودان)، ئایکۆنی نیشانەیین بۆ بەرەنگاربوونەوە، لەپێناوی ژیانی پیرەداردا.

هەروەها دەڵێت:

((ئاگادار بن وا ڕەشەبا

هێرش بۆ ئەم دارە ئەبا

چلەکانی تێک بشکێنێ

لە ڕەگەوە دەری بێنێ)) (بێ خەو، ٣، ١٩٨٠، ٨٨)

ڕەشەبا دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ ستەم و تێکدان و وێرانی، لێرەدا پەیوەندی سیفەی هاوبەش دەکاتە بنەمای ئامانج. ڕەشەبا گوێ بە هیچ شتێکی ئەم خاک و نیشتمانە نادات، کەواتە لەپێناوی پاراستن و مانەوەدا پێویستە ڕووبەڕووی ڕەشەبا ببنەوە:

دایک

هەستن.. هەستن.. ڕامەوەستن

کارێز بۆ ڕووبار هەڵبەستن

تا داری ئاوات بەر بگرێ

تا وشە و بیرمان سەربگرێ (بێ خەو، ٣، ١٩٨٠، ٩٠)

هێما و نیشانەکانی نێو ئەم دەقە زوو خۆیان بەدەستەوە دەدەن و هەست دەکرێت، گوتارێکی ڕاستەوخۆیە، چونکە لە هەندێک گوتاری دەقی ئەدەبیدا ((دۆزینەوەی هێما تا ئاستێک ئاسانە)) (عاتي، ٢٠١٥، ١٥). ڕووبار واتە نەسرەوتن و دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ ژیان و ئاوەدانی ، ئینجا هەموویان پێکەوە گۆرانی کۆتایی دەڵێن:

((یەکبوونە یەکبوون ڕێگای سەرکەوتن

یەکبوونە مایەی نەمانی دوژمن

بەرەی یەکبوونە بۆ ئاواتی گەش

گزنگ دەردێنێ لەناو هەوری رەش

بەفر و زەخمی رێ ئەتوێنێتەوە

تەمی پێش کاروان ئەبڕێنێتەوە

دێنێتە کایە قۆناغی هەژار

ژیان ئەکاتە نەورۆز و بەهار (بێ خەو، ٣، ١٩٨٠، ٩٢)

تەم ئایکۆنی نیشانەیە بۆ  تارمایی و دوورایی بینین کەم دەکاتەوە، واتە رۆشنایی دوور مەودا دەبێت. هەوری رەش ئایکۆنی نیشانەیە بۆ سێبەر و رەشایی . گزنگ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ هیوا و رووناکایی. یەکبوون ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ کۆکردنەوەی تەواوی هێز و بڕواکان بۆ یەک ئامانج، واتە بوونی هێزێکی پتەوی بەرەنگاری و فشار. بەهار و نەورۆز ئایکۆنی هێماییین بۆ نوێبوونەوە و وزەی بەرەنگاریی.

# بەشی سێیەم

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە گۆڤاری

## نووسەری کوردستاندا

## ١٩٨١-١٩٩١

## پاری یەکەم

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعردا

بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی هەر هەژدە ژمارەکەی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)، ئاست و پەیام و ئاڕاستەی ئەو ئەدەبەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە شاخ و لە سەنگەری پێشمەرگەدا نووسراوە و پاشان هەر لەوێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، یاخود بەرهەمەکان لە شارەکان بۆ گۆڤارەکە ناردراوە.

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعرە کوردییەکاندا

شاخ و ژیانی پێشمەرگایەتی، بەراورد بە شار لەباری کار و بەرهەمی ئەدەبیدا پانتاییەکی جیاوازترە، ئەگەر شار بەرهەمی ئەدەبی بە هێما و نیشانەی تەمومژاوی داپۆشیبێت، ئەوە شاخ لەو بوارەوە دەستی نووسەر و ئەدیبانی کراوەتر کردووە و روونتر پەیام و ئامانجی خۆیان ئاڕاستەی وەرگر و خوێنەران کردووە، لەسەر ئەم بنەمایە، لەم بەشەدا ئایکۆنەکان وەک بەشی دووەم دابەشناکەین، بەڵکو بابەتی ئایکۆنەکان بڕیار لەسەر پۆلێنکارییەکە دەدەن و بەم شێوەیە جیایان دەکەینەوە:

### - ئایکۆنی پێشمەرگە و شەهید

(رەفیق سابیر) شیعری (سوتان لەبەر باراندا):

ئەم شەویش رەت بوو
کەچی سوارەکان سەریان لێ نەداین،
یان لەسەر لوتکە دوورەکان
ئاگرێکیان نەکردەوە. (سابیر، ١، ١٩٨١، ٤٢)

چاوەڕێ دەکات سوارەکان بگەن، کەچی رووناکیان دیار نییە، بەڵام تەسلیم بە شەو نابێت. سوارەکان ئایکۆنە بۆ پێشمەرگە، پێشمەرگەش ئایکۆنی هێمایە بۆ خۆڕاگری و کۆڵنەدان و ئازادی، سوارەکان ئایکۆنێکی نوێنەرایەتییە بۆ پێشمەرگە و ئاگریش ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ نەهاتنی پێشمەرگە و ئامادەنەبوونیان لەو شەوەدا.

(رەفیق سابیر) لەم شیعرەدا (پێنج هۆنراوە)، وەسفی پێشمەرگە دەکات:

شەوان چاوەڕێین لە دەرگای ماڵەکانمان بدەن
بە جلێکی ئارەقاوی و سەروریشێکی درێژەوە
بە کۆڵە پشتێکەوە، بێنە ژوورەوە. (سابیر، ٤، ١٩٨٢، ٤٤)

کەرەستە شیعرییەکانی شاعیرانی بەرەنگاری، هەر تەنیا دروشم و هاندان و چەک و هێرشی پێشمەرگە و سەنگەر نین، ناکرێت لە وێنەی شیعرغی و جوانی رووت بکرێنەوە. ئەو وێنەیەی سەرەوە وەسفێکی واقیعی پێشمەرگەی نێو سەنگەری خەباتە. جلی ئارەقاوی، ریشێکی درێژ، کۆڵەپشت ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پێشمەرگە، بە تایبەتیش لە کاتی جەولە و چالاکی نواندندا.

(جوامێر- شێرکۆ بێکەس) شیعری (لە شەوێکدا):

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم شیعرە لە گۆڤاری (نووسەری کوردستان)دا، لە ئێستگەی (دەنگی شۆڕشی عیراق- دەنگی گەلی کوردستان) وەک سەدان شیعری بەرەنگاری بە دەنگی بێژەرەکان تۆمارکراوە و بەردەوام پەخشکراوە و بووە بە ویردی سەر زمانی پێشمەرگە و خەڵکی شار و دێهاتەکان.

ئەو دەقە دەوڵەمەندە بە کەرەستەکانی شیعری بەرەنگاری و بە جۆرێک وێنەکانی لێکداون لە زنجیرەیەک تابلۆی شێوەکاری دەچن، کە هەر یەکێک لە تابلۆکان پڕە لە ئایکۆنی تیشکهاوێژ و ئومێدبەخش:

شەوبوو هەر پێشمەرگە و بەفر
بە بناری شاخەوە بوون
کە بەفر نووست
ئەوان ورد ورد هاتنە خوارێ
لە چوار لاوە هاتنە خوارێ. (جوامێر، ١، ١٩٨١، ٤٦)

ئەو وەک درامایەکی شیعری وێنەی چوونی پێشمەرگە بۆ ناو شاری سلێمانی دەکێشت، سلێمانی بەسەردەکاتەوە. (سەرا، داروغا، ئازادی، کانێسکان) ئایکۆنن بۆ سلێمانی. پیکابی زەرد

ئایکۆنی نیشانەیە بۆ هێزەکانی دوژمن، هیتلەرەکەی بەغدا ئایکۆنی نیشایە بۆ سەدام حوسێن، هەڵۆی سوور ئایکۆنی هێمایە بۆ پێشمەرگە.

بەمجۆرەش وێنەی شەهیدێک "هەژاری زاڵ" دەکێشێت:

هەر ئەو شەوە لە کانێسکان
پێشمەرگەیەکی حەڤدە ساڵ
لە بنکەدا ناویان نابوو،
- هەژاری زاڵ-
باریکەڵە و .. لەش سووکەڵە
وەکو ئاسک
چاوشین وەکو قوبەی ساماڵ
گەردی خەمێ لە رووی نیشتوو
وەک باخی گوندێکی چۆڵ بوو
لەو شەوەدا.. دەمێ خێرا و دەمێ هێواش
جارێک قیت و
هەندێ جاریش بە کۆمەکۆم
ئەچووە پێشێ..
تا بگاتە سەر بەنگەلەی دوژمنان و
بە نارنجۆک دایان ببێژێ. (جوامێر، ١، ١٩٨١، ٤٨ و ٤٩)

هەژار شەهید دەبێت، شەهید بە ئاسک چوێنراوە، کەواتە ئەو شەهیدە ئایکۆنی چوێنراوە بە ئاسک. ئاسک خێرا و چوست و چالاکە، ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی پێشمەرگە.

بۆ بەیانی دەیان ژنی عەبا بەسەر روو لە مەیتخانەی شار دەکەن و بزانن ئەو شەهیدە کوڕی کامیانە، لێرەدا دایک ئایکۆنی نیشانەیە بۆ تێکۆشان و قوربانیدان.

دەیان دایکی عەبا بەسەر،
کوڕ لە کێوان
رەش ئەچنەوە
بە بێ دەنگیش پاڵەپەستۆ و پەلەیانە
هاتوون تەرمی، ئەو هەڵۆیە ببینن و
بزانن کوڕی کامیانە؟! (جوامێر، ١، ١٩٨١، ٥٠)

(کوڕ له کێوان، هەڵۆ) هەردووکیان ئایکۆنی نیشانه و هێماییین بۆ پێشمەرگە، ((ژیانی ڕۆژانەی پێشمەرگە، جەولەو، بۆسەدانەوە و پەلاماردانی ڕەبیه و ئۆردووەکانی دوژمن، تۆپباران و بۆردوومانی ڕۆژانە، ئازایەتی پێشمەرگە، شەهید بوون، دیمەنی دایکانی شەهید...هتد هەموو ئەمانە، تابلۆی بەرچاوی ڕۆژانەی ئەو شاعیر و چیرۆک نووسانە بوون)) (ئیسماعیل، ٢٠٠١، ١٨٤).

(هەڤاڵ کویستانی) شیعری (تۆ شەهیدی):

خۆ تۆ گوڵ نیت.. تۆ شەهیدی
نە سیس دەبی.. نە دەشوەری
تۆ وەک خوێن و خۆشەویستی و ئازادی وای
لەناو دڵی پڕ لە زامی هەمووماں دای. (کویستانی، ٤، ١٩٨٢، ٥٣)

شەهید نەمرە بۆیە لە گوڵ ناچێت، بەلای شاعیر، شەهید لە گوڵ سەوزترە، ئەو خوێن و خۆشەویستی و ئازادییە، ئەمانەش ئایکۆنی نیشانەیین بۆ بەرەنگاری و بەردەوام بوون لەسەر بەرخودان، ئەو شەهید دەبێت، بەڵام نە سیس دەبێت و نەدەوەرێت، شەهید ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ خوێن و خۆشەویستی و ئازادی لەناو دڵی هەمووماندا.
(چیمەن کاوێس) شیعری (سروودی سەرکەوتن):

پەنجەکانم دەکەم بە مۆم
کێوەکان دائەگیرسێنم
دڵی خوێناویم دەکەمە خیوەتی حەوانەوە بۆ
تێکۆشەران
تا هەناسەی ژیان مابێ
ئەم سنوورە پڕ لە ژانە
جێ ناهێڵم
لە گەڵتان دێم. (کاوێس، ٦، ١٩٨٣، ٩٦ و ٩٧)

کێوەکان دادەگیرسێنێ و سنووری پڕ لە ژان جێناهێڵێت، مۆم ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ڕووناکی و هیوا. پەنجەکانی دادەگیرسێنێت تا شاخەکان دابگیرسێنێ و تاریکی بڕەوێنرێتەوە. خێوەت، یاخود چادر ئایکۆنی نیشانەیە بۆ شوێنی داڵدەدان و حەسانەوە، ئەو بڕیاریداوە ئەوان جێنەهێڵێت و لەگەڵیان بچێت، ئەمەش ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پێشمەرگە و مەڵبەندی خەبات و تێکۆشان.

(نەوزاد ڕەفعەت) شیعری (چەند پەنگرێک):

به مانگ بڵێن با زوو هەڵبێ
چونکه قۆناغ دوور و سەختە و
هاوڕێکانم نیازە بەشەو بکەونە ڕێ
دەنا چیتر لە ئاسمانی من هەڵنەیە و
لە خاکی من سەرهەڵگرێ. (ڕەفعەت، ٧، ١٩٨٣، ٦٢)

شاعیر داوا لە مانگ دەکات، ڕۆشنایی بەو ناوە ببەخشێت، چونکە هاوڕێیەکانی بەشەو ڕێگا دەبڕن تا شوێنپێی خۆیان ببین. پێشمەرگەی بە هاوڕێ چواندوە و دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ تیکۆشان.

(جوامێر- شێرکۆ بێکەس) ئەم شیعرەی خوارەوەی لە کۆڕێکی پێشمەرگانەدا خوێندۆتەوە، کە ڕۆژی (١٩٨٥/٥/٢٠) یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بۆی سازی کردبوو، شێرکۆ پێش خوێندنەوەی دەقەکە وتەیەکی پێشکەشکردووە، لە چەند شوێنێک پێناسەی ئەدەبی بەرەنگاری دەکات: ((ئەم شیعرانە شیعری خاکی داگیرکراو و بەرەنگاربوونەوە و شۆڕشن. لە سادەترین دەربڕینیشدا، شیعری بەرەنگاربوونەوە: دەنگی ئازادی و دژی ژێر دەستی ئەگەینێ. دەنگی هەموو مەم و زینێکی شۆڕشگێڕە دژی مەرگەوەڕەکانی سەردەم)) (جوامێر، ١٩٨٥، ٧٨).

ئەمەش چەند کۆپلەیەکە لەو شیعرەی، کە لە کۆڕی ناوبراودا پێشکەشی کردووە، ئەو بەمجۆرە شین بۆ شەهید (عەبدولخالیق مەعروف) دەگێڕێت:

(جوامێر- شێرکۆ بێکەس) شیعری (کەڵ)

میری شەهیدانی هەولێر
ئەی حەیرانی سووتە مەڕۆی
برین.. بگێڕ
ئەی هاوڕێ ی بەهرە ڕەنگین
گوڵ خەندەرانی پێکەنین.
لە هەواری قەندیلەکەی ناو گیانمانا
سنەوبەری چوار وەرز سەوزی
تۆ.. سروەکەی سەری ڕەشی
تۆ.. ئەنتێنی هەرەبەرزی

سەرچیای ئێزگەی شۆڕشی
تۆ بڵندگۆی،
دەنگدانەوەی دڵی ئێمەی
رادیۆی ناو دەستی پێشمەرگەی
ئەو ریکۆردەی هەموو رۆژێ
سروودەکەی..
شۆڕشی نوێمان لێ ئەدەی..
پەیتا.. پەیتا..
ئاگردانی (پشکۆ)ی خۆت و
نەوەی پشکۆی ئەم کوردستانە
خۆش ئەکەی! (جوامێر، ١٠، ١٩٨٥، ٨٣ و ٨٤)

پشکۆی خۆت واتە کوڕی شەهید عەبدولخالق مەعروف، کوڕە گەورەی ناوی (پشکۆ)یە. ئەم وشانە: (بەهرە رەنگین، سروە، رادیۆ، میری شەهیدان، بڵنگۆ، گوڵ خەندەران، حەیران) ئایکۆنی نیشانەیین بۆ شەهید (عەبدولخالیق مەعروف)، شاعیر وەک هونەرمەند و وەستایەکی شارەزا لە چوارچێوەی چەند وێنەیەکدا شەهیدی نیگار کردووە. شەهید دەکات بە هێمای پشکۆیەک بۆ نەوەی نوێی کوردستان. تا ئێستاش (عەبدولخالیق مەعروف) هێمای بەرگرییە بۆ دژایەتی لە چەقبەستن و دواکەوتوویی عەقڵ لە کوردەواریدا، کە شەهیدیش دەبێت، دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ ناسینی ستەم و بەعس و بەردەوام بوون لەسەر خەبات، هەروەها هەواری قەندیل ئایکۆنی ورە و خۆڕاگرییە.

(جەوهەر کرمانج) شیعری (پشکۆ):

وەکو حەلاج. وەکو لۆرکا
مەرگت بووە داستانێکی گوێ ئاگردان
تفی لە رووی جەلاد کرد و
نەیویست سەری خۆی بۆ شۆڕ کا. (کرمانج، ١٠، ١٩٨٥، ٨٦)

حەلاج لە ئەدەبیاتی جیهاندا ئایکۆنی هێمایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتێکی پاشکەوتوو، لۆرکا ئایکۆنی هێمایە بۆ شۆڕش و گۆڕانکاریی. شاعیر شەهید (عەبدولخالق مەعروف) بەو دوو ئەدیبە دەچووێنێت و دەیکات بە ئایکۆنێکی لێچوو بە (حەلاج و لۆرکا)، کە لە دوو رۆژگار و لە دوو کۆمەڵگەی جیاوازدا خەباتیان کردووە و دەسەڵات شەهیدی کردوون، بەلای شاعیر شەهید عەبدولخالق مەعروف وەک لۆرکا و حەللاج ئایکۆنێکی هێمایە دژ بە ستەم و

دواکەوتوویی، کە ئەویش لە لایەن دەسەڵاتەوە شەهید دەکرێت، ئەمە و ئاگردان دەبێت بە ئایکۆنێک بۆ ماڵی کوردەواری، بەو مەڵبەندەی، کە داستانەکانی پێشمەرگەی لێ دەبیستن.

(تەوفیق ئیبراهیم- رەنجدەر) شیعری (چەند تابلۆیەک)

کچێ پرسی لە دایکی خۆی:
ئەی دایە گیان
کوڕی گەل و پیاوی گەورە و کاکەی نەمر
بە کێ یەژن؟
وتی: رۆڵە بەوانەی وا، کاتێ ئەمرن
بە بەرگەوە ئەیان نێژن. (ئیبراهیم، ١٧، ١٩٩٠، ١٠١)

بە بەرگەوە دەیاننێژن دەبێت بە ئایکۆنێک بۆ پێشمەرگەی شەهید، یاخود تێکۆشەران، هەروەها (کوڕی گەل، پیاوی گەورە، کاکی نەمر) ئایکۆنن بۆ خەباتکەران و پێشمەرگەی رێی ئازادی.

(جەلال مەلەکشا) شیعری (رێبوار):

رێبوارێکم
بە قەد مێژوو،
وەرز و ساڵ و سەدەم دیوە
بە قەد مێژوو،
چقڵی رێگام
لەنێو سنگ و دڵ چەقیوە
بە قەد مێژوو، دێوەزمەی بە سامی رێگا
لە ئاسمانی چاوەکانما
ئەستێرەی گەشی چنیوە!
بە قەد مێژوو
فرمێسکی چاوم سڕیوە. (مەلەکشا، ١٧، ١٩٩٠، ١٠٧)

رێبوار ئایکۆنێکە بۆ کورد، چقڵی رێگا و دێوەزمەی بەسامیش ئایکۆنن بۆ دوژمن و داگیرکەران.

## - ئایکۆنی دایک و نیشتمان

(ڕێواس جاف) شیعری (چەند هۆنراوەیەکی ئاگراوی):

دایکم دارێکی سەوزی گەورەیە
ڕێبوارەکان
لە سێبەریا دادەنیشن
گوێی لێ دەگرن. (جاف، ٥، ١٩٨٢، ٦٤)

دایک ئایکۆنی نیشانە و هێمایە بۆ نیشتمان، ڕەنگی سەوز، ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ئاوەدانی و ژیان، ڕێبوارەکان ئایکۆنی هێمایە بۆ پێشمەرگە، سێبەر ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ژوانگە و حەسانەوە. هەموو نیشانەکان ئاماژەن بە بەرەنگاری و خەبات، لەپێناوی نیشتمان و ئاسوودەییدا. لەم دەقەدا ئایکۆنەکانی هێمایی و نیشانەیی ئاوێزان کراون.

(شێرکۆ بێکەس) شیعری (ئینجانە)، لە کۆپلە شیعری (جەژن)دا:

هەوری لای ئێمە لە هەوری
هیچ ئاسمانێکی تر ناچێ
کە دائەکات و ئەبارێ
لە چوار لاوە، ئاوی چاوانی ئەدزرێ
خاکی ئێمە لە هیچ خاکێکی تر ناچێ
خۆی یەک دڵە و
هەموو ڕۆژێ بە چوار خاچدا دائەکوترێ
دایکی ئێمە
لە هیچ دایکێکی تر ناچێ
لە یەک ساتدا
سکی ئەو چوارجار ئەسووتێ
یەک کەسمان چوارجار ئەکوژرێ
بۆیە ڕۆژێ لە ئاهەنگی ئەم خوێنەدا
چوار جەژن ئەکەین بە جەژنێ! (بێکەس، ١٦، ١٩٨٩، ١٠٧)

دایک ئایکۆنی هێمایە بۆ نیشتمان و پەروەردە و سەروەری و قوربانی. شاعیر لە ڕێگای دایکەوە وەسفی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات، کە دەسووتێنرێت و دەکوژرێت، بەڵام ئەو بۆ ئەو خوێنە ئاهەنگ دەگێڕێت، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئایکۆنی هێمایی بۆ بەرەنگاری و

بەردەوام بوون لەسەر قوربانی و خەبات، تا هەر چوار پارچەکەی کوردستان دەبن بە یەک و پێکەوە جەژنی سەرکەوتن دەگێڕن.

**- ئایکۆنی شار و زیندان**

(جوامێر- شێرکۆ بێکەس) شیعری (کاریکاتێر):

بەیانی بوو لە "کانیسکان"
بە چاوی خۆم:
"قەعقاع"م دی
بروسکەیە و شالاو ئەبا
ئازا.. ئازا
هەر خۆی ئازا..
دێتە پێشێ
قژی کچێکی قوتابی
سیانزە ساڵان رائەکێشێ!!
- هەلهولە. هەلهولە. هەلهولە.
نیوەڕۆ بوو لەناو قەیسەری نەقیب دا
بە چاوی خۆم:
"سەعدی کوڕی وەقاص"م دی
تیر لە چاوییەوە ئەباری
لە بازاڕی مانگرتوودا
قفڵی دوکانێکی شکان
چووە ژوورێ
ئازا.. ئازا
وەختێ لەوسەر هاتەدەرێ
ئارەقی زۆری رشتبوو
بەم دەس چەند تەبەقێ هێلکە و
بەو دەسی تر چەکەکەی خۆی،
هەڵگرتبوو

_ هەلهولە. هەلهولە، هەلهولە. (جوامێر، ٥، ١٩٨٢، ٤٤ و ٤٥)

شاعیر ئەو شیعرەی ناوناوە کاریکاتێر و لە ڕێگای هونەری تەنزەوە دەیەوێت پەیامەکەی بگەیەنێت. شار بەرامبەر بە ڕەوشت و کردەوەی داگیرکەران مانگرتنی ڕاگەیاندووە، بەڵام پیاوانی ئەوان دزی لە دوکان و بازاڕەکان دەکەن، تیر لە چاوییەوە دەباری ئایکۆنی نیشانەیە بۆ دڕندەیی هێزی دوژمن و داگیرکەر. قەعقاع و وەقاص لە بنەڕەتدا دوو ئایکۆنی ئیسلامین، بەڵام بەعس کردوونی بە دوو ئایکۆنی نەتەوەیی داگیرکەر.

(خەلیل دهۆکی) شیعری (باژێرێ من):

باژێرێ من بتوز و مژە..
چیرۆکا من
مینا داستانا ستێرا
کاروان کوژە. (دهۆکی، ٩، ١٩٨٤، ٦)

ئەستێرەی کاروانکوژە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ جاش و سیخوڕ و هێزی دوژمن.

(دلاوەر مەحمود- مارف عومەر گوڵ) شیعری (لاپەڕەیەک لە پەیامی زیندانیەک):

بەڵام ئێشی بەندیخانە وای لێ دەکا وەک پشیلە بمیاوێنێ
وەک تەیری گەڕ پەڕ فڕێدا!
وەکو ئاژەڵ لەسەر لەشی خۆی پاڵکەوێ، گەر بتوانێ
بەڵام خەمی بەندیخانە وای لێ دەکا جارجار شیعرێ بۆ خۆی بڵێ (مەحمود، ٩، ١٩٨٤، ٩٠).

شاعیر لە زیندانە و ناوە، ناوە شیعرێک بۆ خۆی دەڵێ، هونەرکارانە وێنەی زیندان نیگار دەکات، لە دەقەکەیدا (پشیلە، تەیری گەڕ، ئاژەڵێک) ئایکۆنن بۆ مامەڵەی نامرۆڤانەی ڕژێم بەرامبەر بە زیندانییەکان.

(لوقمان) شیعری (دییم):

تۆم ئەبینی
لەسەر کورسیە ڕەشەکە دایان نابووی
بۆ ئەشکەنجە
هەتا بتکەن بەو (من)انەی ڕوو زەردییان لە ڕووپەڕی
ڕۆژنامە و لە پشت شوشەی تەلەفزیۆن بەسەر ماڵان دا ئەگێڕا. (لوقمان، ٩، ١٩٨٤، ١٠٢)

کورسییه ڕەشەکە، ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کورسی ئەشکەنجە و ئازاردان. ڕوو زەردی دەبێ بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ نەمانی ڕووسووری بۆ کەسێک، کە پاکانە بۆ دوژمنان بنووسێت.

(حەمەی حەمە باقی) شیعری (شاعیر):

نیوەشەوێک،
ویستیان ئیتر دەستەکانی،
نەتوانن قەڵەم و، تفەنگ هەڵگرنەوە
لە دواوە هەردووکیان جەڕاند..! (باقی، ٩، ١٩٨٤، ٧٣)

قەڵەم دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ نووسەر و تفەنگ دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ پێشمەرگە.

(شێرکۆ بێکەس) شیعری (شایی شەهید):

سێ ئاسکی سلێمانی ی
سێ جوانووی وەرزی قوربانی ی
سێ گۆرانی ی
سێ دار نەمام
"سەردار" لقی دار چواڵە بوو
یەکەم بەهار بوو گوڵ بگرێ
"هیوا" ئەتوت کانییەکە و پێ ئەکەنێ..
"ئارام" بێچووە هەڵۆی چاوتیژ
ئەیویست بەر لەوەی پەڕ دەرکا
بەرەو حەسارۆست هەڵفڕێ
لەپاڵ دیوارێکی نزما.. ریزیان کردن
شریخەیەک و دووان و سیان و چوار و دە
تفەنگ خۆرەتاو ئەکوژێ
تفەنگ خوێنی گوڵەگەنم
بەسەر شەقامدا ئەڕێژێ!
تفەنگ چاوی ڕۆشنبیریی هەڵ ئەکۆڵێ.. (بێکەس، ١٢، ١٩٨٦، ١١٩)

بەگوێرەی ئەم دێرە بێت (تفەنگ چاوی رۆشنبیریی هەڵ ئەکۆڵێ) دەبێت شاعیر حکایەتی ئەو سێ کەسە بکات، لەوێ رژێم گوللەبارانی کردن، واتە لە نزیک ئامادەیی رۆشنبیری لە سلێمانی. (سەردار و هیوا و ئارام) بە سێ ئاسک، سێ جوانوو، سێ گۆرانی، سێ نەمام دەچووێنێت. ئینجا هەر یەکێکیان بە شتێکی تایبەت دەچووێنێت و دەبن بە ئایکۆنی لێچوو: (سەردار بە لقی دارچواڵە)، (هیوا بە کانی)، (ئارام بە بێچووە هەڵۆ)، کە شەهیدیش دەکرێن بەم نیشانانە وەسفیان دەکات: (خۆرەتاو و گوڵەگەنم) و دەبن بە ئایکۆنی نیشانەیی، ئەو تفەنگەی شەهیدیان دەکات، تفەنگی دوژمن و داگیرکەرانە، نابێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ بەرەنگاری و شۆڕش.

(عەزیز ئالی) شیعری (عەکس):

چاویان بەست و بردیان
گوتیان:
"ئاوێنەی لەبەر هەتاو راگرتووە و
تیشکەی گرتۆتە چاوی خەڵک"
چاویان
بەست و
بردیان. (ئالی، ١٦، ١٩٨٩، ١٨٥)

ئەم وێنە شیعرییە نیگاری قارەمانێکە، شەیدای گزنگ و ژیانە، بۆیە دەسەلاتی ستەمکار سڵی لێدەکاتەوە و قۆڵبەستی دەکات! تیشک ئایکۆنی نیشانەیی بۆ رووناکی دژی تاریکی، هەروەها ئایکۆنە بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵک دژی ستەم.

(ئاوێنە، هەتاو، تیشک) ئایکۆنی نیشانەیین بۆ (روونی، رووناکی، رۆشنایی)، هەرسێکیان یەک توخم کۆیان دەکاتەوە، کە هیوا و ژیان و جوانییە.

(ناصر- ئاراس) شیعری (هۆنراوەی بەر پەتی سێدارە):

کە ژان و ئازار دەمگرێ
لەگەڵ شەپۆلی دەریادا تێکەڵ دەبم
تریفەی مانگ زۆر جوانە
بەلام لەو جوانتر، چاوی دایکمە. (ناصر- ئاراس، ١٧، ١٩٩٠، ١٠٨)

پاشان دەڵێت:

ئاخ.. چەند حەز دەکەم

له تیشکی مانگ

کەژاوەتان بۆ دروست کەم

تا ئێوەش ببنە ئەستێرە. (ناصر- ئاراس، ١٧، ١٩٩٠، ١٠٨)

ئەم دەقە (پێشکەشکراوە بە: گوڵاڵە سوورەی کوردستان سەعدیە و ڕێبوار). هەردووکیان خوشک و برای شاعیری شەهیدن. ئەم شیعرە ڕۆژی (١٩٨٢/١٢/١٥) لە ژووری سێدارە لە موسڵ نووسراوە. بەلای ئەو چاوی دایکی پێ لە تریفەی مانگ جوانترە. دایک ئایکۆنی لێچووە بۆ نیشتمان، نیشتمان دایکە، کەواتە دایک ئایکۆنی هێمایی و نیشانەیە بۆ نیشتمان و نیشتمانیش کوردستانە. ئەستێرەش ئایکۆنە بۆ شەهیدبوون لە پێناوی نیشتماندا.

(دەرسیم) شیعری (پێنج چەپک گڕی سوور لە ئاگردانەکەی گەرمیانا):

خۆتۆ گوڵی بەهارێک نیت

لێوی ووشکی خەزانی وێڵ بتژاکێنێ!

مەلۆتکەی سەر بێژینگیش نیت

(شەوە)ی شەوێک بتتاسێنێ

تۆ تاشەبەردێکی سەختی

دامێن سەفین و .. هەڵگوردی

نەڕەشێری.. سەدەی خوێنی

(گیڤارا)کەی.. گەلی کوردی؟!! (دەرسیم، ٩، ١٩٨٤، ٢٧).

(نەڕەشێر، گیڤارا)، ئایکۆنی نیشانەیی و هێماییین بۆ کەسێک، کە لە شاخەکانی هەڵگورد و سەفین تێدەکۆشێت، ئەو کەسە ئایکۆنی هێمایە بۆ پێشمەرگە، کە شەوەش ناتوانێت گوڵی ژیانی بژاکێنێ. شەوە ئایکۆنە بۆ ڕژێم و داروەدستەکەی.

ئەو (نەڕەشێر)ە بە شۆڕشگێڕێکی ناسراوی جیهانی وەک گیڤارا دەچوێنێت، ئاماژەدان بە ناوی گیڤارا، واتە ئاماژەدان بە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ بەرەنگاری و شۆڕشگێڕی لە جیهاندا، کە بۆتە ئایکۆنی جەنگی ڕەوا و پارتیزانی و خەباتی ڕزگاریخوازیی لە جیهاندا.

(ژاڵە- مەهاباد قەرەداغی) شیعری (پرسەی ئامانج):

کە بۆنی گوڵاڵەی هیوا

مەستت ئەکا

هەر لەوێدا

پەیمان بە کەژاوە ئەدەی

وەکو هەڵۆ بەرز بفڕی
پەیمان بە کوردستان ئەدەی
هەتا ماوی خەبات بکەی
گەر مردیشی
لە پێناوی چیا بمری. (ژاڵە، ١٣، ١٩٨٧، ١١٢)

هەڵۆ ئایکۆنی ملکەچ نەکردن و دەستەمۆنەکردنە، چیا ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کوردستان. دوای ئەو ئاماژانە پەیامی روونتر دەکاتەوە، کە ئەو تێکۆشانە لەپێناوی کوردستانە و ئەگەر بشمرێت، مردنێکی سەربەرزانەیە، چونکە لەپێناوی چیادایە.

## - ئایکۆنی هەڵەبجە و کۆمەڵکوژی

(رەفیق سابیر) شیعری (سروودی خاک):

شاعیر لە شیعری سروودی خاکدا، کە دوایی ناوەکەی بۆ (لاوکی هەڵەبجە) گۆڕی، نموونەیەکی جوانی شیعریی پێشکەش بە هەڵەبجە کردووە، وەک جوانناسێک وێنەکانی گرتووە:

بە تەنیا جێ ی مەهێڵن
ئەمشەو زریان دەیچێنێ
تەم و مژ دایدەپۆشێ
مانگەشەو دەیرفێنێ
گەرووی بە گزنگ تەڕ کەن
زامەکانی بە شێلان
بە گۆرانی داپپۆشن
یان بە سەوزی دارستان. (سابیر، ١٥، ١٩٨٩، ٨٧)

دەخوازێت گەرووی شەهیدەکان بە گزنگ تەڕ بکرێن، بەمە زیندوویێتی بە تەرم دەدات و بە چرینی گۆرانی بەسەریان دەکاتەوە، (گەرووی بە گزنگ تەڕ کەن، بە گۆرانی داپپۆشن، یان بە سەوزی دارستان) دەبن بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ نەمری و زیندوویێتی.

یاخود دەڵێت:

با هەڵەبجە دوا سمفۆنیای ئەم شەوە بێ
با هەڵەبجە پەیامی سووری نەوە بێ
با دوا کەرنەڤاڵی خوێن و

بڕینی ئەبەدی ڕوحی نەتەوە بێ
با هەڵەبجە تا هەتایە
هەڵەبجە بێ و هەڵەبجە بێ و هەڵەبجە بێ. (سابیر، ١٥، ١٩٨٩، ٩٩)

هەڵەبجە ئایکۆنێکی هێمایە بۆ جینۆسایدکردنی شارێک، کە داگیرکەران ستەمێکی گەورەی مێژوویان لێکرد. هەڵەبجە بوو بە ئایکۆنی هێمایی بۆ باشتر ناسینی کێشەی کورد لە ئاستی ڕایگشتی جیهانیدا، هەڵەبجە لە چەشینی هێرۆشیما و ناکازاکی بوو بە ئایکۆنێکی هێمایی جیهانی بۆ ئەو تاوان و جینۆسایدەی، کە فاشییەت بەرپای کردووە. لە دوا دێڕەکانی سروودەکەیدا بانگەواز دەکات "با هەڵەبجە پەیامی سووری نەوە بێت". ڕەنگی سوور ڕەنگێکی گەرمی نێو چوار ڕەنگە سەرەکییەکەیە، کە هەر یەکێکیان گوزارشتە بۆ شتێک ((سوور "خوێن، شەبەق"، تیکۆشان "قوربانیدان و شەهیدبوون"))ە (محەمەد، ٢٠٠٧، ل١٦٣). ئەو بە ئایکۆنی هێمایی بۆ ڕێگای سووری خەبات، دوا پەیامی بەرەنگاری خۆی ڕادەگەیەنێت.

(نەجیبە ئەحمەد) شیعری (شاری شەهیدان):

مامە سالە لەسەر گردی عەبابەیلێ،
لەناو تەمێکی ئاڵەوە وەکو تارمایی دیارە،
هەردوو دەستی کۆست کەوتووانە،
لەبەر پشتێنەکەی ناوە،
بەدەیان جۆر ئەچرکێنێ،
دەمێ لاوک، دەمێ حەیران،
دەمێ بە هۆرە و ئای ئایە
دەمێ بە قەتارەی گەرمیان
هەندێ جاریش بە خرۆشی دەروێشانە
ئەلاوێنێ ئەم بەهارە
بەهارە بەهارە
ئاسمان پڕ لە گەرد و خۆڵە
ڕەنگی بۆرە. (ئەحمەد، ١٥، ١٩٨٩، ١١٧ و ١١٨)

(تەم، تارمایی، گەردوخوڵ، ڕەنگی بۆر) ئایکۆنی نیشانەیین بۆ دۆخێکی خراپ و ناڕوون، ئەمانە لە ڕەنگی ڕەش، یاخود ڕەشایی نزیکن، کەواتە ئایکۆنی هێماییین بۆ تارمایی و تاریکی، ئایکۆنی نیشانەیین بۆ کاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە. شاعیر کارەساتەکە لە دەمی پیرەمێردێک

دەگێڕێتەوە واتە (مامە سالە)، مامە سالە ئەو کارەساتە لەرێگای لاوک، حەیران، قەتارە و ئای ئای بە کوردستان دەگەیەنێت و دەبن بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، کە کیمیابارانکراون.

(شێرکۆ بێکەس) شیعری (بالا)، لە کۆپلە شیعری (شار)دا دەڵێت:

ئەمڕۆ تەنها، هەر لەنێوان دوو سەعاتا
لەناو سنگی شارەکەما، پەنجا رووباریان خنکانم
قودس وای وت.
ئەمڕۆ تەنها، هەر لە ماوەی یەک سەعاتا
لەناو سەری شارەکەما
سەد ئەستێرەیان سەر بڕیم
مانگی شیعرێکی ئاسمانی سانتیاگواش وای پێ وتم
ئەمڕۆ تەنها، هەر لە ماوەی نیو سەعاتا
لەسەر بەردی رەشی پشتم
مێشکی زۆر گوڵیان پژانم
ئەسپێکی رەشی باشووری ئەفریقاش
وای پێ وتم..!
منیش وتم براینە..
تەنها جیاوازی نێوانمان ئەوەیە من،
من هەر شارەکەیان کوشتم..!! (بێکەس، ١٥، ١٩٨٩، ١٢٢)

رووبار، ئەستێرە، گوڵ و ئەسپ دەبن بە ئایکۆن بۆ مرۆڤی چەوساوەی ژێر دەستی ستەمکاران لە جیهاندا. شارەکەیان کوشتم ئایکۆنە بۆ قڕکردن، واتە هەڵەبجە.

(شێرکۆ بێکەس) شیعری (چاوپێکەوتنی ئەدەبی) لە کۆپلە شیعری (وەسێت)دا:

لقی دارێ وەسیێتی کرد، هەر وەختێ مرد
بیکەن بە بێشکەی منداڵێ.
بێشکە وەسێتی کرد، کە مرد
بیکەن بە پنەی بەردەمی
ریزە چادر و دەوارێ. (بێکەس، ١٧، ١٩٩٠، ٩٣)

ریزە چادر و دەوارێ ئایکۆنی نیشانەیین بۆ ئاوارەیی کورد، دوای کارەساتی هەڵەبجە ژمارەییێکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە ئاوارەبوون.

## - ئایکۆنی حزب و ئایدیۆلۆجیا

(سوارەی ئێلخانیزادە) شیعری (خەوەبەردینە):

سەلاحەدینی موهتەدی سەبارەت بەم شیعرە نووسیویەتی: ((شیعری خەوە بەردینە وەک گەلێک لە نووسراوە کوردییەکانی ئەو سەردەمە، لەناو کۆمەڵێکی خوێندەواری شۆڕشگێڕدا بە نهێنی دەست بە دەست دەگەڕا. هەر بۆیەش پڕە لە ئیماژ و رەمز و رازی شاعیرانە کە شێوەی تایبەتی هونەری دەوری خەفەقان و دیکتاتۆریەتە. خەوە بەردینە سەرگوزشتەی ئەو ئاو و سەرچاوانەیە کە بە هیوای یەکتر گرتنەوە و بوون بە چۆم وەڕێ دەکەون و بە تەمان بگەن بە دەریا، بەڵام لە رێگادا هەر کام بە دەردێک ئەچن و هەر یەک بە لایەکدا لائەدەن، تەنانەت ئاوی وا هەیە راستەوخۆ دەبێتە دژی خۆی)) (موهتەدی، ١٩٨١، ٣٠)، دەکرێت هەر یەکێک لەو ئاو و سەرچاوانە فکر و ئایدیۆلۆجیای جیاواز بن. سوارە ئەم شیعرەی ساڵی (١٣٤٦ هەتاوی-١٩٦٧ زاینی) نووسیوە، شاعیر کاری لەسەر کۆمەڵێک کەرەستەی ئایکۆنی کردووە، وەک:

لە چەشنی گەرووی کەو..
کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری
پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باری،
تەرەی باوەشی تا سەرباری بناری. (ئێلخانیزادە، ١، ١٩٨١، ٣١)

ئەم دەقە جیاوازە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵێک نیشانەدا. کەو زیندوەرێکی دیلە و سەوزایی خەیاڵدانی بردووە. راستە خەوەبەردینە دەقێکی ئاڵۆزە، بەڵام هێما و نیشانەکان، وەک ئایکۆنی بەرەنگاری و مانەوە و ژیان بەرجەستە کراون، با سەیری "نووری خۆر" بکەین، کە دوو وشەن و هەردووکیان ئایکۆنی نیشانەیین بۆ رووناکی و رۆشنایی:

لەبەر نووری خۆرا، کەمێ کوێرەکانی شەوارەن
زنەی دەم بە هاواری هاری درۆزن هەزاران
کە تەسلیمی سیحر و تەلیسمی بنارن...
بە بێ هەوڵی هەڵدان و چارانی چارەن
بە هیوان بگرمێنێ هەوری بەهاری. (ئێلخانیزادە، ١، ١٩٨١، ٣٤)

هەوری بەهاران ئایکۆنی نیشانەیە بۆ وەرزێکی تازە و دۆخێک پڕە لە هیوا و سەوزایی:

شەپۆلی لە گوێن خوێنی شەرمی کچانە

لەسەر رووومەتی ماتی بووکی رەزا سووک

بە تینی بتاوێنێ روانینی زاوا

گەرمتر لە پرشنگی تاوی بەهاری

وەکو نەرمە هەنگاوی لاوی بەرەو ژوان

لەجێ ژوانی زیندوو بە گیانی کچی جوان. (ئێلخانیزادە، ١، ١٩٨١،٣١)

شاعیر لە سەرتاپای شیعرەکەدا چەندانجار وشەی کچ دووبارە و چەندبارە دەکاتەوە، کە هەر یەکێکیان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ رووناکی و جوڵە و جوانی ((لەم شیعرەدا هەشـــت جار و لە قاڵبی جۆراوجۆردا موتیفی"کچ" دووپات بۆتەوە: (شەرمی کچانە، بووکی رەزا سووک، کچی جوان، کچی نوور، پۆلی پەریان، کچی سەرگروشتەی قەدیمی، کچی کورد، کیژێکی کاڵ و مناڵ). من پێموایە ئەگەر لە ناخود ئاگای دەقەکە بکۆڵینەوە و ئەگەر مەعنایەکی سیمبۆلیکی بە کچ بدەین، لێرەدا سوارە ویستوویەتی "کچ" بکات بە جۆرێک لە سیمبۆلی حەرەکەت و زانایی و بەخشندەیی و ژیان، و هەر بۆیە لەو جێگایانە کە باسی کچ دەکات تۆ هەست دەکەی حەرەکەت هەیە، هۆمێد و هیواداری هەیە)) (یەعقوبی، hawcharkh.net)، بە واتایەکی تر شاعیر کچ دەکات بە ئایکۆنی هێمایی بۆ جوانی و جولە.

(جەوهەر کرمانج) شیعری (کۆچی زاوایەکی نامۆ):

خۆ.. تۆ وەکو هەڵۆیەکی هەوار دیدە
لەسەر لووتکەی بەرز نەبا نەدەنیشتی
وەک کۆچەرێکی گەریدە
لەم وڵاتە سەر بە تەمە گەورە ببووی
رەنجبەرێکی چاو قایم بووی
چ ئاغایێ..
ئەم هەوارەی پێ جێ هێشتی
بۆ رۆیشتی..؟ (کرمانج، ٥، ١٩٨٢، ٤٦ و ٤٧)

لەم وێنەیەدا جەمیل رەنجبەر بە هەڵۆ دەچوێنرێت، هەڵۆش ئایکۆنە بۆ ئازایەتی و چاونەترسی و شکۆمەندی، رەنجبەریش هەم نیشانەیە بۆ پاشناوی شاعیری شەهید (جەمیل رەنجبەر)، هەم

ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ ئایدیۆلۆجیای شەهید، کە بەرگریکارێکی سەرسەختی هەژار و ڕەنجبەران بوو. وڵاتی سەربەتەم ئایکۆنی نیشانەیە بۆ وڵاتی پڕ لە ستەم و داپۆشراو بە ڕەنگی ڕەش و دەبێت بە ئایکۆنی نیشانە بۆ کوردستان.

(جوامێر– شێرکۆ بێکەس) شیعری (بانگ):

ئەی هەکار!
ئەی سەری خوێناویی کوردستان!
من بازووی لەشی تۆم، تەوێڵتم
چاو! چاوە
گلێنەی ڕاستت بم، چەپت بم
چاو! چاوە
هەردووکمان دوو باڵی مەلێکین
دوو سەری یەک پردی چەمێکین. (جوامێر، ٩، ١٩٨٤، ٤٩ و ٥٠)

بانگ شیعرێکی شێوە درامای (جوامێر)ی شاعیرە، داوای یەکریزی هێزە کوردستانییەکان دەکات، ئەو شیعرە بانگەوازێکە بۆ چوونی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ناوچەکانی بادینان. هەکار ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کارەساتی هەکاری. دوو باڵی مەل ئایکۆنی نیشانەیە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، ئەو دوو حزبەی بە مەلێک چواندووە، دەیەوێت ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بە بیربهێنێتەوە و دووبارە نەبێتەوە، کە پەڵەیەکی ڕەشە لە مێژووی کورد:

جڵەوی ئەسپەکەی شۆڕشی (حسەین)و
(عەزۆ)تم لێ بگرە (جوامێر، ٩، ١٩٨٤، ٥١).

حسەین مەبەست لە (حەسەن و حوسێن)ی شیعەکان نیە، بەڵکو ئاماژەیە بە شەهید (حوسێن بابەشێخ)، (عەزۆ) ئاماژەیە بە شەهید (ئیبراهیم عەزۆ). حسێن بابەشێخ لە کارەساتی هەکاری شەهید کرا، (ئیبراهیم عەزۆ)ش لە سەرەتای جاڕدانی شۆڕشی نوێدا لە کاتی پەڕینەوە لە سنووری ڕۆژئاوای کوردستان بەرەو باشووری کوردستان شەهید کرا، ئەسپ ئایکۆنێکی هێمایە بۆ هەستانەوە و شۆڕش.

من هاتوم بۆئەوەی
خوێن بدەم بە کەژی ڕەنگ زەرد و
بە پەیژەی لاشەما..

ئازادی سۆران و بادینان

پێکەوە سەرکەوێ (جوامێر، ٩، ١٩٨٤، ٥١).

سۆران ئاماژەیە بۆ ناوچەی سۆران، بادینان ئاماژەیە بۆ ناوچەی بادینان، ئەوکاتە دوو ناوچەی پاوانکراوی پێشمەرگە هەبوو، بۆ دوو هێزی پێشمەرگەی جیاوازی سەر بە دوو حزب. زەرد ئایکۆنە بە ناوچەی پێگەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، واتە ناوچەی بادینان، لەمەشەوە دەیەوێت ئەو پەیامە بڵێ، من ئامادەم لە پێناوی ئازادی و پێکەوە ژیان ببمە قوربانی بۆ ناوچەی رەنگ زەرد، خوێن بدەم، واتە خوێن ببەخشم، ئایکۆنی نیشانەیە بۆ شەهید و شەهیدبوون.

ئەوەتا وا گورگی سەر کەوشەن

گورگی بۆر.. گورگی رەش

بێ کڵاو، کڵاودار، ریشینیان

لمۆزیان لە خوێنی رژاومان وەرئەدەن. (جوامێر، ٩، ١٩٨٤، ٥٣)

گورگ ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان، ئاماژەدان بە چوار جۆر گورگی جیاواز: گورگی رەش، گورگی بێ کڵاو، گورگی کڵاودار، گورگی ریشن، ئایکۆنی نیشانەیین بۆ داگیرکەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان.

(نەکەرۆز) شیعری (ئاگرە سوورە):

من پشکۆیەک لەو ئاگرەم کە ئاسنیش دەتاوێنێ

من دڵۆپێک لەو بارانەم کە دەریایەک بەدی دێنێ

من شەماڵم، ئەو شەماڵەی پڕ لە شنەی بە سۆز و تاو

دەمە و بەهار بەفری داگیرکەری وڵات دەکەم بە ئاو

من ژیلەمۆم، ئەو ژیلەمۆی دوای هەزاران ئاو لێ پژان

دیسانەوە گڕ دەهاوێم دەیڵێمەوە گۆرانی ژیان. (نەکەرۆز، ٩، ١٩٨٤، ١٢٣)

پشکۆ و ژیلەمۆ ئایکۆنن بۆ خەبای نهێنی. بەفر کراوە بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ داگیرکاری، وەک هێزێکی سڕکەر. شەماڵ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ دۆخێکی تازە، کە بەفری داگیرکەر دەتوێنێتەوە.

(ئەحمەد قەرەنی) شیعری (ژ بیر نەکە):

ژ بیر نەکە

گەلەک جاران
تورزا پێلاڤێن کارکەری
مەزنترە
ژ مەرجانێن تاجێ سەری. (قەرەنی، ١٧، ١٩٩١، ٥٧ و ٥٨)

پێڵاو ئایکۆنی نیشانەیە بۆ بێ بەهایی. تاج ئایکۆنی نیشانەیە بۆ بەهاداریی، کارکەر ئایکۆنی هێمایە بۆ خەباتی ئایدیۆلۆجیای چەپ و کۆمۆنیستی.

## - ئایکۆنی هەرەس و شۆڕشی نوێ

(سامی شۆڕش) شیعری (دوو هۆنراوە)، ئەمە هۆنراوەی یەکەمە:

به هەندرێنی کورد بڵێن
هەزارەها گوریسە خوێن
به تۆ ئەمانبەستێتەوە
به سیروانی دەربەدەری بیابان بڵێن
بۆ هەر کوێیەک فڕێت بدەن..
هەزارەها سەرچاوەی روون
به تۆ ئەمانگەیەنێتەوە،
به کێو و دەشت و دەر بڵێن
به هەتاو و سێبەر بڵێن
به تفەنگ و خەنجەر بڵێن
رۆژێ دادێ ..
رەشەبا بەر دەرکی سەرای سلێمانی دەگەڕێتەوە
رۆژێ دادێ..
هەوری تووڕەی شۆڕش دەجمێ و
لافاوی سوری پێشمەرگە.. جارێ دی
هەڵدەستێتەوە،
به هەندرێنی کورد بڵێن..
قەت کێو به کێو ناگات.. بەڵام
بەڵام ئێمە به تۆ دەگەینەوە. (شۆڕش، ٥، ١٩٨٢، ٦٩ و ٧٠)

هندرێن ئایکۆنی نیشانەیە بۆ لانەی شۆڕش. سیروان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کورد و کوردەواری. رەشەبا ئایکۆنی نیشانەیە بۆ راپەڕین و شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە.

ئەم شیعرە بۆ یەکەمجار بە ناونیشانی (سروودی هەڵسانەوە) لە رۆژنامەی (ئاڵای کارگەران) بە ئیمزای (شۆرش) بڵاوبۆتەوە (شۆڕش، ١٩٧٦، ٤). سامی شۆڕش ئەم شیعرەی لە ئابی (١٩٧٥) نووسیوە و ساڵێک دواتر بڵاویکردۆتەوە، دەقەکەی دوو توێی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)، کە لێرەدا کارمان لەسەر کردووە، دووەمجارە، یاخود زیاترە بڵاودەبێتەوە، لەنێوان دەقەکەی رۆژنامەی (ئاڵای کارگەران) و گۆڤاری (نووسەری کوردستان)دا جیاوازی هەیە، شاعیر لە چەند شوێنێک دەستکاری چەند وشە و دەستەواژەیەکی کردووە، بەڵام ئەو دەستکاریکردنە کاریگەریی لەسەر ئایکۆنەکان نیە، کە مەبەستی ئێمەیە.

## - ئایکۆنی داگیرکەر و وێرانکردن

(عەبدولکەریم دەشتی) شیعری (کوچەی مەرگ)

چەمی خوێن لە شایی بەفرا ئاگر دەگرێ..
لوتکە ورد ورد دەتوێتەوە
کە بەیانیش راوچییەکان دەکەونە دروێنەی شاخان
هەرچی خوێنە بۆتە مەل و دەنووکیان سوور دەچێتەوە. (دەشتی، ٧، ١٩٨٣، ٦٥ و ٦٦)

راوچی ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ هێزی داگیرکەر و لەناوبردن و کوشتن و خوێنڕشتن، بەڵام ئەو خوێنەی دەڕژێت، باڵندەکان هان دەدات تۆڵەی ئەو خوێنڕشتنە بکەنەوە ((بەهێماکردنی باڵندە پەیوەستە بە نووسەر)) (www. Quora. com )، باڵندەکان ئەوەندە تووڕەن دەنووکیان لە خوێن وەردەدەن بە مەبەستی رشتبوون لەسەر تۆڵەکردنەوە. باڵندە ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ بەرخودان و ئازادی و پەیامبەریی.

(هەڵگورد- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) شیعری (بۆ هاوڕێیەکی فەڵەستینی):

هاوڕێم.. من و تۆ هەروەکو زەیتوون و گوێز
ئاوێزانی یەکتر بووبووین،
عەشقی ئێمە
لەژێر گەڵاو لق و پۆپی دار پڕتەقاڵ و بەڕوودا
گڕ دەستێنێ و

ڕەگی خۆشەویستی وڵات

وەکو ڕەگی قووڵی درەخت

بە ناخی دڵی خاکە داگیرکراوەکانماندا دەچەقێ. (هەڵگورد،، ٩، ١٩٨٤، ٢١ و ٢٢)

بەراوردکردنی دۆخی داگیرکراوی دوو خاکە. زەیتوون و پرتەقاڵ ئایکۆنی نیشانەیین بۆ فەلەستین، گوێز و بەڕوو ئایکۆنی نیشانەیین بۆ کوردستان. ئەو پێیوایە هەردوولامان عاشق بە خاکی خۆمانین، ئەو خۆشەویستییەش، وەکو ئەو درەختانەن، کە ڕەگیان بە نیشتماندا چۆتە خوارەوە.

(خوسرەوی نامۆ) شیعری (کەمین بۆ دزەکانی دارستان):

ئەگەر هات و کچێکم بوو

فێری دەکەم

حەز لە پاسەوانی دارستانی مرۆڤ بکات

نەوەک هەڵی خەڵەتێنن

ماچی تەور و زۆردار بکات. (نامۆ، ٩، ١٩٨٤، ٩٨)

شاعیر دەڵێت: ئەگەر کچێکم بوو بە جۆرێک پەروەردەی دەکەم، خیانەت لە نیشتمان نەکات و دژی تەور و زۆردار بێت، کە هەردووکیان (تەور/ زۆردار) ئایکۆنی نیشانەیین بۆ چەوسانەوە و ستەم. پاراستنی دارستانی مرۆڤ ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ مرۆڤایەتی و یەکسانی و دادپەروەری. ئەگەر تەور بە تەنیا وەربگرین دەبێت بە ئایکۆن بۆ زۆرداری ناوخۆ و دەرەکی.

(کاکە) شیعری ( ٣ بەند لە شیعری نا، نەت ناسیوم داگیرکەر):

وات ئەزانی

لە داوەڵی زیندان و ئەشکەنجە و ئازار

شیر و تیر و تەناف بەدەس

ئەتۆقم و..

بەغار لە کایە دەچمە دەر

بەڵام هەیهات

دەستت نایە ئاگردانێ

کە نەک هەر دەستی نەگریست

ریش و عەبا و هەموو جەستەت

ئەسووتێنێ. (کاکە، ٩، ١٩٨٤، ١١١)

(شیر، تیر، تەناف) ئایکۆنی نیشانەیین بۆ کەرستەکانی ئازاردان و زیندانی و کوشتن، شاعیر بەڕووی داگیرکەران هاوار دەکات و دەڵێت: نا نەتناسیوم ئەی داگیرکەر. (ریش، عەبا) ئایکۆنی نیشانەیین بۆ دەسەڵاتداریێتی جمهوری ئیسلامی ئێران. داگیرکەران دەستیان بۆ ئاگردانێک بردووە هەموو جەستەیان دەسووتێنێ. ئاگردان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کوانووی خەبات و بڵێسە و پشکۆ.

(رێبوار) شیعری (سنوور)

شاعیر ئەم سەرنجەی نووسیوە: (شەوێکی مانگی تەمووزی ساڵی (١٩٨١) پاش بەحسەیێک لە ناوزەنگ. بە مانگەشەودا سەرکەوتم تا سەر لوتکەیەکی بەرز و باگر. ئەم گفت و گۆیەم لەگەڵ شاخی ناوزەنگ کرد بە شیعر):

ئاگات لێ یە؟
سنوورمان سڕیوەتەوە!
زنجیرەکانت رزیون
دوژمنانت
لە پەنا و پەستێو خزیون
ئەستێرەکانی ئەم بەر و
هی ئەو بەری رووبارەکەت
دەیان بینم
کە پێک دەگەن
کە لێک دەگەن
پۆپی بەفرین
وەک شەوقی شیری مانگەشەو
سەرتاپای پڕ بوو لە بزە. (رێبوار، ٩، ١٩٨٤، ١١٩)

زنجیری بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ قایمکردنی سنووری کوردستان داناوە، بەڵام ئەو بەجۆرێک وێنەی زنجیر دەکێشێت، کە ئێستا رزیوە و سنوور سڕاوەتەوە، کە زنجیر پسا ئەستێرەی ئەوبەر. ئەستێرەی ئەمبەر، هەروەها رووباری ئەوبەر، رووباری ئەمبەر لێکدەدەن و پێکدەگەن. ئەستێرە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پێشمەرگەی هەردوولا.

(عەزیز کەیخوسرەوی) شیعری (چیرۆکی مەرگی هەڵۆی سوور):

باش دەتزانی لەم وڵاتە

گەرووی بولبول بە قورقوشم دەئاخێندرێ

دەنووکی بە بەرد دەشکێندرێ

تا لە چرکە و سەمای خەن. (کەیخوسرەوی، ١٧، ١٩٩٠، ١٠٣)

بولبول ئایکۆنی نیشانەیە بۆ دەنگی ئازادی. بە پێچەوانەوە قورقوشم ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کپکردنی دەنگی ئازاد.

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعرە بیانییەکاندا

لە مێژووی هونەری وەرگێڕاندا ئاڵوگۆڕ و ئەزموونی کولتوری گەلان ستوونێکی بەهێز و پتەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەدەب بوارێکی چالاک و جوڵاوی نێو کایەی کولتورە، وەرگێڕانیش لەو بوارەدا ((ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێت تا بە ئەدەبی جیهانی بگەین)) ( Wechsler, 1998, 8). لەنێو هونەرەکانی ئەدەبیشدا ((وەرگێڕانی شیعر کارێکی سەختە و پێویستی بە شارەزایی تایبەت هەیە)) ( Jones, 2011, 18 ).

بوونی نیشانە و هێما بەشێکی دانەبڕاوە لە شیعر و هونەرەکانی پەخشان لە ئەدەبیاتی سەرجەم گەلانی جیهاندا، بەڵام ئەوەی جیاوازی دەکات، دیاریکردن و تایبەتمەندی بەخشینە بە پێی ڕەهەند و بوارە کولتورییەکان، هەربۆیە زۆرجار لە مەسەلەی تێکۆشان و مافدا هێز و وزەی خەبات بۆ هەمان ئامانجە و ئایکۆنەکان وەک یەک بەکارهێنراون، یاخود هەمان شێوە و دەربڕینیان وەرگرتووە.

ئەدەبیاتی کوردی بە گوێرەی ڕۆژگار و دەرفەت رووی لە وەرگێران کردووە و سوودی لە ئەزموونی گەلان وەرگرتووە، بەڵام تائێستاش نەیتوانیوە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە ئەدەبیاتی خۆی بە گەلانی جیهان بگەیەنێت.

لە (١٨) ژمارەکەی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)دا، چەندان شیعری وەرگێڕدراو بڵاوکراونەتەوە، کە زیاتر لە زمانەکانی فارسی و عەرەبی، هەروەها زمانی ئینگلیزییش وەرگێڕدراون. ئەمانە چەند نموونەیەکن:

(خوسرەوی گوڵسورخی) شیعری (لە سەوزاییە سەوزەکاندا):

ئەی سەروی ڕاوەستاو نەکەوتی

ئەمە ڕێ و ڕەسمی تۆیە کە بە پێوە بمری

له تۆدایه گۆرانی یەکانی خەنجەڕ و خوێن

له تۆدایه باڵنده کۆچەرەکان

له تۆدایه سروودی سەرکەوتن. (گوڵسورخی، ٢، ١٩٨١، ٣٦)

گوڵسورخی وێنەیەک دەکێشێت له وێنەی شەهید و قارەمانێک دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا به درەختی سەرووی دەچوێنێت و دوایی دەبێت به ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ خەنجەر و خوێن، ئەم دوانەش سەرکەوتن دەنەخشێنن، هەروەها له وێنەیەکیتردا شەهید دەبێت به ئایکۆنی لێچوو بۆ درەختی سەروو و ئاڵا، ئەم دوانەش هەمیشه باڵایان بڵنده و ناکەون و زیندوون، کەواته ئەم دوانه دەبن به ئایکۆنی چواندن بۆ شەهید و شەهید بوون له پێناوی نیشتماندا. ئەم شیعره دڵزار بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

له ژماره (١٢)ی هەمان گۆڤاردا، بابەتێکی درێژ سەبارەت به ژیان و بەرهەمەکانی و دادگایکردنی (خوسرەوی گوڵسورخی) بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ چەندان لاپەڕه بۆ وەرگێڕانی شیعرەکانی تەرخانکراوە. ئەو بابەته (٥١) لاپەڕەی گۆڤارەکەی بۆ تەرخانکراوە و محەمەد موکری بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

(مزەفەر ئەلنەواب) شیعری (پاکانە):

کاکه گەرمی و ساردی هەموو زیندانەکانم چەشتووە

هاتومه لات، جنێو و تف و نەفرەتی یاساوڵم به داوێنم هەڵگرتووە

نزا و نزام رژاندۆته ژێر پۆستاڵی ژەندرمەوە

شیشی ژەنگاوی زیندانم به زمانم لستۆتەوە

کەچی ئەنجام له سوچی رۆژنامەیەکدا به پاکانه پڕکردنەوە

پاداشتەکەم دەدەیتەوە؟

ئەو خەڵکەش بیخوێننەوە!

هەتا ماوین قێز و بێزمان لێ بکەنەوە

به بنی پێڵاوی نەفرەت شەڕەفمان بپلیشێننەوە

ئاوا پاداشتی ئازار و شەنخوونی من و دایکم دەدەیتەوە. (ئەلنەواب، ٢، ١٩٨١، ٦٢ و ٦٣)

وێنەی ناشیرینی کەسێک دەکێشێت، که له کاتی زیندانیکردنیدا پاکانەی کردووە. (یاساوڵ، پۆستاڵ، شیشی ژەنگاوی) ئایکۆنی نیشانەیین بۆ زیندان و بۆ ستەم و چەوساندنەوەی ئەو کەسانەی لەسەر بیروباوەڕی سیاسی زیندانی دەکرێن و ئازار دەدرێن، بەڵام شاعیر پێیوایه

مرۆڤ دەبێت خۆڕاگر بێت و پاکانە نەکات، چونکە پاکانە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ سەرشۆڕی و زەلیلی، ئەگەرنا:

چۆن پاکانە لە گەل دەکەی
ئێمەش هەروا پاکانە لە ناوت دەکەین
دەڵێین ئەی گەل، ئەم سەرشۆڕە چاوان پڕ لە زەلیلی یە
کوڕمان نیە، کاکمان نیە، کەسمان نیە. (ئەلنەواب، ٢، ١٩٨١، ٦٤)

ئەمە ئەوپەڕی شۆڕشگێڕییە خێزانێک بە کوڕ و کاکی خۆیان بڵێن، ئەمە کەسی ئێمە نییە، چونکە پاکانەی لە گەل کردووە، ئەمە نموونەی ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ بەرەنگاری و پەند بۆ ئەوانەی لە زیندانەکاندا خۆڕاگرنین، سەرشۆڕ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ناپاکی. ئەم شیعرە دڵشاد مەریوانی بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە و بە ناوی خواستراوی (سەیران) بڵاوکراوەتەوە.

ئەمەش نموویەکی هاودژە لەگەڵ وێنەکەی پێشوودا، کە لە کاتی تیربارانکردنیدا بێباکە لە مەرگ، بەڵام شاملۆ نووسیویەتی، نەک مزەفەر ئەلنەواب.

(شاملۆ) شیعری (ساتی تیرەباران):

لە کێلۆنی دەرگایەکدا کلیلێ سوڕا
لەسەر لێوانی خەندەیەک لەرزا
وەک سەمای ئاوی بن میچ
لە تیشک دانەوەی خۆرەتاوی خۆر
لە کێلۆنی دەرگایەکدا کلیلێ سوڕا
دەرەوە
رەنگی گەشی دەمە و بەیان
نۆتەیەکی ون بوو
گێل، گێلانە، بەسەر
کونی قامیشا ئەگەڕا
بەدوای ماڵەکەیا
لە کێلۆنی دەرگایەکدا کلیلێ سوڕا
بزەی پێکەنین لەسەر لێوانی کەوتە سەما. (شاملۆ، ٣، ١٩٨٢، ٣٩)

شاعیر ئەو حاڵەتەی بە تیشکی خۆری کاتی خۆرەتاو وەسف کردووە، کەواتە کاتی تیربارانکردنەکەی نیشانەکردووە بە رۆشنایی خۆر و لێوەکانی پڕ دەبن لە زەردەخەنە، ئەو

حاڵەتە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ بەرەنگاری و خۆبەدەستەوەنەدان، بە سوود وەرگرتن لە قامیش و ئاواز نۆتەیەک دروستدەکات، کە تەنیا بزە و سەما دەناسێت، ئەم دوانەش ئایکۆنی نیشانەیین بۆ خۆشی و ئاسوودەیی، کەواتە شەهیدبوون رووخساری پڕ دەکات لە زەردەخەنە و خۆشی، دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ خۆڕاگری و وانەیەک بۆ نەوەکانی دواتر. ئەم شیعرە لەگەڵ بابەتێک بڵاوکراوەتەوە، کە سەبارەت بە شاملۆ و شیعری نوێی فارسییە و سیامەند مامیر نووسیویەتی.

(فازیل عەزاوی) شیعری (بەختەوەری):

پەنجەرەیەکم بۆ بهێڵنەوە درەختەکانی لێوە ببینم
شاعیر وای وت، کاتێ بەرەو زیندان ئەچوو
دارتاشێکیان هێنا پەنجەرەکەی داخست. (عەزاوی، ٥، ١٩٨٢، ٧٧)

فازیل عەزاوی داوا دەکات، پەنجەرەیەکی بۆ والآ بکەن، تا درەختەکان ببینێت، ئەوان پەنجەرەکە بە تەواوی دادەخەن، بەڵام بێ هیوا نابێت، پەنجەرە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ رووناکی، شاعیر ئەم وێنەیەش زیاد دەکات:

شاعیر وتی:
ئای! کە خەنیم، کاتێ گوێم لە گڤەی بایە درەختەکان ئەهەژێنێ
داربڕێکیان هێنا گشت درەختەکانی لە رەگ و ریشەوە هەڵکەن (عەزاوی، ٥، ١٩٨٢، ٧٧)

بۆئەوەی هیوابڕاوی بکەن، درەختەکان لە رەگوریشەوە دەبڕنەوە. درەخت بەلای ئەو ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ژیان و جوڵە و سەوزایی. ئەم شیعرە ئازاد ئەحمەد بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

(کونستانتین کاڤافی) شیعری (مۆمەکان):

لەبەردەممانەوە.. رۆژە نەهاتووەکان .. رشت بوون
ریزێک مۆمی داگیرساوون.
مۆمی گچکە. ئاڵتوونی. گەرم. زیندوو.
رۆژە رابوردووەکانیش.. لە پشتەوە جێ ماوون
وەک ریزێک مۆمی کوژاوەن
نزیکەکانیان هێشتا فتیلەکانیان.. سەر بە دووکەڵن

مۆمی سارد. تووا‌وه. چه‌ماوه
نامه‌وێ بیان بینم.
دیمه‌نه‌که‌یان ئازارم ده‌دا
به‌ به‌یادهێنانه‌وه‌ی سه‌رده‌می داگیرساوی کۆنیشیان
ئازار بارتر ده‌بم
بۆ مۆمه‌ داگیرساوه‌کانی به‌رده‌مم ده‌ڕوانم
نامه‌وێ ئاوڕ بده‌مه‌وه‌ و سامناکانه
دیمه‌نی درێژ و خێرای ریزه‌ کوژراوه‌کان ببینم
به‌ڵام.. ئاه.. چ زوو مۆمه‌ کوژراوه‌کان وا زۆر بوون!
چ زووو؟!! (کاڤافی، ٦، ١٩٨٣، ٨٩ و ٩٠)

ئه‌و نایه‌وێت ئاوڕ بداته‌وه‌ و رووخساری مۆمه‌کانی دوێنێ ببینێت، چونکه‌ ئازاری ده‌ده‌ن، چاوی ته‌نیا خستۆته‌ سه‌ر مۆمه‌ داگیرساوه‌کانی ئه‌مرۆ، به‌ڵام ئاهێکی سارد ناخی پڕ ده‌کات له‌ خه‌م، چونکه‌ مۆمه‌ کوژراوه‌کان ژماره‌یان له‌ هه‌ڵکشاندایه‌، مۆم ئایکۆنی هێمایه‌ بۆ رۆشنایی و گه‌شانه‌وه‌ و هیوا، هه‌روه‌ها ده‌بێت به‌ ئایکۆنێک بۆ شه‌هیدان و ئه‌وانه‌ی له‌پێناوی خاک و دادپه‌روه‌ری و ئازادیدا گیانی خۆیان ده‌که‌نه‌ قوربانی. ئه‌م شیعره‌ کارزان. ف بۆ سه‌ر زمانی کوردی وه‌ریگێڕاوه‌.

(پاپلۆ نیرودا) له‌ شیعری (چیا و رووبار):

له‌ نیشتمانه‌که‌م دا... چیا هه‌یه‌
له‌ نیشتمانه‌که‌م دا... رووبار هه‌یه‌. (نیرودا، ٧، ١٩٨٣، ٦٩)

چیا ئایکۆنی نیشانه‌یه‌ بۆ به‌رزی و پاراستن و به‌ره‌نگاریی، رووباریش ئایکۆنی نیشانه‌یه‌ بۆ ژیان و ئاوه‌دانی و به‌رده‌وام بوون.

ئه‌ی هاوڕێ
ئه‌ی ئه‌وه‌ی خۆشم ده‌وێ ی
ده‌نکه‌ گه‌نمێکی سوور زۆر گچکه‌یه‌ و
له‌وێ تێکۆشان سه‌خت ده‌بێ و
ژیانیش سه‌خت تر
به‌ڵام
هه‌ر ده‌بێ بێ ی له‌گه‌ڵم. (نیرۆدا، ٧، ١٩٨٣، ٧٠)

دەنکەگەنم ئایکۆنی نیشانەیە بۆ نان و خۆراک و هیوایەک بۆ هەژاران، بەڵام دەنکەگەنمی ئەو رەنگی سوورە، دەبێت بە ئایکۆنی هێمایی بۆ خەباتی چینی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراو و هەڵگرانی بیروباوەڕی چەپ و کۆمۆنیستی، تا گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودە و بەختیار و یەکسان. ئەم شیعرەش کارزان. ف بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

(عەلی رەزا نابدل) شیعری (کوردستان):

ئەم چیا هەرە بەرزانە
رێگەی چەکمەی خوێناوی نادەن
هەتا پێ بنێتە سەر لوتکەکانی
گوللەی بێگانە
قەت ناتوانێ ببڕێت سینگی ئاسکەکانی. (نابدل، ١٧، ١٩٩٠، ٨١)

چەکمە واتە پۆستاڵ، پۆستاڵیش ئایکۆنی نیشانەیە بۆ هێزی داپلۆسێنەر و دەسەڵاتی داگیرکەران. ئاسک ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کوردستان و ژینگە و خاکەکەی، چیاش ئایکۆنە بۆ پەناگە و ژینگەی ئالنگاری و خۆبەدەستەوەنەدان. ئەم شیعرە لەگەڵ ئەم بابەتە بڵاوکراوەتەوە (عەلی رەزا نابدل شاعیری شۆڕشگێڕی ئازەربایجانی)، بابەتەکە لە نووسینی محەمەد مورتەزایی یە.

(عەباس بەدری) شیعری (رێبوار):

ئەی رێبوارە تەنیاکە
چاوەکانت کەژ و کێو و ... منداڵانن
چاوەکانت دەزگیرانی چاو جوانن. (بەدری، ١٧، ١٩٩٠، ٩٥)

چاوەکانی رێبوار، ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کەژ و کێو و منداڵ و دەستگیران، هەر یەکێک لەو ناوانەش ئایکۆنن بۆ نیشانەیتر. منداڵ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ لە دایک بوون و ژیانێکی نوێ، کەژ و کێو ئایکۆنی نیشانەن بۆ بەرەنگاری و مانەوە و بەپێوە وەستان، دەستگیران ئایکۆنی نیشانەیە بۆ چاوەڕوانی و ژیانێکی نوێ. رێبوار ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پێشمەرگە. پێشمەرگەش ئایکۆنی هێمایە بۆ کورد و خۆڕاگری. ئەم شیعرە زۆزان بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

(بریانی چروی) داستانێکی شیعرییە، شاعیری ئیتاڵی (ئەینیا تسیو بوتیتا) نووسیویەتی. داستانی حەوت برای جوتیارە، کە لە (١٩٤٣/١٢/٧) لە (رجوئەمیلیا) بە دەستی فاشیستەکان

گوللەبارانکران، ئەم داستانە، رووداوێکی راستەقینەیە و شاعیر بەم وێنانە تابلۆی تاوانەکە دەکێشێت:

له گۆڕەپانی مەرگ دا
بەرلەوەی گیانیان بسپێرنە رێژنەی گولله
بەدەستی بە زنجیرەوە
یەکدیان ماچ دەکرد و دەگرتە باوەش.
لەگەڵ رێژنەی گولله
(ئالدو) هاواری کرد
(نامرین!. نامرین!)
راستیشی کرد، نەمردن
بۆ مردووان، مردن
بۆ زیندووان، زیندوون. (بوتیتا، ١٨، ١٩٩١، ٧١)

ئەو جوتیارانە دوای شەهیدبوونیان دەبن بە ئایکۆنی هێمایی بۆ بەرەنگاری و بەردەوام بوون لەسەر تێکۆشان، چونکە شەهید ئایکۆنی هێمایە بۆ نەمری و دەبێت بە هێمای خەبات بۆ ئایندەی نیشتمان و نەوەکانی داهاتوو. ئەم شیعرە ئەبوبەکر خۆشناو بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

# پاری دووەم
# ئایکۆنی بەرەنگاری لە پەخشاندا

## هونەری ئەدەب لە سەنگەردا

شەڕ و خەباتی چەکداری بەشێکی زۆری لە مێژووی خەڵکی کوردستان بۆ خۆی بردووە. زاراوەکانی ئەدەبی؛ جەنگ، شەڕ، سەنگەر، سیاسی، حزبی، ئەگەرچی هەر یەکێک لەو جۆرە ئەدەبیاتە خاوەنی خاسیەتی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام لێک جیاکردنەوەیان ئەستەم نیە، بە تایبەتیش ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەدەبی سەنگەرە، واتە ئەو ئەدەبەی لە سەنگەری پێشمەرگە لە دایکدەبێت و لە چاپکراو و ڕۆژنامەگەریی پێشمەرگەدا بڵاودەکرێنەوە، سەرەڕای ئەو ئەدەبەی لەناو شارەکاندا نووسراون و بە هێما داپۆشراون، لە هەردوو ژینگەکەدا، ئەو ئەدەبە زمانی ئاڕاستە و گوتاریی خۆی هەیە، بەڵام دەچنە ناو چوارچێوەی ئەدەبی بەرەنگارییەوە. لەو کاتەی ئەدیب و نووسەر لە بەرەکانی تێکۆشاندا بەشدار دەبێت ((بەرپرسیارێتی بەشداربوون هەڵدەگرێت، هەروەها دەتوانێت بە شێوەیەکی ورد و واقیعی گوزارشت لە کێشەکانی گەلەکەی بکات و وێنەی ژیان و خەباتیان بە وردی بگرێت)) (رسول، ١٩٦٦، ٢١٥).

چیرۆکی کوردی لە سەنگەری پێشمەرگەدا بەسەر دوو قۆناغدا دابەشدەکرێت، یەکەم: (١٩٦٢-١٩٧٥)، لەم قۆناغەدا گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە) زیاتر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی چیرۆک داوە، بەڵام گۆڤارێکی تایبەت بە ئەدەب نەبووە. قۆناغی دووەم: (١٩٧٦- ١٩٩١)، ئەمە قۆناغی زێڕینی چیرۆکی کوردییە لە سەنگەری پێشمەرگەدا، کە لەو قۆناغەدا چەند گۆڤارێکی تایبەت بە ئەدەب چاپ و بڵاوکراونەتەوە و گرنگیان بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی کوردی داوە، لەم قۆناغەدا پەخشانی کوردی بە تایبەتیش چیرۆک ڕاستەوخۆ دەچێتە کۆڕی خەباتی گەلەکەی و بەرهەمەکانیش باشترین بەڵگەن، لەو قۆناغەدا چیرۆک لەباری هونەردا زیاتر پێشدەکەوێت و لە بواری ناوەڕۆکیشدا پێناسە و ناسنامەیەکی دیکە بە مێژووی ئەدەبی بەرەنگاری کوردی دەدات، بە تایبەتیش، کە چیرۆکنووسان ڕاستەوخۆ بەشداری لە کاروانی خەباتی پێشمەرگانە و

بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەیاندا دەکەن، لە بەرهەمی ئەدیبی بەرگریکاردا ((ئانای ئەدیب هاوسەنگە لەگەڵ خودی کۆمەڵ لەباری نیشتمانی و نەتەوەییدا)) (جمعة، ٢٠٠٩، ١٣٣).

وەک پێشتر لەم تێزەدا ئاماژەمان پێداوە سەرچاوەی کاریی پراکتیکی بۆ ئەم بەشە، گۆڤاری (نووسەری کوردستان)ە، کە لە سەنگەری پێشمەرگەدا لە دایکبووە و زۆربەی بابەتەکانیشی بە قەڵەمی نووسەر و ئەدیبانی پێشمەرگە نووسراون، یاخود وەرگێڕدراون، هەروەها لە شارەکانیش بە نهێنی بابەتیان بە دەست گەیشتووە و بڵاویانکردۆتەوە.

لە هەر هەژدە ژمارەکەی گۆڤاری نووسەری کوردستاندا، چەندان چیرۆکی کوردی و وەرگێڕدراو بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (٨)یش تایبەت کراوە بە چیرۆک، کە لە دوو توێی (١٩٤) لاپەڕەدا کۆمەڵێک چیرۆکی کوردی بڵاوبوونەتەوە و یەکەمجارە لە مێژووی ئەدەبیاتی پێشمەرگەدا گۆڤارێک، یەکێک لە ژمارەکانی تایبەت دەکات بە چیرۆک، بە تایبەتیش چیرۆکی کوردی.

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە چیرۆکە کوردییەکاندا

(نالە- ناسر حەفید) چیرۆکی (شیلانە):

دوژمن لە ئاسمان و زەوی گوندەکە گەمارۆ دەدات ((بیست و چوار کاروان کوژە ئاسمانی دێ یان گرت. دەیان لە یاڵی پشت ماڵان نیشتنەوە، دەی تر گردی راست و چەپی گرت، چارەکەی تریان دەشتی بەرماڵانیان تەنی. سەربازەکان جاشیان پێش خۆیان دابوو، لولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەی سەر سنگی ئاوایی کرد:

- وەرنە دەرەوە...!

- ژنیش..!؟

- ژنیش ... وەرنە دەرەوە!

- مناڵیش....!؟

- منالیش... وەرنە دەرەوە!

هێندەی پێ نەچوو هەموو ئاوایی یان کۆکردەوە. ئەفسەرەکە هاواری کرد

- گڕ لە خانوەکان بەربدەن!)) (نالە، ١، ١٩٨١، ٥٣)

سەرباز و جاش گوندەکە گەمارۆ دەدەن، فڕۆکەکانیش ئاسمان دادەپۆشن، چیرۆکنووس فڕۆکەکان بە کاروانکوژە دەچوێنێت، کەواتە کاروانکوژە دەبێت بە ئایکۆنی نیشانە بۆ فڕۆکەی دوژمن.

(کاکەباس- عەباس محەمەد حسێن) چیرۆکی (قوتابخانەکەمان چی بەسەرهات):

منداڵێک لەگەڵ خانەوادەکەی لە لادێ دەژیت و باسی کردنەوە، پاشان رووخانی قوتابخانەکەیان و وەسفی گوندەکەیان و رۆژانی خوێندن دەکات. قوتابخانەکەیان مامۆستایەکی هەیە، دەنگ و باسی گیرانی و بێ سەر و شوێن بوونی بەناو دێیەکەدا بڵاودەبێتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ((سبەینەیەکیان بەبێ ئەوەی هیچ شتێکمان بیستبێ، هەمووان وەک رۆژانی چوو. بەرەو قوتابخانە بەڕێ کەوتین، کە گەیشتمە بەردەم پۆلەکەمان، دیم قوتابی یەکان هەموویان لەبەر دەرگا کۆبوونەتەوە. دەرگای پۆلەکەمان و ژوورەکەی مامۆستا بە داخراوی مابوونەوە. مامۆستاکەمان لە شار نەگەڕابووەوە)) (کاکەباس، ١، ١٩٨١، ٦٥)، لەناو گوند بڵاوبووەوە ((ئەم مامۆستایە سەرپێچی فەرمانی میری کردووە)) (کاکەباس، ١، ١٩٨١، ٦٦)، هێشتا ونبوونی مامۆستا لەبەردەم چاوی قوتابییەکان وننەببوو، هێزێک هاتو و گوندەکەی سووتاند، تەنیا قوتابخانەکە ناسووتێنن و دەیکەن بە مۆڵگەی داگیرکاری خۆیان.

چیرۆکەکە بەم شێوەیە کۆتایی دێت:

((باوکە دڵنیابە مامۆستاکەمان دەیگووت.. هەر چەندە داروباری ئەم کوردستانە جوانە ئاگر تێ بەربدەن سوودی نییە، چونکە ئەم خاکە هەوارگەی داری سەوز و جوانە، کە زستانێکی دیکە دابێتەوە، دارەکان سەرلەنوێ دەڕوێنەوە.

- بەڵێ رۆڵە شیرینەکەم.. دارە نوێیەکان وەک چقڵ لە چاوی داگیرکەران رادەچن)) (کاکەباس، ١، ١٩٨١، ٦٧).

داری نوێ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ژیانەوە و وەرزی نوێ. منداڵ و ئەو درەختە نوێیە دەبن بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ ژیان و هەڵسانەوە و ئاوەدانکردنەوە. لە چەندان دەقدا جیاکردنەوەی ئایکۆنی هێما و نیشانە ئاسان نییە، لەو حاڵەتەدا پێویستە لە چەمک و واتای ئایکۆنەکان ورد ببینەوە.

(فەرەیدون عەبدولقادر) چیرۆکی (خەتی راست و چەپ):

نیگا لە ریزی پێشمەرگە دەگرێت، سەرەتا ئازادی و کەو بە یەکتر گرێ دەدا و بەم جۆرەش روو لە شاعیران دەکات ((کەو تا ئەژی بە ئازادی ئەخوێنێ.... بەڵام شاعیری کورد تا نەبێتە یاوەری کەو و کوێستان هەر بە دیلێتی ئەژی)) (عەبدولقادر، ٢، ١٩٨١، ٦٦)، پێش ئەمەش دەڵێت:

((– کەس ئاوازەکانی سانسۆر ناکات.

– راوچی نەبێت)) (عەبدولقادر، ٢، ١٩٨١، ٦٥)، ئینجا خەیاڵ دەیباتەوە بۆ زیندان، کە لەوێ قامچی ناڵەیان لێ هەڵدەستێنێ.

لەوساتەدا خێزانێکی پێشمەرگە سەردانی ناوچەکە دەکەن و دەیانەوێت کوڕەکەیان ببینن، بەڵام کوڕەکەیان چەند رۆژێکە شەهید بووە، زۆر هەوڵدەدەن راستەوخۆ هەواڵەکەیان پێنەڵێن، بەڵام خۆ ناکرێت بیشارنەوە، کاکە حەمە بە نایەکەی ئای ئای لێ دەدات، وەک ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ شەهیدبوونی هیوا، کاڵێی دەستگیرانی هیوا و دایکی هیوا داوا دەکەن بزانن لە کوێ نێژراوە؟ بەرەو گەرووی نایەکە رۆیشتن و ئینجا بۆ بن داربەڕوویەکی گەورە چوون. بەوجۆرە چیرۆکەکە کۆتایی دێت.

چەک ئایکۆنی نیشانەیە بۆ بەرەنگاری، بە تایبەتیش بەردەوامبوونی خوێندنی کەو وەک ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ ئازادی و بۆ کوردستان، ئازادی لە کاری نووسین و هونەردا، بەڵام لە نێوان ئەم ژیانەدا، کاڵێی دەستگیرانی هیوا، وەک بوکێک بۆ هیوا هێنرابوو، بەڵام بە مراز نەگەیشت! بووک ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ژیانێکی نوێ.

لە شوێنێکی چیرۆکەکەیدا، چیرۆکنووس دەڵێت؛ ((شاعیری کورد تا نەبێتە یاوەری کەو و کوێستان هەر بە دیلێتی ئەژی )) مەرج نیە، ئەوەی لە شاخ نەبێت و پێشمەرگە نەبێت، قەڵەمەکەی دیل بێت و نەتوانێت بنووسێت. ئەمە و ئەگەر بە دیوێکی دیکە کەو و کوێستان بخوێنینەوە دەبن بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ پێشمەرگە و شۆڕش.

(هەڤاڵ کوێستانی) چیرۆکی (بەردەباز):

ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە لا ((بەلای بابەتێکی هێجگار گرنگ و جەوهەرداری ئەمڕۆی ژیانی خەباتی گەلەکەماندا دەکاتەوە، کە ئەویش مەسەلەی ئافرەتە و بەشداری کردنیەتی لە خەباتی سیاسی و گیران و مامەڵەکردنی کۆمەڵگەیە لە دەمی گیران و هەتا دوای بەربوونی)) (کاکەباس، ٣، ١٩٨٢، ٩٦).

شا پاڵەوانی چیرۆکەکە کچێکە و لە رێکخراوێکی سیاسیدا بە نهێنی لە ناو شاردا کار دەکات و دەستگیری دەکەن، کچەکە نموونەی مرۆڤێکی خۆڕاگرە، لەزینداندا خەیاڵی بۆ ماڵەوەیان دەچێت، برایەکەی دەڵێت: ((من خەریکی سیاسەت بم قەیناکا.. من کوڕم.. کوڕ هەر چیەک بکا، باجی لەسەر نیە. تۆ کچیت، حەیای کچیش، خۆت دەزانی قەترەیەک ئاوە کە رژا مەگەر هەر کاڵەک بە ئەژنۆ بشکێنی.. تۆ بۆ بەحەیای خۆتەوە دانانیشی.. کەی کچ و سیاسەتیان وتووە..

خۆتۆ، خوا نەیبڕێ بایی ئەوە جوانیت، بە ئاسانی مێردێکت دەسکەوێ)) (کوێستانی، ٢، ١٩٨١، ٨٢). چیرۆکەکە پڕە لە وێنە و وەسفی کاتی دەستگیرکردن و ئازاردانی لە زیندان و لە کاتی لێکۆڵینەوە ((کراسەکەت لەبەر دادەماڵێ و دەکەوێتە کردنەوەی گرێ ی سوخمەکەت.. دەقیژێنی.. دەتەوێ، لەناو گێژەنگی قیژەیەکی سامناکا بیخنکێنی.. وەک ماسی ناو تۆڕ، خۆت رادەتەکێنی.. چاوەکانت لە فرمێسکا وون دەبن.. لە بێ دەسەڵاتیا، دانەکانت لە جیڕەوە دەبەی و دەکەویە کرۆشتنی لێوەکانت.. وەک گورگی برسی، پڕ دەداتە مەمکەکانت)) (کوێستانی، ٢، ١٩٨١، ٨٢).

تۆڕ ئایکۆنە بۆ دەستگیرکردن. مەمک ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ شەرەف. گورگ ئایکۆنە بۆ پیاوانی رژێم و دڕندەییەکەیان.

لە کاتی ئازاردانیدا ((هەموو رق و قین و پەنگ خواردنەوەیەکی بێ دەسەڵاتانەی خۆت، دەکەیتە تفێکی خەست و ناوچەوانی پێ سواخ دەدەی)) (کوێستانی، ٢، ١٩٨١، ٨٣)، دان بە هیچ شتێکدا نانێ و ئازاد دەبێت.

پاڵەوانی چیرۆکەکە لەنێوان داب و نەریتی کۆن، ئازادی و ژیانی پێشمەرگایەتیدا ((دوودڵ بوو.. کێ دەڵێ لەوێش، ئافرەت، هەر دەوری پڕۆلیتاریا و پیاویش دەوری بورژواکەی ئێرە نابینێ؟ کێ دەڵێ لەوێش، ئافرەت، لە جلی خاکی بەولاوە، هیچ بەرەو پێشەوەچوونێکی دیکەی وەدەست هێناوە؟ بەڵام هەر چۆنێ بێ، ئەوێ لێرە باشترە.. بەس نییە، تا ئەوکاتە ئەویش وەک هەزاران شەهیدی تر بەردێکی ئەم نیشتمانە بە خوێنی خۆی سور دەکات.. ئازاد دەژیا و هەوای ئازاد هەڵدەمژێ.. هەر هیچ نەبێ خۆ دەتوانێ ببێتە بەردێکی بەردەبازی پەڕینەوەی رێ ی ئەوانەی بەدوایا دێن)) (کوێستانی، ٢، ١٩٨١، ٨٥ و ٨٦).

جلی خاکی ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پێشمەرگە و ژیانی ناو سەنگەر و بەرەنگاری، بەردەبازی پەڕینەوە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ئەوانەی دوای ئەو، ئەو رێگا و ئەو رێبازە دەگرنەبەر.

(ج. رەوەز) چیرۆکی (تفێک):

چەند کەسێک لەناو پاسێکی ناوشارن بەرەو ماڵ دەبنەوە، لە رێگا خاڵێکی پشکنین هەیە و داوای ناسنامە لە نەفەرەکان دەکەن، دەردەکەوێت یەکێک لە نەفەرەکان جەیشی شەعبییە. مامەڵەی سەربازەکان لەگەڵ نەفەرەکان خراپ بوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی ناسنامە لە کەسێک وەردەگرن مامۆستایە و پێی دەڵێن ((مامۆستا، بۆچی ئێوە ئینسانن.. تا مامۆستا بن)) (رەوەز، ٣، ١٩٨٢، ٦٦)، بەڵام بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ جەیشی شەعبییەکە دەکەن ((جەیشی شەعبیت! زۆر

باشە.. فەرموو بڕۆن!)) (رەوەز، ٣، ١٩٨٢، ٦٧). مامۆستا دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانە بۆ کەسێکی تێگەیشوو، خوێندەوار.

پاسەکە بەڕێدەکەوێت، ئافرەتە جل رەشەکەی تەنیشت جەیشی شەعبییەکە ((رووی وەرچەرخاند و چاوەکانی وەک چەخماخە بدەن، داگیرسان و، هەتا توانی تفێکی لە کابرای دەم و چاو ئاولاوی کرد و وتی: توخوا.. تۆ پیاویت؟!)) (رەوەز، ٣، ١٩٨٢، ٦٧)، سەرەڕای ئەوەی کابرا هەستی بە شەرمەزارییەکی گەورە کرد، هیچ وەڵامی نەبوو، یەکسەر گوتی: دابەزین هەیە.

چیرۆکنووس بەم دیمەنە کۆتایی بە چیرۆکەکەی دەهێنێت، کوڕێکی گەنج لەناو پاسەکە دەبێت، گوڵێکی سوور لە یەخەی چاکەتەکەی داوە، بە ئەسپایی لێی دەکاتەوە و بە منداڵی ئەو ژنەی دەدات، کە پیاوەکەی ریسوا کرد، منداڵەکەش گوڵە سوورەکە بە دایکی دەدات. گوڵی سوور ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ڕێز و خۆشەویستی و ئومێد.

(رۆزا- شیرین. ک) چیرۆکی (منالانی شارەکەم دەزانن چی بە دایکیان دەڵێن):

پێشمەرگەیەک لەگەڵ هاوڕێیەکانی دێتە ناوشار، بەڵام ناتوانێت و دەرفەتی نیە سەرێک لە دایکی بدات ((ئای دایە گیان چەندت بیر دەکەم، بەڵام وا من دێمە ناو شار بە گەڕەکەکەی خۆشماندا تێ دەپەڕم بەلام سەرت نادەم، ئەو ئەرکەی لە ئەستۆمە لە هەست و سۆزی ئێمە زۆر گرنگ ترە)) (رۆزا، ٣، ١٩٨٢، ٦٩). پێشمەرگەکە لە کاتی چالاکییەکەدا زامدار دەبێت، بە جلی خوێناوی رادەکات؛

((تا خۆی گەیاندە خانووە دێرینەکان، خۆی خستە شەخسەکەوە. کەوت بە یاخە سەوزەکانی شەخسەکە بوونە کۆمەڵێ کۆلارە و پۆلێ مەلی سەوز و بەسەر سەری دا شەکانەوە. خولانەوە. ئەمیش سەری سوڕا، هەر زوو خۆی گرتەوە:

"نا. نا نابێ لە هۆش خۆم بچم". کۆمەڵێ منداڵ لە نزیکی یاریان دەکرد. هاواری لێ کردن. منالەکان هاتن

- کوڕە ئەوە بۆ گیانت خوێناوییە

- بابەکەم. سەگی خوێڕی پێم وەڕی

بڕۆن دایکتان بانگ کەن...

بە ئاسودەیی سەری ناوە...

منداڵەکانی شارەکەم دەزانن چی بە دایکیان دەڵێن. دایکەکانی شارەکەم دەزانن چی دەکەن)) (رۆزا، ٣، ١٩٨٢، ٧١).

دایکەکان دێن و حەشاری دەدەن و تەسلیم بە هاوڕێکانی دەکەنەوە، ئەوانیش لە شار دەربازی دەکەن. چیرۆکنووس چەک دەکات بە ئایکۆنی هێمایی بۆ درێژەدان بە خەبات، کات بەهارە و ((چەپکێ گوڵی سوور و سپی و زەرد و پەمەیی و مۆری داوە لە قەدی تفەنگەکەی و ئامادەیە ماچی دەکا... خۆشم دەوێ ی، دەبێ خۆشم بوێ ی)) (رۆزا، ٣، ١٩٨٢، ٧٢).

ئەو هیواخوازە ئەوکاتە بێت خەڵک لە بری چەک، گوڵ و منداڵ و کتێبی خۆش بوێ! کەواتە تا ئەوساتەش لە لای چیرۆکنووس چەک ئایکۆنێکی هێمایە بۆ بەرەنگاری بوونەوە. منداڵ و کتێبیش ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ئارامی و خوێندن و پەروردە و رۆژگارێکی دیکە، دوور لە شەڕ و ژیانێک پڕ بێت لە خۆشی و ئاشتی.

ئەم چیرۆکە بە کۆمەڵێک ئایکۆن دەوڵەمەندە، وەک: دایک ئایکۆنی هێمایە بۆ وەفا، پەروەردە، منداڵ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پاکی، راستگۆیی، بەرائەت. سەگی خوێڕی ئایکۆنی نیشانەیە بۆ داروودەستەی رژێم. جلی خوێناوی ئایکۆنی نیشانەیە بۆ زامداری و پێکان. شەخس و سەوز ئایکۆنی نیشانەیە بۆ هیوا و ئومێد. دایکەکان ئایکۆنێکی نیشانەن بۆ خەباتی ناو شار و گرێدانی ئەو خەباتە بە شاخ.

(دڵشاد عومەر کاکی) چیرۆکی (شێتە):

رووداوەکانی چیرۆکەکە راگواستن و بەرەنگاربوونەوە دەگێڕێتەوە ((سیروان لاوێکی قوتابیە دانیشتووی گوندی گردەنازێ یە و دڵی بە نازە داوە، کە لەوێ مامۆستایە لەوێ یەکتریان خۆش دەوێت، لە گەرمەی دڵداری و ئەوین دا ناوی سیروان بۆ سەربازی دێت و بەرەو خوار دەبرێت، بۆ یەکەم جار کە  دەیەوێت بگەڕێتەوە دیاری بۆ نازە و خوشکی دەکڕێت، کە لە گوندەکەیان نزیک دەبێتەوە، چی ببینێت! (گردەنازێ) بۆتە وێرانە، دوژمن هاتۆتە سەریان و زۆری لەو گوندی یە هەژارانە شەهید کردووە، لەوانە کەژاڵی خوشکی سیروان و دایک و باوکی. ئیتر سیروان سەودای تۆڵە لەسەری دەدات و، دەبێتە پێشمەرگە. تا جارێکی تر دەبیسێتەوە کە (گردەنازێ) بەر سووتان کەوتۆتەوە، خۆی ناگرێت و بە دەنگ نازەی دڵداریەوە دێت، بەڵام نازە و سیروانیش تیا دەچن. گردەکە دەمیان بۆ دەکاتەوە و دەبێتە گۆڕیان)) (فەرهاد، ٣، ١٩٨٢، ٨٦ و ٨٧). چیرۆکنووس کاری لەسەر تەکنیکی گێڕانەوە کردووە و عارف ناوێک، کە دەمرێت لە دەفتەری بەرباخەڵیدا ئەو رووداوەی تۆمار کردووە. عارف پاڵەوانی چیرۆکەکەیە و

پێی دەڵێن عارفە شێت ڕۆڵی سەرەکی پێدراوە، بەڵام گرێی ڕووداوەکە دوو عاشقن و بەهۆی وێرانکردنی گوندەکەیان لە لایەن دوژمنان بە یەکتری ناگەن:

((عارف ڕۆشتیت..؟

لە دەفتەری یادنامەکەیدا نووسیبوی

سیروان لە کوێی.. بۆ نەهاتیتەوە..؟

باسی دەستگیرانەکەت بۆ تەواو نەکردم، هاوڕێ پێش ئەوەی سەر بۆ ئەم بنارە بکەیتە کۆچ لە گردەنازێ چ نیشتمانێکی ڕەنگینت لە سنگا بوو)) (کاکی، ٣، ١٩٨٢، ٨٠).

چیرۆکنووس عارفە شێت دەکات بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ نەمری و ژیانەوە ((عارف لە هەموو شوێنێکدا دیار بوو.. دەڕۆشت و لە چرکەیەکدا دیار نەدەما)) (کاکی، ٣، ١٩٨٢، ٨٥)، ئەمە ڕستەی کۆتایی چیرۆکەکە بوو.

چیرۆکنووس بە شێوەیەک گەمەی بە شوێن و کات و ڕووداو و کەسەکان کردووە، خوێنەر ماندوو دەکات، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە دوو کەس یەکتریان خۆش دەوێت و دەبن بە ئایکۆنی هێمایی بۆ خۆشەویستی و بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر بە ستەمی داگیرکاریی. بە داگیرکەر دەڵێن: ئێوە بەردەوام بن لەسەر ستەم، ئێمەش خاک چۆڵ ناکەین، کەواتە خاک ئایکۆنی نیشانەیە بۆ زێد( زێدگە)و ژیان، خۆشەویستی ئایکۆنی هێمایە بۆ وابەستەبوون بە خاک و زێدگەوە.

(ڕێبوار- ڕەئوف بێگەرد) چیرۆکی (قفڵ):

حەمە قیتەڵ بەرامبەر بەو وێنانەی لە شارەکان هەڵواسراون بێزار دەبێت، مەبەستی وێنە گەورەکانی دیکتاتۆرە ((دەستی چەپی تا ڕەفیسکەی بە تەنیشتیەوە دەنوساند و دەستی ڕاستی توند ڕادەوەشاند، هەنگاوی گورجی دەنا، ملی ڕەپ دەکرد و تا بەردەم وێنە هەڵواسراوەکە نەدەوەستا. لەوێدا لەبەرخۆیەوە بلمە بلمێکی دەکرد، ئەکەوتە پەنجە بەرزکردنەوە و دەست ڕاوەشاندن، چەپۆکی بەسەروچاوی وێنەکەدا ئەکێشا، دەستی بۆ ئەو قفڵە دەبرد کە لچ و لێوی وێنەکەی پێ شەتەک درابوو)) (ڕێبوار، ٤، ١٩٨٢، ٦٦).

ڕۆژێک لە هەموو ڕۆژەکان زیاتر بێزارتر بوو ((کەفی لالغاوی کەوتبووە سەر ریشە پڕ و ڕەشەکەی، ڕەنگی وەک چاوەکانی سوور داگەڕابوو، کە ئێمەی لە نزیکیەوە بینی مات بوو، خاو بووەوە، سەری داخست)) (ڕێبوار، ٤، ١٩٨٢، ٦٨)، ئینجا ((لە پڕا ڕووی لە ئێمە کرد، وەک بیەوێت

شتێک بڵێت، بەڵام رووی کردەوە وێنەکە و پەنجەی خستە سەر قفڵەکە، تا توانی مستەکۆڵەیەکی پیا کێشا، ئەوسا پەنجەکانی لە لایەکی وێنەکە روکرد و تا دامێنی دڕاندی، پارچە کاغەزی وێنە لەسەر کراوی فڕێدا سەر زەوی و قاچێکی پیانا)) (رێبوار، ٤، ١٩٨٢، ٦٨)، بەڵام بۆ بەیانی ((لە هەمان جێگای دوێنێ ی، لەبەردەم وێنە دڕاوەکەدا، لاشەی بێ گیانی حەمە قیتەڵیان چاوپێ کەوتبوو، دەست و زمانی بڕابوو، قفڵێکی ئەستووریشیان بە لچ و لێویەوە کرد بوو)) (رێبوار، ٤، ١٩٨٢، ٦٩).

حەمە قیتەڵ شەهید دەکرێت و دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ بەرەنگاری و هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە و بە مردوویش لێی ترساون، لچ و لێویان قفڵداوە. وێنە گەورەکان ئایکۆنی نیشانەن بۆ وێنەکانی (سەدام حوسێن)، کە لەکاتی دەسەڵاتیدا لە چوارچێوەی گەورە، یاخود بەشێوەی دیواربەند لە شار و شارۆچکەکان داندرابوون.

(وسو- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) لە چیرۆکی (ئەگەڕێمەوە... ئەبینرێمەوە):

رووداوەکە بەمجۆرە دەستپێدەکات: ((هات بنوێ..ئەی زانی نانوێ. راخەر و پێ خەفی دڕکەزی بوو. سەری نا بە دەرگاکەوە. گوێ ی هەڵخست. داڵانەکە خامۆش بوو. هاواری بردە بەر کونی کلیلی دەرگاکە. ئەموستەچاو بوو)) (وسو، ٥، ١٩٨٢، ٧٩)، کەواتە شوێن زیندانە و((هات هاوار کا نۆرەی بێننەسەر. ئەی زانی هاوار ناکا، پشکۆی مەردایەتی زمانی داخ ئەکرد.

سەرلەنوێ هات بێت و بچێ.

هات دابنیشێ. هات بنوێ.

- سەرلەنوێ دەرگا، کەی نۆرەی دێ؟!

- شەوی سێ هەمە)) (وسو، ٥، ١٩٨٢، ٨٠).

دەستەواژەی (پشکۆی مەردایەتی) ئایکۆنی نیشانەیە، پشکۆ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ داگیرسان و تیشک و مەشخەڵ. لە دوا پەرەگرافدا ئەو گرێیە روونتر دەبێتەوە و بە ژیان شاد نابێتەوە ((نەگەڕایەوە.. نەبینرایەوە، بەڵام ئەوانەی بردیان، شەو لە جێگەدا بەسەرسوڕمانەوە بۆ خۆیانیان باس ئەکرد ئەیان ووت:

- تا دوا هەناسەشمان لەبەر بڕی و هەر ئەیووت:

ئەگەڕێمەوە... ئەبینرێمەوە)) (وسو، ٥، ١٩٨٢، ٨١).

ئەو زیندانی سیاسییە و بە جۆرێک بەهێزە تا دواساتیش بە هیوای ئەوەیە بگەڕێتەوە، بەڵام ناگەڕێتەوە و نابینرێتەوە، شەهیدی دەکەن، شەهید دەبێت بە ئایکۆنی هێمایی بۆ نواندنی هەڵوێست و هیوای بەرەنگاری، ئەو هیوابڕاو نیە و پشکۆی ئومێدی گەشاوەیە و چاوەڕێیە بگەڕێتەوە.

(ڕێبوار- ڕەئوف بێگەرد) چیرۆکی (ڕۆژانە چیرۆک- پێ داگرتن):

خەڵک یادی ئەو ڕۆژەیان دەکردەوە، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر فڕۆکەی دوژمن شارەکەیان بۆردومان کرد و وێرانی کرد. بەرەو گۆڕستانی خۆشەویستان دەبنەوە و پەیمانی وەفایان نوێ دەکەنەوە، دوژمن جارێکیتر کەوتە دەستڕێژی خەڵک و ((دەست ڕێژێک و دوان و سیان شەهیدی نوێ کەوت، شەپۆلی خەڵکەکەیش لێک ترازا)) (ڕێبوار، ٥، ١٩٨٢، ٩١). منداڵێکی دە ساڵان بە دارشەقەوە لەنێو خۆپیشاندەران دەبێت و دارشەقەکەی لێ دەکەوێت و بەڕێکەوت دەکەوێتە بەردەرگای ماڵێک، کە منداڵەکەیان بەم دۆخە بینی لێیانپرسی:

((ئەرێ کاکە بچکۆڵ تۆ چیت لەمە داوە، بە تاقە قاچێکەوە چۆن خۆپیشاندانت بۆ دەکرێت؟ منداڵەکە بەدەم خۆتەکاندن و دڕک لە دەست و پێ دەرهێنانەوە بزەیەکی هاتێ، سەری هەڵبڕی، چاوە زیتەکانی بڕیە کابرا و بە بڕوا بەخۆبوونێکی فرەوە پێ ی ووت:

- بۆ خاڵە گیان من کورد نیم!!)) (ڕێبوار، ٥، ١٩٨٢، ٩٢).

کوردبوون دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان. کوردبوون هێز و وزە بە گەنجێک دەدات، کە بە دارشەق دەڕوات و بەشداری لە خۆپیشاندان دەکات. گۆڕستانی خۆشەویستان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ گۆڕستانی شەهیدان.

(عەلی خالید حەمید- کاکەم بۆتانی) چیرۆکی (دەروێش برایم لە بێشکەی سزادا):

وەسفی دەروێش برایم دەکات، مجێوری تەکیە بووە، سەربازەکان دەیکوژن و کلاشینکۆفێکی بێ قۆنداغەش دەخەنە ناو دەستی. تەرمەکەشی نادەنەوە.

ئەم چیرۆکە باس لە ململانێی نەتەوەیی دەکات، ئەوان دەروێش برایمیان بۆیە کوشتوە، چونکە کورد بووە، کوردیش بەلای ئەوان هەمووی پێشمەرگەیە، ((دەروێش برایم کورد بووە و بەس.. ڕەنگە بە درێژی تەمەنی دوو سێ جار لەگەڵ پێشمەرگەش دانەنیشتبێ)) (حەمید، ٨، ١٩٨٤، ١٧)، دەروێش برایم هەر تەنیا مجێوری تەکیە بوو، لاشەی ڕادەکێشن و ئازاری تەرمەکەشی دەدەن ((کوڕە باوکم ئەمە تاوانێکی زۆر گەورەیە.. کوشتتان، بە پۆستاڵ و قۆنداغە تفەنگ دەم و

لوتتان پان کردەوە، چونکە کوردە، بەسە، برایەوە.. ئەم راکێشانەی بۆچی یە؟!)) (حەمید، ٨، ١٩٨٤، ١٨). کەسێک دەڵێت: ((دەبێ نارەزاییەکەمان لە ئاستی کردەوەی پێشمەرگەکان بێ.. ئەگینا وەک مێردەزمە لەسەر سنگمان لاناچن.. هەموومان بە دەردی دەروێش برایم دەچین.)) (حەمید، ٨، ١٩٨٤، ١٩).

پێشمەرگە ئایکۆنی هێمایە بۆ بەرەنگاریی. پۆستاڵ، قۆنداغە چەک، راکێشانی تەرم ئایکۆنی نیشانەن بۆ ئازاردان و مامەڵەی نامرۆڤانەی رژێم و دارودەستەکەی. تۆڵە و رق دەبن بە دوو ئاماژەی هەڵوێست وەرگرتن لە دوژمن، چیرۆکنووس بە مێردەزمە ئاماژەی بە دوژمن پێداوە و دەبێت بە ئایکۆن، لە سەرووی هەموو ئەمانە (کورد) دەبێت بە ئایکۆنێکی هێمایی بۆ شەهیدکردنی دەروێش برایم و هەزاران کەسی تر، کەواتە لێرەدا کورد ئایکۆنە.

(م. ش- عەبدوڵڵا سەراج) چیرۆکی (رەشۆ):

رەشۆ خوێن گەرمێکی دڵسۆز بوو، لەگەڵ ئەو لە سەنگەرێکدا بوون، وەک دەردەکەوێت ئاستی خوێندەواری و سیاسی ئەو لە رەشۆ بەرزترە، ئەو دەڵێت: ((هەندێک لەوانەی چەکیان بە شانەوەیە رۆژێک دێ، چەک دامالْن. بگرە دژ بە رێرەوی راستەقینەی شۆرشەکەمان دەوەستن)) (ش، ٨، ١٩٨٤، ٢٢).

رەشۆ گوتی: بۆ؟ چونکە بەرژەوەندیان نامێنێ و ماندوو دەبن دەزانی ئەوانە سەر بەکام توێژن؟ ئەو روونتر قسەی بۆ رەشۆ کرد، ئەوانە ((چینی خوێنمژ لە ئاغا رووتە و دەرەبەگ و شێخە درۆزنەکان و ئەوانەی هەمیشە ورگیان بە گۆشتی قەل و سوێسک دەئاخنن و کەچی باس لەمەڕ برسێتی دەکەن!! ئەوانە بە نیازێکەوە، لکاونەتە پاڵدمی شۆرشی رەش و رووتەکانەوە. بێگومان نایبەنەسەر)) (ش، ٨، ١٩٨٤، ٢٢)، لە شۆرشی نوێدا ئەو توێژەی ئەو باسیان دەکات، بەو ئاستە نەبوون دەسەڵاتییان هەبووبێت!.

پاشان چیرۆکنووس وێنەی ئەم دیمەنە سەرنجراکیشەرە دەکێشێت ((من و رەشۆ لەژێر ئەو داربەرووە پێشمەرگەیەدا بووین، کە لە گەرمەی نەبەردا، شەپۆلی حەیران و لاووک و هۆرەی لێوە دەگەیشتە پەردەی گوێمان و تەوژمی بە گیان و نەستمان دەدا.

تەنانەت هێرشبەرانیش هەستیان بەو ئاوازە هاندەرە گیان هەژێنانە کردبوو، بۆیە لوولەی برێن و گرینۆف و دۆشکەیان تێدەگرت. بەڵام حەمەدەمین حەیران- ئەوە ناوی ئێروکانەی بوو- کۆڵی نەدا و دەنگەکەی وەکو کەوانەی بۆمباوێژ، لە چەک کاریگەرتر، دەباراندە سەریان)) (ش، ٨، ١٩٨٤، ٢٣).

حەیران و لاوک دەبن بە ئایکۆنی نیشانەیی ناخهەژێن و هاندەر. ئایدیۆلۆجیا رووێکی تری چیرۆکەکەی بۆی خۆی بردووە، توێژی رەشورووت ئایکۆنە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش. داربەڕوو دەبێت بە ئایکۆنێکی نیسانە بۆ کەسی کورد، کە رەگی بە خاکەکەدا رۆچووە و لێی دانابڕێت، کە کوردستانە.

بەم دیمەنە کۆتایی دێت و بۆ رەشۆی پاڵەوانی چیرۆکەکە، کۆمەڵێک هۆکار هەن تا ببێت بە پێشمەرگە ((دێیەکی خنجیلانە، باوکێکی پیر، قەدپاڵێک، سەرخانی ئەم ماڵ بۆتە حەوشەی خانووی پایینی، دوو سێ لوولەی تاپڕ و یەکتیر بوونەتە شوورە لە رووی سووتاندنی دێ و چەمەکە، فیشەکێکی وێڵ سنگی مام فەتاحێک دەسمێ، خوێن خۆڵ دەخوسێنێ، خۆڵ، رەنگی خوێن هەڵدەمژێ، دەستێکی تووڕەش، قوڕەلینجەکە تۆپەڵ دەکات و دەیگرێ لە سپڵی ئاسمان، یەکەم هەنگاو دەنێ بەرەو خۆر)) (ش، ٨، ١٩٨٤، ٢٥).

لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا کۆمەڵێک نیشانەن دەبن بە ئایکۆنی بەرەنگاری، وەک: لوولەی تاپڕ و یەکتیر، دەستێکی تووڕە، بەرەو خۆر.

(رێبوار- رەئوف بێگەرد) چیرۆکی (درەختی پیرۆز):

سوارە پێشمەرگەیە، بۆ کارێکی رێکخستن دەچێتە ناو شار و شەو سەردانی خێزانەکەی دەکات ((ئاخر پێم ناڵێیت کێ بەم شەوە دەرئەچێت؟ ئەزانیت دەوری شار چۆنە؟

- گوێ مەدەرێ، هیچ نابێت، ئەو شەوەیش کە هاتین هەروا بووە)) (رێبوار، ٨، ١٩٨٤، ٢٧)، هاوسەرەکەی لێی دەپرسێت: ((بە تەمای لە کوێوە بڕۆیت؟ - چۆن نازانیت! بەلای دارەکەی هاوڕێماندا، لە بیرتە چەند راز و گلەیمان لەژێردا کردووە؟)) (رێبوار، ٨، ١٩٨٤، ٢٨)، سوارە دەگەڕێتەوە، کە بە سەلامەتی دەگاتە ژێر درەختەکە، هەست دەکات نامەکانی ناو شاری لەبیرچووە. پیرۆز و سوارە منداڵێکیان هەیە، هەروەها سکی هەیە، بەم شەوە پیرۆز بڕیار دەدات نامەکانی بۆ ببات، کە دڵنیایە لەژێر ئەو درەختە پشوو دەدات، کە ناوی ناوە درەختی پیرۆز. لەو ساتەدا رێبوارێک بەرەو لای سوارە دێت، کە لێی نزیک دەبێتەوە دەنگی دەدات، پیرۆز دەڵێت: سوارە گیان خۆمم. لە درێژەی قسەکانیاندا، سوارە لە پیرۆز دەپرسێت:

((- بەم بارانە چیت کردۆتەبەر؟

- خۆم لە شەڕواڵێکی تۆ هەڵکێشاوە و بە جامانەیەکیشت سەر و ملم باش پێچاوەتەوە)) (رێبوار، ٨، ١٩٨٤، ٣٦).

ئەگەر هەر تەنیا دیمەنی بە یەکگەیشتنی سوارە و پیرۆز لەژێر درەختەکە وەربگرین، کۆمەڵێک دەلالەت و ئایکۆنی هێمایی کۆیان دەکاتەوە، دوو هاوسەری خۆشەویست، پیرۆز جلەکانی سوارەی لەبەرکردووە، شەوە و پیرۆز لە شار دەردەچێت تا نامەکانی رێکخستن بە هاوسەرەکەی بگەیەنێت، لە هەموویان گرنگتر ئەو درەختەی دەمێکە ناویان ناوە درەختی پیرۆز و دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ خۆشەویستی و ژوان. نامەکانیش ئایکۆنی نیشانە و هێماین بۆ خەبات و کاری رێکخراوەیی، هەروەها رۆڵی ژن لە شۆڕش و پشتیوانی پێشمەرگەدا، ناوەکانی (پیرۆز)و (سوارە)ش وەک پاڵەوانانی چیرۆکە، هەر یەکێکیان گوزارشتە لە ئایکۆنێکی نیشانەیی، (سوارە) ئایکۆنی نیشانەیە بۆ قارەمانێتی و سوارچاکی، وەک ناوێکی نزیک لە ناوی پێشمەرگە، ناوی (پیرۆز)یش لە ناوی ئەو درەختە هەڵێنجراوە، کە هەردووکیان ناویان ناوە درەختی پیرۆز، وەک ئایکۆنی نیشانەیی بۆ راز و ژوانی دوو عاشق، کە پیاوەکە پێشمەرگەیە.

(وەیسی- حسێن عارف) چیرۆکی (سالار و سەمیر):

کۆمەڵێک پێشمەرگە لە بەرەی شەڕن، بە تۆپ و فڕۆکە بۆردومان دەکرێن، شەڕ گەرمە، فریا ناکەون بریندارەکانیش بۆ دواوەی بەرەی شەڕ بگوازنەوە، چاوەڕێ دەکەن شەو دابێت ئەوسا لە بۆردومانکردنی فڕۆکە رزگاریان بێت ((سەرکردەی جەبهەکەمان بەناچاری بڕیاریدا بەهەر نرخێک بێ بریندارەکانمان لە کۆڕی شەڕ دەرباز بکرێن و بگوێزرێنەوە، من یەکێک بووم لەوانەی ئەم ئەرکەم پێ سپێردرا لە سەنگەرەکانمان هاتینە دەرەوە و بە گورجی کەوتینە خۆمان)) (وەیسی، ٨، ١٩٨٤، ٣٩). سالار لەو قۆڵەی شەڕدا برایەکی شەهید دەبێت، بەڵام بەرەی شەڕ جێناهێڵێت و بەردەوام دەبێت.

لە بەرەی شەڕدا پێشمەرگەکان چەندان سەرباز بە دیل دەگرن، ئەو رووبەڕووی دوو سەرباز دەبێتەوە و باس لەو ساتە دەکات ((بیکوژە.. بەزەیی پێ ناشێ.. دڕندەیەکی ناو بێشە و دارستانە.. بەزەیی پێ ناشێ..)) (وەیسی، ٨، ١٩٨٤، ٤٥). دەمێک بوو تفەنگەکەی ئاڕاستەی سنگی کردبوو، دیلەکەش دەپاڕایەوە، تا گەیشتە ئەم ئەنجامە ((دیلێکی دەستە ووستانە.. بێ چارەیە.. لەو ساتەوەی تفەنگەکەی فڕێ دا و دەستی بەرزکردەوە لەوە کەوت بە شەڕکەرێکی دوژمن دابنرێ، لەوساتەوە ئیتر ژیانی بۆتە ئەمانەتێک لە ئەستۆی منا، نا.. ناشێ.. بە هەر نرخێک بێ، ئەبێ دان بە خۆما بگرم و خۆم لەم نامەردی یە بپارێزم)) (وەیسی، ٨، ١٩٨٤، ٤٦).

پێش ئەوەی سەمیری دیل لەگەڵ دیلەکانیتر بۆ دواوی بەرەی شەڕ بگوازنەوە و بۆ بەندیخانەی ببەن، شەو و رۆژێک لە سەنگەرێکدا لەگەڵ سالار بوو، ئەو ماوەیە زۆر قسەوباسیان کرد،

سالار باسی کارەساتی شەهیدبوونی برایەکەی بۆ دەکات، سەمیر راچەنینێکی شێتانە رادەچەنێت. پێش ئەوەی لەگەڵ دیلەکانیتر بۆ بەندیخانەی بگوازنەوە، گوتی: ((ژیانێکی نوێت پێ بەخشیووم.. هیوادارم لە دوارۆژێکی زۆر نزیکدا و لە دوای سەرکەوتنتان، بتبینمەوە و بە برادەرێکی هەرە دڵسۆزی خۆتم بزانیت)) (وەیسی، ٨، ١٩٨٤، ٤٨).

دوو ئایکۆنی نیشانەیی دەلالەتی بەرزی ژیانی پێشمەرگایەتین و لە کاتی شەڕ و هێرشدا خاڵی رۆشنی چیرۆکەکەن. یەکەم: شەهیدبوونی برایەکەی بەرەی شەڕی پێ چۆڵ ناکات، دووەم: مامەڵەکردن لەگەڵ دیلدا. شەهید و خوێن ئایکۆنی نیشانەیین بۆ خەبات و قوربانیدان. دیل نەکوشتنیش ئایکۆنی نیشانەیە بۆ مرۆڤایەتی و رەوشتی جەنگ، هەروەها دەبێتە ئایکۆنێک، کە پێشمەرگە دژی رژێمە، نەک خەڵکی عێراق.

(جۆلا) چیرۆکی (رەبەنۆک):

باس لە کردەوەی داگیرکەران دەکات، کە چ کارەساتێکیان بە کوردستان کردووە ((هەرچی لەو شوێنەوارەدا روابوو و دەستیان گەیشتێ قرتاندیان... هەر زیندەوار و گیانلەبەرێ هەبوو دەستیان گەیشتێ مراندیان.. هەر زاد و زادەوار و پێخوڕێ هەبوو دەستیان گەیشتێ ژەهریان تێ کرد... هەر کانی و دەراو و جۆ و جۆبارێک هەبوو و دەستیان گەیشتێ وێرانیان کرد.. هەر شالور و کەو و کەودەری و هەر مەلێکی خۆشخوان هەبوو و دەستیان گەیشتێ مسیان لە قورگی کرد...

من دیم:

هەر پیر و کەنەفتێکی بەجێ ماو لە هەر کونە شاخێکا یان لە هەر کۆرە گوندێکیان دۆزیەوە و دەستیان گەیشتێ وەکو شانەی هەنگوین کوشتیان و شیلاوگیان هەڵمژی جا تووڕیان هەڵدا و کردیانە خۆراکی قەلەرشکان)) (جۆلا، ٨، ١٩٨٤، ٥١ و ٥٢).

دوای نەختێ وەستان پیرەداربەڕوو وێنەیتری وێرانکاری خستە سەر وێنەکانیتری ((کەرەسە ترسناک و کوشندەکانتان ئێستاش وان لەبەرچاوم.. ئای بۆمباکان، درزیەکان، کۆنکرێتەکان.. هەمووتان ئادگاری نوێ ترین چاخ و تازەترین شارستانیتان پێوە دیارە)) (جۆلا، ٨، ١٩٨٤، ٥٣). بە نەمامی دارگوێزێک دەڵێت: ((کڕ بە چ مەلێ، تەنها خۆت بەهێز بکە و لەناو مەچوو، دارەبەنێک کە تازە باڵای کردبۆوە، ویستی لێ ی بپرسێ.. ئێ ی چیتریش..؟ مام بەڕوو گوتی: کڕ بە چ مەلێ، تەنها خۆت بەهێز بکە و لەناو مەچوو...)) (جۆلا، ٨، ١٩٨٤، ٥٣).

زۆربەی گوڵ و گوڵزار و دارودرەختەکان داوای نەخشەی داهاتوویان لە پیرەداربەڕوو دەکەن، بە تایبەتیش گوڵێکی باڵا سەوزی لاسک باریک، گەڵا ورد و ئارمووشین، سەرکوڵم ئاڵ و چاو پڕ لە ئەسرین گوتی: ((مامە پیرەم، گەورەم، ستەم دیدەکەم.. گەر بە لانەوازی و لەش و لارە مەگروووومیەکەی من ناکەیت، بیکە بە خاتری ژیانی رەبەنایەتی و بێ هاوسەریم، بیکە بە خاتری تاقانەیی بێ هێزیم)) (جۆلا، ٨، ١٩٨٤، ٥٤) و ((تۆ داوات لە هەموو رووەکەکان کرد و وتت خۆ بەهێز کەن و لەناو مەچوون، بەڵام هەر چەندە ئەگەر واش بکەن هەر سوودی نابێ)) (جۆلا، ٨، ١٩٨٤، ٥٥)، هەروەها دەڵێت: ((من دڵنیام لەمەی کەوا ئەو دارانە هەتا گەورەتر بن رەگ و ریشەیان زیاتر لەناو ئەم خاکەدا پەرش و بڵاودەبێتەوە، جا هەر یەکەو لەلای خۆی پەل داوێ تا بە شێوەیەکی زۆر سروشتی رەگ و ریشۆڵەکانیان تێکەڵ بە یەک دەبنەوە)) (جۆلا، ٨، ١٩٨٤، ٥٦). وشەی ریشاڵ راستترە نەک ریشۆڵە، ریشۆڵە جۆرە باڵندەیەکە.

داربەڕوو، دارگوێز، گوڵێکی باڵابەرز ئایکۆنی نیشانەن بۆ ئاوەدانی و سەوزایی و جوانی نیشتمان، دوژمن هەوڵدەدات ئاسەواریان لەسەر خاک نەهێڵێت و لە رەگوریشەوە دەریانبهێنێت. ژەهر، مس، قەلەرەش، بۆمبا، کۆنکرێت ئایکۆنی نیشانەیین بۆ ئاکار و کردەوەکانی دوژمن بەرامبەر بە کوردستان و ژینگەکەی. زۆربەی ئاماژە و نیشانە و هێمایەکانی ناو ئەم چیرۆکە گوزارشت لە نیشتمان و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و داگیرکەران دەکەن. داربەڕوو، دارگوێز دەبن بە ئایکۆن بۆ خۆڕاگری مرۆڤی کورد.

(حەمەتاڵ- محەمەد نوری تۆفیق) چیرۆکی (رێبوارەکان):

سەرەتا وەسفی گوندێک دەکات ناوی ناوە (س)، گوندێکی سەرسنوورە و لە نزیک شاخی (قەندیل)ە، ((چەمێک لە ناوەڕاستدا دێیەکەی کردووە بە دوو بەرەوە، لە بەری رۆژهەڵاتی چەند پەڵە رەز و باخێ دەستیان لە گەردنی کۆمەڵە خانوویەک ئاڵاندووە کە ژمارەیان دە پانزە ماڵێکە...بەری رۆژئاواش هەر هەمان کەرتە سێوی ئەمبەرە و بە هەورازدا هەڵواستراوە، ئەگەر خانووبەرە جیاوازەکەی ماڵی ئاغای لێدا ببڕێ، خەڵکەکەی برای دایک و باوکین)) (حەمەتاڵ، ٨، ١٩٨٤، ٧٠).

خاڵە وسوو رۆژگارێکی جیاوازی بینیبوو، کە کۆمەڵێک رێبوار لە دوورەوە دەبینێت باوەڕ ناکات، یەکێک لە رێبوارەکان لێی نزیک دەبێتەوە، هەوڵێکی زۆر ئەدات ئینجا میوانی دەبن و دەڵێت: ((کوڕینە هەر چەند ئەکەم... دڵم رێم نادات ئەوی لەبەر چاومایە بە راستی بزانم... ئەرێ ئەبێ بۆ جارێکی تر باوەڕ بکەم ئێوە ئەبینمەوە؟)) (حەمەتاڵ، ٨، ١٩٨٤، ٧٥). ئەوانیش دەڵێن: ((ئێمە

ڕێبوارانی نەوەی نوێین)) (حەمەتاڵ، ٨، ١٩٨٤، ٧٥)، کەواتە ئەو ڕێبوارانە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێن و کاتەکەش درووستبوونەوەی مەفرزە سەرەتاییەکانە.

ڕێبوارەکان داوای ماڵێک لە گوندەکە دەکەن، خاڵە وسووش خەیاڵ دەیبات ئەو ماڵەتان بۆچییە؟ دیارە بە نان و نمەکی من ڕازی نین، ئەو ماڵەش ماڵی کوێخا و کوڕەکانیەتی. خاڵە وسوو، گومان لە قسەی ڕێبوارەکان دەکات، کە گوتیان: ((شوانی مەڕتانین، باخەوانی باخچە و ڕەزتانین.. باوەڕی پتەومان بە ئێوەیە.. ئێمە بەشێکی نەپچڕاوین لە ئێوە و خەمەکانتان ئەدەین بە کۆڵمانا...

قسەکانیان نوێ و نەبیستراون، ڕەوشتیان جوان و شیرینە... خۆیان بە گەورە دانانێن... هیچ هەستێکمان بە ئەرک و لەش قورسییەکیان نەکرد.. بەڵام تێنەگەیشتم بۆچی بە تەمای هاتنەوەیان نەکردم؟.. خۆ ئەگەر نەیەنەوە و لەوێ بن، دیارە هەر دۆستی کوێخان و قسەکانیان هیچیان بەسەر هیچەوە نیە)) (حەمەتاڵ، ٨، ١٩٨٤، ٨٢ و ٨٣)، بەڵام دوای ئەوەی ڕێبوارەکان بەدەست بەستراوی نێچیرەکانیان کرد بە ژووردا، گومانەکەی ڕەوییەوە.

چیرۆکنووس، چیرۆکەکەی پێشکەش دەکات (بەو پۆلە هەڵۆیەی کە لە ڕۆژگارێکی سەخت و ناهەمواردا هەموو خەمەکانی ئەم گەلەیان لە دڵیانا کۆمەڵ کردبوو بە نیازی ڕەواندنەوە و لەناوبردنی و بۆ وەدەست هێنانی ڕۆژی ئازادی و سەرفرازی بۆ هەموو مرۆڤێکی کورد لەم کوردستانەدا).

دوو گوند وەک سێوێکی دوولەت ئایکۆنی نیشانەیە بۆ گوندی (توژەڵە)، کە بەشێکی دەکەوێتە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکەی دیکەی لە باشووری کوردستاندایە، ئەو ناوچەیە مەڵبەندی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێیە. (قسەکانیان نوێ و نەبیستراون، ڕەوشتیان جوان و شیرینە... خۆیان بە گەورە دانانێن) ئایکۆنی نیشانەیین بۆ ڕەوشتی پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ. ڕێبوارەکان ئایکۆنن بۆ پێشمەرگە.. شوانی مەڕتانین و باخەوانی باخچە و ڕەزتانین ئایکۆنن بۆ پارێزگاریکردن لە کوردستان.

(بەشدار- ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی) چیرۆکی (کوڕی چیا)

ئەو پێشمەرگەیە و نامەیەکی بچکۆلانەی بە شریتێکی ئاوی پێچراوی لە باوکییەوە بۆ دێت، نامەکە زیاتر ئامۆژگارییە و داوای لێ دەکات ((ئەو ڕێباز و مەبەستەی گرتۆتە و بۆی دەرچووی فەرامۆشی نەکەی و لێی لانەدەی، شتی لاوەکی فریوت نەدات، کورد پەرست بەو کەس پەرست مەبە، لەگەڵ قازانجی میللەتەکەت دا بە، لەبیرتە دەتووت ئێمە تەواوکەری

ئێوەین.. ئێمە هەندێکمان کرد بەڵام... ئینجا دەبێ ئێوە تەواوی کەن، کورد بە کورد بە کورد))
(بەشدار، ٨، ١٩٨٤، ٩٦)، لە کۆتایی نامەکەیدا باس لە دڕندەکانی ناوشار دەکات، کە شەوانە سەعات دوازدە هاتوونە سەریان ((ژوور نەدەما سەری پێدا نەکەن، ژێر سیسەمەکانیش کە پشیلەی بەبن وەناچێ سەیریان دەکرد، ئینجا جوێن و هەڕەشە و.. شتی تریش... نزیکەی دوو هەفتە شەوبێریان نەدەکرد، تەنیا سەعات (١٢)ی شەویش دەهاتن بەڕۆژ هیچ دیار نەبوون، وایان دەزانی تاریکی شەو کردەوە نارەسەکانیان دادەپۆشێ.. هەر چۆنێک بوو ئەویشمان رەتدا. کوڕم مەراقی ئێمەت نەبێ.. هاوەڵەکانت سەریان لێ نەبڕیوین.. زۆر باشین، لە کۆتایی دا (ئاشتی) لە یاد نەکەی.

خواحافیز باوکت

بە یەک دوو قەد نووشتاندی یەوە و خستی یە گیرفانی)) (بەشدار، ٨، ١٩٨٤، ٩٧).

ئەو تەمەنی پێشمەرگایەتی کورت بوو، دەستگیرکرا و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، قارەمانانە لە دادگای فاشیستەکاندا رووبەڕوویان بووەوە، نامەیەکی بۆ دایک و باوک و خوشک و برایەکانی نووسی، ئەمە چەند دێڕێکە لە نامەکە: ((من مەدالیای نەمریم بۆ خۆم وەرگرت.. تکاتان لێ دەکەم دڵگیر مەبن چونکە چیا کوڕی تری زۆرە بە کوڕ و برای خۆتانیان بزانن، هیچ باکی مردنم نیە، بەس حەیفم ئەوەیە، کە خۆم بە قەرزداری میللەتەکەم دەزانم نەشمتوانی پتر خزمەتی بکەم.. مردن دەبێ ببێ بەڵام ئەگەر ئێستا پێم ناخۆش بێ لەبەر ئەوەمە هێشتا لە سەرەتای نەخشەکەم بووم.

بابە: چۆنت لێ داوا کردبووم ئاوا بووم و ئاواش بەرەو کاروانی شەهیدانەوە دەڕۆم.. خەمم بۆ مەخۆ یادی کوڕی چیات بکەوە.

دایە: قەرزداری شیرتم، قەرزداری دایکی گەورەمم (نیشتمانەکەم.. کوردستانەکەم) کە نەمتوانی قەرزەکەتان بدەمەوە)) (بەشدار، ٨، ١٩٨٤، ٩٨).

کوڕی چیا ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ پێشمەرگە. چیا کوڕی تری زۆرە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ئەو پێشمەرگانەی لە شاخن و خەبات دەکەن. نامەیەکی بچکۆلانەی بە شریتێکی ئاوی پێچراو ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ئەو نامانەی، کە پێشمەرگە بۆ کەس و کاری دەناردەوە، یاخود بۆ رێکخستنەکانی ناوشار، بە پێچەوانەشەوە. دایکی گەورە ئایکۆنی هێمایە بۆ نیشتمان، نیشتمانیش کوردستانە، ئێمە هەندێکمان کرد ئەمە قسەی باوکیەتی، واتە ئەویش لە شۆڕشی رابردوو پێشمەرگە بووە.

درندەکانی ناوشار ئایکۆنی نیشانەیە بۆ سیخوڕ و پیاوانی رژێم. پێشمەرگە و شۆڕش و شەهیدبوون ئایکۆنی هێمایەیین بۆ تێکۆشان و رزگاری و هیوا، ئەمەو لەو شوێنەی، کە دایکی بە نیشتمان چواندووە، دەبێت بە ئایکۆنێکی لێچوو، کە دایک بە نیشتمان چوێنراوە، یاخود بە پێچەوانە نیشتمان بە دایک چوێنراوە.

(لاوک) چیرۆکی (کورەی دڵی باوک):

پاڵەوانی چیرۆکەکە پیشەی مامۆستایە، کە کوڕەکەی دەکوژن، ئەو دەبێت بە پێشمەرگە، لە رێگادا چاوەڕێی برادەرەکانی دەکات، لەژێر شۆڕەبییەک پشوو دەدات و سەرخەوێک دەشکێنێت. رێبوارەکان وتیان: ئەوە مامۆستا بۆ وا لێرە بە تەنیا لێی راکشاوە.

ئاکۆ کوڕی مامۆستاکەیە و خوێندکاری قۆناغی سێی زانکۆیە، پێنج شەممان دەهاتە ماڵەوە. ((رانک و چۆغەکەی لەبەر ئەکات و ئەیەوێ بچێ بۆ لای هاوڕێکانی.. پاش یەک چارەکە سەعات دەنگی تەقە هات کە بە دەمیەوە چووین خەڵکەکە ووتیان عەزەی خەجێ کوشتی)) (لاوک، ٨، ١٩٨٤، ١٠٥).

عەزە پیاوی رژێمە و وەک سەگی هار بەرەڵڵای گیانی خەڵکی کراوە. باوکی ئاکۆ بە پەلە دەگاتە خەستەخانە بەرگ بەڵەک و بەرگ زەردەکان واتە ئەمنەکان دەوریاندا:

((تۆ باوکی ئەم تاوانبارە ئاژاوەچیەی؟

- من باوکی ئاکۆم... ئاکۆ قوتابی زانکۆیە و ئاژاوەچیش نیە.

نەخێر کوڕەکەت پیاوکوژە.. ئەگەر تۆ راست ئەکەی ئەی بۆچی پێناسەی زانکۆی پێ نیە؟)) (لاوک، ٨، ١٩٨٤، ١٠٦)، باوکی، کە تەرمی ئاکۆ سواری پیکابەکە دەکات و لە ژوور سەری کوڕەکەی دادەنیشێ، یەکێ لە هاوڕێکانی ئاکۆ دەچێتە تەنیشتیەوە بە گوێی دەچرپێنێ ((مامۆستا من ئاگادار بووم کە کوشتیان پێناسەکەی زانکۆیان بۆ شوێنەوونی لە باخەڵی دەرهێنا و دڕاندیان ... تا بڵێن گومان لێکراوێکمان کوشتووە)) (لاوک، ٨، ١٩٨٤، ١٠٦)، چەند رۆژێک بەسەر ئەو رووداوە تێدەپەڕێت ((پاش چەند رۆژێک هەندێ شتی ناو ماڵت فرۆشت ئەم چەکەی ئێستات پێ کڕی ماڵ ئاواییت لە قوتابیەکانت کرد لە پێناوی ئەوەی ئەوانیش بە دەردی ئاکۆ نەچن، خۆت و دایکی ئاکۆ و هاوڕێ تازەکەت کە ئێستا لە شانتایە ملی رێگاتان گرت و رووتان کردە شاخ... چویتە ریزی ئەوانەی دروشمیان وایە لە ژیانا "کەم بژی و کەڵ بژی"))ن (لاوک، ٨، ١٩٨٤، ١٠٧).

دوای شەهیدکردنی کوڕەکەی، باوک رق ئەستوور دەبێت و چەک و پێشمەرگایەتی بە تاکە وەڵامێک دەزانێت بۆ ئەو تاوانەی دەرهەق بە کوڕە تاقانەکەی کراوە و روو لە شاخ دەکات. رێبوارەکان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پێشمەرگە، پێشمەرگەش ئایکۆنی هێمایە بۆ تێکۆشان و شۆڕش. رانک و چۆغە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کوردبوون و جلی رەسمی و کولتوری کوردە.

عەزەی خەجێ ئاماژەیە بۆ پیاوێکی رژێم، کە تاوانی بەرامبەر بە خەڵکی شۆڕشگێڕ کردووە و ئاماژەیە بۆ جاش و خەڵکی خۆفرۆش. کەم (بژی و کەڵ بژی) ئایکۆنی هێمایە بۆ شەهیدانی شۆڕشی نوێ و پێشمەرگە. هاورێ تازەکەت ئایکۆنی نیشانەیە بۆ چەکی پێشمەرگایەتی. شاخ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ (خۆڕاگری و هیوا و کوردستان)، بەرگ بەڵەک و بەرگ زەردەکان ئایکۆنی نیشانەیین بۆ جلی داروودەستەکانی رژێم.

(فازیل کەریم- مامۆستا جەعفەر) چیرۆکی (هەڵهاتن):

باس لە خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕێک دەکات لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا، دەسەڵاتدارێتی ئەو ناوچەیە بڕیار دەدات کوڕەکە بکوژن، بەڵام کچەکە بە خانەوادەکەی بدەنەوە ((با من بکوژن..

- منیش خۆم دەکوژم.

- ئێمە بەبێ یەک ناژین)) (کەریم، ٨، ١٩٨٤، ١١٦).

ئەمە حکایەتێکی دیکەی کچەکەیە ((باوکی ژن بە ژنی پێ کردووە.. ئەم بۆ پیاوێکی پیر، کچەکەی ئەویش بۆ باوکی ئەم)) (کەریم، ٨، ١٩٨٤، ١١٧)،

کوڕەکە پێنج ساڵە پێشمەرگەیە ((من و کاڵێ لەماڵی خزممن و کاڵێ لە ماڵی خزمێکمان خۆمان شاردبووەوە.

ئەمان دێ بە دێ و کون بە کون، شوێن پێیان هەڵگرتبووین و تا ئێرەش هەر بە دوامانەوە بوون. من خۆم ئەمزانی ماڵی کاڵێ لە لایەک و ئەمانیش لە لایەکی ترەوە، هەروا بە ئاسانی دەستمان لێ هەڵناگرن، لە هەر کوێش بەرچنگیان کەوین تیکە تیکەمان ئەکەن)) (کەریم، ٨، ١٩٨٤، ١٢٥ و ١٢٦).

هاوڕێیەکانی بە بڕیارێکی سەرووی خۆیان گوللەبارانی دەکەن ((یەکێکیان کلاشینکۆفەکەی لە شانی داگرت، هێنایە سەرپێ، لێی چووە پێشەوە.

ئەو سەیری دەست و نێوچاوانی ئەکرد، لە دووری سێ هەنگاو وەستا، ئەو رووی بەولاوە کرد.. رێزێکی بەلاچاوانیەوە نا، بە شێوەیەکی زۆر توند چەند تەکانێکی خوار، سەری بەرەو دواوە چوو، قژە کاڵە خاوەکەی بەرەو دواوە بژ بژ بووەوە، خوێن لە لووتی فیچقەی کرد و بەشان و ملیا هاتەخواری)) (کەریم، ٨، ١٩٨٤، ١٣١).

ئەگەر پێشمەرگایەتی ئایکۆنی هێما بێت بۆ بەرەنگاری و شەهیدبوون، بەڵام ئەم نموونەیە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ دواکەوتوویی و شەرمەزاری و پاشەگەردانی لەناو هەناوی شۆڕشدا، کە رێگا نادات دوو خۆشەویست بە یەکتر شادبن، لەوێ پێشمەرگەیەک گوللەباران دەکرێت، چونکە کچێکی خۆشویستووە، ئەو رووداوە ئایکۆنێکی ناشیرینی نیشانەیە لە ژیانی پێشمەرگایەتی و لەناوجەرگەی رۆژانی بەرەنگاریدا.

(برادۆست) چیرۆکی (فەرهاد:)

فەرهاد لەناو هۆزەکەیان ناوێکی هەبوو، زۆر دڵیان پێ خۆش بوو، بەڵام ئەو ژیانی پێشمەرگایەتی هەڵدەبژێرێت، رۆژێک مامی سەردانی دەکات ((کوڕم بۆیە دڵمان بە تۆ خۆشبوو وتمان هۆزەکەمان پێش ئەخەیت، ناهێڵی کەس دار بەسەر دارەمانا بکات و تیرەکانی تر لە عاستمان زارەتەرەک ئەبن، بەڵام عەمرت کورت بێ، ناوچەوانت زەقە و خێری پێوە نیە.. بزانە لە پاشەڕۆژدا چۆن خوێری ئەکرێیت)) (برادۆست، ٨، ١٩٨٤، ١٣٣ و ١٣٤)، فەرهاد باسی خۆشەویستی خاک بۆ مامی دەکات ((ئەوەندەم بەسە پێم بڵێن لە رێی خاکیا ئەجەنگێ، ئەوەی راستی بێ خۆشەویستی خاکم لە جێی تیرەچێتی داناوە.. شۆڕشم کردووە بە چرای خۆم و دوژمنی پێ ئەدۆزمەوە)) (برادۆست، ٨، ١٩٨٤، ١٣٤).

لە شەڕێکدا فەرهاد چاوێکی لە دەستدەدات و خوێنێکی زۆری لەبەر دەڕوا، کە شەڕ تەواو دەبێت پیرەژنێکی ئەو گوندەی شەڕەکەی لێ کرابوو، بۆ هەواڵی شەڕەکە لە نزیک گوند فەرهاد دەدۆزێتەوە، دەچێتە گوند چەند پیاوێک دێنێت و بە نهێنی فەرهاد بۆ ماڵەوە دەبات و بەهۆی داو و دەرمانی کوردەواری برینەکەی تیمار دەکات، پوورە گوڵزار دەڵێت: ((هەتا شەڕ کۆتایی هات ئارامم نەبوو، ئەتوت باری خوێی مەملەحە خراوەتە سەر پشتم، دوای ئێوە چوومە جێگای رووداو لە دوورەوە تارماییەکم بینی و وتم ئەم تارماییە لەوەوپێش لەم زەوی یەدا نەبوو، هەبێ نەبێ ئەوە زەلامە چوومە سەری ووتم:- زەلام کێی..؟ بەڵام نقە لە دار و بەردەوە هات لەوەوە نەهات، خستمە سەر پشت، لای خۆمەوە وتم ئەمە قەد و باڵای فەرهادە، دەنکی شقارتەم لێدا سەیرم کرد خۆی بوو)) (برادۆست، ٨، ١٩٨٤، ١٣٧ و ١٣٨)، ئەمجارە فەرهاد چاک دەبێتەوە، بەڵام لە شەڕێکی دیکە شەهید دەبێت.

لەم چیرۆکەدا گەنجێک لە هۆزەکەی یاخی دەبێت و دەبێت بە پێشمەرگە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا کەسێکی نموونەیی بووە و دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ باوەڕ و قارەمانێتی. ژن ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ چاپووکی و فریادرەسی. ڕێی خاک، چرا ئایکۆنی نیشانەیین بۆ هیوا، ڕۆشنایی.

(فەرهاد عەلی) چیرۆکی (نامە):

ئەگەرچی گوندەکەیان زۆر وشک و برینگ بوو، بەڵام ڕۆژێک وەیسە خۆی گەیاندە حەسەن-ی کاکی و پێیگوت: ((لەگەڵ خولە و ئازاد و کاروان دا لەسەر گردەسوور یاریمان دەکرد بڕێک سەرباز هاتن، ووتیان لێرە یاری مەکەن ئێمەش ترساین، بەرخۆڵەکانمان دوور خستنەوە چوینە سەر گردەکەی بەرامبەریان، وەک گۆڕ هەڵکەنە گردەکەیان هەڵکەند.

قوڵیان کرد قوڵیان کرد، خۆڵەکەیشیان کردە پەرژین ترساین، دواجار چادرێکیان هەڵدا.. ڕامان کرد)) (عەلی، ٨، ١٩٨٤، ١٤٤).

کەسێک لە خەڵکی گوند پرسیار دەکات ((باشە لەم دێیەی ئێمە خۆ فابریقە و کیمیا نییە وا بۆ ئێرە هاتوون؟

- لەبەر خاتری هاهاها ئەو ئاگرەیە)) (عەلی، ٨، ١٩٨٤، ١٤٥)، سەرەڕای ئەوەی ڕەبیەیان لە نزیک گوند لێداوە داوایان کردووە هەموو ڕۆژێک خەڵکی گوند دوو کاروان ئاویان بۆ ببەین! سەربازەکان خەڵک هەراسان دەکەن تا خەڵکی ئاوایی لێیان ڕادەپەڕن و ئەو ستەمە قبوڵ ناکەن ((وەیسە و هاوڕێکانیشی بە پرتاو خۆیانیان گەیاندە گردەسوور بە پارچە چادر و قەوانە کۆنە یاری خۆیانیان دامەزراند)) (عەلی، ٨، ١٩٨٤، ١٤٨).

خاک دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ خۆشەویستی زێدگە، ئاگر ئایکۆنی هێمایە بۆ بیر و کێڵگەکانی نەوت.

(ڕێزان- ئاسۆ ئەحمەد) چیرۆکی (نەفرەت):

پاڵەوانی چیرۆکەکە ژنێکە تەمەنی نەبۆتە بیست ساڵ، مێردەکەی بێسەروشوێن دەکرێت، تەنیا پێنج مانگ بوو زەماوەندیان کردبوو، بۆ سۆراغی هاوسەرەکەی شوێن نەماوە سەردانی نەکات، ئەوانیش بە درۆیەکی بچووک بەڕێیدەکەن! هەمیشە دەگەڕا و سۆراخی دلێری هاوسەری دەکرد. جارێکیان ئەم دیمەنەی بینی خۆی و دلێری بیر کەوتەوە ((دوو کۆتر وەک ڕاونرابن و لە دەست مەرگ هەڵ هاتبن.. بە خێرایی باڵەکانیان لێک دەدا، تا لەسەر گوێسوانێک ئارامیان گرت.. دەنووکیان لە دەنووکی یەک دەسوو.. یەکدییان ڕادەمووسی، تاوێک بە هێوری

هەڵ نیشتن.. لە هیکڕا مناڵێکی چەتوونیان لێ بووە ملۆزم.. بە بەردێک هەڵی فڕاندن و ئارامی لێ تێکدان، بەم بایە بچووبا و بە توندی گوێی مناڵەکەی بابدایە.. چونکە خۆیی و دلێری لە چاوانی دوو کۆترەکەدا دەبینی.. هەستی بە ئازاری ئەو بەردە دەکرد.. دەتووت بەسەر دڵی ئەمدا کێشراوە)) (ڕێزان، ٨، ١٩٨٤، ١٥٣).

ئەو هەمیشە لەگەڵ قسە و یادگارەکانی دلێر دەژیت:

((دلێر ئەگەر من شتێکم لێ بێ تۆ چی دەکەیت؟

- شتی وەکو چی؟

- وەکو.. مردن!

- جا ئەوە پرسیارە؟

- بۆ؟!

- چۆن بۆ؟! ئەو ئەزرائیلەش دەکوژم کە لە تۆ نزیک دەبێتەوە)) (ڕێزان، ٨، ١٩٨٤، ١٥٦).

سۆراخی هاوسەرەکەی دەکرد، جارێک لەبەردەم دەروازە مرۆڤ قووتدەرەکە بۆ سۆراخی دلێر چوو بوو ((پاسەوانەکە زێتر لێی نزیک کەوتەوە.. دەستی نایە سەر شانی.. ئەویش ئاوڕی لێدایەوە.. پاسەوانەکە دەلەرزی.. ئارەزووە ئاژەڵییەکەی تاوی سەندبوو.. هۆشی بەخۆی نەمابوو.. بزەی دەهاتێ.. چاوێکی داگرت، لەناکاو تفێکی خەست بە تەوێڵی یەوە نووسا.. پەشۆکا.. پاشەکشەی کرد)) (ڕێزان، ٨، ١٩٨٤، ١٥٨)، شیرین-ی هاوسەری دلێر ((ڕەگی هیوایەکی نوێ بەناخیدا ڕۆچوو.. هەستی دەکرد بەو نزیکانە بروسکەی نەفرەتێکی ئینسانی گشت ئەپارتمانە مرۆڤ کوژەکان دەڕووخێنێ و پاسەوان و ویژدان مەییوەکان دەکاتە ژێلەمۆ)) (ڕێزان، ٨، ١٩٨٤، ١٥٨).

چاوەڕوانی و هیوا دەبن بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ ڕۆشنایی بەرەنگاربوونەی ئەو دۆخەی شیرینی تازە بووک ڕووبەڕووی بۆتەوە. بووک ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ماڵ و ژیانێکی نوێ. ئاپارتمان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ دائیرەی ئەمن و دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس. کۆتر ئایکۆنی هێمایە بۆ ئاشتی و هێمنی و جوانی، بەڵام هەردوو کۆترەکە ئایکۆنی لێچوون بۆ شیرین و دلێر. ئەزرائیل، یاخود عزرائیل، ئایکۆنی نیشانەیە بۆ مەرگ و نائومێدی. دەروازە مرۆڤ قووتدەرەکە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ دەرگای دائیرەی ئەمن، یاخود دامودەزگای دیکەی ڕژێم.

بروسکە و ژیلەمۆ ئایکۆنی نیشانەیین بۆ راپەڕین و خۆپیشاندانی جەماوەر بۆ لەناوبردنی ئەو دەسەلاتەی دلێری شوێنبز کردووە.

(محەمەد موکری) چیرۆکی (بۆسە):

چیرۆکنووس ئەم سەرنجەی نووسیوە: (بە یادی سەختترین چوار سەعاتی تەمەن پێشکەشە بە هاوڕێی عەرەب (ابو شهاب).

دوو کەسن، "ئەم" و "ئەو" دەیانەوێت پۆستەکان بگەیەنن، ریگاکە تەنیا نیو کاتژمێرە!. نیو کاتژمێرە رێ، ریگا ترسناکەکەیە، لەوە دەترسا کەمینی دوژمن هەبێت ((لەپڕ گیزەیێک بەلای سەریا هات و دەنگێکی زلی بەدوای خۆیەوە پەلکێش کرد "ئەم" راچلەکی، هەر کە ئاوڕی دایەوە دەیان دەسرێژی لەسەر یەک بەدەما خستی، هەڵسایەوە، بە پەلە خۆی گەیاندە بەردێکی چکۆڵەی نزیک، ترس و حەپەسان تێکەڵی دەروونی بوون)) (موکری، ٨، ١٩٨٤، ١٦٥).

بە ناشارەزایی لە پێنج شەش دەقیقەیەکدا فیشەکی کلاشینکۆفی بەخۆی نەهێشت. پاشان ((نیمچە تەکانێکی دایە بەرخۆی، کەچی پێ ی راستی لە جێی خۆی نەدەبزوا، دەستی بەلای رانیا هێنا و حەپەسا.! تمەز هەر لە یەکەم دەسرێژا ئەنگێوراوە!! هەر چۆنێ بوو بە سکە خشکێ ئەم بەرد و ئەو بەردی کرد، نزیکەی سێ سەعات زیاتری پێ چوو، وا کیلۆمەترێ لەو شوێنە دوور کەوتۆوەتەوە.. ئێستا "ئەم" لە بەرزایدایە و لەنێوان دوو گابەردەوە دەڕوانێتە سەر پێدەشتەکە)) (موکری، ٨، ١٩٨٤، ١٦٦).

هاوڕێیەکەی لەو پێدەشتەدا لە پەنای دوو بەردی چکۆڵەدا خۆی مات داوە (("ئەم" هەرچی ئێش و ئازار و تینوێتی و ترسی هەبوو لە ئاستی ئەو هاوڕێ یەیدا رەوی یەوە، خۆی لەبیرکرد، چ جارێ ئەوەندە خۆی بێ دەسەلات و دەسەوسان نەبینیوە، لەبەرچاویا هاوڕێیەکی خۆشەویستی لە نێو بۆسەیێکی بێ ئاماندا گیری خواردووە و ئەمیش هیچی پێ ناکرێ، هەر هیچ!!)) (موکری، ٨، ١٩٨٤، ١٦٧).

ئەم بە خەیاڵ بۆ رۆژانی زوو دەگەڕێتەوە ((بیست و چەن ساڵێکە یا لەوەتەی مێژوو ئەمەکداری ئەم میللەتەیە، چیا بووەتە سەنگەر و پەناگا، جێی خۆشاردنەوە و بەرگری یە)) (موکری، ٨، ١٩٨٤، ١٦٨). ئەم و ئەو دەکەونە نێو بۆسەی جاش ((گەر سەیری لای چەپی (بی کەی سی)یەکان بکات ئەو سێ جاشە قەناص بە دەستانە دەبینێ کە کەوکوژی سێرەی لێدەگرن و هەر ساتە و گوللەیێکی بۆ دەکەنە نوێنەری کینە و رقی بێ ئەندازەی خۆفرۆشیان. ئەو دوو بەردەی خۆی لە پشتیان مات داوە بوون بە قەلغانی.. نەک هەر تەنها ئەو دوو بەردەی

سوپەری بەڵکو هەموو بەردێکی ئەم کوردستانە قەلغانن بۆ پێشمەرگەی دەروێش ئاسای تەریقەتی خاکپەرستی)) (موکری، ٨، ١٩٨٤، ١٧٠).

ئەم لەم دۆخە سەختەدا خەیاڵی منداڵی گەمارۆیدا (("ئەم" لە دنیای ساف و بێ گەردی مناڵی خۆیدا، راهاتبووە سەر دەستنیشان کردن و جیاکردنەوەی رەش و سپی هەر کە لە قوتابخانە دەگەڕایەوە لەگەڵ مناڵانی گەڕەکدا کۆدەبوونەوە دەبوون بە سێ بەش: بەشە هەرە زۆرەکە دەبوونە سەرباز "ئەم" لێیان دەچووە پێش و پێیانی دەووت:

– ئێوە عەسکەرن.. نەختێ گوناحیشن!

هەر لەنێوان هەمان دەستەی مناڵاندا، چەند مناڵێکی هەڵدەبژارد، دەوری سەیارە و تانکی پێ دەسپاردن، دەبوایێ سەرتاسەری وازی یەکە گڤە گڤ و گڕەگڕ بکەن، بەشێکی دی ی لە مناڵانی جیادەکردەوە و دەوری جاشی پێ دەسپاردن، بە ئەقڵی ئەو سەردەمەی دەبوایێ ئەو مناڵانەی دەوری جاش دەبینن پارچە گوریسێ لە چەشنی کلک بە پاشۆڵیانەوە شۆڕ بێتەخوارێ و زمانی قسەکردنیشیان زەڕین بێ و لوشکەش بهاون. بەشێکی کەم لە مناڵان دەمانەوە دەوری پێشمەرگەیان دەبینی.. لەو گەمە و یارییەدا دەبوایێ "ئەم" دەوری لێپرسراوی پێشمەرگەکان ببینێ)) (موکری، ٨، ١٩٨٤، ١٧٩).

خەیاڵی بۆ قسەیەکی دایکیشی دەڕوا، باوکی پێشمەرگە بووە، بەڵام گۆڕی نەبووە چونکە ((بەنزینیان بەسەر تەرمەکەیا کرد و سووتانیان!)) (موکری، ٨، ١٩٨٤، ١٨٢)، پاشان ((ئیدی گەمەی ئێوارانی گۆڕا حەزی دەکرد بە جۆرێ شەهید بێ چەشنی باوکی بێ گۆڕ بمێنێتەوە.. داوای لە مناڵان دەکرد کراسەکەی بەری بدڕێنن و بە چوار دەورا بڵاوی کەنەوە و بیسوتێنن)) (موکری، ٨، ١٩٨٤، ١٨٣). ئەم خوشکێکی هەبوو ناوی نەشمیل بوو ((نەشمیلی خوشکی لەگەڵ کچانێکی زۆردا گیران و پاش رۆژێ تەرمەکەیان دایە دەستی دایکی)) (موکری، ٨، ١٩٨٤، ١٨٥ و ١٨٦).

موکری رووداوێکی تر تێهەڵکێشی نێو چیرۆکەکەی دەکات، لە پێکدانێکدا لەگەڵ جاشدا دوو برا (جەلیل و جەلال) تا دوا فیشەک شەڕ دەکەن، دوو فیشەک هەڵدەگرن، کە جاشەکان لێیان نزیک دەبنەوە یەکتر شەهید دەکەن، جەلیل و جەلال نەخوێندەوار بوون ((گەلێ هەژار بوون.. باوکیان لە (١٩٧٤) لە زۆزکدا شەهید بوو.. یەکدوساڵ پاش ئاشبەتاڵ لە ئێراندا پەناهەندە بوون، هەر کە هەواڵی شۆڕشی نوێ یان بیست گەڕانەوە، هەر یەکە و لە حیسابی خۆی تفەنگێکی کڕی)) (موکری، ٨، ١٩٨٤، ١٨٩). ئەم و ئەو بەم شێوەیە دەربازیان دەبێت ((ئەوان نزیکی بوونەوە چوونە

سەر سەری، لەپڕ گرمەییێک و تەپ و تۆزێ بووە جوانترین دیمەنی بەرچاوی ئەم، تمەز ئەو نارنجۆکێکی گرتووەتە دەست خۆی و ئەوانی بە جارێ تەقاندووەتەوە)) (موکری، ٨، ١٩٨٤، ١٩١).

چیرۆکنووس تا ئاستێک نیشانەکانی نێو چیرۆکەکەی راڤە کردوون: چیا بووەتە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ سەنگەر و پەناگا، جێی خۆشاردنەوە و بەرگریی، منداڵ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ دنیای ساف و بێ گەرد. پۆست ئایکۆنی نیشانەیە بۆ نامە و پەیامی شۆڕش. گیزە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ دەنگی چەک. هاوڕێ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پێشمەرگە. بەرد ئایکۆنی نیشانەیە بۆ سەنگەر و خۆپاراستن. پێشمەرگە ئایکۆنی هێمایە بۆ شۆڕش و گیانفیدایی.

(رێبوار عەبدوڵڵا ئەحمەد- رەئوف بێگەرد) چیرۆکی (کارگە):

ناوە، ناوە پوورە شەمسە هەواڵی دەستگیرکردن و لە سێدارەدانی خەڵکی شاری بەرگوێ دەکەوت ((یاخوا کوڕم کەس وەک ئەوانی لێ بەسەر نەیەت و جگەری نەسووتێت. دوو کوڕیان لە ماوەی دوو مانگا بە خنکاوی بۆ هاتەوە، حەوت خوشک و ئەو دوو برایە، ئای رۆڵە یاخوا جەرگیان بە ئاوبێت ئەوانەی دەستیان ئەچێتە گیانی مناڵی بێ تاوانی خەڵکیەوە)) (ئەحمەد، ١٠، ١٩٨٥، ٤٦ و ٤٧). کورد زیاتر جەرگ سووتان بەکاردەهێنێت، نەک جگەر سووتان، دەکرێت ئەوەی یەکەم (جگەر)ەکە هەڵەی چاپ بێت!

لەوکاتەدا حەمید سەردانی پوورە شەمسەی کردووە و هەواڵی ئەنوەری کوڕی بۆ هێناوە، لەگەڵ هەندێک پارە. ئەنوەر دەمێکە هەواڵی نیە، بە میوانەکە دەڵێت: (نازانم کێ لێرە هەڵیفریوان و ئاوا ئاوارەی شارانی کرد خوا بیگرێ، رەنگە هیچیشی نەبێت)) (ئەحمەد، ١٠، ١٩٨٥، ٤٦). دایکی دەیەوێت بزانێت کوڕەکەی لە بەغدا چ کارێک دەکات، بەڵام حەمید بەردەوام خۆی لەم پرسیارە دەدزێتەوە، لێی دەپرسێت لە بەغدا کارەکەتان چییە و دەمەوێت سەردانی ئەنوەر بکەم، حەمید دەڵێت:

((ناتوانیت بچیت، کارگەکەمان لەناو شارەوە دوورە، هەروا بە ئاسانیش نایگەیتێ.

-کەی من کارم لەو ویستووە؟ ئەو تا ئێستا نازانێت ئێمە چیمان بەسەر هاتووە، ماوین و مردووین.

-شوکور هیچ نەبووە، لەوە ناچێت شتێکتان بەسەر هاتبێت.

پوورە شەمسە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دەستی بە یەکدادا.

چۆن هیچمان بەسەر نەهاتووە؟ بۆ کۆست لەم شارە ئەبڕێت. هەروا نزیکەی پێنج مانگێکە ئازادی ئامۆزای، برای دەست گیرانەکەی لە سێدارە درا، تا ئێستاش شەو و ڕۆژ شیوەنیانە.

حەمید خۆی ڕاست کردەوە و چاکتر گوێ ی گرت، لەسەرخۆ کەوتەوە دوان.

- بۆ؟ لەسەرچی؟

- ئەبێ بڵێ ی لەسەرچی کوڕم؟ تەمەنی پانزە ساڵیش بوو، بۆیان کرد بە هەژدە ساڵ هەر بۆئەوەی بیخنکێنن.

- لە کوێ خنکاند بوویان؟

- لە ئەبو غریب، زۆربەی لە سێدارە دراوەکان هەر لەوێ ئەکرێن)) (ئەحمەد، ١٠، ١٩٨٥، ٤٩).

حەمید بەرامبەر بەو قسانە سەری داخست! پوورە شەمسە سوور دەبێت لەسەرئەوەی بزانێت کوڕەکەی لە بەغدا چ کارێک دەکات.

((دەی کوڕم، ناوی کارەکەتان و شوێنەکەم پێ بڵێ

- کارەکەمان.. کارەکەمان، تۆ کاری ئێمەت بۆ چییە؟

- چۆن کوڕم، هەموو کەسێک بە کارەکەیەوە دەناسرێت.

- کارەکەمان لە ئەبوغرێبە.

پوورە شەمسە کەمێک لە ناوەکە سڵەمیەوە، پاشان بەسەرسامیەوە ووتی:-

- ئەبوغرێب؟

- بەڵێ، بۆ بەلاتەوە سەیرە کارگەی لێ بێت؟

- نا.. بەڵام کە ئەو ناوە دێت تەنیا دیمەنی بەندیخانە و خنکاندن دێتەبەرچاو. باشە لەوێ چی ئەکەن؟)) (ئەحمەد، ١٠، ١٩٨٥، ٥١ و ٥٢).

حەمید باسی کارگەکە دەکات ((لەوێ دارێک هەڵخراوە و پەتێکی قولفەکراوی پیا شۆڕبۆتەوە. کاری ئێمە ئەوەیە بچینە سەر دارەکە. یەکێکی وەک ئازاد و ئاراس و لەو بابەتانە لەگەڵ خۆماندا بەرینە سەرەوە و ملیان بەو پەتەوە بکەین. ئەنجا ئەو کورسییەی لەژێر پێ ی یاندا دانراوە شەقێکی تێ هەڵبدەین و ئەوان بە پەتەکەوە هەڵواسرێن، تا ئەکەونە قرخە قرخ و

زمانیان لە دەمیانەوە دێتە دەرەوە، ئەنجا کە گیانیان تیا نەما پەتەکە شل ئەکەینەوە و لە ملیان ئەترازێنین. وەک پەلاسێک دەکەونە خوارەوە. ئێمەش پاداشتی تایبەتی ئەو رۆژە وەرئەگرین و ئەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان)) (ئەحمەد، ١٠، ١٩٨٥، ٥٢).

حەمید بڕیاری خۆی داوە جارێکی دیکە بۆ سەر ئەو کارە نەگەڕێتەوە، بۆیە بە قسەی ئەنوەر ناکات و جۆری کارەکەیان لە پوورە شەمسە ناشارێتەوە. پوورە شەمسە دەڵێت: ((کەواتە ئەو سەد دینارەی بۆ منی ناردوە دەست خۆشی ی مل بەپەتاکردنی ئەو لاوانەیە؟)) (ئەحمەد، ١٠، ١٩٨٥، ٥٣). پوورە شەمسە ((لەپرا وەک بڕیارێکی سەیری دابێت دەستی بۆ پارەکە برد و فڕێ ی دایە بەردەمی حەمید، لەسەرخۆ دەستێکی درێژ کردە ناو بەرۆکی، مەمکێکی چەقی دەرهێنا بە رقەوە تەماشای کرد، بینینەکەی بووە پشکۆ و بە مەمکیا چزا، بێ دەنگیەکی تەواو ژوورەکەی داگرت. چاوی حەمیدیش بوونە دوو چۆلەکەی بەردەم هەڵۆیەکی تووڕە و لە شوێنێکدا خۆیان نەئەگرت. پوورە شەمسە زیاتر لە مەمکی راما، ئەت ووت لەو بەشەی لەشی گەلێک بێزارە. بە رقەوە مەمکەکەی فڕێ دایەوە ناو بەرۆکی. تەماشایەکی حەمیدی کردەوە، بەڵام حەمید سەری نەوی کردبوو. نەیتوانی لەبەردەم چاوە تیژە پڕ لە تیشکەکانیا خۆی بگرێت. پوورە شەمسە هەستا، وێنەکەی ئەنوەری لە دیوارەکە کردەوە، لەسەرخۆ پشتی کردە حەمید و چووە دەرێ، حەمیدیش بەدوایدا لۆژ لۆژ بەرەو دەرگای دەرەوە کەوتەڕێ. هێشتا مابووی بگاتە بەردەم دەرگاکە لە دوایەوە دەنگی شکاندنی شووشەیەک گوێ ی زرنگاندەوە. کپەیەک ویستی هەڵوێستەی پێ بکات. بەڵام وەک یەکێک لە دوایەوە پاڵی پێوەنابێت هەنگاوەکانی گورجتر کرد و لە دەرگاکەی کرد بەو دیودا)) (ئەحمەد، ١٠، ١٩٨٥، ٥٣ و ٥٤).

مەمک ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پەروەردە، خۆراک، بەخێوکردن، باوەش، سۆز، خۆشەویستی. چاوی تیژ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ تووڕەیی، رەتکردنەوە، تۆڵەکردنەوە. خنکاو ئایکۆنی نیشانەیە بۆ لە سێدارەدان. پەت ئاماژەیە بۆ پەتی لەسێدارەدان. قرخەقرخ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ئاوزینگدان. کارگە ئایکۆنی لێچووە و نیشانەیە بۆ ئەو شوێنەی خەڵکی لێ لە سێدارە دەدرێت، پوورە شەمسە دەبێتە ئایکۆنێکی تیشکهاوێژی بەرەنگاربوونەوە، لە پێناوی نیشتمانەکەی حاشا لە جەرگی خۆی دەکات. قەسابخانەکەی ئەبوغرێب ئایکۆنی چوێنراوە بە کارگەی کوشتنی مرۆڤ.

(فاتح) چیرۆکی (لە گورگانە شەوێ ی بەعسا):

شار بۆنی خوێنی لێدێت، کۆمەڵێک گەنجی پۆستاڵ لەپێ بەسەر و سیمایان دیار بوو خەڵکی شار نین ئەو ناوەیان تەنیوە. کەمال رۆژی (١٩٨٥/٦/٢٥) بەسەر شۆستەی (م) سەربەستانە

هەنگاوی دەنا، دەکەوێتە ناو خاڵی پشکنینی ئەو گەنجە پۆستاڵ لەپێیانە ((نەء، باش بوو پریاسکەکانم بۆ شوێنی خۆیان گەیان، ئێستاش چی ئەبێ با ببێ)) (فاتح، ١٠، ١٩٨٥، ٥٦).

پریاسکەکە شتی قەدەغەی تێدابووە، رەشبگیرییە و کەمال دەستگیر دەکرێت، ئەو ((مانگێ بەر لەو رۆژە بەو تاوانەی براکەی پێشمەرگەیە لەگەڵ دایک و باوکی و خوشکەکەیدا گیرابوو، خۆشی یەکێک بوو لەو رۆڵە تازە پێگەیشتوانەی بە نهێنی لە ریزەکانی شۆڕشدا خەباتی ئەکرد)) (فاتح، ١٠، ١٩٨٥، ٥٧).

هەموویان لەناو پاسێک کردن و پاسەکە  تا بەردەرگای دڕندەکان نەوەستا، لە رێگادا کەمال بیری لە راکردن دەکردەوە. خۆی شێت کرد و دەستی بە قیژاندن کرد ((ئێوە داگیرکەری ئەم خاکەن، دوژمنی مرۆڤایەتین)) (فاتح، ١٠، ١٩٨٥، ٥٩)، دوای ئەوەی زۆری لێدەدەن، کەمال بەردەوام پێدەکەنی، ئەفسەرێکی جووت ئەستێرە گوتی زیاتری لێ مەدەن و وازی لێ بهێنن ((ئەمە لە شێت ئەچێ یا تێک چووە!!)) (فاتح، ١٠، ١٩٨٥، ٦٠).

کەمال دەمێک پێدەکەنی و بە ئارەزووی خۆی قسەی دەکرد. سەربازەکەی نزیک کەمال چوو باوەشێ کتێبی تاڵانکراو لە پاسەکەدا بهێنێتە خوارەوە ((کلاشینکۆفەکەی لەسەر لێواری محانجەرەی چیمەنتۆکە دانا.. کەمال مەردانە ئامبازی بوو، تا ئەوان بە یەکدا هاتن و هاواریان لێ هەڵسا...

– نەکەی نەکەی چەکەکەت فڕێ بدە..

"ئەو" لوولەی چەکەکەی تێکردن و خێرا دەستی بە پەلە پیتکەکەیا نا و ریزێکی بەناویانا کرد)) (فاتح، ١٩٨٥، ٦١)، بەڵام، کە کەمال ((پەنجەی بە دوا گوللەدا ئەنا لە پشتەوە سەربازێکی قیزەونی لچ ئەستوور دەست رێژێکی لێ کرد و بە دەما خستی)) (فاتح، ١٠، ١٩٨٥، ٦١).

کۆمەڵێک گەنجی پۆستاڵ لە پێ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پیاوانی رژێم لە ئەمن و ئیستخبارات. پریاسکە و بوخچە ئایکۆنی نیشانەن بۆ شتێک کە کەلوپەلی قەدەغەکراوی، وەک بڵاوکراوەی حزبی تێدا بێت، بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێک پریاسکە و بوخچە شتی قەدەغەکراوی لێ بشاردێتەوە!

(مەغدید مەولود) چیرۆکی (زینانە):

شوێن گوندێکە، نموونەی بەرەنگاری و خۆبەدەستەوەنەدانە، داگیرکەران دەهاتن رق و کینەیان دەباران ((دیاربوو پێدەشتەکەشی رازی نەدەبوو پێ ی بەسەرا بنێن)) (مەولود، ١٠، ١٩٨٥، ٦٣)، کەسێکی ناو چیرۆکەکە بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە ((ئەی کاکە تۆ، ئەو ساڵانەت بیر نایەت... ئەوکاتە تۆ، هێشتا مناڵ بووی.. ئای چ   یان کرد، ئای چ یان کرد، مناڵێکی چاوگەشی نێو

بێشکەشیان چاو هەڵکۆڵی و لە گیانیان کرد..)) (مەولود، ١٠، ١٩٨٥، ٦٣)، بەڵام ئەمجارە ((سەڵتە لەبەری دێکانی کە، بە گیرفانی زلی پڕ فیشەکەوە، رژانە دێ.. کچان فرمێسکیان سڕی و کەوایان لە پاشویل بەست)) (مەولود، ١٠، ١٩٨٥، ٦٣)، وەک وەڵامێک بۆ داگیرکاری و دەستگیرکردن ((گرد و گردۆلکە. وەکو بازنەیەکی گەورە، دەورەی دەشتە کاکی بە کاکییەکەی "پەتەکی" داوە. ئێستا، لە هەر لایەکەوە، کە سەر دەکەوێتە سەر ئەو گردانە و بۆ دوور چاو هەڵخەیت، هەڵۆ و شاباز دەبینی خەریکن بە دەنووک هێلانەی تازە بۆ خەڵکەکە دروست دەکەن.)) (مەولود، ١٠، ١٩٨٥، ٦٦).

پێشمەرگە ئایکۆنی چوێنراوە بە هەڵۆ و شاباز، کە بەرەنگاری دوژمن و داگیرکەران دەبێتەوە. هێلانەی تازە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ سەنگەر و بارەگاکانی شۆڕشی نوێ. سەڵتەلەبەری دێکان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ئەو عەرەبانەی بە مەبەستی بەعەرەبکردن گوندی کوردییان داگیر دەکرد. پێی بەسەرا بنێن ئایکۆنی نیشانەیە بۆ داگیرکاریی. چاوهەڵکۆڵین ئایکۆنی نیشانەیە بۆ تاوانی کوشتن و لەناوبردن.

(ژووان- نەجیبە ئەحمەد) چیرۆکی (دوا وورووژان):

پەیوەست بوون بە خاک و نەفرۆشتنی، گرێی سەرەکی چیرۆکەکەیە، لە دەرگا دەدرێت ((ئەزانم ئێوەن.. گوایە لە ئێوە زیاتر کێ هەیە..؟ حاجی و قالە دۆڕاو.. ئاخ قالەی دۆڕاوی خۆفرۆش.. نامەرد ئەزانم ئەوەندەی نامەردییەکەت داخی جوامێری برامت لە دڵدایە.. هەر زووش لە حاجی -علوان-ت گەیاند کە بەوە بمترسێنێ)) (ژووان، ١١، ١٩٨٦، ٤٥).

وازی لێناهێنن، هەوڵدەدەن خانووەکەی لێ بکڕن ((چییە.. دیسانەوە بەزمەکەیە؟. بەم نیوەشەوەش لێم ناگەڕێن.. باوکم ئینسان یەکجار قسە ئەکات. کە ووتم نەء یانی نە.. ماڵ ماڵی خۆمە و نایدەم بە کەس.

قالە هەڵی دایێ:

- کەس نەیووتووە ماڵەکەت ببەخشە و بیکە بە خێر.. حاجی ئەیەوێ خانووەکەت بکڕێ و هیچی تر.

- منیش نامەوێ بیفرۆشم)) (ژووان، ١١، ١٩٨٦، ٤٦ و ٤٧).

خاوەر دەیزانی ئەگەر خانووەکەی بفرۆشێت لە هیچ شوێنێک بۆی نیە خانوو بکڕێت. قالە و حاجی هەڕەشەی لێ دەکەن ((ئەمشەویشت ماوە ئەدەینێ بیر بکەیتەوە و سبەینێ دێینەوە...

ئەبێ رازی بیت، ئەگینا...)) (ژووان،١١، ١٩٨٦، ٤٨)، بۆ بەیانی خاوەر خۆی و خانووەکەی پێکەوە سووتاند ((هەر ئەوەندەی هەتاوی سبەینێ خۆی بەسەر دار و دیوار و کۆلانەکاندا پەخش کرد و حاجی و قالە هاتنە سەر کەلاوەیەکی سووتاو، بۆکرووزی نوێن و گۆشت و قژی خاوەر تێکەڵ بە دار و پەردووی خانووەکە ببوو..خەڵکێکی زۆر بەرەو ئەوێ خۆیان ئەکووتا، خاڵە فەرەج بە قوڵپی گریانەوە دەمی کردە خەڵکەکە و ووتی:

– دەی باوکم، خێراکە، با مشوور کفن و دفن کردنی بخۆین..)) (ژووان، ١١، ١٩٨٦، ٤٨).

ئەوسا منداڵەکانی خاوەر، نازە و شێرۆ لە ماڵی پووریان بوون، کە بە هەواڵەکەیان زانی هاتنەوە و بە دیار یادگاری کۆنی باپیر و تازەی دایکیانەوە وەستابوون، بەسەر حاجی و قاڵە قیژاندیان ((ئێوە واتان لە دایکمان کرد، ئێوە ویستتان خانووەکەمان داگیر بکەن.. بیکڕن.. بەڵام بە خوا ئاواش نایفرۆشین)) (ژووان، ١١، ١٩٨٦، ٤٩).

خاوەر ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ژنێکی شۆڕشگێڕ. خانوو ئایکۆنێکی نوێنەرایەتییە بۆ خاک و نافرۆشرێت. ئەو خێزانە ئایکۆنی هێمایە بۆ نەتەوەی کورد و دەبێت بە نیشانەیەکی شۆڕشگێڕیی دژی داگیرکاریی. حاجی و قالە ئایکۆنی نوێنەرایەتین بۆ تەعریب.

(زەردەشت) چیرۆکی (داڵدە):

شوێن شارۆچکەیەکە و بارەگای هێزی پێشمەرگەی لێیە، دووجار بۆردومان کراوە، زیاد لە دە کەس شەهیدبووە و سی کەسیش بریندارکراوە، حەمەی گوڵچین–یشی تێدا هەڵکەوتبوو، کە لە شەڕەکەی زارگەلی شەهید ببوو، بەڵام دوای هەرەسی (١٩٧٥) شارۆچکەکە کەوتە دەست دوژمن، ئیتر قالەی مامەڕەش دەبێت بەسامترین و بە دەسەڵاتدارترین کەسی هێزەکانی دوژمن لەو مەڵبەند و شارۆچکەیەدا ((قالەی مامەڕەش چەند جارێکیش لە تەک ئەفسەرەکاندا سواری هیلیکۆپتەر کراو بەسەر ئەو مەڵبەند و ناوچەیەدا سووڕایەوە و رەوەز و شاخ و داخە عاسێ و جێگە سەخت و پەنامەکی یەکانی نیشان ئەدان و لەگەڵیاندا تاقیبی پێشمەرگە تازەکانی ئەکرد)) (زەردەشت، ١١، ١٩٨٦، ٥٣)، قالەی مامڕەش بێ منەت بوو زۆرجار بە تەنیا دەسووڕایەوە، کە دەیانووت ئاگات لە خۆت بێت بە تووڕەییەوە دەیگوت: ((ئەو کەسەی من ئەکوژێت هێشتا لە دایک نەبووە!)) (زەردەشت، ١١، ١٩٨٦، ٥٦).

قالەی مامڕەش زۆربەی ئێواران لە دوکانەکەی مام فەتاح دادەنیشت. هێزی پێشمەرگە بڕیار دەدات تۆڵەی لێبکاتەوە ((بەو قرچەی گەرمایە و لە سەعات چواری دوای نیوەڕۆوە، هەردووکیان هاتبوونە ناو پەڵە چنارەکەی دامێنی شارۆچکەکەوە)) (زەردەشت، ١١، ١٩٨٦، ٥٧)ز

ئەو دوو پێشمەرگەیە ناویان سالار و نەوزاد-ە. سالار پێشتر دووجار لەناو جەرگەی شاری کەرکوک زەبری لە خائینان دابوو، بەرپرسەکەی پێی دەڵێت: ((سالار! تۆ بەرپرسیاری بە ئەنجام دانی ئەم چالاکی یە گەورەیەی!، بە نەوزادیش وتراوە لە قسەت دەرنەچێت)) (زەردەشت، ١١، ١٩٨٦، ٥٨). نەوزاد خەڵکی شارۆچکەکە بوو، سالار دەیوویست دوای چالاکییەکە هەوڵبدەن زوو دەربازیان ببێ تا خەڵک نەوزاد نەبینێت. لەگەڵ کاتژمێری سفردا، بەرەو دوکانەکەی مام فەتاح دەڕۆن، نەوزاد لە سەری کۆڵانەکە دەوەستێت و ئەویش داوای دوو قوتو پەنیری کرافت دەکات.

((لە سەعات حەوتی تەواودا قرمەژنی تیژو و رەقی ریزێ دەمانچە، کڕی و بێ دەنگی شارۆچکەکەی شلەقاند، لەوپەڕی ماڵانەوە، خەڵکی گوێ قولاغ بوون و لە یەک ساتدا سەدان دەم کرانەوە و وتیان "ئەوە چی بوو؟" هەر هەموو بە سەرسامی یەوە چاوەڕوانی ئەوە بوون بزانن چی روویداوە. ئەوانەی دووربوون هەرگیز خەیاڵیان بۆ ئەوە نەدەچوو کە لەو ساتەدا قالەی مامەڕەش لە دوکانەکەی "مام فەتاح" دا بە خۆی و کورسیەکەیەوە بە پشتا کەوتبێ و سەر سنگی پێکرا بێ و خوێن لە دڵیەوە وەکوو فوارە فیچقە بکا و هەردوو چاویشی زەق بچێتەوە و گەرمایی ژیانی تێدا نەمابێ و سارد و سڕ بووبێتەوە)) (زەردەشت، ١١، ١٩٨٦، ٦٢)، کە سالار و نەوزاد رایاندەکرد تا خۆیان دەرباز بکەن گوێیان لە دەنگی هاوارێک بوو ((قالەی مام رەش کوژرا! مەهێڵن دەرچن)) (زەردەشت، ١١، ١٩٨٦، ٦٣)، لە کاتی راکردندا ژنێک گوتی: ((خێرا بچنە ئەو ژوورەی دەستە راست)) (زەردەشت، ١١، ١٩٨٦، ٦٣).

جاش بۆ دۆزینەوەیان کۆڵان و ماڵان دەگەڕان و ژوور بە ژوور دەستیان بە پشکنین کرد، ژنەکە هەردوو پێشمەرگەکەی بۆ حەمامی ماڵ گواستەوە و خۆشی لەگەڵیان بە جلی نیوە رووت چووە حەمامەکە ((سێ جاش بە پڕتاو، فێ لێ هاتوانە، خۆیان کرد بە ماڵدا و بەدەم راکردن و پشکنینی ژوورەکانەوە، یەکێکیان هاواری کرد:

- کێ لە ماڵە؟ کوا خاوەن ماڵ؟ کوان.. لە کوێن..؟

کە دەنگ نەبوو، کەمێک سڵەمینەوە و چەکەکانیان توند بە خۆیانەوە نووساند. ئینجا چوونە ناو حەوشەکەوە، لە یەک وەختدا هەرسێکیان گەیشتنە بەردەرگای حەمامەکە.. یەک دوو قۆناغە تفەنگیان گەیاندە دەرگاکە.. تەقەی دەرگا تەنەکەکە لەناو حەمامەکەدا دەنگێکی زلی دایەوە..

کێ لە ماڵە؟ ئێرە کێی لێ یە؟ بیکەنەوە..

له پرێکدا دەرگای حەمامەکە تۆزێکی کرایەوە و نازدار لەسەر لا سەر و قژ و سنگی رووتی کەفاوی بردە دەرەوە و بە دەنگێکی تیژ قیژاندی:

– چیتانە چی؟ .. شورەیی ناکەن.. ئاوا هەڵ ئەکوتنە سەر ماڵی خەڵکی..؟!)) (زەردەشت، ١١، ١٩٨٦، ٦٩ و ٧٠).

جاشەکان هەستیان بە شەرمەزارییەکی گەورە کرد ((یەکێکیان دوای ئەوەی سێ جار تفەکەی ناو دەمی قووتدایەوە.. ئینجا بە زمانێکی تێکەڵ و پێکەڵ.. چەند جارێک لەسەر یەک وتی: (عەفوو.. عەفوو) ئەوسا بە خێرایی وەرچەرخانەوە و لە دوای خۆیشیانەوە دەرگاکەیان پێوە دایەوە!)) (زەردەشت، ١١، ١٩٨٦، ٧٠).

نازدار دەبێت بە ئایکۆنی هێمایی بۆ ئازایەتی و جەربەزەیی و شکاندنی کولتوری شوورەیی. قالەی مامەڕەش جاشە و جاشیش ئایکۆنی نیشانەیە بۆ تاوان، خۆفرۆشی، کاری خراپ، رێپیشاندەری دوژمن. سالار و نەوزاد پێشمەرگەن، پێشمەرگەش ئایکۆنی هێمایە بۆ شۆڕش و بەرەنگاریی.

(ژووان– نەجیبە ئەحمەد) چیرۆکی (لوتکە):

وەسفی ژوورێک دەکات، وەک دەردەکەوێت راگەیاندنی شۆڕشە، باس لە کاتی ئێشکگری، خوێندنەوە، نووسین، وێنەکێشان، دارهێنان، قاپشۆردن دەکات. تەتەرێک دەگات و کۆمەڵێک نامەی هێناوە، بە پێشمەرگەیەک دەڵێت: ((هەموو زۆر باشن و لەو قوڵەوە دوژمنیان هەراسان کردووە، هەواڵی چالاکییەکی گەورەشم بۆ هێناون، ئێستا کاتی ئەوەم نییە بۆت باسبکەم، لە ئێزگەکەوە دەبیستن)) (ژووان، ١٣، ١٩٨٧، ٧٣، ٧٤)، یەکێکیان خەیاڵی بۆ ئەو رۆژانە گەڕایەوە، کە لەناو شار خەریکی کاری رێکخستنی نهێنی بوو، چالاکییێک دەکەن و دەستگیری دەکەن، بە خوا ئەمەش مامۆستا عەلی یە هێناویانە، دیارە لەسەر شیعر گرتوویانە.. ئەوە بۆیە دوێنێ، کە ئازاریان ئەدا، هەواڵی ئەویشیان لێ دەپرسیم، خۆفرۆشەکە لەگەڵ زرمەکەدا قاقایەکی کرد و وتی: ((منداڵەکانمان فێر ئەکەین، هەڵۆی سوور و داری بەڕوویان خۆش بوێ)) (ژووان، ١٣، ١٩٨٧، ٧٧). زۆرجار فەرهاد ئەو دێڕە بە گوێی مامۆستا عەلی دەداتەوە.

هەڵۆی سوور ئایکۆنی هێمایە بۆ پێشمەرگە، داربەڕوو ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کوردستان. تەتەر ئایکۆنی نیشانە و ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی نامە و کارێکیان پێسپێردراوە و دەیگەیەنن و رۆڵی پەیامبەر دەبینن. لەم چیرۆکەدا، هەم کاری تەتەری و هەم رۆڵی ئێستگە وەک دوو هۆکاری گەیاندن و راگەیاندن باسکراوە، دەبن بە ئایکۆنی نیشانەیی.

(فەرهاد ڕەسول) چیرۆکی (سوتوو):

تەنیا ئەو لە بارەگەکەیاندا دووره پەرێز بوو، کەس بیری لێ نەدەکردەوە، مەگەر کاتی حەرەسیات، یاخود نان خواردن، یان بۆ کارێک بوایە، ڕۆژانە بۆ بن ئەو گابەردە دەچووە دەرەوە ((راز و نیازی لە بندا ئەکرد و خەمی مرۆڤی لە داوێنیا ئەچاند. ئەو جێ ژووانەی بۆ ئەم ببووە میحرابی پەرستن و گەر ڕۆژێک نەچووبایە دەتگوت خۆشەویستی لە دەست داوە)) (رەسول، ١٤، ١٩٨٨، ٨٠)، ئەمجارەش ((بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ گەیشتبووە بن بەردەکە... هەڵوێستەیەکی کرد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، تاقمەکەی شل کردەوە و تفەنگەکەی هەڵپەسارد و بە هێواشی دانیشت...

نامەکەی گیرفانی دەرهێنا و جارێکی دی خوێندییەوە.

– ئای کە ئەستەم و سەرشۆڕی یە هاوسەنگەرانم جێ بهێڵم و بچمەوە ژێر سایەی هەوری ڕەشی داگیرکەر...

– بەڵام ئاخر ئەیماڵەوە!!! تاوانی دوو سێ منالّی ورد، کە لە من زیاتریان نییە چی یە؟!)) (رەسول، ١٤، ١٩٨٨، ٨٠).

لەو دەوروبەرە قلیشەبەردێک هەبوو، بیری بۆ ئەوە چوو بزانێت کۆتایی ئەو قلیشە لە کوێیە، بە قلیشەکەدا چووە خوارێ، تا تاریک داهات ڕۆیشت و نەگەیشت بە کۆتایی، گوتی: ((ئەم قلیشە لەعنەتیە وەکو وشەی ڕاستی وایە... تراویلکەیە هەتا بە دووایدا رابکەی لێت دوور ئەکەوێتەوە)) (رەسول، ١٤، ١٩٨٨، ٨٢)، لەم ساتەدا ((ئاوڕێکی لە چەکەکەی دایەوە و دەستی کردە ملی و لە خۆی نزیک خستەوە..

– ئەی هاوڕێی دڵسۆز و هۆی مانەوەم... ئەگەر بڕۆم لێم زویر نابی؟! بەڕاستی ناتوانم جێت بهێڵم... چونکە لەوەتی هەین هەر تۆ هۆی پاراستنمان بوویت، ئەگەرچی دژیشمان وەستاوی و لێشت کوشتووین... بەڵام دەزانم بەدەست خۆت نەبووە!)) (رەسول، ١٤، ١٩٨٨، ٨٢)، سەری خۆی بە تۆپ و کاتی تۆپتۆپێن چواندووە، کە لە یاریگادا شەق شەقێنی پێ دەکەن، بەڵام گوتی: ((نا.. ئەوە تۆپ نییە!! سەری منە... سەری منیش هی یاری پێکردن نییە! هی بیرکردنەوە و بڕیاردانە)) (رەسول، ١٤، ١٩٨٨، ٨٣)، چیرۆکەکە بەم دیمەنە کۆتایی دێت: ((بزەیەک گرتی و هەستایەوە و خۆی توند کرد و... ووتی... بڕیار ئەدەم)) (رەسول، ١٤، ١٩٨٨، ٨٣).

جێژوان ئایکۆنی نیشانەیە بە شوێنێکی پیرۆز و حاڵەتی بەیەکگەیشتن. چەک ئایکۆنی نیشانەیە بۆ بەرەنگاری و خۆپاراستن و شەڕەف و مانەوە. هەوری ڕەش ئایکۆنی نیشانەیە بۆ

دەسەڵاتی بەعس. بزە، هەستانەوە، خۆتوندکردن. ئایکۆنی نیشانەیین بۆ ئومێد و خۆڕاگری و بەردەوام بوون لەسەر خەبات و تەسلیم نەبوونەوە بە دوژمن.

(ڕێبین ئەحمەد هەردی) چیرۆکی (دۆزەخ):

تا لە سلێمانی دەگەڕێتەوە شارەکەیان بۆردومان کراوە و دەچێتە بەرماڵی زارا ((خاپوور... خاپوور، دوو دەست و سەرێک و قاچێک، هیچ دیار نەبوو. تاسایت و لەشلەژان و حەپەساندا گریانیشت نەدەهات. رات کرد)) (هەردی، ١٤، ١٩٨٨، ٨٧)، ئەو ناوی هیوایە و دەمێکە زارای خۆش دەوێت، کچێک هاواری لێ کردیت ((زارا لەوبەری شەقامەکە جانتاکەتی بەدەستەوە بوو، سەیری دەکردی. دڵت خورپەی کرد ویستت بە پەلە خۆت بگەیەنیتە لای، دیسان گڤە و ویزەیەکی زۆر هات. توند خۆت بە زەویدادا. هاوارت کرد.

- زارا خۆت بدە بە زەویدا)) (هەردی، ١٤، ١٩٨٨، ٨٧)، لەوکاتەدا دیسان شار بۆردومانکرایەوە، فڕۆکەکان دابەزین و بۆنێکی ناخۆش هات ((زارات لە کۆڵ نا و جانتاکەت هەڵگرت و راتکرد. تۆ لە بەرزایی بوویت، بەڵام هێشتا بۆن هەر دەهات. کەمێک کۆکیت زیاتر دوور کەوتیتەوە و شوێنێکی بەرزترت گرت. هەرا بوو... قیژە و هاوار... شپرزەیی و شلەژان.... دەرچوونی خێرای سەیارە

"گرم... گرم... گرم")) (هەردی، ١٤، ١٩٨٨، ٨٨).

وەک دەردەکەوێت شوێن هەڵەبجەیە، هەمان دیمەن لە ماڵی خۆشیان دەبینێت ((دارا!.. دارا گیان! ئەوە لەگەڵ تۆم نییە؟ بۆ جوابم نادەیتەوە؟ هەستە بە قوربان تۆپم بۆ کڕیوی. هەستە بڕۆ یاری پێ بکە...)) (هەردی، ١٤، ١٩٨٨، ٨٨)، ئەم دیمەنەش دەگوازێتەوە ((دایە!.. دایکی بەڕێزم! .. بابە گیان.. چەند حەزتان دەکرد ژن بێنم. ئەمجارە دڵتان ناشکێنم... دە هەستن... زارام بۆ داوا بکەن...ئەمجارە رازیم... ئاخ خوایە گیان.. ئاخ)) (هەردی، ١٤، ١٩٨٨، ٨٩).

چەند چەکدارێکی بینی، دەستی بۆ هەر چوار تەرمەکە درێژ کرد و گوتی: ((ئەوە هەموو کەس و کاری منن... کەس دەرنەچوو)) (هەردی، ١٤، ١٩٨٨، ٨٩). دوو لە چەکدارەکان دەستیان گرت و بە گریان و بێدەنگی لە لای دانیشتن ((سەرێکت هەڵبڕی. چاوت لەسەر چەکەکانیان گیر بوو. چەک مەرهەمی ئەم برینەیە. چەک زمانە، لە سەدەی بیست دا پێ ی ئەدوێین. چەک بناغەیە. ژیاری سەدەی بیستی لەسەر دادەمەزرێنین. چەک سارێژکەری ئەم زامەیە.

هەستایت و بە گەرمی لە ئامێزت گرتن و بەدەم گریانەوە لە گەڵیاندا رۆیشتی)) (هەردی، ١٤، ١٩٨٨، ٩٠).

بۆنێکی ناخۆش ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کاتی کیمیابارانکردن. گرم.. گرم ئایکۆنی نیشانەیە بۆ کاتی بۆردومانکردنی فڕۆکەی جەنگی، یاخود تۆپی دوورهاوێژ. چەک ئایکۆنی هێمایە بۆ خۆپاراستن، چارەسەر، تۆڵە، بەرگری، خەبات، هەستانەوە ئەو بۆ تۆڵەکردنەوە دەبێت بە پێشمەرگە. پێشمەرگە ئایکۆنی هێمایە بۆ بەرەنگاری و خۆڕاگری.

(عەبدوڵلا عەبدولکەریم) چیرۆکی (دایک):

پاڵەوانەکە پێشمەرگەیە و برینداره لە ئێران چارەسەر دەکرێت ((لە دوای بریندار بوون چەند مانگێک لەژێر چاوەدێری دابوو، دکتۆرەکان ئەوەندە پەرۆشی نەبوون، تەنانەت بە قێزوبێزێکەوە برینەکەیان چارەسەر دەکرد، هەمیشە خۆزگەی بە دکتۆر ئاسۆ دەخواست بە کۆمەڵێ داو و دەرمانی سادەوە ئەم شاخ و ئەو شاخ و ئەم سەنگەر و ئەم سەنگەری لەگەڵدا دەکردن)) (عەبدولکەریم، ١٤، ١٩٨٨، ٩١).

ئەو رۆژانە بە دارشەق لە ئوتێل ئازادی بەرەو فولکەی چوار رێ دەکەوتەڕێ، لەوساتانەدا دیمەنێکی غەمگین دەبینێ ((کوخێکی بچکۆلانە لە تەختە و تەنەکە دروست کرابوو، لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر رێبوارێکدا بۆنێکی ناخۆش بەسەرچاویدا دەڕژا. هەر کەس بەوێ دا بڕۆیشتایە پەلە پەلی ئەوەی بوو زووتر لەو ئاستەدا تێپەڕێ، تەنها ئەو بوو بۆماوەی چەند دەقیقەیەک ئارامی دەگرت)) (عەبدولکەریم، ١٤، ١٩٨٨، ٩٢). تا گوتی: ((ئینسان... لەسەردەمی تەکنیک و ... چەکی کیمیاوی و ئەتۆمدا تف... تف لە هەزار ژیانی وا.. تف لەوانەی ئەم بارودۆخەیان هێناوەتە گۆڕێ.. مرۆڤ لەم سەردەمەدا ئاوا بژی، لە ولاتێکدا خاوەنی گەورەترین رێژەی زێڕی رەش بێت)) (عەبدولکەریم، ١٤، ١٩٨٨، ٩٢).

پیرەژنێک بە تەنیا لە کوخێکەدا دەژی ئەو بە پیرەژنەکە دەڵێت: دایکی منیش لە شارەکەمدا بە تەنیا دەژی، بەڵام نازانم ماوە، یاخود ئیفلیج بووە، چونکە، ئەو شارەی دایکمی لێ بە جێ ماوە، بووەتە گۆڕەپانی شەڕ، قەسابخانەیەکی گەورەی لێ دروست بووە. ئەو لەوێ هەستا و بەرەو خوار بووەوە، خەڵک ((کۆمەڵ کۆمەڵ قەرەباڵغی یان دروست کردبوو، بەرەو لای خەڵکەکە کشا، لەبەردەمی هەر دەستەیەک کەل و پەل... شڕە و پڕە، ئەساسی ناوماڵ.. لێفە و دۆشەک.. یەخچاڵ هەراج دەکرا)) (عەبدولکەریم، ١٤، ١٩٨٨، ٩٤).

لەناو ئەو هەراجخانەیەدا لێفێک ختیە گومانەوە و پینەی سەر لێفەکە سەرنجی راکێشا ((پارچە قوماشی پینەکەی ناسی یەوە، دەسماڵی چەند ساڵ لەمەوبەری دایکی بوو، کات و شوێنی پینەکەشی بە بیردا هاتەوە)) (عەبدولکەریم، ١٤، ١٩٨٨، ٩٤)، ئەمە ئازاری برینەکەی زیاتر

کرد، بەڵام تا ئەوساتەش نەیدەزانی دایکی، ماوە یاخود مردووە؟ پێشمەرگە بریندارەکە لە کابرای فرۆشیاری پرسی: ((لە کێت کڕیوە؟.. لە کێ؟.. ئەمە لێفەی خۆمە)) (عەبدولکەریم، ١٤، ١٩٨٨، ٩٥)، کابرا گوتی: ((کەلوپەلی ماڵە ئاوارەکانە، هەراجی دەکەن)) (عەبدولکەریم، ١٤، ١٩٨٨، ٩٥).

زێڕی ڕەش ئایکۆنی نیشانەیە بۆ نەوت، قەسابخانەیەکی گەورە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ شوێنی کوشتن و لە سێدارەدان و مردنی بە کۆمەڵ. بە دۆزینەوەی لێفەکەی خۆی، قینی بەرامبەر بە دوژمنان و داگیرکەران بوو بە پارچەیەک لە ئاگری قین و ڕوحی بەرەنگاربوونەوە، ئاگر دەبێت بە ئایکۆنێکی نیشانەیی بۆ بەردەوامبوون لەسەر خەبات بە تایبەتیش ئەو تا ئێستا چارەنووسی دایکی نازانێت. دایک دەبێت بە ئایکۆنی بەردەوام بوون لەسەر تێکۆشان و تۆڵە کردنەوە، بەڵام لە هەموویان سەرنجڕاکێشەرتر دۆزینەوەی لێفەکەیە، ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ماڵی ئەو ئاوارانەی روویان لە ڕۆژهەڵات کردووە و ماڵەکانیان هەراج کردووە، ئەو لێفە، هەم ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ماڵ و هێمای ناسینەوە، هەم ئایکۆنی نیشانەیە بۆ هەراجکردنی خاک و نیشتمانێک، کە ئاگری شەڕ پارچە پارچەی کردووە و وێرانی کردووە.

(فەرهاد ڕەسوول) چیرۆکی (کاتێک خۆشەویستی ڕەگ دادەکوتێ..!):

کات ئەنفالی (١٩٨٨)ە، سەرباز و جاش هێرشیان بۆ سەر پێشمەرگە و بارەگاکانیان دەستپێکردووە، ئەو دەڵێت:

((ئەوە سەعدە ئەوەش قەعقاع، ئەوانەش طلحە و زوبیر و ئەبو عوبیدەی جەراحن.. ئەها ئەوەش شنیشل و عریف گاطعی کوڕیانە..

دەیان ناسی؟

بەڵێ.. زۆر چاک.. بە وەسفەکانا دەیانناسمەوە، دوێنێ و ئەمڕۆ هیچ نەگۆڕاوە.. ئەوان هەر ئەوان و ئێمە و چیاش هەمان مێژوو تۆمار دەکەین)) (ڕەسوول، ١٦، ١٩٨٩، ١٤٦ و ١٤٧).

ئەو پێشتر لە لای دوژمن لە شار دەستگیرکرابوو ((بۆگەنێکی ناخۆش قوڕگ و سی یەکانی دەگرت، دڵت تێکەڵ دەهات.. نوزە نوزی چەندین کەسی وەکو خۆتت هاتە بەرگوێ.. فریا نەکەوتی بزانی ئەوێ کوێ یە و ئەوانەی لە تەکتان کێن.. کە شەقەی دەروازەکە رووی بێ چاوی هەموتانی وەرچەرخاند.. گازیان کردی، پێش ئەوەی وەڵام بدەیەوە بە پشتەمل هەڵیان گرتی و بەدەم شەقەوە گەیاندیانیە ژورێکی تر)) (ڕەسوول، ١٦، ١٩٨٩، ١٤٨ و ١٤٩)، لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئەمنێک پێی گوت: ((ئەی تۆ کوردنیت، هەموو کوردێک تاوانبارە، ئێوە هەر

هەمووتان فرچکتان بە چەتەیی گرتووە.. ئێوە یا دەبێ خزمەتکاری ئێمە بن، یا دەبێ بمرن!!)) (رەسوول، ١٦، ١٩٨٩، ١٤٩).

چیرۆکنووس دیمەنێک لە هێرشەکانی ئەنفال دەگوازێتەوە ((ئەها سەگە خۆماڵی یەکان خۆیان کەنار دەگرن.. لەوان گەڕێ، حەیفە گوللە لەواندا خەسار نەکەی، ئەوانی تر مەبەستن)) (رەسوول،١٦، ١٩٨٩، ١٥٠)، لە کۆتایدا ئەو شەهید دەبێت و ((گوڵاڵەیەک لەسەر سنگی روا.. رەگی لە دڵی یەوە داکوتابوو.. بە هێواشی دەستی بۆ برد، گوڵاڵەکەی لەسەر لەپی راگرت..

سەدان خونچە لە باشوری نامۆوە دەستیان هێنا و لێ یان وەرگرت)) (رەسوول، ١٦، ١٩٨٩، ١٥٠).

سەعد، قەعقاع، طلحە، زوبیر، ئەبو عوبیدەی جەراح، شنشل، عریف گاطع کۆمەڵێک ئایکۆنن بۆ تاوان و تاوانکاری (شێرکۆ بێکەس) شەش ساڵ پێش ئەم چیرۆکە لە شیعری (کاریکاتێر) بەکاریهێناون (جوامێر، ١٩٨٢، ٤٤).

سەگە خۆماڵییەکان ئایکۆنی نیشانەن بۆ جاش و خۆفرۆش. گوللەیەک لەسەر سنگی روا و بووە بە خونچە، ئەو خونچانە وەڵامن بۆ هێرشەکانی ئەنفال و دەبن بە ئایکۆنی نیشانە بۆ ژیانەوە و جارێکیتر بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران، ئامۆزاکەشی ناوی خونچە بووە لە بیابانەکان ئەنفال کراوە، کەواتە ئەنفالکراوەکان دەبن بە ئایکۆنی هێمایی بۆ ژیانەوە.

(ع. ز. ر) چیرۆکی (هەڵۆ ئازادەکە:)

شەڕ لەگەڵ بەعس گەرمە و ((چەند سەعاتێ پێش ئێستا "هێمن" لەناو پێشمەرگەکاندا کۆمەڵیان لێ دابوو... بیر و هۆشی هەر لای سەنگەرەکانی پێشمەرگە بوو، خەریکی هاندانی ئەوانە بوو کە لێ ی کۆببوونەوە، بە بێتەلێکی دەستی لەگەڵ پێشمەرگەکانی پێشەوەی بەرەکە قسەی ئەکرد... هەواڵی ئەپرسین... ورە و بڕوای تازەی پێ ئەبەخشین... هەندێ جار قسەی خۆشی بۆ ئەکردن... زۆریش نەبوو کە لە سەنگەرەکان هاتبووە خوارێ... ئۆباڵی سەرپەرشتی کردنی بەشێک لە بەرەکە لە ئەستۆی "هێمن" بوو.)) (ر، ١٧، ١٩٩٠، ١٠٩).

کۆپتەرەکان دێن و هێمن داوا لە پێشمەرگەکان دەکات بڵاوببنەوە و پەنابگرن، نەشمیل-ی لەبن بەردێک توند کرد، ئەویش چاوی خستبووە سەر کۆپتەرەکان، دەستیان بە بۆردومانکردن کرد ((هێمن و نەشمیل لەناو تەپ و تۆز و گڕ و دوکەڵدا ون بوون... هێمن بە تەنیشتا کەوت، دەستی بۆ دەموچاوی برد، لەپی دەستی خوێناوی بوو...)) ( ر، ١٧، ١٩٩٠، ١١٠)، لەوکاتەی ((بە گازی پشتا لە هێسترەکەیان نابوو.. لە لوتکەی "پرخیلند" هەڵۆیەک ئەخولایەوە... هەندێ جار لەنگەری ئەگرت، جارجارەش تیژ باڵ شۆڕ ئەبووە)) (ر، ١٧، ١٩٩٠، ١٠٩)، هێمن سەیری

هەڵۆیەکەی دەکرد... ((هێمن چاوی لە دوی هەڵۆکە وێڵ کردبوو... هەڵۆکە هەر ئەهات بچوک ئەبۆوە... تا وای لێ هات هەر هێندەی پەڕەسێلکەیەک مایەوە و ئاودیوی لوتکەی چیا بوو... لە چاو ون بوو)) (ر، ١٧، ١٩٩٠، ١١٠).

ئازاد هەورامی سەرکردەیەکی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بوو لە دواساتەکانی پرۆسەی ئەنفالدا لە چیای (قەندیل) شەهید دەبێت، ناسینەوەی شەهید (ئازاد هەورامی) لەم چیرۆکەدا:

نەشمیل چاوی لە ((دەم و چاوی سی و دوو ساڵەی هێمن نەئەتروکاند)) (ر، ١٧، ١٩٩٠، ١١٠)، کە ئازاد هەورامی شەهید بوو تەنها تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو، کەواتە (هێمن) شەهید (ئازاد هەورامی) یە.

ئارەزووەکانی شەهید بریتی بوون لە ((مۆسیقا... هۆنراوە، زۆربەی هۆنراوەکانی مەحمود دەروێشی لەبەر بوو.. بەڵام ماوەیەک بوو کەمتر هۆنراوەکانی ئەوی ئەوتەوە.. چونکە لە یەکێ لە هۆنراوە چاکەکانی خۆی پەشیمان ببۆوە)) (ر، ١٧، ١٩٩٠، ١١٠ و١١١). مەبەست لە شیعری (کوردستان)ە، کە گوایە مەحمود دەرویش لێی پەشیمان بۆتەوە.

((ئەحمەدی شاملۆشی زۆر خۆش ئەویست)) (ر،١٧، ١٩٩٠، ١١١). شەهید ئازاد زۆر سەرسام بووە بە ئەحمەد شاملۆ-ی شاعیری ئێرانی.

((کەم کەس ئامادەبوو بە ئەرکی پێشمەرگانە بچێتە گۆشەیەکی تاریک و روونی ئەم کوردستانە)) (ر، ١٧، ١٩٩٠، ١١١)، مەبەست ئەوکاتەیە، کە هێزێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵی (١٩٨٧) بە فەرماندەیی ئازاد هەورامی دەچێتە ناوچەکانی بادینان.

((ئەزانم کە شارەزای هەڵس و کەوتی کەس و کاری من نیت، چونکە سەرجەمی رەفتاری ئەو پارچەیەی کوردستانی ئێوە، لەگەڵ پارچەکەی ئێمە جیاوازە)) (ر، ١٧، ١٩٩٠، ١١١). نەشمیل واتە شنۆی هاوسەری ئازاد هەورامی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

چەند ساتێک پێش گیان لە دەستدانی گوتی: ((ئەبێ راست بێت کە ئەڵێن شەوانە لەم بەرزاییەوە گڕی بابەگوڕگوڕ دیارە... خۆزگە شەو ئەبوو، بڵێسەی چاڵە نەوتەکانی لای خۆمانم ئەدی)) (ر، ١٧، ١٩٩٠، ١١٢)، دەڵێن شەوانە لە لوتکەکانی شاخی (قەندیل)ەوە، گڕی چاڵە نەوتەکانی (بابەگوڕگوڕ) دیارە. شەهید ئازاد هەورامی خەڵکی کەرکوک بوو، بۆیە لەو ساتەشدا بیری لای شارەکەی بوو.

ئەمەش دیمەنێکی تری پێش ماڵئاواییە ((هێمن لێوەکانی خۆی وێک هێنایەوە و بە زمان تەڕی کردن... بە فیتو زۆر لێ زانانە ئاوازی سرودی ڕێی خەباتمانی لێ ئەدا، لە ئاوازە ڕەسەنەکەی خۆی جیابوو)) (ر، ١٧، ١٩٩٠، ١١٢)، هەمیشە سروودی (ڕێی خەباتمان) لەسەر زاری بوو. ئەو ئاوازی بۆ ئەم سرووده دانابوو.

ئەمانە هەموویان بەڵگە بوون بۆ ناسینەوەی (ئازاد هەورامی) لەم چیرۆکەدا.

چیرۆکنووس بەم ڕستەیە کۆتایی بە ژیانی شەهید دێنێت ((ڕەگەکانی دەموچاوی هێمن کرژ بوون و خاوبوونەوە، لەناکاو هەردوو دەستەکانی کە توند قوچاندبوونی لێک بوونەوە و پەنجەکانی قژ بوون... چاوەکانی هێمن هەر بە کراوەیی ڕوە و ئاسمانی بێ کۆتایی مانەوە)) (ر، ١٧، ١٩٩٠، ١١٢).

شەهید دەبێت بە ئایکۆنی هێمایی بۆ بەرەنگاری، شەهید سەرکردەیە و لەبەرەی ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ دوژمن شەهید دەبێت. لەم چیرۆکەدا دوو هەڵۆ ئاماژەیان پێدراوە، ناوی چیرۆکەکە و ئەو هەڵۆیەی بە ئاسمانەوەیە، پاش ماوەیەک ئەوەندە دوور دەکەوێتەوە لە چاو وندەبێت. ئاوابوونی ئەو هەڵۆیە ئایکۆنی لێکچواندنە بە ساتی ماڵئاوایی هێمن، کەواتە شەهید بە هەڵۆ چوێنراوە و دەبێت بە ئایکۆنی لێچوو، هەروەها هەڵۆ دەبێت بە ئایکۆنی هێز و ئازادی.

(ئازاد جندیانی) چیرۆکی (مەرگی بیرەوەریەکان):

ژیاننامەی پێشمەرگەیەک دەنووسێتەوە، پێش نۆ ساڵ لە کوێ بووە و چۆن بووە، ئەمڕۆ چۆنە و چۆن بیر دەکاتەوە! ((پێش نۆ ساڵ، ئەوەتا نوسیومە گوێ بگرە: ئەمڕۆ (١٩٨١/٩/١١) لە قاسمەڕەش ئەم دەفتەرەم کڕی تا بیرەوەریەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیمی تیا بنوسمەوە)) (جندیانی، ١٧، ١٩٩٠، ١١٨)، ئەو لە جانتا خاکییە کۆڵەپشتەکەیدا دوو ئەلبومی بچووک و چەند دەفتەرێکی تیابوو. وێنە و دەفتەرەکان بیرەوەرییەکانی ئەویان لە ئامێز گرتبوو، ناوە ناوە سەیری ئەلبومەکانی دەکرد و لاپەڕەی دەفتەرەکانی هەڵدەدایەوە.

جارێکیان دوای سەیرکردنیان، چاوی خستە سەر پۆستەری شەهیدێک، کە لە دیواردا کوترابوو ((منیش هەر کە گەیشتمە ئێرە ریشم نەتاشی کاسکێتێکم پەیدا کرد و نامە سەرم، زوش وێنەیەکم بەو جۆرە کێشا و دانەیەکم ناردەوە ماڵێ و دانەیەکی تریشم تا ئێستا لەناو ئەلبومەکەم دایە و بە هاوڕێکانم وت گەر شەهید بووم ئەم وێنەیەم بۆ بکەن بە پۆستەر)) (جندیانی، ١٧، ١٩٩٠، ١١٨ و ١١٩)، لەگەڵ پۆستەری شەهیدەکە دەکەوێتە قسە ((من لە

شۆڕشگێڕیەتی خۆم بێ هومێدم... هێ ی هاوڕێ رەنگە ئێستا لەناو گۆڕا .. ببورە نازانم گۆڕیشت هەیە یان نا؟ دڵت بەوە خۆشبێ من خوێنەکەت بزر ناکەم، خۆزیا وابوایە هاوڕێ بەڵام... بەڵام شەرمەندەم هاوڕێ خوێنی خۆم بەسەر لەپی دەست و بە هەنیەی خەڵکەوەیە و شوون بزری دەکەم.. بۆ تۆ چیم لەدەست دێ.. تەماشاکە هاوڕێ ئێمە خەریکی قەزوان کونکردنین)) (جندیانی، ١٧، ١٩٩٠، ١١٩).

ئەو وەک پێشمەرگەیەک بێ هیوا دەبێت، لە بارەگا دانیشتووە و قەزوان کون دەکات، تا بیکات بە تەزبیح، دەفتەرەکەی پڕە لە ڕۆژانەی پێشمەرگایەتی، لە دوا لاپەڕەی دەفتەرەکەدا، کە هی ساڵی (١٩٨٩) دەنووسێت: ((ئەمڕۆ بیرەوەرییەکانم کۆتایی هاتن)) (جندیانی، ١٧، ١٩٩٠، ١٢٠)، دواجار بە پۆستەری شەهیدەکە دەڵێت: ((ببورە هاوڕێ دواکەوتم. ئاخر تا پەنایەکی ئەمینم دۆزیەوە وەختی ویست، شوێنێکی نەدیوە و لێمشتی بەهارانی ناگاتێ. لەوێ گۆڕێکی بچکۆلانەم هەڵکەند و دەفتەر و شتەکانی ترم خستە ناوی و سەریم بە گڵ و بەرد داپۆشی. پێت ناخۆش نەبێ هاوڕێ ئەوێ باشترە لەناو نایلۆنم ناون و تۆز و گەرد نانیشێتە سەریان، ئەوێ چاکترە، بار قورسی بون بە سەرمەوە، نازانم... رەنگە من بار قورسی بوبم بە سەریانەوە، بەهەرحاڵ،لێم تورە مەبە لە من دەربازیان بوو بڕوا بکە سانەوە)) (جندیانی، ١٧، ١٩٩٠، ١٢١)ز

لە کۆتایدا ((دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاوەکانی دابارین. دیدەکانی پۆستەرەکەی بەدی کردنەوە، روندکیان تیادا بەربەست ببون، روندکەکان گەورە بون، هەر گەورە بون بە ئەندازەیەک کە ئیتر ئەم چاوەکانی خۆی تێدا دەدیتن، تا لەپڕ وەک جوتە کەلا شوشەی رەنگاورەنگ بەسەرکوڵمەکانیدا غلۆر بونەوە)) (جندیانی، ١٧، ١٩٩٠، ١٢١).

ئەنفالی (١٩٨٨) پێشمەرگە بێ ئومێد دەکات و ئەو حاڵەتە دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ کاتێکی تاریک لە سەردەمی بەرەنگاربوونەوەدا. پۆستەر ئایکۆنی نوێنەرایەتییە بۆ وێنەی شەهیدان. هاوڕێ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پێشمەرگە. پێشمەرگە ئایکۆنی هێمایە بۆ ئاواتەکانی نەتەوەیەک، کە چەندان ساڵە ئومێدەکانی لەسەر بنیاتناوە، تا بە ڕۆژی ئازادی و رزگارییان شاد بکات، بەڵام ئەو دوای نۆ ساڵ دەفتەری خەباتی دەپێچێتەوە و دەینانێژێت. کاسکێت ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پێشمەرگە، ئەوسا زۆربەی پێشمەرگەکان کاسکێتیان لەسەر دەکرد و وێنەی ئەستێرەیەکی سووریان لەسەر کاسکێتەکە دەکێشا.

(ئەرسەلان بایز) چیرۆکی (رازەکانم دەدرکێنم):

پاڵەوانی چیرۆکەکەی گەنجە و لەگەڵ گەنجانی دێ بڕیار دەدەن فریای کوێستانەکان بکەون، تفەنگەکەی هەڵگرت و بەڕێکەوت ((ساڵانی زوو، لە رۆژانی قاتی و قڕی و لێ قەومانا، باووباپیران چەندین جار هەر ئەو تولە رێگایەیان گرتبووەبەر، بەڵام ئێستا و ئێستاش هەر دەڕۆن و گەڕانەوەیان بۆ نیە. خەڵکی دیش هەر لە چاوەڕوانی دان.

دوای بڕینی گردەکەی پشتی دێ، لە دۆڵەکەی رووکاری ئەو دیوا بە کاروانە دێهاتیەکانی تر گەیشتن. ئەوانیش بە هەمان نیاز بەرەو لوتکە هەنگاوی بەپەلە و بێ ئامانیان هەڵدەنا، ئەگەرچی ئەبوو هەموویان بە بناری کێوەکەدا بڕۆن و بەسەر ئاسۆگەدا بەرەو کوێستانەکان هەڵکشێن. بەڵام لە هەڵبژاردنی رێگا یەکانگیرنەبوون، بگرە بەرووی یەکیشا هەڵشاخان، بەمەش تۆوی یەکەمین گرفتیان خستە بەر رەوتی خۆیان)) (بایز، ١٨، ١٩٩١، ٧٩).

سەرەڕای ئەوەی کاروانەکە کەوتۆتەڕێ، بەڵام ئاسۆ روون نیە، بۆیە ناوە ناوە رێبوارێک دەیگوت: ((ئەم کاروانە بە ئێمە نامۆیە، بە رێگایەکی هەڵەدا دەمان بات، ئەم رێگایە نامان گەیەنێتە مەنزڵگا)) (بایز، ١٨، ١٩٩١، ٧٩). پاشان دەڵێت: ((کاروانی ئەمجارەش بە هەمان شێوە و لە هەمان شوێنی دێرینە بە دەردی کاروانەکانی پێشوو چوو)) (بایز، ١٨، ١٩٩١، ٨٠)، لە ساتی کەوتنی کاروانەکەدا پیرێکی ریش سپی وتی: ((راستە ئەم کاروانەش گلا، بەڵام ژیان خەبات و کۆششە، گلان و هەڵسانەوەیە)) (بایز، ١٨، ١٩٩١، ٨١).

ئەو دوای ئەنفالەکان لە رووداوێکدا زامدار دەبێت ((ئەو میهرەبانیە وەک شنەی فێنکی شەماڵی قرچەی نیوەڕۆی گەرمەسێر بوو، بۆ سەپانێکی هیلاک و پشت کۆماوەی ناو تەبارە گەنمێکی دەشتی کەندێناوا)) (بایز، ١٨، ١٩٩١، ٨٢). نووسەر خەڵکی گوندێکە لە دەشتی (کەندێناوە) لە هەولێر. لە نەخۆشخانەیە، تاکە ئومێدی (ئاسۆی پێشمەرگە) لوتف و رەوت و گوفتاری کچێکی ئازەری یە، کە لەوێ کاردەکات ((بۆنی سوتکە و مێخەکی خەناوکە و گەردەنت مەستم دەکا، هەست بە ئاسوودەیی دەکەم)) (بایز، ١٨، ١٩٩١، ٨٢).

کوێستان ئایکۆنی چوێنراوە بە مەیدانی خەبات، تفەنگ ئایکۆنی نیشانەی پاراستن و پارێزگاریی و بەرگریکردنە، کاروان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ شۆڕش و بەرخودان. رێگا یەکانگیرنەبوون ئایکۆنی نیشانەیە بۆ حزب و هێزەکانی مەیدان، کە ناتەبا و ناکۆک بوون. بەرووی یەکیشا هەڵشاخان واتە دژی یەکتر شەڕیان دەکرد، دەبێت بە ئایکۆنی نیشانە بۆ شەڕی ناوخۆی حزب و هێزەکانی سەر گۆڕەپانەکە. رەوتی خۆیان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ رێگا و کاروانی شۆڕش. کاروانی پێشوو ئایکۆنی نیشانەیە بۆ شۆڕشی پێشوو. ئاسۆ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ بێهیوانەبوون

له دۆخی دوای ئەنفالەکان. ئەو کاروانەش گلا ئایکۆنی نیشانەیە بۆ شکستی شۆڕش لە کاتی ئەنفالەکاندا.

# ئایکۆنی بەرەنگاری لە چیرۆکە بیانییەکاندا

یەکێک لەو گرفتانەی لە شاخدا دیارە مەبەستم نێو ژیانی پێشمەرگایەتییە رووبەڕووی نووسەر و ئەدەیبان بۆتەوە، نەبوونی سەرچاوە و کتێبخانە بووە، چونکە شۆڕش بەردەوام لە جوڵە و جێگۆڕکێ دابووە، بەڵام هەر چۆنێک بێت، لە رێگای کەسوکاری پێشمەرگە و رێکخستنەکان ناوە، ناوە دەستیان بە هەندێک سەرچاوە گەیشتووە، هەروەها لە دیوی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە کۆمەڵێک سەرچاوەی فارسی ئاشنابوونە.

گۆڤاری (نووسەری کوردستان) هەر لە یەکەمین ژمارەیدا گرنگی بە بەرهەمی وەرگێڕدراو داوە، بە تایبەتیش چیرۆک، ئینجا شیعر. لە هەر هەژدە ژمارەی گۆڤارەکەدا یازدە چیرۆکی وەرگێڕدراو بڵاوکراوەتەوە، کە لە زمانی فارسی و عەرەبی وەرگێڕدراون، تەنیا چوار چیرۆکیان دەچنە خانەی بابەتی ئەدەبی بەرەنگارییەوە.

(مەکسیم گۆرکی) چیرۆکی (دایک و کوڕەکەی):

شارێک ئابلۆقە دراوە، خەڵکەکە لە حاڵەتێکی دەروونی خراپدا دەژین ((بە ترسەوە ئاگر و چرایان لە ژوورەکان دائەگیرساند، کۆڵانەکان جگە لە تەنگەبەری، زۆر تاریک و نوتەک بون، لەوکات و تاریکیەدا ژنێکی رەش پۆشی وەک ماسی ناو روبارەکان بە کۆڵانەکا هاتوچۆی ئەکرد، کاتێک کە خەڵکەکە چاویان پێ ی ئەکەوت لە یەکتری یان ئەپرسی

– ئەوە؟

– بەڵێ ئەوە!)) (گۆرکی، ٢، ١٩٨١، ٧١).

ئەو ژنە کوڕەکەی سەرۆکی ئەو چەتانە بوو، کە شاریان گەمارۆ دابوو ((شەوێکیان لە کۆڵانێکی تاریکی بیرونی شارەوە لەگەڵ ژنێکی رەشپۆشی ترا بەیەک گەیشتن ژنەکەی تر لە قوژبنێکی تاریکدا هەڵتروشکابوو چاوی بڕیبووە ئەستێرەکان و ئەپاڕایەوە. لەو لایەوە سەرباز و یاساوڵەکان لەسەرخۆ قسەیان ئەکرد و دەنگی لولەی تفەنگەکانیان ئەهات کە ئەیاندا لە قەدی دیوارەکە.

((دایکی سەرکردەی چەتەکان لێ ی پرسی:

– مێردت هەیە؟

– نەخێر..

– برات هەیە؟

– کورێکم هەبوو، مێردەکەم دوو هەفتە لەمەوبەر کوژرا و کوڕەکەشم ئەمڕۆکە... ئەمەی وت و هەستا و لەبەرخۆیەوە وتی:

– خوا ئاگاداری هەموو شتێکە و بە هەموو شتێک ئەزانێت و من سپاسی ئەکەم و.. شوکرانە بژێم.

– دایکەکە ووتی:

– بۆچی وا ئەڵێیت؟

ژنەکە وەڵامی دایەوە.

– ئەمانە لەسەر پارێزگاری نیشتمانەکەیان کوژراون بەڕێز و شەڕەفەوە شەهید کراون، ئەتوانم بە هەموو دڵنیاییێکەوە بڵێم ئەگەر وەکو کوڕەکەی ماریاننا خیانەتی بە شارەکەیان کردبایە و ببوایە سەرکردەی چەتەکان و دوژمنی خوا و شارەکەمان بوایە چیم بکردایە لەعنەت لەو دایکەی کە پەروەردەی کرد)) (گۆرکی، ٢، ١٩٨١، ٧٣).

ڕێگا دەدەن ماریاننا سەردانی کوڕەکەی بکات. کوڕەکەی پێی دەڵێت، باش بوو لە شارەکە دەرچوویت، کەواتە ئەمشەو هێرش دەبەین، تا ئێستا لەبەر تۆ بڕیاری هێرشم نەداوە، لەژێر چادری کوڕەکەی، هەردووکیان گفتوگۆ دەکەن، تا کوڕەکەی لەو بڕیارە پەشیمان ببێتەوە، شارێک وێران نەکات کە لەوێ لە دایک بووە و پەروەردە بووە، ئەو قسانە دادی نادات.

دایکەکەی پێی دەڵێت: ((وەرە لای من سەرت بنێ بە سنگمەوە و بێتەوە یادت کە لە کاتی منداڵیتدا کوڕێکی چەند خۆشەویست و چالاک بووی خەڵکی شار تۆیان چەند خۆشدەویست)) (گۆرکی، ٢، ١٩٨١، ٧٧) و ((وەکو منالێک لەسەر سینگی دایکی خەو بردیەوە. ئینجا دایکی ڕووپۆشە ڕەشەکەی بەسەر داکێشا و چەقۆیەکی تیژی بەسەر دڵی کوڕەکەیا داکوتا و تەکانێکیدا، دەمودەس گیانی سپارد)) (گۆرکی، ٢، ١٩٨١، ٧٧)، دایکەکە، کۆتایی بە ژیانی خۆشی دێنیت: ((دوای

ئەوە هەر بەدەستی خۆی هەمان چەقۆی خوێناوی کە دابووی لە دڵی کوڕەکەی و هێشتا گەرم بوو دای لە دڵی خۆی و خۆیشی کوشت)) (گۆرکی، ٢، ١٩٨١، ٩٠).

خاڵی دیاری ئەم چیرۆکە خۆفرۆشی کوڕ و هەڵوێستی دایکە. چەتەکان ئایکۆنی نیشانەیە بۆ خۆفرۆش "جاش"، کە گەمارۆی شاری خۆیان دەدەن تا هێرشی بۆ بکەن و زیاتر خوێن برژێت. ئەو کوڕەی خیانەتی لە شار و نیشتمانەکەی کردووە بە دەستی دایکی دەکوژرێت. ئەگەر لە چیرۆکەکانی پێشوودا دایک هەر تەنیا ئایکۆنی هێمایی بێت بۆ نیشتمان، بەڵام لەم چیرۆکەدا ئایکۆنی نیشانەیە بۆ پاراستنی شەرەفی شار و نیشتمان، چونکە کوڕەکەی خیانەتی لە شارەکەی کردووە. ئەم چیرۆکە بورهان قانع بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

(عەلی ئەشرەف دەروێشیان) چیرۆکی (کەی دێیەوە برا گیان):

سەعید، دایک و برا و خوشکێکی هەیە، باوکی لە کاتی کارکردن کەوتووە و مردووە، ئەو خانەوادەکەی بەخێو دەکات، بە رۆژ وانە دەڵێتەوە و ئێوارانیش لە زانکۆ دەخوێنێت. برا و خوشکەکەی فێرە خوێندنەوەی کتێبی دەرەکی دەکات، بەردەوام کتێبیان بۆ دەکڕێت و ئامۆژگاریان دەکات، کە بخوێننەوە، ئەو لە ماڵەوە کتێبی زۆرە، رۆژێک دەستی بە سووتاندنی کتێبەکانی دەکات، خوشک و برایەکی سەریان لەو کارەی سەعید سووڕ دەمێنێ.

پۆستاڵ لە پێیەکان دێن سەعید دەستگیر دەکەن ((بەدەنگی پۆستاڵ و پاشنەی ئاسنین هەراسان بووم و بە خەبەر هاتم، ئێمە کە نووستین چراکەمان کوژاندبوەوە، بەڵام کە هەڵسام چراکە داگیرسابوو)) (دەروێشیان، ٧، ١٩٨٣، ٤٦).

ئەوان بەدوای کتێبی قەدەغەکراودا دەگەڕان، یەکێکیان بە سەعیدی گوت: ((کتێبەکانت لە کوێ داناوە؟ زوو پێمان بڵێ تاخیرمان مەکە درەنگمانە)) (دەروێشیان، ٧، ١٩٨٣، ٤٨)، ماڵەکەیان پشکنی لە جانتای مریەم و برایەکەی ((چاویان بە کتێبەکانی صمد بێهرەنگی کەوت و هەڵیان گرت "ماسییە رەشە بچکۆڵەکان" بوو بردیان)) (دەروێشیان، ٧، ١٩٨٣، ٤٨)، جەردەکە یەکێک لە منداڵەکانی بردۆتە گۆشەیەک و لێی پرسیوە ((براکەت باسی "لینین"تان بۆ ناکات؟)) (دەروێشیان، ٧، ١٩٨٣، ٥١)، خوشک و برایەکەی سەعید پەیمان دەدەن بەردەوام کتێب بخوێننەوە تا یادی سەعیدی برایان بە زیندوویی بهێڵنەوە، سەعید نەهاتەوە، بەڵام ئەوان بڕیار دەدەن رێگای شەهیدان بەرنەدەن.

جەردە، پۆستاڵ، پاشنەی ئاسنین ئایکۆنی نوێنەرایەتین بۆ دوژمن و سیخوڕ و ئەوانەی خزمەتی دەسەڵاتن دەکەن. کتێب ئایکۆنی هێمایە بۆ هوشیاری، زانیاری، زانست. سۆراغی کتێب دەکات، بە تایبەتیش کتێبی قەدەغەکراو، مەبەست لەو کتێبانەیە، کە هەڵگری فکری چەپ و

مارکسین، چونکە لە منداڵەکە دەپرسن براتان باسی لینین ناکات! لینین ئایکۆنی هێمایە وەک یەکێک لە رابەرانی چەپ و کۆمۆنیستی لە جیهان و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا. ئەم چیرۆکە مەحمود خۆشناو بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

(حسێن سنجاری) چیرۆکی (بەهەشتی):

دارۆ باوکی لە زیندانە، بەیانییک دایکی دەینێرێت هێلکە و نان بکڕێت، لە رێگا باڵندەیەک دەستگیر دەکات، بەلام باڵندەکە لە ماڵیان رادەکات و خۆی ئازاد دەکات. لە رێگادا دارۆ ((بەسەر درەختەکەوە باڵندەیەکی رەنگاورەنگی پەڕوباڵ نەخشینی بەرەنگی سەوز و سوور و شین و نارنجی و مۆری بینی، زۆری لا سەیر بوو.

دارۆ نەک هەر نەیدیتبوو، بەڵکو ناویشی نەیستبوو.-خوایە چەند جوانە:- دارۆ بیری لەوە کردەوە چۆن بە بێدەنگی بەسەر دارەکە بکەوێت، بیگرێت و بیخاتە باخەڵی و پێشکەشی دایکی بکات)) (سنجاری، ٨، ١٩٨٤، ١٦١).

دارۆ و دایکی، کە ((دەرگای ژووری خەوتنیان کردەوە سەیریان کرد باڵندە بەهەشتیەکە نەماوە، توومەز بەیانی زوو کە لە خەو هەڵسابوون پەنجەرەی ژوورەکەیان کردبووە و لە بیریان کردبوو دایبخەنەوە، باڵندەکە رۆیشتبوو کە سەیری دەرەوەیان کرد، دوور دوور دیتیان باڵندەکە بە بەرزی ئاسمانەوەیە و دەفڕی! هەر دەڵێ ی پەلکە زێڕینەیە)) (سنجاری، ٨، ١٩٨٤، ١٦٣).

دایکی گوتی: ((رۆڵە بۆ ئەم باڵندەیە مەگری، هەر ئازادی چاکە)) (سنجاری، ٨، ١٩٨٤، ١٦٣)، دایکی ((چووە ژوورێکی دی دەستی بە گریان کرد، بڕیاریدا ئەمڕۆ سەر لە زیندان بدات، بەڵکو باوکی دارۆی چاو پێ بکەوێ)) (سنجاری، ٨، ١٩٨٤، ١٦٣).

نووسەر ئەم دێڕەی لە سەرەتای چیرۆکەکە نووسیوە: (بەهەشتی، پێشکەشە بە زیندانیەکان کە بەهەشتین). ئەم چیرۆکە بۆ منداڵان نووسراوە و لە پەراوێزدا ئەم سەرنجەش نووسراوە: (ئەم چیرۆکە لە سەرەتادا بە ئەڵمانی نووسراوە و پاشان چیرۆکنووس کردوویە بە کوردی) زمانی وەرگێڕانی دەقەکە جێگای سەرنج و رەخنە لێگرتنە، بەلام ئێمە زیاتر کار لەسەر ئایکۆنەکان دەکەین.

مرۆڤێکی زیندانی بە باڵندەیەک چوێنراوە، کە کوڕی هەمان زیندانی باڵندەیەک دەستگیر دەکات، کەواتە مرۆڤە زیندانیکراوەکە دەبێت بە ئایکۆنێکی چوێنراو بە باڵندەیەک، کە لە قەفەس دادەنرێت. باڵندە و مرۆڤ هەردووکیان حەز لە ئازادی و ژیانێکی ئاسوودە دەکەن. ئایکۆنی بەرەنگاری لەم چیرۆکەدا وانە و پەند وەرگرتنی منداڵێکە بۆ ئازادی و ئایندە و رەتکردنەوەی زیندان و ئازاردان. نووسەر خۆی چیرۆکەکەی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

(گی. دی. مۆپاسان) چیرۆکی (دایکە کێوی):

ئەو باسی پیرەژنێک و کوڕێک دەکات، لە کوخێکی لاتەریک و دوور لە ئاوەدانی دەژیان، کە جەنگی نێوان پرۆس و فەرەنسییەکان روویدا، کوڕە سی و سێ ساڵییەکەی بووە سەرباز ((سەرلەبەیانی رۆژێک، کاتێ پیرەژن بە تەنها لە ماڵەوە بوو لە دوورەوە پیاوێکی بەدی کرد بەرەو کوخەکەی ئەم دەهات. پیرەژن هەر زوو کابرای ناسی و زانی کە هەمان تەتەری پۆستەکە بە پێ نامەی گوندەکان دەگەیەنێ و دابەشیان دەکا. پیاوەکە نامەیەکی قەدکراوی دایەدەست پیرەژن)) (مۆپاسان، ١٦، ١٩٨٩، ١٥٣)، لە نامەکەدا نووسرابوو ((دایکە کێوی میهرەبانم، ئەم نامەیە بۆ ئەوەیە کە هەواڵێکی ناخۆشتان پێ رابگەیەنم. ڤیکتۆری کوڕتان دوێنێ بە گوللە تۆپێک کە لە ناوەڕاستەوە لەتی کردبوو کوژرا. من لە نزیکییەوە بووم، لە "پەل"ەکەماندا شان بە شانی یەک دەڕۆیشتین و ئەو هەمیشە باسی تۆی بۆ دەکردم، پێی دەگوتم ئەگەر شتێکی خراپی بەسەرهات لە هەمان رۆژدا ئێوە ئاگادار بکەمەوە. سەعاتەکەیم لە گیرفانی دەرهێنا تا هەر کاتێک جەنگ تەواو بوو بیهێنمەوە بۆ ئێوە. سڵاوی دۆستانەم قبووڵ بفەرموون. سیزار ریڤور سەربازی هێزی بیست و سێیەمی پیادەی سوپا)) (مۆپاسان، ١٦، ١٩٨٩، ١٥٣).

چوار سەرباز لە پروسییەکان بەردەوام سەردانی پیرەژنیان دەکرد، پڕۆسییەکان لە ئەڵمانیان، رۆژێکیان کەروێشکێکی قەڵەویان دزی بوو، داوایان لێکرد بۆیان ئامادە بکات، کەروێشکەکە خوێنی لەبەر دەرۆیشت، پیرەژن کوڕەکەی خۆی بیرکەوتەوە، ئەو نانی نەخوارد، پێیگوتن وادەچم وشکە گیا بۆ عەمارەکە دێنم، کە شەو لەوێ دەخەون و با شوێنتان خۆش بێت، عەمارەکەی پڕ کرد لە وشکە گیا، کە سەربازەکان خەوتن ((چڵێکی خستە ئاگردانەکەوە و ئاگری گرت، ئەویشی خستە سەر چەپکە گیایەکانی دی، ئەوجا خۆی لە موبەقەکە هاتە دەرەوە و کەوتە تەماشاکردن)) (مۆپاسان، ١٦، ١٩٨٩، ١٥٤ و ١٥٥)، دوای چەند چرکەیەک ((هاوارێکی گەورە لەسەرەوەی خانووەکەوە هات، ئینجا قیژە و نووزە نووز)) (مۆپاسان، ١٦، ١٩٨٩، ١٥٥)، خەڵکی لە هەموو لایەکەوە گەیشتن، پیرەژنیان بینی ئارام و خۆشحاڵ لەسەر کۆتەی درەختێک دانیشتووە.

((ئەفسەرێکی ئەڵمانی کە بە ئەندازەی فەرەنسییەکان زمانی فەرەنسی دەزانی، لێی پرسی:

"ئەی سەربازەکانی لای تۆ لە کوێن؟"

پیرەژن بازووە باریکەکەی رووە و ئەو ئاگرەی بەرەو خامۆشی دەچوو درێژ کرد و بە دەنگێکی رەسین و بە دڵنیاییەوە وەڵامی دایەوە:

"ئا لەوێدان، لەناو ئاگرەکەدا."

هەمووان لە دەوری پیرەژن خڕبوونەوە.

ئەفسەرە پڕۆسی یەکە جارێکی دی پرسی:

"چۆن گڕی گرت؟"

پیرەژن گوتی:

"من گڕم تێ بەردا")) (مۆپاسان، ١٦، ١٩٨٩، ١٥٥)، پاشان پرۆسییەکان پیرەژنەکەیان گوللەبارانکرد.

کوڕەکەی بەو کەروێشکە چوێنراوە، کە خوێنی لەبەر دەڕۆیشت و دەبێت بە ئایکۆنی چوێنراو بە کەروێشکەکە. شەهید ئایکۆنی نیشانە و هێمایە بۆ بەرەنگاری و قوربانیدان. ئارام و خۆشحاڵی پیرەژنەکە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ئازایەتیی و تۆڵە کردنەوە و باکی بە مردن نیە. سەعاتی کوڕەکەی ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ناسینەوە و بەڵگە. ئاگر ئایکۆنی نیشانەیە بۆ تۆڵەکردنەوە. فازیل قەساب ئەم چیڕۆکەی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە شانۆگەرییە بیانییەکاندا

لە هەر (١٨) ژمارەکەی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)دا، هیچ دەقێکی شانۆیی خۆماڵی تێدانیە، تەنیا لە ژمارە (١٧)دا عەباس عەبدولرەزاق چیرۆکێکی خۆی بە شێوەیەک داڕشتۆتەوە، کە بۆ سینەما بگونجێت، نەک بۆ جیهانی شانۆ، ئەگەرنا ئەوەی هەیە وەرگێڕانی چەند دەقێکی شانۆییە. دەڵێن وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی، لە کاری داهێنان و بەرهەمهێنانی دەقدا قورسترە، چونکە ((وەرگێڕ بەرجەستەی بیر و وێنەکانی کەسێکیتر دەکات)) ( Wechsler, 1998, 4).

ئەگەر لە وەرگێرانی چیرۆک و شیعردا، توانا و شارەزایی و پسپۆری رۆڵی سەرەکی ببینن، ئەوە لە کاتی وەرگێرانی دەقێکی شانۆیدا، سەرەڕای ئەو خاڵانە هونەرەکانی بینین و رووبەری شانۆ و رووناکی و دەنگ و ئێکسسواریش دێنە پێش و دەبێت وەرگێڕ لەو بوارانەشدا زانیاری هەبێت. ئەگەر کتێبخانەی کوردی، کتێبخانەیەکی هەژار بێت، ئەوە بۆ دەقی شانۆیی وەرگێڕدراو بۆشاییەکی گەورەی تێدایە، نەخوازەڵڵا لە چاپەمەنی و رۆژنامەگەریی پێشمەرگەدا!

ئەمەش دوو دەقی شانۆیی وەرگێڕدراوە، کە بۆ ئەم بابەتە گونجاون:

(ساندرۆ بریسونی) دەقی شانۆیی (ئەو خانووەی کەوتووەتە سەرەوەی هەور):

شوێن ژوورێکە لە گوندێک و بۆتە گۆڕەپانی جەنگ، ئەوەی لەسەر بەدالەی تەلەفۆنە، خەڵکی گوندێکیترەو لە کاتی وەستانی بۆردومانەکە ژن و منداڵەکەی دەگەنە لای، کە دەمێکە نەیبینیون، بە تاسەوە لەگەڵ یەک دادەنیشن، ژنەکەی هەمان ناوی هاوسەرەکەی لە منداڵەکەی ناوە، کە ژنەکە دەگەڕێتەوە بۆردومان دەست پێدەکاتەوە، هەموویان بیر لە سەلامەتی ژن و منداڵەکە دەکەنەوە، فەرماندەکەیان دەڵێت:

((عەزیز بەگ: ئەم لە دایک بوونە پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە.. بۆ پێکەوە بیریان لێ کردۆتەوە.

ئاغا: هەموومان شتێکمان تێدا بەردەوام دەبێ و سەرەڕای نەمانمان هەر دەمێنێتەوە.

عەزیز بەگ: ئەو بە دوای ئێمەوە دەمێنێ و لە پاش ئێمەدا دەژی.

سوارە: ئێمەش ئێستا .. شەهیدین)) (بریسونی، ٤، ١٩٨٢، ٩٤)، عەزیز بەگ بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ((لەم ژوورە بچووکەدا، راستە ئێمە ماڵ ئاواییمان لە ژیان کردووە، بەڵام لە پێناوی ئەوە شەهید بووین کە منداڵەکانی وڵاتەکەمان بمێننەوە و تووشی قاتی و قڕ نەبن.. ئەمە شانازی و مانەوەمانە. ئێمە لە پێناوی بەختەوەری نیشتمانی خۆمان بەخت کردووە)) (بریسونی، ٤، ١٩٨٢، ٩٤).

لەم شانۆگەرییەدا منداڵ تەوەری سەرەکی رووداوەکەیە، چونکە سەربازەکان دەڵێن: ئێمە لەپێناوی ئەو ئامانجەدا شەهید دەبین، کە منداڵەکانی وڵاتەکەمان بمێننەوە، کەواتە منداڵ دەبێت بە ئایکۆنی نیشانەیی بۆ ئایندە و بنیاتنانی نیشتمان و ژیانێکی دیکە. ئەم دەقە کاکە باس (عەباس محەمەد حوسێن- حاجی مەمۆ) بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

(حسین پەناهی) دەقی شانۆیی (مانگ بۆ نایەت):

شانۆ ژوورێکە، دایک و کوڕێکی تێدا دەژی. پیرێژنە رەشپۆشەکە پەشێو و شڵەژاوە، لای کوانوێک دانیشتووە، لە دوورەوە دەنگێکی زۆر نزم دێت، لە لایە لایەی دایک دەچێت، کە رۆڵە شەهیدەکانیان بەڕێدەکەن. پیرێژن لەبەرخۆیەوە دەڵێت: خۆزیا هەمووتان کچ دەبوون. کوڕەکەی ((نە تۆ و نە ئەو چوارەی تر، هیچتان تەمەنتان نەگەییوەتە بیست ساڵ! رەوایە؟ ئەگەر کەس نەماوە و کەس نامێنێ، تاوانی من چیە کە بمێنم؟)) (پەناهی، ١٤، ١٩٨٨، ٩٦)، کوڕەکەی دەڵێ ئەمانە سەربەرز و پیرۆزن، دایک: ((پیرۆز؟ چیم لە پیرۆزی دەستکەوتووە؟ ئەم دڵە چوار

قاش کراوه و ئەم چوار گوڵە سوورە... ئیتر ناتوانم. توانام نەماوە. پیرم و لە برکەوتوو. چۆن بە تەنیا بمێنمەوە؟ دڵت دێ بە دوو چاوی بێ سۆماوە لەم چۆڵ و هەردە بەجێم بهێڵی و بەرەڵام بکەی؟)) (پەناهی، ١٤، ١٩٨٨، ٩٧).

کەواتە ئەو پیرەژنە چوار کوڕیتری شەهید بووە. ئەو کوڕەشی بڕیار دەدات تفەنگ بکاتە شان، ((هەزاران کەس. وەک من. هاوشانی من. هەزاران لاوی ڕێک و پێکتر لە من، ئێستا تەنگە دەبەستن. هەزاران چارەوای سەرشێت سمکۆڵ دەکەن. هەزاران دەست و مەچەکی پیاوانە تفەنگ دەگوشن. گوێ بگرە دایە. گوێ بگرە. هاواری دەهۆڵەکان تەنانەت کێوەکانیش دێنێتە لەرزین)) (پەناهی، ١٤، ١٩٨٨، ٩٧).

دایک دەڵێت: ((باوکت لە هەموو دارایی دنیا، خاوەنی پارچەیە زەوی و تفەنگێ بوو. زەوی لە بن ئاوا خنکابوو... ئەو شەوە باوکت سەری ئەدا بە بەردا و بۆ کڵۆڵی خۆی دەگریا. منیش سەرمام بوو و دەلەرزیم و بەژانەوە دەتلامەوە. باوکت تفەنگەکەی کردە شان و دای بەناو قەد کرێوەدا)) (پەناهی، ١٤، ١٩٨٨، ٩٨)، کەواتە منداڵەکان ڕێگای باوکیان گرتۆتەبەر.

دایک هەموو هەوڵێک دەدات ئەو کوڕەی نەڕوات و تفەنگ نەکاتە شان و دایکی بەو پیرییە بە جێ نەهێڵێت. ئەویش دەڕوات و بەم دیمەنەی دایکەکە شانۆگەرییەکە کۆتایی دێت، ((سەرکەوتوو بی کوڕم. ئێمەش دڵمان دەچێنین تا عەرز بە گوڵی خۆشەویستی بخەملێنین. "فرمێسک بە گۆنایا دێنەخوار. لە دەلاقەکەوە مانگ هەموو ژوورەکە ڕوون دەکاتەوە. دەنگی دەهۆڵ و حیلەی مایین لە دوورەوە دێتە گوێ")) (پەناهی، ١٤، ١٩٨٨، ١٠٢).

مانگ ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ڕووناکی، هەتاو، جوانی. حیلەی مایین، ئایکۆنی نیشانە و هێمایە بۆ وزە، ڕاپەڕین، ڕابوون، شۆڕش و هەستانەوە. گوڵی خۆشەویستی ئایکۆنی نیشانەیە بۆ حەز و ئارەزوو، ژیان. ئەو لەگەڵ تفەنگی دوا کوڕیدا مانگ و حیلەی مایین و دەنگی دەهۆڵ دەبینێت و هەستی پێدەکات، واتە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ ئاوات و ئومێد و ئایندەی گەش بۆ نیشتمانەکەی. ئەو پیرەژنە بە تەنیا دەمێنێتەوە، چوار کوڕی دەبن بە گوڵاڵە سوورە، واتە شەهید دەبن، گوڵاڵە سوورە ئایکۆنی نیشانەیە بۆ شەهید و شەهیدبوون، شەهیدیش ئایکۆنی هێمایە بۆ شۆڕش و قوربانی و تێکۆشان. دەهۆڵ ئایکۆنێکی نیشانەیە بۆ بانگەواز و بەئاگا هێناوە و وریایی و خۆسازدان. ئەم دەقە حوسێن عەبدولقادر بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.

# ئەنجام

لە کۆتایی ئەم تێزەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

- هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، هەوڵێک هەبووە بۆ دروستکردنی یانە و کۆمەڵە بۆ نووسەر و ئەدیبان، بۆ نموونە یانەی (سەرکەوتنی کوردان) لە بەغدا دادەمەزرێ، زۆربەی ئەندامەکانی بریتی دەبن لە نووسەر و ئەدیبانی کورد. هەوڵەکان بەردەوام دەبن، تا رۆژی ١٩٧٠/٢/١٠ بە واژۆی وەزیری ناوخۆ بڕیار لەسەر دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد دەدرێت، دوای دە ساڵ لە کار و چالاکییەکانی ئەو رێکخراوە، حکومەتی بەعس ساڵی ١٩٨٠ بڕیار لە هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوەکە دەدات، بەڵام هەر ئەوکاتە لە شاخ، لەگەڵ سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا رێکخراوێک بۆ نووسەر و ئەدیبان بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دادەمەزرێت.

- (نووسەری کورد) و (نووسەری کوردستان)، دوو گۆڤاری دەوڵەمەندن بە ئایکۆن، ئەم توێژینەوەیە دەگات بەوەی، کە زاراوەی ئایکۆن هەر تەنیا لە تابلۆی ئاینی و نیگاری پیرۆزی کلێسەکان قەتیس نەکراوە، بەڵکو وەک ئاماژە و نیشانە لەسەر دەقی ئەدەبی بە هەردوو هونەرەکە، واتە هونەری شیعر و هونەری پەخشان پراکتیزەکراوە.

- رەگی بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا، مێژوویێکی دێرینی هەیە بەتایبەتیش لە بواری فۆلکلۆردا، لە فۆلکلۆریش لە لاوکدا، لەو رووەوە مێژووی ئەدەبی کوردی خاوەنی چەندان دەقی باڵایە.

- ئەگەرچی کەشی نووسین و بڵاوکردنەوە لە چاپەمەنییەکانی شاخدا، لەگەڵ بڵاوکردنەوە لە شار و لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا جیاوازە، بەڵام دەقەکان ئاستی هونەریان لە باری شێوە و ناوەڕۆکدا لە دەست نەداوە، بە هەمان شێوە لە شاریشدا.

– ئەو نیشانە ئایکۆنییانەی لەم توێژنەوەیەدا وەک دەرئەنجام درکیان پێکراوە بریتین لە: پێشمەرگە، شەهید، زیندان، شار، جاش و سیخوڕ، ژن، خێزان، دایک، هەڵۆ، ڕێگا، کاروان، ڕێبوار، درەخت، ڕووبار، کورد، چەک... تاد، کە هەر یەکێکیان بە گوێرەی دەقەکان ڕۆڵی ئایکۆنەکانی نیشانە و هێما و لێکچواندن و نوێنەرایەتییان بینیوە، بەڵام لە دەقێک بۆ دەقێکی دیکە لەباری واتادا مەرج نیە، هەمان ڕۆڵ و ئەرک ببینن.

– پێشمەرگە و سەنگەر و قوربانی پانتاییەکی فراوانی ئایکۆنییان بۆ خۆیان بردووە، لە شار بە هێما داپۆشراوە، بەڵام لە شاخدا ئایکۆنەکان ئاسانتر خۆیان بە دەستەوە دەدەن.

– کۆمەڵێک ئایکۆنی وەک ڕەشەبا، دار، ڕەگ، زریان، پێشمەرگە، هەڵۆ، چیا،، ....تاد، لای چەندان نووسەر دووبارە دەبنەوە، بەڵام مەرج نییە ڕۆڵ و وێنەکان دووبارە و چەندبارە ببنەوە.

– ئایکۆنی بەرەنگاری لە دەقە بیانیی و دەقە کوردییەکاندا زۆر جیاواز نین، چونکە کەرەستەکانی شۆڕش و خەبات هەمان کەرەستەن، تەنیا لە ژینگە و کاتدا وەک یەک نین.

– ئایکۆن، لە دەقی ئەدەبیدا، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت لە دروستکردن و گەیاندنی مانای مەبەستداردا.

– ئایکۆنی بەرەنگاری لە دەقە شیعرییەکاندا زیاتر زاڵ و کاریگەرترە، بەراورد بە بەشەکانی دیکە لە ئەدەبدا، بە تایبەتیش لە چیرۆکدا.

– بایەخی ئەم بەرهەمە ئەدەبیانە لە قۆناغێکی هەستیاری مێژوویی گەلەکەمان لەوەدایە، کە ئەرکێکی قورس و گرنگیان لە ئەستۆ دابووە.

– مەرج نییە بوونی ئایکۆنی ئەدەبی، هەر تەنیا لە یەک زاراوە، یاخود وشەدا سنووردار بکرێت، بەڵکو لە وشەیەک زیاتریش ئەو ڕۆڵەی بینیوە.

– ئەوەی لە دەقە بڵاوەکراوەکانی ڕۆژنامەگەریی شار و شاخدا، هەست بە جیاوازییان نێوانیان دەکرێت، لە شاخدا ئایکۆنەکان زووتر خۆیان بە دەستەوە دەدەن، بەڵام لە شاردا ئایکۆنی چوێنراو، یاخود هێمایی باڵادەستن.

– ژینگە و قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ، گۆڕانکارییان بەسەر ئایکۆنەکانیشدا هێناوە.

# سەرچاوەکان


## سەرچاوەی دەقە ئەدەبییەکان

- ژمارەکانی گۆڤاری نووسەری کورد، خولی یەکەم ١٩٧١ تا ١٩٧٥، ١٢ ژمارە.

- ژمارەکانی گۆڤاری نووسەری کورد خولی دووەم، ١٩٧٩ تا ١٩٨٣، ١٢ ژمارە.

- ژمارەکانی گۆڤاری نووسەری کوردستان ١٩٨١ تا ١٩٩١، ١٨ ژمارە.

## یەکەم: کتێبەکان

### ١- بە زمانی کوردی

- ئامێدی، عەبدوڵڵا یاسین عەلی(د) (٢٠٠٥)، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز (٢٠٠١)، راگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شیعری کوردی، چاپخانەی روون، سلێمانی.

- ئێکێلۆف، گوننار(٢٠١٠)، سیانەی دیوان، و: رزگار شێخانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- ئەحمەد و بەرزنجی، نەوزاد عەلی و یاسین قادر (١٩٩٨)، بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی.

- ئەحمەد، نەوزاد عەلی (١٩٩٨)، رۆژنامەی شۆڕش. شۆڕشی رۆژنامە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری راگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، بێ چ، سلێمانی.

- ئەحمەد، نەوزاد عەلی (١٩٩٨)، منداڵ و ئەدەب، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی.

- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان- بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

- بەرزنجی، عومەر مارف (١٩٧٨)، لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٩، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

- بنکەی نووسەری پێشمەرگە (١٩٨٠)، چەپکێک گوڵی سوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کورد مامۆستا جەمیل رەنجبەری شەهید، بێ. چ.

- بیمار، عەبدولرەزاق (١٩٩٨)، پەخشانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ب چ، بەغدا.

- بیمار، عەبدولرەزاق (٢٠١٧)، لە سێبەری رەخنە و لێکۆڵینەوەدا، چاپی یەکەم، چاپ ناوەندی رێنوێن، ب. شوێن.

- بێستوون (١٩٨٥)، شێرکۆ بێکەس رووبەڕوو لە سێبەری چیادا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ. ( بێستوون ناوی خوازراوی هەڤاڵ کوێستانی یە).

- طاهر، نزار سلمان (د)، (٢٠١٤)، سیمیۆلۆژیا دیتنێ د هۆزانا هەڤچەرخا کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی فاکۆلتیا زانستێن مرۆڤایەتی- زانکۆیا دهۆکی،

- جاف، ئەحمەد موختار بەگی جاف، (دیوان)، ٢٠١٦، ئامادەکردنی: د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژاری موکریانی، چاپخانەی پەنجەرە، تاران.

- جوامێر (١٩٨٢)، کەشکۆڵی پێشمەرگە، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، شاخ.

- حسێن، بەیان ئەحمەد (٢٠٠٧)، هۆزانا بەرگری ل سەردەمێ شۆڕشا گوڵانێ ١٩٧٥-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی سپیریز، چاپخانا خانی، دهۆک.

- حلمی، رەفیق (١٩٨٨)، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، لەسەر ئەرکی زانکۆی سەلاحەدین چاپکراوە، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر.

- حەمەد، پەخشان سابیر(د) (٢٠١٢)، رەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجیی خوارووی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- خۆشناو، ئەبوبەکر (٢٠٠٢)، شیعری بەرەنگاریی کوردی، چاپخانەی روون، سلێمانی.

- خۆشناو، سەرباز مەجید (٢٠١٩)، سیمۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی نەوزاد رەفعەت دا، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەفسیر، هەولێر.

- خەزنەدار، مارف(د) (١٩٨٤)، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، بریتییە لە چواردە لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی پڕۆژەی ١٠٠ کتێبی کوردی زنجیرە ٤، چاپخانەی الموسسة العراقیة للدعایة و الطباعة، بەغدا.

- دیوانی مەلا عەلی، (١٩٩٨)، ب. چ، سلێمانی.

- دزەیی، عەبدولواحید مشیر(د) (٢٠١٥)، زانستی سیمانتیک، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، بێ. چ، هەولێر.

- رەشید، سابیر (٢٠١٧)، چیرۆکی کوردی رەخنە و لێکۆڵینەوە، ب چ، هەولێر.

- رەئوف، لوقمان(د) (٢٠١٦)، دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە (١٩٥٠-١٩٧٥) کرمانجی خواروو، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

- زامدار، مەحمود (١٩٨٩)، شیعر و بەرهەڵستی و راپەنین لە کوردستانی ئێران دا، ئامادەکردن و پێشەکی و رێکخستنی و لەسەر نووسینی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا.

- سەجادی، عەلائەددین (١٣٩٨-٢٠١٩)، خۆشخوانی، لە بڵاوکراوەکانی: انتشارات کردستان، ب. چ، سنە.

- سەراج، فوئاد محەمەد ئەمین (٢٠١٨)، ئەدەبیاتی بەرەنگاری لە شەڕی خۆکوژیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- شەریف، عەبدولواحید ئیدریس (٢٠١١)، سروود و گۆرانی و بەرەنگاریی کوردی لە کرمانجی خواروودا، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

- عارف، حسێن (١٩٧٧)، چیرۆکی هونەری ی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحریة للطباعة، بەغدا.

- عارف، حسێن (١٩٨٧)، بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٨٣، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

- عارف، حسێن (١٩٩٩)، ساڵێک لە تەمەن، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- عەبدولواحید، ئازاد (٢٠٠٨)، دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر

- عەلی، بەختیار (٢٠١٩)، ئایدۆلۆژیست، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- عەولا، عەبدوڵڵا رەحمان(٢٠١١)، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، باشووری کوردستان ١٩٢٥-١٩٦١، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- عومەر، محەمەد (٢٠١٩)، سیاسەت لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی رۆشنبیری سارا، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

- فەیزی، عیززەدین (١٩٨١)، یەکێتیی نووسەرانی کورد و دوو کۆڕ، چەند بیرەوەریەکی رۆژنامەگەرییە، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، هەولێر.

- کەریم، مستەفا ساڵح (٢٠١٢)، یەکێتیی نووسەرانی کورد- رێباز و هەڵوێست، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

- گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن(٢٠٠٤)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا ١٩٧٠-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- گردوان (١٩٩١)، یەکێتی نووسەرانی کورد، یان یەکێتی نووسەرانی کوردستان، ب. چ، شەقڵاوە. (گردوان ناوی خوازراوە بۆ نەوزاد عەلی ئەحمەد).

- محەمەد، دڵشاد عەلی(د) (٢٠٠٧)، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- مەعروف، کەمال(د) (٢٠٠٣)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

- مەنسوور، ئەحلام (١٩٩٩)، بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ١٩٧٠-١٩٨٠، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

- یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی (٢٠١٢)، سێیەمین فێستیڤاڵی کامەران موکری، چەند بابەت و لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سروودی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

– یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی، (٢٠١١)، وێستگە سەرەکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی ژمارە ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

– یوسف، عبدالرقیب (٢٠٠٥)، تابلۆکانی شەرەفنامە، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

## ٢- بە زمانی عەرەبی

– احمد، محمد فتوح (د) (١٩٨٤)، الرمز و الرمزية في الشعر المعاصر، الطبعة الثالثة، من اصدارات دار المعارف، القاهرة.

– ادونيس (١٩٧٨)، زمن الشعر، طبعة ثانية منقحة و مزيدة، دار العودة– بيروت.

– اولمان، سيفان (١٩٦٩)، دور الكلمة في اللغة، طبعة الثانية، ت: كمال بشر، من منشورات مكتبة الشباب، مصر، القاهرة.

– بارت، رولان (٢٠١٩)، النقد البنيوي للحكاية، ترجمة: انطوان ابوزيد، كتاب الدوحة، الناشر: وزارة الثقافة و الرياضة، دولة القطر.

– بنگراد، سعيد (٢٠١٢)، السيميائيات مفاهيمها و تطبيقاتها، الطبعة الثالثة، الناشر: دار الحوار للنشر و التوزيع، سورية.

– تشارلتن، ها. ب (١٩٤٥)، فنون الادب، تعريب: زكى نجيب محمود، سلسلة الفكر الحديث، القاهرة.

– تودوروف، تزڤيتان (٢٠١٧)، الرمزية و التاويل، و: د. اسماعيل الكفري، منشورات دار نينوى للدراسات و النشر و التوزيع، دمشق.

– الجاحظ (ابو عثمان عمرو بن بحر)(١٩٤٨)، البيان و التبين، جزء الاول، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، القاهرة.

– جعفر، نورى (د) (٢٠١١)، فن الشعر عند العرب، من اصدارات بغداد عاصمة الثقافة العربية، طبع في دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

– جمعة، حسين (د) (٢٠٠٩)، ملامح في الادب المقاوم، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، وزارة الثقافة، دمشق.

– جيرو، بيير (٢٠١٧)، علم الدلالة، ترجمة، د.منذر عياشى، دار نينوى، سورية– دمشق.

- حمدان، امية حمدان (١٩٨١)، الرمزية و الرومانتيكية في الشعر اللبناني، من منشورات وزارة الثقافة و الاعلام، دار الرشيد، بغداد.

- الخميسي، عبدالرحمن (ترجمة) (١٩٨٥)، مختارات من الشعر السوفيتي، من منشورات دار رادوغا، موسكو، طبع في الاتحاد السوفيتي.

- خوري، ايما غريب (٢٠٠٠)، الايقونة شرح و تامل، طبعة ثانية، منشورات النور، بيروت.

- دى سميث، انتوني (٢٠١٤)، الرمزية العرقية و القومية مقاربة ثقافية، ت: احمد الشيمى، منشورات المركز القومي للترجمة، القاهرة.

- رسول، عزالدين مصطفى (د) (١٩٦٦)، الواقعية في الادب الكردي، منشورات دار المكتبة العصرية، صيدا- بيروت.

- رومية، وهب (د) (٢٠٠٦)، الشعر و الناقد، من منشورات سلسلة عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب، دولة كويت.

- سمايرز، چوست (٢٠٠٥)، الفنون و الاداب تحت الضغط العولمة، ت: طلعت الشايب، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، القاهرة.

- شريف، عبدالستار طاهر (١٩٨٩)، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف القرن ١٩٠٨-١٩٥٨، مطبعة دار المعرفة، بغداد.

- شكري، غالي (د)(١٩٧٠)، ادب المقاومة، من منشورات دار المعارف، القاهرة.

- شعيب، وحيد محمد(د) (٢٠٢١)، تاريخ الترجمة في الشرق الادنى القديم، المنصورة.

- الصكر، حاتم (١٩٨٦)، مواجهات الصوت القادم، دار الشؤون الثقافية العامة، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

- عاتي، حسن كريم (٢٠١٥)، الرمز في الخطاب الادبي، الناشر الروسم للطباعة و النشر و التوزيع، بغداد.

- العطوي، سعد بن عيد (د) (١٩٩٣)، الرمز في الشعر السعودي، من اصدارات مكتبة التوبة، الرياض.

- فيدح، عبدالقادر (١٩٩٣)، دلائلية النص الادبي، ديوان المطبوعات الجامعة وهران، تونس.

- لويس، سى دى (١٩٨٢)، الصورة الشعرية، ترجمة: احمد نصيف الجنابي، مالك ميري، سلمان حسن ابراهيم، منشورات دار الرشيد للنشر، مؤسسة الفليح للطباعة و النشر، بغداد.

- مندور، محمد (بلا)، الادب و فنونه، الطبعة الثانية، منشورات دار نهضة مصر للطبع و النشر، مطبعة بالفجال، مصر.

- نصر، عاطف جودت (١٩٧٨)، الرمز الشعري عند الصوفية، دار الاندلس و دار الكندي، بيروت.

- هيكل، محمد حسنين (د)(١٩٨٦)، ثورة الادب و فنونه، دار المعارف، الطبعة الثانية، مصر.

- وزارة الاعلام، مديرية الاعلام العامة (١٩٧٢)، تنفيذ بيان ١١ اذار، السلسلة الاعلامية ٣١، دار الحرية للطباعة- مطبعة الحكومة، بغداد.

## ٣- به زمانی فارسی

- ششتمدی، عبدالله حسنزاده میرعلی علی(د) (١٣٩١)، نقد ساختاری روایت در داستانهای ادبیات مقاومت، ایران تهران

- نفیسی، سعید (١٣٩٥)، بابک خرم دین ابر قهرمان مبارزه با اعراب بیگانه، انتشارات پر، .......

## ٤- به زمانی ئینگلیزی

- Bouissac, Paul (2010), Saussure: a Guide for the perplexed, New York.

- G. Steiner, 2001, After Babel , Aspects of Language and Translation London and oxford.

- Jeffries, Lesley (1993), The Language of Twentieth-Century Poetry, London.

- Jones, Francis R (2011), Poetry Translating as Expert Action, Amsterdam.

- Kelly, Douglas (1991), The arts of poetry and prose, brepols turnhout, Belglum.

- Kendall, Tim (2007), British and irish war poetry, Oxford University press, New York.

- Kendall,Tim (2006), Modern English War Poetry, Published in the United States by Oxford University, New York.

- Morgan, Margot (2013), Politics and Theatre in Twentieth-Century Europe Imagination and Resistance, Palgrave Macmillan.

- Musolff, Andreas (2021), National Conceptualisations of the Body Politic, Cultural Experience and Political Imagination, Singapore.

- O'Connor, Frank (2004), The Lonely Voice: A Study of the Short Story (first published 1963; Hoboken, NJ: Melville House Publishing.

- Sutton-Spence, Rachel (2005), Analysing Sign Language Poetry, New York.

- Wechsler, Robert (1998), Performing Without a Stage the Art of Literary Translation, Catbird Press.

- Whitton, Christopher (2019), The Arts of Imitation in Latin prose pliny's Epistles/Quintilian in Brief, Cambridge University, United Kingdom.

- Wolosky, Shira (2010), Poetry and Public Discourse in Nineteenth-Century America, First published in United States.

**٥- بە زمانی فەڕەنسی**

- Martenet, Jean (1975), clefs pour la semiologee, Seghrs, Paris.

**٦- بە زمانی سویدی**

- Moberg,Ulf Thomas(1999), Gunnar Ekelöf framför bilden, Stockholm.

## دووەم: فەرهەنگەکان

**١- بە زمانی کوردی**

- ئیبراهیمی، عەبدوڵلا (٢٠١٢)، کاوە فەرهەنگی فارسی- کوردی، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- خاڵ، شێخ محەمەدی (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- رەشید، رێبوار (وەرگێڕ) (٢٠٠٧)، فەرهەنگی سوێدی- کوردی (کرمانجی خواروو)، Svensk- Kurdisk Lexikon. سوید.

- زەبیحی، عەبدولرەحمانی (١٣٤٧)، قاموسی زبانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی (ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی)، ئیران.

- زێوەر، مەحمود (٢٠٠٤)، فەرهەنگی زێوەر، کوردی- عەرەبی، لە کتێبە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

- قەزاز، شەفیق (٢٠٠٠)، فەرهەنگی شارەزوور، کوردی- ئینگلیزی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ب چ، هەولێر.
- کاویان، فتاح (٢٠٠٠)، حەوتەوانە، فەرهەنگی ئینگلیزی-کوردی- فارسی، لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی.
- موکریانی، گیو (٢٥٧٣-١٩٦١)، فەرهەنگی مەهاباد، فەرهەنگێکی قوتابخانەیی کوردی و آرەویی یە، چاپی یەکەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
- هەژار (١٣٦٨)، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کوردی- فارسی، ئ تا س، چاپ اول، سروش تهران.

## ٢- بە زمانی ئینگلیزی

- Oxford University Press, Oxford Advanced Learners Dicitonary, Sixt h edition, 2000

## ٣- بە زمانی عەرەبی

- ارون و جاك و ڤيالا، پول و دينيس سان و الان (٢٠١٢)، معجم المصطحات الادبية، الطبعة الاولی، ترجمة: محمد حمود (دكتور)، من منشورات الموسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت.
- زيادة، معن (١٩٨٦)، الموسوعة الفلسفية العربية، المجلد الاول، معهد الانماء العربي، بيروت.
- معلوف، لويس (١٩٥١)، المنجد، الطبعة الثانية عشرة، المطبعة الكاثوليكية، بيروت

## ٤- بە زمانی فارسی

- عمید، حسن (١٣٧٧)، فرهنگ فارسی عمید، موسسەء انتشارات امیر کبیر، تهران.

## ٥- بە زمانی فەڕەنسی

- Aron ،Paul (2002), Le Dictionnaire du Litterature, Ed Puf, Paris.
- Reg, Alain (2005), Dictionnaire culturel en langue francaise, Paris.

# سێیەم: ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

## ١- بە زمانی کوردی

### ڕۆژنامەکان


- ئازادی (١٩٦٠/٥/٢٠)، کورتە پانۆرامەیەکی هەواڵەکان، (ئازادی) ڕۆژنامەی حزبی شیوعی عیراقی- لقی کوردستان، ژمارە ٩، ساڵی ٢،
- خۆشناو، ئەبوبەکر (١٩٩٤/٦/٢٣)، سەبارەت بە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، (کوردستانی نوێ) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات، ژمارە ٧١٤، هەولێر.
- ڕزگاری (١٩٨٦)، ئەدەبی بەرەنگاری، (ڕزگاری) دەنگی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ژمارە ١٢، شاخ.

- ڕێبازی نوێ (١٩٨٩)، ئەدەب و شۆڕش، (ڕێبازی نوێ) ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ژمارە ٩، شاخ.
- شۆڕش (١٩٧٦)، سرووودی هەڵسانەوە، (ئاڵای کارگەران) دەنگی کوردانەی ڕۆژنامەی وحدة القاعدة، ژمارە ١، سوریا.
- کەریم، زاهیر لەتیف (د) (٢٠١٢/٦/١٨)، پرنسیپی ئایکۆن، ڕەخنەی چاودێر، ژمارە ٣١٨، پاشکۆی هەفتەنامەی چاودێر، سلێمانی.

- کەریم (د) و مەستی، زاهیر لەتیف (د) و نیان فوئاد (د) ( ٢٠٢٠/١/٢١)، سیمۆلۆژیای پێرس بە نموونەی شیعرەکانی سوارەی ئێلخانی زادە، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، پاشکۆی سێبەر و سایە، ژمارە ٨٠٦٤، سلێمانی.
- کوردستانی نوێ (١٩٩٩/٥/٢٧)، چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، (کوردستانی نوێ) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات، ژمارە ١٨٦٩، سلێمانی.


### گۆڤارەکان


- پێشکەوت(١٩٣٤)، دیاری لاوان (گۆڤار)، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی لاوان، چاپخانەی بەغدا، بەغدا.

- حەمەدەمین، ئازاد (وەرگێڕان) (حوزەیرانی ١٩٨٢)، سەرهەڵدانی ئەدەبی بەرگری لە چەند وڵاتێکی ئەورووپیدا، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژ٩٣، ئەم بابەتە لەم ژمارەیەی گۆڤاری الثقافة

الاجنبية- بەغدا وەرگێڕدراوە: ژمارە (٤)، ساڵی(١٩٨١)، گۆڕینی بۆ زمانی عەرەبی: د. ضياء نافع.
- خۆشناو، ئەبوبەکر (١٩٨١)، شیعری بەرەنگاری، پێروو، گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ژمارە (١)، مانگی ئادار، شاخ.
- خۆشناو، ئەبوبەکر (١٩٩٠)، ئەدەبی بەرەنگاری و چەند بیرێکی راگوزاری، (بانگ) گۆڤاری کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان، ژمارە ٤، ئورمیە
- داناز (وەرگێڕان) (١٩٩٠)، شیعری بەرەنگاری فەڵەستینی، (بانگ) گۆڤاری کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان، ژمارە ٤ ( داناز ناوی خوازراوی ئەبوبەکر خۆشناو)ە، ئورمیە.
- سەروتار (١٩٨٨)، کەلتور (گۆڤار)، ژمارە ٢-٣، لە چاپخانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپکراوە، شاخ.
- عەبدوڵلا، عەباسساڵح(د) (٢٠١٥)، هێماگەری و رەنگدانەوەی لە شیعری چەند شاعیرێکی ناو گۆڤاری نووسەری کورددا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٦.
- عومەر، فائیق (١٩٨٨)، بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، رەنگین (گۆڤار) دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکرانەوەی کوردی، ژمارە ٩، بەغدا.
- قەرەداغی، مەحمود نوری (١٩٧١)، بەرگریی ئەلەکتریک، (زانیاری) گۆڤارێکی زاستی گشتییە، ژمارە ٣، چاپخانەی دار السلام، بەغدا.
- مەحمود، عەبدوڵلا کەریم (١٩٩٩)، سەبارەت بە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، گەلاوێژی نوێ (گۆڤار)، ژمارە ١٩، سلێمانی.
- وتەی ژمارە (١٩٩٠)، (نووسەری کورد) گۆڤاری یەکێتی ئەدەیب و نووسەرانی عیراق-نووسینگەی رۆشنبیری کوردییە، ژمارە ٨، بەغدا.
- یادگاری لاوان (١٩٣٣)، چاپخانەی بەغداد، بەغدا.

## ٢- بە زمانی عەرەبی

### گۆڤارەکان

- الحسيني، عمار الزويني، اماني، رضا (٢٠١٨)، قراءة نقدية في ثلاثية العلامة عند بيرس و مثلثه السيميائي، الجرجاني(مجلة)، العدد الاول، السنة الاولى، بلا.
- ديلان، محمد صالح (١٩٥٨)، نداء نحن بحاجة الى رابطة ادبية، الشفق(مجلة)، العدد ٥،٦، المجلد، كركوك.

- رويس، بهاء (١٩٧٦)، المسرح السياسى و روية ايديولوجية لفكر نعمان عاشور، الثقافة (المجلة)، دار الحرية للطباعة، بغداد، العدد الرابع، السنة السادسة.
- عبداللطيف، عماد (٢٠١٣-٢٠١٤)، تحليل الخطاب بين بلاغة الجمهور و سيميائية الايقونات الاجتماعية، فصول (مجلة)، تصدر عن الهيئة المصرية العامة للكتاب، العدد ٨٣-٨٤.
- عبود، حنا (١٩٨٠)، ثورة في الشكل ام ثورة شكلية، الموقف الادبي(مجلة)، العدد ١٩، ديمشق.
- الملاخ، منى (٢٠٢٠)، الايقونة المصرية هالة من النور، الهلال (مجلة) مصر، العدد ١٥٢٣.
- هنا صوت كوردستان (المجلة)، (١٩٧٤-١٩٧٥)، هەر سێ ژمارەکە.

**رۆژنامە**

- نجم، السيد (٢٠١١/١٠/٩)، الترجمة فن الاحياة مع الاخر، جريدة البيان الاماراتية.

## ٣- بە زمانی فارسی

- باقری، خسرو (١٣٩٧)، ادبيات مقاومت، تابستان(ماهنامه)، ايران.
- چهرقانی، رضا (١٣٩٥)، تحليل جلوههاي مقاومت در ادبيات عاميانة كشورهاي فارسي زبان، فصلنامه علمي – پژهشی، شماره چهل و سوم.

## ٤- بە زمانی ئینگلیزی

- Pede، Elena Gagiu (2014), Symbolism, the beginning of modern poetry, The 6th International Conference Edu World 2014 "Education Facing Contemporary World Issues", 7 - 9th.

# چوارەم: کۆڕ و فیستیڤاڵ

- تۆفیق، ئازاد (٢٠١٥)، چیرۆکی سیاسی و بەرەنگاری لە گۆڤاری نووسەری کورد، لە فێستیڤالی ئەدەبی بەرەنگاری پێشکەشکرا، یەکێتیی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی رێکیخستبوو، پاشان وەک کتێبێکی سەربەخۆ بڵاوکرایەوە.
- محمد، كعوان (د)(بلا)، الرمز و العلامة و الاشارة، الملتقى الوطني الرابع "السيمياء و النص الادبي".

# پێنجەم: بەڵگەنامە و دەستنووس

- بەیاننامەی یەکێتی نووسەرانی کوردستان، رۆژی ١٩٨٤/٥/١١ دەرچووە. (لە ئەرشیفی توێژەر پارێزراوە).
- بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٦/٣/٢٦)، نامەیەکی والا بۆ بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی. (ئەرشیفی بنکەی ژین)
- بڕیاری دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد ١٩٧٠/٢/١٠ بە واژۆی وەزیری ناوخۆی عیراق (لە ئەرشیفی توێژەر پارێزراوە).
- سابیر، رەفیق (٢٠١٧/٣/١٥)، لەبارەی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ئوپسالا، دەستنووس. (لە ئەرشیفی توێژەر پارێزراوە).
- لقاء الرفاق، جلال الطالباني، هوشيار زيبارى، عبدالرزاق الصافي، ١٩٨٨/٥/١٢ (لە ئەرشیفی توێژەر پارێزراوە).

## شەشەم: چاوپێکەوتن

- لەگەڵ ممتاز حەیدەری، ماڵی خۆیان، هەولێر، رۆژی ٢٠٢١/١١/١٣.
- لەگەڵ رەئوف بێگەرد، چایخانەی شەعب، سلێمانی، رۆژی ٢٠٢٠/٢/١٧.

## حەوتەم: نامەی ماجستێر

### ١- بە زمانی کوردی

- مستەفا، سەرحەد حسێن (٢٠١٥)، بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی لە شیعرەکانی کامەران موکری دا، نامەی ماجستێر، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

### ٢- بە زمانی عەرەبی

- بوغواس، زبيد (٢٠١٠-٢٠١١)، الرمز في مسرح عزالين جلاوجي، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة الحاج لخضر- باتنة، كلية الاداب و اللغات، قسم اللغة و الادب العربي، شهادة الماجستير.

- فاطمة الزهراء، عذيورى (٢٠١٧)، اجراءات التحليل السميولوجى عند صلاح فضل، رسالة ماجستير، جامعة محمد موضياف بالمسيلة، تونس.

## هەشتەم: تۆڕەکانی ئینتەرنێت


-boksidan.net

- dictionary.cambridge.org/dictionary/english/iconography
- (علی خوشه چراخی ارانی) (roshdnet.ir)

-https://www.localprayers.com/GR/Athens

- hawcharkh.net

- https://monoskop.org/Vladimir_Lossky
- https://www.vocabulary.com/dictionary/icon
- https://www.britannica.com/art/icon-literature
- https://www.syr-res.com/article/7169.html
- www.retorikiska.se
- www. Quora.com

# الخلاصة


عنوان الرسالة: ايقونات المقاومة في مجلتي"نوسەری كورد" و "نوسەری كوردستان"
اشتملت الرسالة على مقدمة و تمهيد و ثلاثة ابواب و خاتمة و فهارس.
تتضمن الباب الاول فصلين: في الفصل الاول و بالاعتماد على مصادر علمية و اكاديمية عديدة و بلغات مختلفة تم التطرق الى توضيح عدة مصطلحات و مفاهيم لهم علاقة مباشرة بموضوع البحث و تم اختيار هذه المصطلحات و المفاهيم بالرجوع الى مجموعة من القواميس اللغوية المشهورة. يتناول الفصل الثاني تاريخ اتحاد ادباء الكرد و اتحاد ادباء كردستان مع الاشاره الى انشطة واعمال كل منهما بشكل مفصل.
يتطرق البابين الثاني و الثالث الى مواضيع تم معالجتهم بشكل عملي دقيق. تم تخصيص الباب الثانى من الرسالة لمجلة اتحاد ادباء الكرد التي كانت تصدر في المدينة في دورتيها و يتضمن هذا الباب فصلين: الفصل الاول يتناول مجموعة من النماذج الشعرية لشعراء معروفين. اما الفصل الثاني فيتناول بشكل عملي فن النثر بجميع انواعه مع امثلة متنوعة على القصة و المسرحية و فن الاوبرا. اما الباب الثالث، فتم تخصيصه لمجلة "نوسەری كوردستان" و على غرار الباب الثاني موزعة على فصلين. يتناول الفصل الاول الشعر و الثاني يتطرق الى النثر و هناك امثلة عديدة في كل من الفصلين مع الاخذ بنظر الاعتبار صيغة توزيع الفنون الادبية فيما يخص الفنون الشعرية و النثرية.
في نهاية البحث، كما هو معتاد عند كتابة رسائل الجامعية، هناك ملخص البحث باللغة العربية و اخر باللغة الانكليزية مع قائمة بالمصادر التي تم الاستفادة منها.
ان فكرة المقاومة في الادب الكردي لها تاريخ طويل، خاصة في مجال الفلكلور و تحديدا في الملاحم الشعبية "لاوك"، و هي اغاني شعبية بطولية، و تشتهر الادب الكردي بهذا اللون الغنائي.
رغم وجود اختلاف كبير بين ظروف الكتابة و النشر في المدينة، اي تحت الاحتلال، عن ظروف الكتابة و النشر تحت اجواء المقاومة في الجبال، الا ان النصوص الادبية من حيث المستوى الفني لم يتاثر بذلك.
ان الايقونات التي تم ذكرهم في هذا البحث تشمل البيشمرگة، الشهيد، السجن، المدينة، المرتزقة و الجاسوس، المرأة، العائلة، الأم، الصقر، الطريق، القافلة، المسافر، النهر، الكرد، السلاح . . . الخ. لقد لعب هذه المفاهيم، بحسب استعمالهم في النصوص ، دورهم في التعبير عن حالات التشابه او كدلالات او رموز، ولكن قد يختلف هذا الدور من نص الى اخر في اطار المعنى المراد ايصالها.


كلمات الافتتاحية: الأيقونة، الدلالات، أدب المقاومة، الرمز، فنون الأدب.

# Summary

There is no academic work or literary article dealing with icons of resistance in Kurdish literature, especially in the cities under the occupying power and even during the armed struggle in the mountains. This thesis, entitled The icon of resistance in both (Nuseri Kurd) and (Nuseri Kurdistan) magazines, attempts to address this issue in addition to presenting new ideas in this regard. The thesis, as a scientific work, studies icons. The icon is a kind of symbol, and to reveal the icons of resistance, we need to talk about semiology. Modern literary criticism has benefited from many different theories or theories related to each other, and the results have been positive. The thesis deals with a group of texts as part of historical events. Therefore, the historical method, semiotic method, and an analytical description are used in it. The thesis, along with the "Introduction" and "What has been written on this subject", consists of three parts. The research concludes that the term icon, mentioned in it, does not refer only to an image or miniature statue of a religious figure in churches intended to be blessed, but rather as a symbol or a token. They are used in poetry and literary prose, but the icons of resistance are used widely in poetry and are more effective, compared to prose.

Key words: icon, Semiology, resistance literature, signs, literary arts